# شانامەی کوردی

## داستانی ڕۆستەم و زۆراب

# شانامەی کوردی

## داستانی ڕۆستەم و زۆراب

هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، وەرگێڕان،
داڕشتنەوە و پەڕاوێز نووسینی:

**سیاوەش گۆدەرزی**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شانامەی کوردی "داستانی ڕۆستەم و زۆراب"
هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، وەرگێڕان: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٨
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٢٥ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-88-9

پێرست


* پێشـەکی ... 7
– لە سـەر ئەم دەسنووسـە ... 7
–دەربیجـەیەک بۆ جیـهانی شـانامە ... 9
– شـانامەی فـیردەوسـی ... 9
– رۆسـتـەمی زاڵ بە پێی میـتۆلۆژیایی ئێرانی ... 11
– ڕۆستەمی زاڵ لە شانامـەی فیردەوسیدا ... 12
– چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شـانامەی فیردەوسیدا ... 14
– شـانامـەی کـوردی ... 16
– چیرۆکی ڕۆسـتەم و زۆراب لە شـانامـەی کوردی و فارسـیدا ... 19
– ڕۆسـتـەمی زاڵ لە کرمانجی سـەروو ... 23
– ڕوانگەی نوێ لە سـەر شـانامە ... 28
– تێفکرینـەوە و چەند ڕامـانێک ... 35
* شـانامەی کوردی، داسـتـانی ڕۆستەم و زۆراب ... 39
* سـەرەتا ... 41
* پاڕانەوەی ڕۆسـتـەم لە یەزدان ... 51
* چوونی تەهـمـینە کچی پادشـا بۆ لای ڕۆسـتـەم ... 61
* چیـرۆکی لەدایکبـوونی زۆراب ... 76
* لەشکەر کیشـانی زۆراب بـۆ ئێران ... 86
* شـەڕی هـەژیر لە گـەڵ زۆراب و گرفتـاربوونی ئەو بە دەسـتی زۆراب ... 90
* نامەنووسینی باوکی هـەژیر بۆ کەیکاوس شا ... 103
* نامـە نووسینی کـەیکاوس بۆ لای ڕۆسـتـەم ... 111
* لەشکرکێشـانی کەیکاوس شـا بۆ شـەڕی زۆراب ... 132
* هـەواڵپـرسـیـنی زۆراب لە هـەژیر ... 138
* چوونی ڕۆسـتـەم بۆ خێمەی زۆراب و کوشـتنی ژندەڕەزم ... 151

* شەڕی نێوان زۆراب و ڕۆستەمی زاڵ بۆ جاری یەکەم ........................ 160
* پاڕانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان بۆ سەرکەوتن بە سەر زۆرابدا ........................ 177
* شەڕی نێوان زۆراب و ڕۆستەم بۆ جاری دووەم و کوژرانی زۆراب بە دەستی ڕۆستەم ........................ 179
* گەیشتنی هەواڵی کوژرانی زۆراب بە دایکی و هاتنی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم ........................ 199
* دەقی داستانی ڕۆستەم و زۆراب بە نەسر ........................ 209
* وێنەی ئورجیناڵی دەستنوونی داستانی ڕۆستەم و زۆراب ........................ 251

## سەرەتا

لەبارەی ئەم دەسنووسەوە:

داستانی ڕۆستەم و زۆراب، یەکێک لە بابەتەکانی کەشکۆڵێکی کوردی و فارسی پێک دێنی، کـە لـە دەوروبەری ١٢٠ سـاڵێک لەمـەوبەر بـە چەند خـەتی جـیـاجـیـا نووسـراونەتەوە. کـە دەگـوترێ نووسـراونەتەوە بەو مـانایەیە کـە ڕەنگە مـێـژووی ژمارەیەک لە نووسینەکان سەدان ساڵی دیکەش تێ دەپەڕێنێ کە من ئاگاداری نیم. دەسنووسەکە بە گشتی لە دوو چیرۆکی "حەفتخوانی ڕۆستەم" و "ڕۆستەم و زۆراب" لە شـانامـای کـوردی، "دەوڵەتنامـە"ی مـەلا خـدری ڕوواری و چەند هەزار بەیتە شیعرێکی دیکەی کوردی بە شێوەزاری هەورامی و فارسی پێک هاتووە.

ئەم دەسنووسـە هی ڕەحمـەتی مـحـەمـەدبەگی دڕۆیی بووە، کە لـە سـاڵی ١٩٨٩ لە وڵاتی سـوید گـەیشـتـووەتە دەسـتی من. ئێـسـتـا ئەوە یـەکێک لـە چیرۆکـەکـانی ئەم دەسنووسـەتان لە بەرچاوە. هەروەها چەند سـاڵێک لەمـەوبەر چیرۆکە شـیـعـرێک بە ناوی "گول و بولبول" لە نێو دەسنووسەکە هەڵبژێردرا و لە سوید چاپ کرا. بێجگە لە کـۆپییـەکی دەوڵەت نامـەکـەی مـەلاخـدری ڕوواری نەبێ کـە سـاڵی ١٩٩٩ بۆ کـاک مـحـەمـەدی مـەلا کـەریم لە بەغداد نێردراوە و ئیـتر نەمزانی بۆ چاپ نەکرا؟ ئێـسـتـا هـەمووی کەشکۆڵەکە لە لای من پارێزراوە.

ڕاسـتـییـەکـەی ئەوەیـە، هـەر زوو وەبیری لە چاپدانی شـانـامـە کوردییەکە کـەوتم و دەقی چیـرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆرابم لـە دەنووسـەکـەوە چـەند سـاڵێک لەمـەوبەر بە ڕێنووسی کوردی خستە سـەر کـاغەز. بەڵام لە هەواڵدان بۆ چاپکردنی بە شێوازێک کـە شـیـاوی شانامـە بێت پەلەم نەکـرد و چاوەڕوان بووم. هەتا لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٢ لە لایەن دەزگـای ئاراسـەوە بـەڵێنی چاپ و بڵاوکـردنەوەی درا. بە دوای دڵنیـا بوون لە چاپ، دەقی سەرکاغەزی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابم خسـتە سـەر کەمپیۆتر و دواتر کەوتمە وەرگێرانی دەقەکە بۆ سـەر کرمانجیی خوارووی. لە پێشدا دێر بە دێر و

له بن هەر دێڕێک هاوتا سۆرانییەکەیم نووسی و بە دوای ئەوەشدا لە شێوازی نەسردا هەموو وەرگێڕانەکەم وەسەر یەک کردەوە و لە شێوازی چیرۆکێکدا بە بێ ئەوەی لە نێوەڕۆکی دەق لابدەم، جارێکی دیکە چیرۆکەکەم داڕشتەوە. ئەمە بە نووسین و باسکردن، زۆر ئاسان دێتە پێشچاو بەڵام جاری وا هەبووە بە دەم ساغکردنەوەی وشەیەکەوە ڕەنگە نیو سەعات بە شووشەی گەورەکردنەوەوە خۆم خەریک کردبێ. بێجگە لەوە لە وەرگێڕانیشدا بە هەمان شێوە بۆ دڵنیابوون لە مانای تەواوی وشەکان هەمیشە فەرهەنگی گەورەی دێهخودا بە شێوەی دیجیتاڵ لە سەر کەمپیوترەکەم کراوە بووە. دواتر بۆ ئەوە کاری خوێنەرم لە خوێندنەوەدا ئاسان کردبێ، پەراوێزم بۆ زۆربەی ناو وشە زەحمەتەکان نووسیوە و بۆ ئەمەش لە گەلێک سەرچاوەی جیاواز کەڵکم وەرگرتووە.

هەر لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە کاری سەرلەنوێ خوێندنەوە، ساغکردنەوە و نووسینەوەی هەموو دەسنووسەکەکان بە گشتی کاری تاقە کەس نییە و پێویستە کۆمەڵێک کەسی لێزان و پسپۆڕ بە هەرەوەزی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن. من لێرەدا لە گەل سپاس بۆ هاوڕێی هەورامی و هەورامیزانم کاک سدیقی بابایی بۆ پێداچوونە بە سەر یەکەم دەقی گواستنەوەی چیرۆکەکە بۆ سەر کاغەز هاوکات وێرای ماندووبوونێکی زۆری خۆم بۆ ساغکردنەوە و هەروەها وەرگێڕانی دەقەکە دیسان لە کەم و کورییەکانی ئەم ئەرکەش بەئاگام. هەربۆیە هەر لە ئێستاوە بە سینگی فراوان هەڵە و کەموکوڕییەکان وەردەگرم و هیوادارم لە ئەگەری چاپی دووبارەدا هەڵەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

## دەربیجەیەک بۆ نێو جیهانی شانامە

### شانامەی فیردەوسی

شانامە لە نووسینی حەکیم ئەبولقاسمی فیردەوسی گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانانی میتۆلۆژیای ئێرانییە. شانامە هەتا ئێستا وەک یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانی ناسنامەی ئێرانی چاوی لێ دەکرێ. بیرمەندێکی گەورەی عەرەب وەک زیائەدین ئیبن ئەسیر[1] شانامە وەک قورئانی ئێرانییەکان دەبینێ.[2] شانامە هەتا ئێستا لە دەیان بەرگ و لە دەیان چاپخانەی جیاواز و بە دەیان دەقی جیاوازەوە لە چاپ دراوە[3]. دواین هەوڵ کە وەک یەکێک لە باشترین هەوڵەکان بۆ پێشکەشکردنی شانامەیەکی

---

١. دکتر سیدحسن سادات ناصری، فردوسی و شاهنامە، هنر و مردم، سال ١٣، شمارە ١٥٣ ـ ١٥٤, بۆ زانیاریی زیاتر: زیائەدین ئیبن ئەسیر (١١٦٣– ١٢٣٩) نووسەر و ڕەخنەگری ناسراوی عەرەبە. کتێبە چاپکراوەکانی ئیبن ئەسیر بریتین لە: "الاستدراك في الاخذ على المآخذ"، "الجامع الكبير في صناعة المنظوم و المنثور"، "رسائل ابن الاثير" (کۆی ١٦٩ وتاری هەڵبژاردە) و هەروەها کتێبی "المثل السائر في ادب الكاتب و الشاعر" کە یەکێک لە ناسراوترین کتێبەکانی ئیبن ئەسیرە.

٢. شانامەی فیردەوسیش وەک زمان یەکێک لە کۆڵەکانی ناسنامەی ئێرانێ پێک دێنێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری کە دوکتۆر جەلالی خالقی موتڵەق لە سەر زمانی شانامەی فیردەوسیی کردووە، سەرجەم پێنج لە سەدی شانامە عەرەبییە و ٩٥ لە سەدەکەی دیکەی فارسییە. واتە لە سەرجەمی ٥٠ هەزار بەیت تەنیا ٨٦٥ وشەی عەرەبی لە نێو شانامەی فیردەوسیدا هەیە. (اهمیت شاهنامة فردوسي، د. جلال خالقي مطلق، مقاله)

٣. تەنیا وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە چەند شانامەیەکی جیاواز بکەین: ١. شاهنامە، ابو القاسم فردوسی، براساس چاپ مسکو، بە کوشش دکتر سعید حمیدیان، جلد، نشر قگرە، تهران،. ٢. شاهنامە، ابو القاسم فردوسی، براساس چاپ مسکو، بە کوشش نظام الدین نوری، نشر زهرە، تهران،. ٣. شاهنامە، ابو القاسم فردوسی، تصحیح ژول مول فرانسوی، بە کوشش پرویز اتابکی، جلد، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،. ٤. شاهنامە، ابو القاسم فردوسی، تصحیح ملک الشعرای بهار، انتشارات اشتاد، تهران.

تەواو دراوە، شانامەی نوسخەی دوکتور جەلالی خالقی موتڵەقە ئەویش نەک لە ئێران بەڵکو لە ئەمریکا. دوکتۆر خالقی دوای دەیان ساڵ لێکۆڵینەوەی بەردەوام و لە بەردەستدابوونی زیاتر لە ٥٠ نوسخەی جیاوازیی کۆن و نوێی شانامە، ئاخرەکەی ١٥ نوسخەی جیاوازی شانامە هەڵدەبژێری و لە ماوەی ٣٠ ساڵ کاری بەردەوامدا شانامەیەکی ٨ بەرگی لە دەسپێکی ٢٠٠٠دا لە نیۆیۆرک بڵاو دەکاتەوە. ئێستا ئەو شانامەیە بە تەواوترین شانامە دەژمێردرێ. سەرجەم شانامە لە پەنجا هەزار بەیت پێک هاتووە. گۆیا سی ساڵ لە تەمەنی فیردەوسی بۆ نووسین یان نووسینەوەی شانامە تەرخان کراوە. دواین سەرلەنوێ نووسینەوەی شانامە لە ساڵی ٤٠٠ و ٤٠١ کۆچیی مانگیدا کراوە. ساڵی ٢٠١٠ هەزارەمین ساڵی لە دایکبوونی شانامە بوو.

شانامە داستانی سەرکەوتن، بنکەوتن و بە گشتی شایانی ئێرانە لە یەکەمین پادشاوە بە ناوی "جەهان کەیومەرس" هەتا ڕووخاندنی دەوڵەتی ساسانی بە هۆی هێرشی ئیسلامەوە. لە شانامەدا باس لە شەڕ و کێشمەکێشی ئێرانییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ هیندییەکان، لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ تورانییەکان[٤] و لە ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆمییەکان و لە باشووریشەوە لەگەڵ عەرەبەکان یان بە قەولی فیردەوسی لەگەڵ تازییەکاندا دەکرێ.

---

٤. بە پێی میتۆلۆجیایی ئێرانی ناوی توران و تورانییەکان بەو خاک و خەڵکەی بەشێک لە ئاسیای نێوەڕاست وتراوە کە لە کۆنترین سەرچاوەی وەک ئەوێستاشدا باسیان کراوە و لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئێران. ئەو تورانەی لە شانامەدا باسی کراوە، هیچ پێوەندییەکی بە تورک و تۆرانی ئێستاوە نییە. تورانی و ئێرانی دوو تایفە یان دوو قەومی ئێرانی بوون کە هەردووکیان لە بنەچەدا دەگەڕانەوە سەر فەریدوون بەڵام لە سەر دەسەڵات هەمیشە لە شەڕدا بوون. دوو نموونەی هەر بەرچاوی نێو ئەوان کە لە داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا دوو کەسایەتیی سەرەکی نێو چیرۆکەکەن، ئەفراسیاب لە توران و کەیکاوس لە ئێرانە. بێجگە لە ئەوێستا لە کتێبەکانی پهلەویشدا باسی توران و تورانی کراوە و هەموو ناوە تورانییەکان ناوی ئێرانین وەک ئەفراسیاب، پیران، هومان و بارەمان و... لە سەردەمی ئەوێستاییدا تورانییەکان تایفەیەکی ئێرانی بوون، دواتر لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا وردە وردە توانەوە و دواتر لە هەمان هەرێمی ئەواندا بە دوای هیپتالەکان، خیونەکان و هونەکان ئاخرەکەی تورکەکان جێگر بوون. هەر بۆیە دواتر لە سەر چاوە ئیسلامییەکاندا بە هەڵە توران و تورک وەک هاومانای یەکتری هاتوون. (ویکیپێدیا، شانامە)

## ڕۆستەمی زاڵ بە پێی میتۆلۆجیایی ئێرانی

لە گەرشاسپنامەدا کە ئەسەدی تووسی هاووڵاتی فیردەوسی لە ساڵەکانی ٤٥٦ هەتا ٤٥٨ نووسیویەتی، زۆر پێش لە فیردەوسی باسی ڕۆستەمی زاڵی کردووە و نووسیویەتی ڕۆستەم لە بنەماڵەی گەرشاسپ بووە. جەمشید دوای ئەوەی لە دەستی ئەژدەهاک هەڵدێت دەچێتە سیستان و کچێکی پادشای سیستان بە ناوی کورنگ دێنێ و کوڕێکی لێ دەبێ بە ناوی تور. دواتر تور[5] کوڕێکی بوو بە ناوی شیدسپ، دواتر بە دوای ئەودا تورەک هات. لە تورەک شم لە دایک بوو و لە شم، ئەسەرەت وە دنیا هات. لە ئەسەرەت، گشتاسپ پاڵەوانی گەورە و ناوداری سیستان لە دایک بوو. گەرشاسپ ئەو پاڵەوانە بوو هێرشی کردە سەر توران، هیند، ئەفریقا و کەنداوە نەناسراوەکان. هەموو شەڕ و بەسەرهاتەکانی گەرشاسپی پاڵەوان لە کتێبی گەرشاسپنامەدا هاتووە. گرشاسپ کوڕێکی بوو بە ناوی نەریمان و ئەویش کوڕێکی بوو بە ناوی سام کە لە سامیش زاڵ واتە باوکی ڕۆستەم لە دایک بوو.

سام لە ئەوێستادا ناوی کەسێک نییە بەڵکو ناوی بنەماڵەیەکە کە لە ئەسەرەت و گرشاسپ پێک هاتووە. ئەو ناوانەی لە ئەوێستادا لەم بنەماڵە نێویان براوە بریتین لە سەریس و گەرشاسب و ئەوروحشیە. لە ئەوێستادا زۆر باسی پاڵەوانیی گەرشاسپ کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی دواتر گۆیا ئەڤینداری ئەهریمەن لە کابولستان بووە، ناوی بە خراپە باس دەکرێ.

ناوی ڕۆستەم لە ئەوێستادا چەند جار هاتووە. هێندێک کەس لەو باوەڕەدان کە "راوت تەخم" هەمان ڕۆستەمە کە بە مانای خاوەن زۆر و باهۆ دێت، ئەم ناوەش لە خۆیدا لە ئەوێستادا یەکێک لە ناسناوەکانی گەرشاسپی پاڵەوانە. گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە و دەگوترێ لەبەرئەوەی ڕۆستەم گرینگیی بە دینی زەردەشت نەداوە ناوی ڕۆستەم و پاڵەوانەتیی ڕۆستەم لە لایەن مۆبدەکانی زەردەشتییەوە لە ئەوێستادا سڕدراوەتەوە. گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە و دەڵێ لە بنەڕەتدا ناوی ڕۆستەم لە ئەوێستادا نییە چونکە چیرۆکی ڕۆستەم لە دوای نووسینی ئەوێستا لە دەرەوەی

---

٥. لە میتۆلۆژیایی ئێرانیدا تورانییەکان دەچنەوە سەر ئەم "تور"ە.

خاکی ئێران لە سیستان ڕووی داوە، هەر بۆیە لە ئەوێستادا نییە.

بۆ یەکەم جار لە کتێبە مەزهەبییەکانی پەهلەویدا ناوی ڕۆستەم وەک ڕۆستەمی زاڵ هاتووە. لەو کتێبانەدا باسی ڕزگارکردنی کاوس لە زیندانی هاماوران و دەرکردنی شای تورانی ئەفراسیاب لە ئێران بە دەستی ڕۆستەخم یان ڕۆتسەهەم کراوە. لە تێکستە پەهلەوییەکاندا ناوی دوو کەس بە ناوی سام هاتوون؛ یەکێک باوکی ئەسەرەس کە لە گەرشاسبنامەدا ناوی ئەو شەمە و ئەوی دیکەشیان باوکی زاڵ.

بە گوێرەی کتێبەکانی پەهلەوی سام دوازدە کوڕ و کچی هەبووە کە ئەوانیش هەر کامەیان کوڕ و کچێکیان هەبووە. بە پێی هەمان سەرچاوە حکوومەتی سیستان یان "سەگان سی" بە دەستی سامی دەستان بووە کە دوو کوڕی بە ناوەکانی "روت ستخم" (رۆستەم) و "ئەوزوارک" (زەوارە) هەبوە.

ناوی ڕۆستەم و چیرۆکی پاڵەوانییەکانی ڕۆستەم هەر لە سەدەی شەشەمی زاینییەوە هەتا دەسپێکی ئیسلام بۆ نموونە لە ئەرەمەنستان، مەدینە و وڵاتانی دیکە بیستراوە.

## ڕۆستەمی زاڵ لە شانامەی فیردەوسیدا

لە شانامەی فیردەوسیدا لە دەسپێکی دەسەڵاتدارییەتی "مەنووچەر" و لە سەردەمی پاشایەتیی "فەریدوون" یەکەمین کەسێک کە لە بنەماڵەی ڕۆستەم باسی دەکرێ، گەرشاسپە کە گۆیا خەزێنەداری فەرەیدوون شا بووە. بەو پێیە وێ دەچێ کە سام باپیرە گەورەی ڕۆستەم لە سەردەمی فەریدووندا پاڵەوان بووە.

لە شانامەی فیردەوسیدا بە درێژی باسی لەدایکبوونی زاڵ باوکی ڕۆستەم و کوری سام دەکرێ. بە پێی گێرانەوەی فیردەوسی بە هۆی ئەوە کوڕی سام بە سەر و ڕیشی سپی لەدایک بووە ناوی "زاڵ" یان "زەر"ی بە سەردا بڕدراوە. سام لەبەر هەبوونی کوڕێکی ئاوا شەرم دەیگرێ، ناهێڵێ خەڵک بیبینن هەر بۆیە هەڵی دەگرێ و لە کێوێک دای دەنێ، باڵندەیەکی جیڤانۆکی، "سیمورغ"ێک وێرای بێچووەکانی خۆی بە خێوی دەکا و لەگەڵ ئەوان گەورە دەبێ. دوای ماوەیەک سام خەونێک دەبینێ کە

کوڕەکەی زیندووە و لە کێوی ئەلبۆرز دەژی. ئەویش دەچێتە کێوی ئەلبۆرز و سیمورغ کوڕەکەی وێ دادتەوە. گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە کە گۆیا سام بە ئەنقەست و وەک فێل و تەڵەکە زاڵی لە کێو داناوە، بۆ ئەوە سیمورغ پەروەردەی بکا، هەر بۆیە نازناوی دەستان بە مانای "مەکر" گۆیا لەوەوە هاتووە. دوای ئەوە سام کوڕەکەی زاڵ لە کێو دێنێتە خوارێ دەسەڵاتداریەتیی پاشایەتیی سیستانی پێ دەدا. دواتر زاڵ ئەڤینداری "ڕوودابە" کچی زۆرابی کابولی دەبێ کە بە ڕەگەز دەچنەوە سەر ئەژدەهاک.

سام باوکی زاڵ و مەنووچەر پاشا دژایەتی پێکەوە ژیانی زاڵ و ڕوودابە دەکەن بەڵام مۆبدانی زەردەشتی پێشگوتنی ئەوە دەکەن کە لەم جووتە پاڵەوانێکی ناسراو وە دنیا دێت کە دەتوانێ هەموو دوژمنانی ئێران لە نێو ببات، هەر بۆیە ئەوانیش مل بۆ پێشگوتنی پێشەوا زەردەشتییەکان دادەنەوێنن و ڕەزامەندی لە سەر ژن و شوویی زاڵ و ڕوودابە دەردەبڕن.

لە نووسراوەکانی پەهلەویدا لە زاڵ تەنیا وەک باوکی ڕۆستەم ناودەبردرێ و بە پێی شانامەی فیردەوسی زاڵ هەزار ساڵی ڕەبەق ژیاوە. هەروەها لە شانامەدا بە درێژەی باسی لە دایکبوونی ڕۆستەم کراوە. کە ڕۆستەم لە زگ بووە ئەوەندە گەورە بووە کە ڕوودابە نەیتوانیوە وە دنیای بێنی، هەر بۆیە بە پێی ڕێنوێنیی سیمورخ، زگی ڕوودابە دەدڕن هەتا ڕۆستەم بێننە دەرێ[٦]. ڕۆستەم هەروەک چۆن شێوازی لە دایکبوونەکەی نائاساییە بە هەمان شێوەش سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیشی نائاساییە. ڕۆستەم هەر بە منداڵی "دێو سپی" کوشت، "قەڵای سپەند"ی گرت و هەروەها تەنیا مێر منداڵێک زیاتر نەبوو کە بە تاقی تەنیا چووە کێوی ئەلبۆرز و قوبادی لە بەندی دێوان ڕزگار کرد. زاڵ بێجگە لە ڕۆستەم دوو کوڕی دیکەی هەبووە بە ناوەکانی شوغاد و زەوارە. لە شانامەدا زەوارە یەکێکە لە کەسایەتییەکان لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا. ڕۆستەمیش هەر بە پێی شانامە سێ کوڕ؛ زۆراب، فەرامەرز، جەهانگیر و دوو کچ؛ گەشسب بانوو و زەڕبانووی هەبووە. گەشسب بانوو

٦. بە پێی ئەم جیاڤانۆکە دەبێ یەکەمین منداڵ کە لە جیهاندا بە شێوازی نەشتەرگەری سزارییەن لە دایک بووبێت، ڕۆستەم بێت.

ژنی گیو کوڕی گۆدەرزی کەشوادە کە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا زۆر جار باسی کراوە، هێندێک جار وەک شووی خوشکی ڕۆستەم و هێندێک جاریش وەک مێردی کچی ڕۆستەم.

لە دیرۆکی سیستانیدا هاتووە؛ کاتێک فیردەوسی شانامەی نووسی و پێشکەشی سوڵتان مەحموودی کرد، ئەویش دوای خوێندنەوەی وتوویەتی؛ بێجگە لە داستانی ڕۆستەم نەبێت، شانامە شتێکی وای تێدا نییە. بێجگە لەوەش من هەزار پیاوی وەک ڕۆستەمم لە نێو لەشکەرەکەمدا هەیە. فیردەوسی لە وەڵامدا وتوویەتی؛ نازانم چەند پیاوی وەک ڕۆستەم لە سوپای سوڵتان مەحموودا هەیە بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئیتر خودا دوای ڕۆستەم کەسێکی وەکوو ئەوی وە دنیا نەهێنا.

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسیدا

چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب یەکێک لە ناسراوترین چیرۆکەکانی شانامەیە بە هەمان شێوەش تراجیکترین چیرۆکی شانامەیە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زۆر جار وەک غەمنامە ناوی دەبرێ. لەگەڵ ئەوەی لە چیرۆکەکانی شانامەدا فیردەوسی بەسەرهاتی پادشایانی ئێرانی بە پێی ڕەوتی مێژوویی و بە شێوەی کرۆنۆلۆجی دەگێڕێتەوە بەڵام چیرۆکەکانی زاڵ و ڕوودابە، بێژەن و مەنیژە و چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب سەربەخۆن و گرێدراوی ڕەوتی مێژوویی و کرۆنۆلۆجیی نێو شانامە نین. هەربۆیە چیرۆکێکی وەک ڕۆستەم و زۆراب دەکرێ وەک یەکێک لە یەکەم چیرۆک یان ڕۆمان لە نێو شاکارە ئەدەبییەکانی جیهاندا بناسرێ.

چیرۆکەکانی شانامە و یەک لە وان ڕۆستەم و زۆراب وەک فیردەوسیش بۆ خۆی دەگێڕێتەوە درووستکراوی ئەو نین و پێش ئەوەی ئەو بیانووسێتەوە لە نێو خەڵکیدا باو بوون. داستانی ڕۆستەم و زۆراب بە پێی لێکۆڵینەوەی عیمادەدینی دەوڵەتشاهی لە ئەوێستادا هاتووە و لە ڕاستیدا "فەروەردین یشت" هەمان داستانی شینگێڕیی ڕۆستەم بۆ زۆرابە[٧]. بەو پێیە کەوابوو فیردەوسی دەبێ ئەو چیرۆکەی لە ئەوێستای سەردەمی ئەو، کە ئێستا شوێنەوارێکی لێ نەماوە، وەرگرتبێ.

---

٧. رستم و سهراب به روایت اوستا، عمادالدین دولتشاهی، اول تابستان ١٣٧٧

بێجگە لە ئەوێستا لێکۆڵەوەکانی میتۆلۆجیای ئێرانی لەو باوەڕەدان کە فیردەوسی دەبێ لە تێکستی کۆنی پەهلەوی وەک "خودای نامەکەکان"، "یادگاری زەریران" و جیڤانۆک و داستان و شانامەکانی هی وەک "مەسعوودی"، "ئەحمەدی بەڵخی"، "ئەبوموئەیدی بەڵخی" و "ئەبوومەنسووری" و چیرۆکی گوێی ئاگردانی دیکەی خەڵکی کەڵکی وەرگرتبێ[٨].

فیردەوسی بۆخۆی لە سەرەتای داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا باسی ئەوە دەکا کە ئەو، چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی لە مۆبدێکی زەردەشتی بیستووە.[٩]

بێجگە لەوە فیردەوسی بۆ خۆی باسی لە پێنج بەیتبێژ کردووە کە ئەو یارمەتییەکی زۆری لێ وەرگرتوون بۆ نووسینەوەی داستان و بە سەرهاتەکان وەک "ئازاد سەرو، شادان بەرزین، ماخ پیر خوەراسانی، بەهرام و شاهۆیی". هەروەها فیردەوسی بە خێر و چاکە باسی "دەقیقی توسی هاوولاتییەکی خۆی دەکا کە فیردەوسی لە شانامەدا سەرجەم هەزار بەیت لە چیرۆکەکانی ئەوی بەکار هێناوە. کەوایە دەکرێ بگوترێ لەگەڵ ئەوەی مۆرکی فیردەوسی بە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب و هەموو شانامەوە دیارە بەڵام ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە هی سەردەمی کۆن و زۆر پێشتر لە فیردەسی بوون. هەربەو پێیەش دەکرێ چیرۆکی ڕۆستەمی زاڵ هی خەڵکی کۆنی دانیشتوانی هەرێم بە گەلی کوردیشەوە بێت.

چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە ئاستی جیهان و ئێراندا وەک یەکێک لە داستانە بەناوبانگەکانی شانامە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی فارسیدا گرینگییەکی یەکجار زۆری پێ دراوە و بێجگە لەوەی بە چەند شێوازی نەسر بڵاوکراوەتەوە بەڵکو لە چەند بەرگێکیشدا لە چیرۆکەکەدا گۆڕانکاری کراوە و سەرلەنوێ لە شێوازێکی دیکە داڕێژراوەتەوە. بێجگە لەوە لە سەر بنەمای چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب هەتا ئێستا چەند فیلمی سینەمایش ساز کراوە.[١٠]

---

٨. چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی"

٩. ز موبد بدینگونه برداشت یاد
که رستم یکی روز از بامداد

١٠. ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە لایەن مەهدی ڕەئیس فیرووز و شاهڕۆخ ڕەفیع کرا بە فیلمی سینەمایی. بوریس کیمیاگرۆف دەرهێنەری تاجیکستان لە ساڵی =

## شانامەی کوردی

لە نێو کورددا دوو جۆری سەرەکی شانامە هەیە. یەک شانامەی نووسراو وەک ئەم دەسنووسەی ڕۆستەم و زۆراب کە لەم کتێبەدا دەکەوێتە بەر سەرەنج و یەکیش شانامەی زارەکی کە ڕەنگە دەیان شێوازی جیاوازی ئەگەر لە بەیتبێژان و میرزاکانی کوردستان بە دەنگ تۆمار کرابن، هەبێت. هەر دوو جۆری شانامە بۆ خۆیان بە دەیان شێوازی جیاوازیان هەیە کە بە پێی ناوچە و هەرێمی جیاواز گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. خاڵی سەرەکی و هاوبەشی هەموو شانامە کوردییەکان ئەوەیە کە باس و گێڕانەوەی پاڵەوانەتی و قارەمانانی جیڤانۆکی دەکەن. لە هەر داستان و چیرۆکێکی کوردیدا باسی پاڵەوانگەلی جیڤانۆکی بکرێ ئەوە ئەو چیرۆکانە چ زارەکی و چ نووسراو دەکەونە نێو کاتەگۆریی شانامەی کوردی یان وەک "بێهروز چەمەنئارا" دەڵێ "ڕەزمنامە" یان "شەڕنامە" کە هەر سێ لە نێوەڕۆکدا یەکن[١١]. زۆربەی هەرە زۆری شانامە کوردییەکان بە تایبەتی ئەوانەی نووسراونەتەوە بە شێوەزاری گۆرانی یان هەورامی نووسراونەتەوە[١٢]. تێکەڵی و لێک نێزیکیی ئەم دوو زاراوەیە وای کردووە کە لە شانامەکاندا جێگۆڕکێ بە ناوی هەورامی لە باتی گۆرانی یان بە پێچەوانەوە بکرێ[١٣].

---

= ١٩٧١دا چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی لە سەر بنەمای شانامەی فیردەوسی کرد بە فیلم. دەرهێنەری هیندی ویشرام بیدەکار Vishram Bedekar لە ساڵی ١٩٦٣ داستانی ڕۆستەمی لە سەر دەقی شانامەی فیردەوسی کرد بە فیلم.

١١. چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی"

١٢. دوو شێوەزاری گۆرانی و هەورامی ئەوەندە نێزێکی یەکترن کە جیاکردنەوەیان تەنیا لە باری زمانناسییەوە دەگونجێ. چەند وشەیەکی نێو شانامەی کوردی بە هەر دوو شێوەزاری گۆرانی و هەورامی: پەشێو (گ: پەشێو، ه: پەشێو) بلێ (گ: باچا، ه: واچە) خۆی (گ: وێش، ه: وێش) دەیکێشا (گ: مەکێشا، ه: مەکێشا) چییە (گ: چێشەن، ه: چێشەن) خوێن (گ: هوون ه: وون). (چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی")

١٣. لە شانامەی هەورامی کۆکردنەوەی مەحمەدئەمینی ڕەشیدی لە کۆتایی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا، میرزا ئەڵماسخانی کەنوولەییە باسی ئەوە دەکا کە ئەم چیرۆکەی بە زاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە: =

بێجگە لە شێوەزاری گۆرانی، شانامەی کوردی بە شێوەزاری کوردی وەک لەکی و لۆڕی (دیارە ئەگەر وەک شێوەزاری کوردی بۆ خۆیان بیسەلمێنن) و کرمانجیی سەروو (چیرۆکی زارەکی) هەیە.

شانامە کوردییەکان بە گشتی سەرچاوە لە شانامەی فیردەوسی وەردەگرن بەڵام پە بێی هەڵکەوتەی جوگرافی، مەزهەبی و ئێتنیکی گۆڕانکاریی بەرچاو لە شانامە کوردییەکاندا هاتوونەتە گۆڕێ. هەربۆیە نەک وەک وەرگێران لە شانامەی فێردەوسی بەڵکو ناسنامەی تایبەت بە خۆیان وەک "شانامەی کوردی" وەرگرتووە. شانامە کوردییەکان تەنیا لە باری زمانییەوە نا بەڵکو لە باری فۆرم و نێوەرۆکیشەوە جیاوازیی بەرچاویان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی هەیە[١٤]. دواتر من لە باس لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا بە کورتی ئاماژە بە جیاوازییەکان دەکەم.

سەرچاوە کوردییەکان بۆ دەست وێ ڕاگەیشتن بە شانامەی کوردی سێ بەشن: یەکەم، ئەدەبی زارەکی وەک چیرۆکە جیاوازەکانی شانامە، دووەم، دەقە پیرۆزەکانی یارسان و سێهەم، دەسنووسەکان[١٥]. شانامەکانی گوێی ئاگردان بە پێی هەرێم، شێوەزار، مەزهەب بە شێوازی جیاواز وتراون و ئەگەر هەتا ئێستا تۆمار نەکرابن، ڕەنگە ئێستا لە هەموو کوردستاندا چەند کەسێکی قامکژمێر مابن کە چیرۆکەکانی شانامەی کوردییان لە بەر مابێ. لە شانامەی گۆرانی گۆیا بەشێکی زۆر لەو شانامانە تۆمار کراون[١٦]. هەروەها لە کرمانجی ژووروودا هیچ نەبێ چەند بەشێک

---

= شوکور وە یەزدان حەی سوبحانی
تەمام بی داستان لەفز گۆرانی
ئەر سەد مەزمونش ماچان گۆرانی
ئەی لەفز گۆران شەکەرفشانی

١٤. جێی سەرەنجە کاتێک سترانبێژی کورد "شارام نازری" ئاڵبومێکی گۆرانی بە ناوی "شانامە" کە لەودا چەند بڕگەیەکی لە شانامەی کوردی خوێند، لە ناوەندە فەرهەنگییەکانی ئێراندا بوو بە مشتومڕ و باس کە ئەوە چ جۆر شانامەیەکە کە نازری بە گۆرانی دەیچڕێ؟

١٥. چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی"

١٦. بە پێی بێهرو چەمەنئارا، دەستنووسێک لە شانامەی کوردی کە لە وتنەوەی مستەفا مەحمەد گۆران زەنگەنە لە چلەکانی ١٩٤٠دا تۆمار کراوە، لای ئەو هەیە. (چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی")

لە داستانی ڕۆستەمی زاڵ لە وتنەوەی عەبدولقادری دەنگبێژ[17] کۆکراوەتەوە. جێگەی سەرەنجە کە شانامەی زارەکی زیاتر لە لای کوردە کۆچەرەکان هەر لە لوڕستانەوە بگرە هەتا باکوری کوردستان باوی زیاتری هەبووە و لەو ناوچانەش بە پێی سرووشتنی خێڵەکی و ناوچەیی لێک جیان.

دەقە پیرۆزەکانی یارسان وەک دەفەتەری سەرئەنجام ئەو سەرچاوە ئاینییانەن کە چیرۆکەکانی شانامەی کوردی هەتا ڕادەیەکی بەرچاو تێدا ڕەنگی داوەتەوە. ناوی پادشا و پاڵەوانگەلێکی وەک کەیقوباد، کەیکاوس، جەمشید، ئارش و ڕۆستەم و زۆراب و هەروەها چیرۆکەکانی وەک ڕۆستەم زۆراب و ڕۆستەم و ئەسفەندیار لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا هەن[18]. بێجگە لەوە نێوەڕۆکی چیرۆکەکانی شانامەش کاریگەریی گەورەی ئاینی یارسانی پێوەیە. بۆ نموونە لە داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا لەم دەسنووسە کە لێرەدا بڵاو دەبێتەوە، باوەڕی ئاینی دونادون یان تەناسوخ کە بنەمای ئاینی یاری لە سەر ڕاوەستاوە، بە ڕوونی دەبیندرێ.

بە پێی بێهروز چەمەنئارا، زیاتر لە سی جۆری شانامە و زیاتر لە شیست هەزار بەیت شانامەی کوردی هەیە[19]. من پێم وایە هەژماری شانامە زۆر لەوە زیاترە ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاو بگرین، هەر خێڵ و هۆزێک یان تەنانەت بنەماڵەیەکی کورد خاوەنی جۆرێک شانامەی خۆیان بوون. تەنانەت ئەگەر شانامە کوردییەکان بە کرمانجیی سەروو نەژمێرین دیسان هەژماری شانامەکان لەو هەژمارە ئاماژە پێکراوە زۆر زیاترن.

بێجگە لە شانامە چاپکراوەکان[20]، گۆیا دەسوونسێکی شانامەی کوردی لە کۆکردنەوەی ئوسکارمان لە کتێبخانەی بەرلیندا هەیە و هەروەها دەسنووسێکی

---

17. Kizilkaya, di pirtûka Dîwana Wunda de .Evdilqadirê dengbêj  Çavkanî: M

١٨. چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیە بر شاهنامەی کردی"

١٩. هەمان سەرچاوە.

٢٠. شانامەی لەکی؛ حەمید ئیزەتپەنا، تاران چاپی اساگیر. شانامەی کوردی گۆرانی؛ ئیرەج بەهرامی، تاران، چاپی هیرمند. شانامەی کوردی هەورامی؛ مەحمەدئەمین ڕەشیدی، چاپی کوردۆنیا سلێمانی. شانامەی کوردی بێهتوون (تەنیا چیرۆکێک بە ناوی بێهتوون)، کۆکردنەوەی عەزیزمراد ئەکبەری، کتێبخانەی ئەرزان لە سوید.

دیکە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زەردهەنگ و مەنیژە و بیژەن لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئێراندا لە تاران پارێزراوە. چەند دەسنووسێکی دیکەی شانامە وەک ڕۆستەم و زەردهەنگ، ڕۆستەم و زۆراب، سیاوەشنامە و حەفت لەشکەر لە کتێبخانەی بێهروز چەمەنئارادا هەیە[21].

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی و فارسیدا

لێکچوونەکان، جیاوازییەکان:

لە وەبەردانێکی سەرپێیی کە لە نێوان ئەم چیرۆکەی ڕۆستەم و زۆراب[22] و دەقی هەمان چیرۆک لە شانامەی فیردەسی[23] کردم بۆم دەرکەوت کە کرۆکی داستانەکە لە هەر دوو دەقی فارسی و کوردییدا هەروەک یەک دەچن. لە زۆر شوێندا تەنانەت وردەکارییەکانی نێو داستانەکە بە شێوەیەک وەک یەک دەچن کە وەک ئەوە وایە وەرگێڕی کوردی هەوڵی داوە، تەنانەت وەرگێرانێکی دەقاودەق بکا. بەڵام کە لە نێوەرۆکی شانامەی کوردی ورد دەبینەوە، بە تەواوەتی لە شانامەی فیردەوسی جیاوازە.

لە دەسپێکی داستانەکەوە هەتا کۆتایی وەک ڕەوتی ڕووداوەکان لە چیرۆکەکەدا، ناوەکان و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە بە برێک جیاوازییەوە وەک یەک دەچن. لە دەقی کوردیی چیرۆکەکەدا چەند ڕووداوێک لە ڕەوتی داستانەکەدا هەڵگیراوە یان زیاد کراوە کە لە دەقی فارسیی شانامەدا نییە.

کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە لە هەر دوو دەقی داستانی ڕۆستەم و زۆراب لەم شانامە کوردییە و لە دەقی شانامەی فێردەوسی وەک یەک دەچن: لە بەرەی تورانی ئەم کەسایەتییانە هەن: ئەفراسیاب پادشای توران، زۆراب کوڕی

---

٢١. هەمان سەرچاوە.

٢٢. ئەم وەبەردانە تەنیا دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب کە لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، وەبەردەگرێ.

٢٣. کتێبی "رستم و سهراب" بە هەوڵی "محمد حسین کنگرانی فراهانی" چاپی یەکەم ١٣٦٩، چاپخانەی سازمان تبلیغات اسلامی حوزه هنری.

ڕۆستەم، تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان و دایکی زۆراب، هومان و بارەمان و ژندەڕەزم[٢٤]. لە بەرەی ئێرانیدا کاوس یان کەیکاوس شا، ڕۆستەمی زاڵ، گیو، توس و گۆدەرز و هەژیر چوار پاڵەوانی ئێرانی، کەژدەهەم فەرمانداری قەڵا سپی و کچەکەی گوردئافەرید هەن. لەم دەقە کوردییەدا لەگەڵ ئەوەی باسی داستانی شەڕی گوردئافەرید لەگەڵ زۆراب کراوە، بەڵام ناوی گورئافەرید نەهاتووە. لە کەسایەتییە لاوەکییەکانیشدا لەم دەقەدا باسی "ڕوودابە" دایکی ڕۆستەمی زاڵ نەهاتووە بەڵام لە شانامەی فیردەوسیدا باسی کراوە کە شینگێڕیی زۆراب دەکا و وەک بڕگەیەکی جوانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسیدا دەژمێردرێ.

هەژماری بەیتەکان لەم دەقە کوردییەدا ٩٥٩ بەیتە بەڵام لەو دەقەی شانامەی فیردەوسیدا کە لەم بەراورد کردنەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، ١٤٣٥ بەیتە.

کاریگەریی ئاینی وەک جیاوازی سەرەکی:

دەکرێ کاریگەریی مەزهەبی وەک پێناسەیەکی تایبەت بۆ شانامەی کوردی دابندرێ. وەک جیاوازیی بەرچاو چ لە دەسپیک و چ لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا لە دەقی کوردیدا بە شێوەی جیاواز لە دەسپێک و کۆتاییی چیرۆکەکەدا بە ژمارەیەک بەیتی تایبەت ڕازاوەتەوە کە هێمان بۆ بیروبۆچوونی نووسەر یان بێژەری کوردیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب. ئەم بەیتانە دەکەونە دەرەوەی چیرۆکەکە و هیچ پێوەندییەکیشیان بە ناوەرۆکی شانامەی فیردەوسییەوە نییە[٢٥]. بۆ نموونە لەم دەقە کوردییەدا، ناوی ئیمامانی شیعە و بیروباوەڕی مەزهەبی نووسەر تێکەهەڵکێشی چیرۆکەکە لە

---

٢٤. ژندەڕەزم یان زندەڕەزم لەم دەقە کوردییەدا تەنیا وەک پاڵەوانێکی ڕازدار و باوەڕپێکراوی تەهمینە و زۆراب هاتووە. جێگەی سەرەنجە لە چەند نوسخەی فارسیشدا ئەم جیاوازییە هەیە. بۆ نموونە لە نوسخەی چاپی موسکۆدا تەنیا ئاماژە بە پاڵەوانێک کراوە کە لە لایەن تەهمینەوە بۆ ناساندنی ڕۆستەم بە زۆراب نێردراوە. ئیتر نە ناوی هاتووە و نە باسی خزمایەتیی ئەو لەگەڵ زۆراب کراوە. لە نوسخەی دیکەی شانامەی فارسیدا بۆ نموونە لە نوسخەی ژول مول فەرانسایی و مەلەک شوعرای بەهاردا باسی ژندەڕەزم وەک خاڵۆی زۆراب کراوە.

٢٥. لە دەقی فیردەوسیدا پێشەکیی چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: =

دەسـپـیک و کـۆتاییـدا کـراوە. بێـجگە لـەوە لە نوسـخـەی کـوردیدا لە مـناجـات یان پارانـەوەی ڕۆسـتــەم لـە یەزدان چـەند بەیتــێک هەیە کـە هـیچ پێـوەنـدیی بـە دەقی فـارسـیـیـەوە نیـیـە و دانـەر لە بەر باوەڕی مــەزهـەبیی خـۆی کـە ئـەمـاژە بە باوەڕی مـەزهـەبیی شـیـعـەیە، تێی خـسـتـوون. وەک نموونە بـاسـی حـەزرەتی ڕەزا ئیـمـامی هەشـتەمی شیعەکـان لە مەشـهەد لە ئێران، شـەهیدانی کەربەلا و ناوی ئەسـپەکانی حەزرەتی مەحمەد کراوە[٢٦].

هێندێک چەمک و دەستەواژەی ئاینی ئیسـلامی وەک بۆ نموونە وشـەی "قەسـاس" لە باتـی "تۆڵە" هـاتووە کـە دیسـان گـوزارە لە باوەڕی مــەزهـەبی دانـەری شــانـامــەی کوردییەوە دەکا. لە لایەکی دیکەوە شوێنەواری ئاینی زەردەشتی کە هێشتا بە دەقی فیـردەوسـیـیـەوە مـاوە لێرە سـڕدراوەتەوە یان زۆر کـەم ڕەنگ کراوە. وەک نموونە لـەم دەقـە کوردییەدا لە بـاتی مۆبدی زەردەشـتی لە شـانامـەی فیـردەوسـیدا وشـەی وەزیر داندراوە[٢٧].

بەڵام ئـەوەی لە هـەمــوو زیاتر پێناسـەیەکی کـوردی بـەم چیـرۆکـە دەدا کـۆتاییی چیرۆکـەکـەیە. لە کـۆتاییی چیرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆرابدا لە دەقی فیـردەوسـیدا، دوای ئەوە تەهمینە لە مـەرگی زۆراب ئاگادار دەبێ دوای سـاڵێک لە غەم و خـەفەتی زۆرابدا دەمرێ کـە لەم دەقـە کوردییـەدا ئەمە نییە. بەڵکو چیـرۆکەکە درێژەی دەبێ. دوای ٤٠

---

= 

| | |
|---|---|
| کنون رزم سـهراب رستم شـنو | دگرها شنیـدسـتی این هم شنو |
| یکی داسـتـان است پر آب چشم | دل نازک از رسـتـم آید بخـشم |
| اگر مرگ داد است بیداد چیست | زداد این همه بانگ و فریاد چیست |
| ازاین رازجـان تو آگـاه نیـست | بدیـن پرده اندر تو را راه نیـست |
| کنون رزم سهراب گـویم درست | از آن کین که با اوپدر چون بجست |

٢٦. بە ڕەفەرف سوار عەرسەی لامەکان
بە شەوق پابۆس ئاغـەی خوراسان
بە دوڵـدوڵ سـوار حەلـوەلا فـەتا
پەرێش نازڵ بی سـوورەی چل ئەتا

٢٧. بفرمود تا موبدی پرهنر
بیاید بخواهد ورا از پدر

ڕۆژ ئازیەتباری تەهمینە بە لەشکەرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی ڕۆستەم دواتر بە نێوبژیوانی زاڵ ئاخرەکەی تەهمینە ئاشتی لەگەڵ ڕۆستەم دەکا و ئیتر پێکەوە ژیانێکی نوێ لە زابول دەست پێ دەکەن و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێ کە ناوی دەنێن "فەرامەرز" و بەو شێوەیە زنجیرەی پاڵەوانانی سام بەردەوام دەبێ. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا ئەمە لە فەلسەفەی دونادونی ئاینی یارسانەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەش بە شێوەزاری گۆرانی هەمان کۆتایی چاوەڕێی چیرۆکەکان دەکا[28]. خاڵی جێگەی سەرەنج ئەوەیە لە لێرەدا کاریگەریی مەزهەبی شیعە و یارسان پێکەوە لە سەر چیرۆکەکە دیارە.

## تراجیک یان بەپێچەوانە

لە لایەکی دیکەوە کە دەقی کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە کوردی بەو شێوەیە کۆتایی دێت و چیرۆکەکە نەک مردن بەڵکو ژیان و دووبارە تێ هەڵچوونەوە دەکاتە وشەکانی کۆتایی ئەمەش لە خۆیدا حاڵەتی تراجیک و خەمهێنەری چیرۆکەکە لادەبا. هەر ئەمەش وا دەکا لە باری نێوەڕۆک و فورم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکەوە دەقی کوردی لە دەقی فیردەوسی کە وەک تراجیکترین چیرۆکی شانامە ناسراوە، جوێ بکرێتەوە.

کەواتە ئەمەش پێکهاتێکە کە هەموو ڕەوتی فورم و داڕشتنی چیرۆک لە شانامەی کوردیدا دەگۆڕێ و بەو شێوە پێناسەیەکی دیکەی جیاواز لە فیردەوسی بە شانامەی کوردی دەدرێ. لە لایەکی دیکەوە لە دەقی کوردیدا ڕۆستەم و تەهیمنە شەوێکی ڕۆمانتیک بەسەر دەبن کە لەودا باسی ماچ و دەست لەملەکردن و مەمکەگوشین کراوە، ئەمە بە درێژی لەم دەقە کوردییەدا هاتووە کە هەمان دەق لە فیردەوسیدا بە هەمان جوانی و دوورودرێژی نەهاتووە. ئەمەش وەک لایەنێکی دیکەی جوانکاریی کوردیی شانامەی کوردی لە دەقی فیردەوسی دادەبڕێ.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەقە کوردییە ئەوەیە بە دەگمەن لە نێو ١٠٠٠ بەیتدا

---

٢٨. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی "گول و بولبول"، نووسەری نەناسراو، لە کۆکردنەوەی سیاوەش گۆدەرزی، چاپخانەی نینا لە سوید بکەین.

ڕەنگە تەنیا یەک دوو بەیتێک هەبن کە دەقاودەق وەک شانامەی فیردەوسی لە یەک بچن[٢٩]. وەکوو دیکە هەموو چیرۆکەکە لە داڕشتن، فۆرم، شێواز، هەڵبژاردنی وشە، ئاماژە و دەستەواژە کاریگەرییەکی خۆماڵی و کوردەواریی پێوە دیارە.

## ڕۆستەمی زاڵ لە کرمانجیی سەروو

زۆرجارم لە نووسەرانی باکوری کوردستان دەبیست کە ڕۆستەمی زاڵ کورد بووە. هەروەها دەزانین کە وتنێکی زارەکی لە باکووری کوردستان هەیە وەک نووسەرانی کوردیش لە باس لە سەر ڕۆستەمی زاڵدا دووپاتی دەکەنەوەو دەڵێن: ڕستەم بە ئەسلێ خوە کوردە". ئەوەندە ئەوە کە ڕۆستەمی زاڵ کورد بووە دووپات کراوەتەوە کە بە شێوەیەک تێگەیشتنێکی وا لە نێو خەڵکیدا چەسپیووە کە ڕۆستەمی زاڵ کورد بووە. تەنانەت شاعیر و نووسەری کوردی واش لە باکووری کوردستان هەن کە

---

٢٩. ئەو دەگمەن بەیتانەی کە لەم دەقە کوردییە و دەقی فیردەوسیدا وەک یەک دەچن:

فردەوسی: چنین است رسم سرای درشت
گهی پشت زین و گهی زین بە پشت
کوردی: خەریک مەندە بی بیابان چۆڵ
گەهێ پشت بە زین گەهێ زین بە کۆڵ
فیردەوسی: کە تیزی و تندی نیاید بکار
بنرمی برآید ز سوراخ مار
کوردی: بە توند و تیزی کا نمەبۆ مەیسەر
بە لەفز شیرین مار مەیۆ وە بەر
فیردەوسی: گر تیغ بودی کنون پیش من
سرش کندمی چون ترنجی ز تن
کوردی: بە یەزدان پاک تیغێ مەشەندم
سەرت چون ترنج ج تەن مەکەندم
فیردەوسی: چە کاووس پیشم چە یک مشت خاک
چرا دارم از خشم کاووس باک
کوردی: ئەر من نەترسۆ ج یەزدان پاک
پادشا ج لام وێنەی مشتێ خاک

ناسناوی "زاڵ" باوکی ڕۆستەمیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. هەر لەم ماوەیەدا (هاوینی ٢٠١٢) لە ماڵپەڕێکی کوردیدا وتارێکم[٣٠] دی کە باسی ئەوە دەکا فارس و ئیرانی ڕۆستەمی زاڵ بە هی خۆیان دەزانن و بە چەند بەڵگەیەک لە شەرەفخانی بیتلیسی و سەعیدی نورسی کوردی باسی ئەوە دەکا نەخێر ڕۆستەمی زاڵ نە فارسە و نە تورکە بەڵکو کوردە.

شاعیری ناسراوی کورد جگەرخوێن[٣١] لە زۆر شیعردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە. هەروەها زۆر پێشتر لەوەش سەعیدی نورسی کوردی[٣٢] لە "ڕەسالەی" نووردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە، بەڵام گۆیا لە چاپی دواتری ڕەسالەی نووردا بە زمانی تورکی ناوی کورد بە ڕۆستەمی زاڵەوە سڕدراوەتەوە. بێجگە لەوەش دەزانین کە شەرەفخانی بتلیسی[٣٣] ش لە شانامەدا باسی ڕۆستەی زاڵ و بنەماڵە و بنەچەی ئەو وەک کورد دەکا. هەموو ئەمانە سەرەنجی منی ڕاکیشا و لە کاتی نووسینی پێشەکی بۆ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بیرم لەوەش کردەوە ئاورێک لە ڕۆستەم و زۆراب بە پێی خوێندنەوەی کورد لە سەرووی کوردستان بدەم و بزانم لەوێ چۆن باسی چیرۆکی ڕۆستەم و زاڵ دەکرێ.

چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆمانیک بە ناوی ڕۆمانی "ڕستەمێ زاڵ" لە لایەن خوەرشید

30. DI S ÇAVKANYN GIRNG DE KURDBNA RUSTEM ZAL
http://www.avestakurd.net/dosya/kurdbna-rustem-zala-amadekirin-m-k-dilxr-h226.html

٣١. جگەرخوێن لە شیعرێکدا ئاوا لە سەر سەر ڕۆستەم دەڵێ:

“Ka Ferîdûn, ka Direfs, taca Keyan li kû ye,
Ka Guhderz û ka Ristem, ka ew meydan li kû ye?"

لە شیعرێکی دیکە دا جگەرخوێن دەڵێ:

“Em Guhderz in, serbilind in, devçirên in,

Weke Ristem bidin deng...”

32. http://www.avestakurd.net/dosya/kurdbna-rustem-zala-amadekirin-m-k-dilxr-h226.html

٣٣. لە شەرەفنامەدا هاتووە: لە نێو دیرۆکی کورداندا پاڵەوان و قارەمانێکی وەک ڕۆستەمی ئیبن زاڵ دەرکەوتووە کە لە سەردەمی کەیقوبادی کەیانیدا ژیاوە. ئەو مێرخاسە لە هەرێمی زابولستان لە دایک بووە، هەر بۆیە بە ناوی ڕۆستەمی زابولی بەناوبانگە. نووسەری شانامە فێردەوسی ئەو وەک کورد ناودێر دەکا. سەرچاوە:,erefname

34. erefxa Werger: M .Emîn Bozarslan, Weanên Deng Risteme Zal, Roman, Xursîd Mîrzengî, Wesanen Rewên

میرزەنگی[34] بڵاوکرایەوە. ئەم داستانە لە سەر بنەمای چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم جارێکی دیکە داڕێژراوە و نووسەر بە پێی زەوق و تێڕوانینی خۆی و لە شێوازێکی نوێدا چیرۆکەیەی داڕشتووە.

لە کتێبی دیکەدا بە ناوی "داستانێن کوردی ژ زارگوتنا کوردی"[35] لە بەشێک لەم کتێبەدا چیرۆکێک بە ناوی "ڕستەمێ زاڵ" بڵاوکراوەتەوە. کە بە تەواوەتی لەگەڵ داستانی ڕۆستەم و زۆرابی کوردی و فارسی (لانی کەم ئەو سەرچاوانەی من دیومن) جیاوازی هەیە. ئەم چیرۆکە ئاوا دەست پێ دەکا، ڕۆژێک ئەسپەکەی ڕۆستەم بە ناوی ڕەخشی بەڵەک هەڵدێ و دەچێتە شاری زابول (هەمان شاری ڕۆستەم)، ڕۆستەمیش ئەسپ لە ماڵە مەزنی شارەکە بە ناوی مەسیخان پەیدا دەکا، دواتر مەسیخان بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزیر و گزیر کچەکەی خۆی بە ناوی فەرەنگ شەهابی دەداتە ڕۆستەم، ڕۆستەم دوای چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە ئێران و دواتر فەرەنگ کوڕێکی دەبێ بە ناوی زۆراب. زۆراب هێرش دەکاتە سەر ئێران و کوڕێکی ڕۆستەم واتە براکەی خۆی بە ناوی فەرامەرز دەکوژێ و هەتا دواتر... ئەم چیرۆکە چ وەک فۆرم و چ وەک کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە و هەروەها ناوەڕۆک جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب هەیە. ئەمەش نیشان دەدا کە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب و هەموو چیرۆکێکی دیکەی نەنووسراوی سەر زارەکی لەم بەیتبێژ بۆ ئەو بەیتبێژ، لەم هەرێم بۆ ئەو هەرێم گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ڕێی ئەوەشی تێ دەچێ ئەم چیرۆکە لە بناغەوە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بێت و دواتر بەو شێوەیە گۆڕدرابێ.

کتێبێکی دیکە بە ناوی "ڕۆستەمی زاڵ" لە کۆکردنەوەی ئەدیپ پۆلات[36] هەیە. لەم کتێبەدا هەموو بەسەرهاتی ڕۆستەمی زاڵ لە شانامەدا کۆکراوەتەوە و بە ناوی یەکەم ڕۆمانی فلۆکلۆری یان گەلەریی کوردی بڵاوکراوەتەوە. لە بەشێک لەم کتێبەدا چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە درێژی لە شێوازی نەسردا بڵاوکراوەتەوە. دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، چەند تێبینییەکی گشتیی پێوەندیدارم بە چیرۆکی ڕۆستەم و

35. Destanên Kurdî ji Zargotina Kurdî, Enstîtuya Kurd ya Stenbolê, Reso Zîlan Serdar Roan
36. RISTEM ZAL, Destanek Gelêrî, Berhevkar: EDB POLAT, Dîarbekir 2000

زۆرابەوە لا درووست بوو:

یەکەم، چوارچێوەی ئەم چیرۆکە بە کرمانجیی سەروو هەروەک وەک نوسخەی شانامەی فیردەوسی و هەم وەک نوسخە کوردییەکانی بە کرمانجی خواروو یەکە؛ واتە دەسپێک و ڕەوتی چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە و هەروەها کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە هەر وەک یەکن.

دووەم، هێندێک دەسکاری بەرچاوی تێدایە کە لە هیچ کام لە نوسخەکاندا چ فارسی و چ کوردی نین[٣٧]. وەک نموونە لە زۆر شوێندا باسی هورموز خودای زەردەشتی کراوە. ڕاستە لە هەموو نوسخەکانی دیکەشدا باسی یەزدان دەکرێ و دەزانین سەرچاوەی ئەمەش زەردەشتییە بەڵام ناوێک لە هورموز لە نوسخەکاندا نییە.

سێهەم، هێندێک پێناس و شیکردنەوە کە لە شانامەدا و لە چیرۆکەکانی دیکەی ڕۆستەمدا هاتوون و لە خودی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا نەهاتوون لە نوسخەی کرمانجی سەروودا وەبەرچاو دەکەون. ڕاستە ئەمە یارمەتیی زیاتری خوێنەر دەدا کە باشتر لە چیرۆکەکە بگا بەڵام ئەوانە لە دەقی چیرۆکەکەدا نین. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمەش ئەوە بێت کە چیرۆکەکە لە شیعرەوە بۆ نەسر گۆردراوە و نووسەر دەستی ئاواڵا بووە کە ئەو گۆڕانکارییانە لە چیرۆکەکەدا بکا. بۆ نموونە ئەوەی کە لە شیعردا تەنیا وەک ئاماژەیەک هاتووە لە نەسردا لە ڕستەیەکدا یەک چەند ڕستەیەکدا دەرببڕێ.

چوارەم، بە خوێندنەوەی هەموو چیرۆکەکە بۆم دەرکەوت کە زۆر لە دەقە فارسییەکە نزیکە، کەواتە دەتوانم ئەوە بێژم کە ڕەنگە وەک ئەدیب پۆڵات بۆخۆیشی لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کردووە کە لە شانامەی فیردەوسی بە زمانی تورکی[٣٨] کەڵکی وەرگرتووە، هەموو چیرۆکەکە لە ژێر کارتێکەریی دەقی شانامەی فیردەوسیدایە. بەڵام لە هەمانکاتدا هەر لەم نوسخە کوردییەدا لە چەند جێگادا

---

٣٧. دیارە لێرەدا مەبەست تەنیا ئەو نوسخانەن کە لەم کتێبەدا هاتوون و ئەگەر لە نوسخەیەکی دیکەی شانامەدا ناوی "هورموز" هاتبێ ئەوە من ئاگادار نیم.

38. êxname-Fîrdevsî Çar Cîld. Weanên Wezareta Perwerdeyîya Nêtewî Turkîye.

ئاماژە بە دەقی بەیتەکان بە کوردی دەکرێ کە ئەمەیان وەک بۆ خۆی دیسان لە پێشەکیدا ئاماژەی پێ کردووە کە لە دەقی بەیتبێژیان[٣٩] کەڵکی وەرگرتووە، کە ئەمانە پێوەندییەکیان بە خودی دەقەکەی فیردەوسییەوە نییە. یەکێک لە جوانترین و بەسۆزترین دەقی گەلەری لەم نێوەدا شینگێڕیی ڕۆستەم بۆ زۆرابە[٤٠]. کەواتە بە کورتی دەتوانن بێژین هەموو نەسری چیرۆکەکە لە شانامەی فارسیی فیردەوسی بە هێندێک دەسکارییەوە وەرگیراوە و بەیتە کوردییەکانیش هەمان دەقی گەلەری یان فلۆکلۆری کوردیی چیرۆکی ڕۆستەمی زاڵن کە لە شوێنی دیکە وەرگیراون و کە کراوەتە ناوئاخنی کتێبەکە. دەقە گەلەرییەکان بە تەواوەتی پێناسەی شانامەی کوردییان بە کرمانجی سەروو هەیە.

پێنجەم، لەم نوسخەیەدا ئەوەی لە شانامەی فیردەوسیدا وەک "ئاین یان باوەڕی ئێمە" هاتووە وەک "عورف و عادەتی ئێرانی" وەرگێڕدراوە. لە دەقی فیردەوسیدا

---

39. Evdilqadirê dengbêj Çavkanî: M . Kizilkaya, di pirtûka Dîwana Wunda de

40. Te ev felaket bi min nekir
Dem miftê da destê te
Jîyana min fedaye te kir
Xalo, sûc ne yê te ye,
Kutin riya mêra ye,
Mirin emrê Xweda ye,
Derdê mezin ew derde,
Kêf kêfa neyara ye,
Wê bêjin Suhrab kutin,
Pêlewanî bi me maye...
Ax lo bavo. Lo bavo, wax lo bavo lo bavoì...
Biçûk bûm, sewî nezin bûm xalo,
Diya min gotibû nîanên bavo
Emrê min bi heza wî derbas bû,
Lê niha hêviya min jî xelas bê,
Hemî lêgerîna, sewî mezin bûm xalo,
Min ne bav dît, ne reng ne jî rû,
Ez va dimrim, ê û xeter jî li dû
Masî û teyr, hesp an jî stêrk bî tu,
Nafilitî ji bavê min tu zû bi zû.
Ax lo bavo. Lo bavo, wax lo bavo lo bavoì...

ڕۆستەم وەک پاڵەوانی ئێرانی ناسراوە نەک وەک خەڵکی ئێران و ڕۆستەم خەڵکی سیستان و بە پێی شانامەی فیردەوسی خەڵکی زابول لە سیستان بووە کە ئەو سەردەمە سەر بە ئێران نەبووە و ئەو دەم هەرێمێکی سەربەخۆ بووە. کەواتە کاتێک بۆ نموونە ڕۆستەم یان گیوی گۆدەرزی کەشواد کە خزم و زاوای ڕۆستەمیشە دەڵێ لە ئاینی ئێمەدا وایە یان وا نییە ئەمە ڕاست بە مانای ئاینی ئێرانی نییە.

شەشەم، ئەو دەقە لە شانامەی فیردەوسی بە زمانی تورکی[٤١] کە لە داڕشتنەوەی ئەم چیرۆکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، نازاندرێ لە سەر کامە نوسخەی شانامە کراوەتە تورکی وەک دەزانین زیاتر لە ٥٠ نوسخەی جۆراوجۆری شانامەی فیردەوسی بە زمانی فارسی هەیە. کەوایە هەر لێرەوە شیمانەی ئەوە دەدەم کە ڕەنگە هێندێک جاریش من بە هەڵەدا بچم، کاتێک دەڵێم ئەمە لە دەقی شانامەی فیردەوسیدا نییە، چونکە من تەنیا نوسخەیەکی شانامەی فارسی و چەند نەسرێکم بە زمانی فارسی لە بەردەستدایە.

## ڕوانگەیەکی نوێ لە سەر شانامە

وەک دوا ڕوانگەی جیاواز لە سەر شانامەی فیردەوسی کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابەوە هەیە دەتوانین ئاماژە بە کتێبی "ڕۆستەم و زۆراب، بە پێی دەقی ئەوێستا[٤٢] لە نووسینی نووسەری کۆچکردوو عیمادەدینی دەوڵەتشاهی

41. êhname-Fîrdevsî: Çar Cîld. Weanên Wezareta Perwerdeyîya Nêtewî Turkîye

٤٢. رستم و سهراب، به روایت اوستا، ترجمه‌ای بر فروردین یشت، عمادالدین دولتشاهی

٤٣. کۆچکردوو عیمادەدین دەوڵەتشاهی لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی مانگی لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ئەریستۆکراس لە دایک دەبێ. لە جەوانیدا لە وەزارەتی دارایی کار دەکا و بە دوای ئەودا بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ لە پۆستی جیاجیای دەوڵەتیدا ئەرکدار بووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠ و ١٣٣٢ ڕۆژنامەی جڤاکی سیاسی "گەنجەوەر"ی بە زمانی فارسی لە کرماشان بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٣٢٧ دەبێتە سۆفی لە نێو دەروێشەکانی ناسراو بە نەعمەتوڵاهی. پاشماوەی ٣٥ ساڵی دوایی ژیانی تەرخان دەکا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەوێستایی و فێربوونی زیاتر لە ٢٣ بن زاراوەی کوردی. لە ساڵی ١٣٦٣ یەکەم کتێبی بە ناوی "جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان کێوە نەناسراوەکانی ئەوێستا" (جغرافیای غرب ایران یا کوهھای ناشناختە اوستا) کە وەرگێرانی بەشێک لە زامیاد یەشتی ئەوێستایە بڵاو =

کرماشانی[٤٣] بکەین. دەوڵەتشاهی پاش ٣٥ ساڵ زەحمەت و خۆماندووکردن بە فێربوونی خەتی ئەوێستا و لێکۆڵینەوە لە تێکستەکانی ئەوێستا بەو ئاکامە دەگا کە فەروەردین یەشت لە ئەوێستادا هەمان شینگێری ڕۆستەم بۆ زۆرابە. هەر بۆیە دەقی فەروەردین یەشت جارێکی دیکە لە شێوەی کوردیدا دادەڕێژێتەوە و لەگەڵ وەرگێرانێکی نوێی فارسی لە دەقەکە بڵاو دەکاتەوە. فەریدوون جنیدی[٤٤] کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی وە ئەستۆ گرتووە لە پێشەکی کتێبەکەدا دەنووسێ:

دەوڵەتشاهی بە هەموو بوونی خۆیە لە لووتبەرزی و خۆسەپێنی چ وەک کەسایەتی، چ وەک کرماشانی و چ وەک کوردستانی بێبەری بوو و ئەوەی لەم کتێبەدا بڵاوی کردووەتەوە بە وتەی خۆی تەنیا ئاکامێک بووە کە ئەو پێی گەییوە و هیچ چەشنە مەبەستێکی دیکەی لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە نەبووە.

گرینگیی ئەم کتێبە چییە و چ پێوەندییەکی بە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابەوە هەیە؟

یەکەم، دیارە پێش هەموو شتێک بۆچوونی دەوڵەتشاهی لە خۆیدا تیۆرییەکە و ناکرێ لە جێدا لە تەواوەتی خۆیدا پەسەند بکرێ وەک فەریدوون جنیدی کە بۆخۆی ئەوێستا ناسێکی ناودارە لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی دەکرێ هەژمارێک وشە، چەند ئاماژە و هێندێک بەش لە بۆچوونی دەوڵەتشاهی پەسەند بکرێ بەڵام ناکرێ هەموو ئەو شتەی ئەو باسی کردووە پەسەند بکرێ چونکە ئەوێستا لە ڕوانگەی زەردەشتییەکانەوە کتێبێکی ئایینییە و ناکرێ بە هەڵە چیرۆکێک خرابێتە نێو ئەوێستا ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە لە نووسینەوەی کتێبە ئایینییەکاندا وردبینی و مووقڵێشی بەکار بردراوە.

دووەم، دەوڵەتشاهی لە ڕێگەی زمانەوە پەی بە بوونی چیرۆکی لاواندنەوە یان شینگێریی ڕۆستەم بۆ زۆراب لە ئەوێستادا دەبا. لایەنی گرینگ لە لێکۆڵینەوەی دەوڵەتشاهیشدا هەمان زمانی کۆنی ئەوێستایی و پێوەندیی ئەو بە زمانی کوردییەوە بووە، نەک خودی چیرۆکی ڕۆستەم لە خۆیدا. بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەوەی

---

=دەکاتەوە. عیمادەدینی دەوڵەتشاهی لە ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٠ لە ئەمەریکا کۆچی دوای کرد و تەرمەکەی لە شاری قوم لە ئێران بەخاک سپێردرا.

٤٤. نووسەر، لێکۆڵەرەوە و ئەوێستا ناس و سەرۆکی دامەزراوەی ناوەندی نەیشاپور لە ئێران.

دەوڵەتشاهی باسی دەکا بەشێک لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب پێک دێنێ. ئەگەرچی ئەم بەشە لە هەژماری زیاتر لە دە بەیت لە خودی چیرۆکەکەدا تێ ناپەڕێ بەڵام هەرچی بێت بەشێکە لە چیرۆکەکە و لەو بارەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەم کتێبەوە هەیە.

سێهەم، کتێبەکەی دەوڵەتشاهی لە لایەکی دیکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەم کتێبەوە نییە لەبەرئەوەی هەوڵی من یەکەم بڵاوکردنەوەی دەسنووسێکی بڵاونەکراوەی ڕۆستەم و زۆرابە نەک لێکۆڵینەوە لە بنج و بناوانی میتۆلۆجیای ڕۆستەم. بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە هەستیارییەکی زۆر لە بەرانبەر ئەم کتێبە دەربرداوە و دەزانین چۆن لە بەرانبەر هەرخوێندنەوەیەکی دیکە لەو چیرۆکانەی کە هەتا ئێستا وەک بەشێک لە ناسنامەی ئێرانیدا لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ هەر لە دوای نووسینی شانامەی فیردەوسییەوە کراوە، بڵاوبوونەوەی بۆچوونێکی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ زمان و ناسنامەی کوردیدا چ گرینگییەکی هەیە. دەوڵەتشاهی ئەگەرچی لە لووتبەرزی و خۆسەپاندنی ئێتنیکی بە قسەی فەریدوون جنیدی دوور بووە بەڵام هەر دیسان بە قسەی جنیدی، دەوڵەتشاهی تەنیا لە بەر خۆشەویستیی کورد و کوردستان ٣٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە سەر ئەو کتێبە داناوە. کەوابوو بە لە بەر چاوگرتنی ئەوە، ئەرکی ئێمەی کوردە بە دوور لە دەمارگرژیی ئێتنیکی گرینگی بە کار و لێکۆڵینەوەی لە چەشنی کتێبی دەوڵەتشاهی بدەین.

چوارەم، لە هەموو گرینگتر و پێوەندیدار بە کتێبی دەوڵەتشاهی ئەوەیە کە بە پێی ڕوانگەی دەوڵەتشاهی ڕۆستەم لە شینگێریی زۆرابدا لە دەقی ئەوێستا زۆر جار وشەی زاوای بە ئاکام نەگەیشتوو[٤٥] دووپات دەکاتەوە. واتە زۆراب بەرلەوەی بە دەستی باوکی بکوژرێ زەماوەندی کردووە و وەک ئێستا پێی دەگوترێ تازە زاوا بووە. بە ڕێکەوت نییە کە ڕاست لە دەقی شانامەی کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و

٤٥. دەوڵەتشاهی وشەی ئەوێستایی "یەزمەئید" وەک کوردی "ی زامایی دی" لە فەروەردین یەشتدا دەخوێنێتەوە کە لە کوردی ئیمڕۆدا بە مانای "ئەمە زاوایەتیت بوو" دێت. دواتر ئەوەی جیگای سەرەنجی دەوڵەتشاهی بووە ئەم وشەیە زۆرجار لەگەڵ وشەی "سوراو" (زۆراو یان زۆراب) لە دەقی ئەوێستادا هاتووە و ئەمەش بووەتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی بۆچوونەکەی کە فەروەردین یەشت هەمان لاواندنەوەی ڕۆستەمە لە سەر زۆرابی تازەزاوای کوژراو.

زۆرابدا باسی ئەوە دەکرێ کە زۆراب لە ڕێگای هێرش بۆ سەر ئێران لە نێوان سەمەنگان و قەڵاسپی ئەڤینداری کچێک دەبێ و کچەکە دێنێ. دیارە ئەمە لە شانامەی فیردەوسیدا نییە و هەربۆیە ئەوێستاناسێکی وەک فەریدوون جنیدی ئەمەی کردووەتە بەرتەکێک بۆ شیان و ئەگەری هەڵەبوونی بۆچوونی دەوڵەتشاهی بەڵام لە دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی کۆکراوەی مەحمەئەمینی ڕەشیدیدا[٤٦] ئەم بۆچوونەی دەوڵەتشاهی دەسەلمێندرێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆ

٤٦. ئەمە هەمان دەقە لە شانامەی کوردیی نوسخەی مەحمەدئەمین ڕەشیدی کە لە دەقی فیردەوسی و نوسخەکانی دیکەدا نییە:

سپای بێ سامان ئەورۆ تا ئیوار
لوان وە جاگەی سەبزە و مێرغوزار

یاوان وەجای خۆش دڵ نشین بی
یەک قەتعە زەمین توران زەمین بی

یەک دوختەرێ دهقان سالار
مەنشور بی حوسنش نە روی رۆزگار

زۆراب چوون شنەفت نام ئەو دوختەر
عاشق بی وەنەش مەرد دلاوەر

دەردەم دەرساعەت مەرد دلاوەر
کەفت نە کارسازی مەحبوبی دڵبەر

چەن جبهە و خەلعەت مەردان پڕدان
کیاستش وەلای سالار دهقان

پەسەند کەرد خەلات دهقان وێنەی شێر
دەردەم قبوڵ کەرد ئەو مەرد دلێر

وە حوسن و ڕەزا بە سوڵح و سەلاح
دوختەر پەی زۆراب کەردشان نیکاح

کەردەن ئارایش مەحبوب دڵبەر
پۆشان سەرتاپاش بادلەی جە زەڕ

نازدار باوان ئەو شۆخ دڵبەر
مەدرەوشا وێنەی خورشیدی خاوەر

دەوڵەتشاهی لە کتێبەکەیدا یەکەم ئاماژە بە هیچکام لە دەقە کوردییەکانی شانامە ناکا؟ دووەم، بەتایبەت ئەوە لە نوسخەیەکی وەک ڕەشیدی پاڵپشتی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی هەیە. دیارە دیسان ئەمە بۆخۆی بۆچوونێکە و ڕەنگە هەڵەی تێدا بێ بەڵام بە هەرحاڵ پێوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان ئەم کتێبە و کتێبەکەی دەوڵەتشاهیدا لەو سۆنەگەیەوە دێتە کایەوە.

کتێبی دەوڵەتشاهی داستانی ڕۆستەم و زۆراب بە خوێندنەوەی ئەوێستا باسی چ دەکا؟

دەوڵەتشاهی دوای فێربوونی زمان و خەتی ئەوێستایی و وەبەردانی لەگەڵ زمانی کوردی کە بۆ ئەمەش ناچار بووە ٢٣ بن زاراوەی جیاوازی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان فێر بێت، وەک ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژخایەن دوو کتێب بڵاو دەکاتەوە. یەکەم کتێبێک بە ناوی "جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان کێوە نەناسراوەکانی ئەوێستا" و دووەم کتێبی ڕۆستەم و زۆراب بە خوێندنەوەی ئەوێستا[٤٧].

کورتەی بۆچوونی دەوڵەتشاهی ئەوەیە کە "فەروەردین یەشت" لە ئەوێستا هەمان چیرۆکی شینگێڕی و لاواندنەوەی ڕۆستەمە لە سەر تەرمی زۆراب. ئەم دەقە لە باری زمانییەوە هێشتا کاریگەریی زمانی کوردی وەک یەکەم زمانی ئەوێستا لە سەر ماوە. لە فەروەردین یەشتی ئەوێستا[٤٨] لە بەندی یەکەم هەتا ئاخری بەندی ٩٥ باسی ڕووداوێکی یەکجار دڵتەزێن دەکرێ کە کوڕێک بە دەستی باوکەکەی دەکوژرێ و ئەم چیرۆکە تراجیکە بە ڕادەیەک غەمهێنەر بووە کە دوای چەند هەزار ساڵ سینگ بە سینگ و دەم دەم گێڕدراوەتەوە. بە پێچەوانەی شانامەی فیردەوسی شوێنی ڕوودانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە سەمەنگان لە ڕۆژئاوای ئێران ڕووی نەداوە بەڵکو لە دەوروبەری کرماشان لە پەنای کێوی بێستوون ڕووی داوە.

---

٤٧. دەوڵەتشاهی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەنووسێ: ئەگەر زانایان و ئەوێستا ناسان هەموو بۆچوونەکانی من ڕەد بکەنەوە، دیسان من لە سەر ڕوانگەکانی خۆم سوورم و دەیسپێرم بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لە داهاتوودا.

٤٨. فەروەردین یەشت بۆخۆی لە ١٥٨ بەند پێک هاتووە.

لێرەدا وەک دوا بڕگەی ئەم باسە، کورتەیەک لە وەرگێرانی ئەو بەندانەی فەروەردین یەشت کە لە ڕوانگەی دەوڵەتشاییەوە شینگێڕیی ڕۆستەم بۆ زۆرابن دەخەمە بەر سەرەنج:

لە بەندی دووەمدا، کەسێک [ڕۆستەم] کە خۆی ناناسێنی بە دەنگی گریان و لاوانەوە دەڵێ: ئەی زەردەشت کە دەنگی گریان و شینم لە ئاسمانان دەبیسترێ؟ ئایا ئەمە هەمان کەسێکە کە دەیگوت؛ من باوکی ئەو بووم، ئەو منی ناسییەوە، هەر بۆیە کە من ئێستا بە سەری خۆمدا دەدەم. ئایا ئەو هەمان کەسێکە کە لێرە داندراوە؟ وەک دارێکی ئەستووری تاشراو، ئەم گەنجە تازە پێگەشتووە کە چاوەکانی لێک ناوە و دەموچاوی دادەپیوە، لە منیان دوور کرد. ئەو لەت و پار بووە، ئایا ئێوە مەزدا پەرەستن؟

لێتان دەپاڕێمەوە، چاوی لێ بکەن هەر وەک من لە کێوێک دەچێ. وەک ئەوە تیشکی هەتاوی بەسەردا باریبێت، سپی بووە و لەم مێرغوزارەدا کەوتووە و نووستووە. بۆ ناهێڵن من لە پەنای ڕاوەستم؟

لە بەندی چوارەمدا، بێژەر بە دەنگی گریان و چەمەرییەوە[٤٩] دەڵێ: ئەی زەردەشت بەو هەموو داراییەوە کە هەمە بۆ دایکی دەگریم. ئەگەر بێتوو لە نەکاو بەرەو دادگای بەرزی ئەهورایی ڕاپێچم بکا. ئەگەر بپرسێ کە ئەو ناودارە گەورەیەم بە سلامەتی بۆ لای تۆ نارد، نازانم چی بێژم. بەو "وەیسە"[٥٠] ی کە شوێنەوارەکانی لێرە هەیە...

لە بەندی نۆیەم و دەیەمدا بە شین و گریانەوە ڕۆستەم [لێرەدا یەکەم جارە ناوی

---

٤٩. چەمەری ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پرسە و شینگێڕییە کە لەودا لاواندنەوە و شێنگێڕی بە ئاهەنگێکی تایبەتییەوە وێرای دەهۆڵ و زوڕنا لە هەرێمەکانی کرماشان بەڕێوە دەچێ.

٥٠. بە پێی بۆچوونی دەوڵەتشاهی "وەیسە" یەکێک لە پیاوچاک و گەورەکانی ئاینی زەردەشتی بووە و لە هەمان شوێن (لە سەر ڕێگای نێوان کرماشان ڕەوانسەر) کە ئێستا وەیسەلقەرەنی پێ دەگوترێ نێژراوە. هۆکاری ناودێرکردنی شوێنە پیرۆزەکانی زەردەشتی و گۆڕینەوەیان بە ئەسحابەکانی ئیسلام ئەوە بووە کە بەو شێوەیە تواندراوە، شوێنە پیرۆزەکانی زەردەشتی لە ترسی ڕووخاندن بپارێزرێ. ئەمەش نەک تەنیا لە وەیسە بەڵکو بە پێی تێڕوانینی دەوڵەتشاهی زۆربەی شوێنە پیرۆزەکان لە کوردستان کە ناوی ئەسحابەیەکی لێ نراوە، دەگرێتەوە و ئەوانە لە بنەڕەتدا شوێنی پیرۆزی زەردەشتی بوون.

ڕۆستەم دێت] ڕوو بە زەردەشت دەڵێ: دەزانم کە لێم دەپرسی ئایا ئاهوورا زادەم؟ دەزانم کە مەستی و سەرخۆشی پەسەند ناکەی، ئایا ئەمە هەمان کەسێکە کە دەموچاوی بە پەڕۆیەک داپۆشراوە؟ کە لە سەر ئەو و سەبارەت بە ئەو تووشی ئەو هەموو شەرمەزارییە هاتووم؟ ئەی زەردەشت تۆ دەتوانی، ئەو لە جێگەی من بگێڕییەوە (بێژەر بە دەنگی چەمەری شینگێڕی دەکا): بێژە، ئەی ڕۆستەم ئەو هەموو گریان و هاوارە بە دەنگی بەرز بۆ چییە؟ بۆ ئابڕووی تۆیە، ئەو هەموو فرمێسکەم ڕشت...

لە بەندی دەدا بە دەنگی شینگێڕییەوە دەڵێ: ئەی زەردەشت چاو لە شین شەپۆڕ و گریانم بکە. لە لایەن منەوە سینگ و زگی لەتوپار کراوە... ئەم کوڕە کە دەبینی کە بە ڕێگەوە هات یەکسەر بازی دایە سەر سینگم، ئەی داد و هاوار یەکسەر هێرشی کردە سەرم، بەڵام ئیستا کە چۆن زگ و سینگی دووکەرت کراوە، بە دەمەوە لە سەر عەرز کەوتووە...

لە بەندی دوازدەدا دەڵێ: لێرە لە دایک بووی، دایک تۆی لەم خاکە وەدنیا هێنا... ئەوەندەت بە شوێندا دەگریم ئەی جەوان، نێوت با قەد نەیەتە نێو ئازیەتباران، لە دوای ڕۆیشتنی تۆ یادت دەکەین.

لە بەندی چواردەدا دەڵێ: ئاو زۆرە. هەستە، چەندە بانگت بکەم، مەگەر خەوتوویی؟ ئێمە جێگەمان زۆرە. ئێرە سەوزە و شینایییە. هەستە دێن و دەمانبینن. مەگەر نوستووی؟ ئێمە لێرەدا جێگەمان زۆرە، بۆ لێرە نوستووی؟

لە بەندی شازدەدا دەڵێ:... لێرەدا بێژەر کە بێجگە لە ڕۆستەم کەسێکی دیکە نییە بە گریان و شینەوە دەڵێ: ئەی خۆری درەوشاوە ئەوم بۆ بگەڕێنەوە. ئەی مانگ ئەو بگەڕێنەوە، ئەی ئەستێران ئەو بگەڕێننەوە، ئەی میترا کە خەڵکی ئەم کوێستانە باوەڕیان بە تۆ هەیە، ئەو بگەڕێنەوە هەروەک چۆن ئەوت برد، بیگەڕێنەوە. ئەی زەرتەشت من باوەڕم بە تۆ هێنا بۆ ئەم ئاووخاکە فرە کەسان گیانیان لە دەست داوە...

## تێفکرینەوە و چەند ڕامانێک

لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا تووشی تێفکرینەوە و چەند ڕامانێک بووم کە لێرەدا بە کورتی دەیانخەمە بەر سەرەنج:

یەکەم، لە وەربەردانی دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لەگەڵ دەقی فیردەوسی و هەروەها وەبەردانی دەقە جیاوازە چاپکراوەکانی چیرۆکی کوردیی ڕۆستەم و زۆراب بەو ئاکامە گەیشتم. کە لەم بوارەدا و لە چاو ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیە لە سەر شانامەی فیردەوسی کراوە کە دوایین نموونە ساغکردنەوەی شانامەی فیردەوسییە لە ساڵی ٢٠٠٠دا لێگەران و لێکۆڵینەوە لە دەقە کوردییەکانی شانامە نەکراوە. نەک تەنیا لێکۆڵینەوە بەڵکو هەتا ئێستاش شانامەی زارەکی کە خەریکە دوا بێژەرەکانیان لە کوردستان کۆچی دوایی دەکەن، تۆمار نەکراوە و بە دەیان و بگرە زیاتر دەسنووسی شانامەی کوردی هێشتا چاپ نەکراون. لەو سۆنگەیەوە بڕیارم دا کە وەبەردانێک لە نێوان نوسخە جیاوازەکانی لانی کەم هیچ نەبێ وەک سەرەتایەک لە نێوان چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆرابدا بکەم. ئێستا وەک سەرەتایەک لە دوو نوسخەی جیاوازی چیرۆکەکە، چیرۆکی نێو ئەم کتێبە و چیرۆکی نێو شانامەی هەورامی، کۆکردنەوەی مەحەمەدئەمین ڕەشیدی و هەروەها لە لایەکی دیکەوە چیرۆکی ڕۆستەم و زاڵ بە کرمانجیی سەروو دەستم پێ کردووە و لە خۆیدا دەبێتە پرۆژەیەکی دوور و درێژ لە داهاتوودا . نێوەرۆک و چوارچێوەی ئەم کتێبە نوێیە پێک دێ لە: وەبەردانی چەند دەقێکی داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی، وەبەردانی دەقی کوردی و فارسیی داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی و لە شانامەی فارسی و هەروەها وەبەردانی دەقە کوردی کرمانجییەکان لەگەڵ دەقە فارسی و کوردییەکانی دیکە و دەرخستنی لێکچوون و جیاوازییەکانیان.

دووەم، کە شانامە کوردییەکان پێناسەیەکی کوردییان هەیە و بە نێوی شانامەی کوردی ناسراون و وەک لەم پێشەکیشەدا دەرکەوت جیاوازیی بەرچاویان لە باری فۆرم و نێوەرۆکەوە لەگەڵ شانامەی فیردەوسی هەیە. کەوابوو شانامەی کوردی بەشێکە لە ناسنامەی ئەدەبی کوردی و لەو ڕوانگەیەشەوە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردی. هەر لەو سۆنەگەیەوە گرینگیی شانامەی کوردیمان بۆ کورد و

ناسنامەی نەتەوەییی کورد دەردەکەوێ. کەوابوو هەموو هەوڵدانێک لە پێناوی چاپ و بڵاوکردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێگەڕانی زیاتر لە شانامە کوردییەکان بەکامە شێوەزاری کوردی بێت جیاوازیی نییە، کە لە خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ قایمکردنی ناسنامەی کوردی و بتەوکردنی هەستی هاوبەشی کوردی لە هەموو پارچە جیاوازەکانی کوردستان. ئەگەر لە باری کولتوورییەوە لەم بەشەی کوردستان بۆ ئەو بەشەی کوردستان لە ژێر کاریگەریی کولتووری دەوڵەتی سەردەستدا گۆڕانێک لە نێو بەشە جیاجیاکانی کوردستان هەبێت، ئەوە ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی زارەکی و شانامە کوردییەکان بە پێچەوانە، ژانری هاوبەشی کورد لە هەموو کوردستانن. کەوابوو هەوڵدان لە پێناوی شانامەی کوردی هەوڵدانێکە لە پێناوی بتەوترکردنی ناسنامەی نەتەوەییی کوردی.

سێیەم، جیاواز لە لایەنی ناسنامەی کوردی لە شانامە کوردییەکاندا و جیاواز لەوەی کە ئەوان بەشێکی گرینگ و نەپچڕاون لە ئەدەبی کوردی دیسان شانامە کوردییەکان وەک ڕەنگدانەوە و ئەزموون لێ وەرگرتنی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە و ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوو دەدا گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. دەگوترێ بەشێکی زۆر لە جیڤانۆک و ئەفسانەکان ڕاستن و ڕەنگدانەوەی مێژوو و بەسەرهاتی کەونارانە. مێژووزانێک دەبێ ئاگای لە میتۆلۆجیا و جیڤانۆک هەبێت بۆ ئەوە بە باشی لە مێژوو تێ بگا. ئەگەر هاتوو تێگەیشتنێکی ڕاستیش لە مێژوو نەکرێ ئەوە خوێندنەوەی ڕاستییەکانی ئێستا کە لە پاشخانی دوێنێدا خۆی حەشارداوە، نابیندرێ. من بۆ خۆم بە کارکردن لەگەڵ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا بە دەیان و سەدان جار وەبیری بارودۆخی ئێستای کوردستان دەکەوتم و وەبەردان و شیتەڵکردنی چیرۆکی ڕۆستەم و کۆمەڵگای کوردستانم زۆر جار وەک دووپاتکردنەوەی مێژوو دەهاتە پێشچاو. لەگەڵ ئەوەی ئەم چیرۆکە لانی کەم زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر لە جیڤانۆکی کۆنی کورد و گەلانی دیکەی ناوچە هەبووە، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی ئەم دەستنووسەی لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێتەوە لە تەمەنی دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و سوریا بەتەمەنترە دیسان خوێندنەوەی بۆ خوێنەری ئێستای کورد گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. ئێستا ئەگەر وەک عیمادەدینی دەوڵەتشاهی نەڵێین

ڕۆستەم کورد و خەڵکی کوردستان بووە و ئەمە لێ گەڕێین بۆ پسپۆڕانی بواری میتۆلۆجیا بەڵام دیسان گرینگ ئەوەیە چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتی ڕۆستەم زۆر لە کورد دەچێ. ڕۆستەم دەبێتە پاڵەوان و خزمەتکاری شای ئێران، بەکاری دێنن، شەڕیان بۆ دەکا، دێویان بۆ دەکوژێ، سنووریان بۆ دەپارێزێ و تەنانەت زۆرابی کوڕیشی لە پێناو ئێراندا دەکاتە قۆچی قوربانی. بەڵام پاداشت بۆ ڕۆستەمی کورد چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر و کوردی ئێستا لە بن دەستی داگیرکەرانی کوردستان چی بووە و ئێستا چییە؟ لە یەک وشەدا هەمان شت دوێنێ و ئێمڕۆش، ئەویش بەکارهێنان، خزمەتکردن، فریودان و دواجار بەلاوەنان و تێ هەڵدان. کەواتە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بۆ کوردی ئێستا لەو بارەیەشەوە سودی خۆی هەیە.

# شانامەی کوردی

## داستانی ڕۆستەم و زۆراب

١

## سەرەتا[٥١]

بە نام دانای حـــورِ زوولجـــەلاڵ

جەهان ئافەرین مانگ و ڕۆژ و ساڵ

(بە ناوی خودای "حورِ زوولجەلال"، خوڵقێنەری جیهان و مانگ و ڕۆژ و ساڵ)

ئەربدۆ تەوفیق خوداوەند جە سەر

بواچون دەسـتـان[٥٢] نەوەی زاڵ زەڕ[٥٣]

(ئەگەر خوداوەند یارمەتیم بدا ئەوە چیرۆکی نەوەی زاڵی زەڕتان بۆ دەگێڕمەوە)

تەمـامی دۆسـتـان خـاتر شـاد کـەریم

جەنگنامەی ڕۆستەم سوهراب یاد کەریم

(هەموو دۆستان شاد و بەکەیف دەکەم و شەڕنامەی ڕۆستەم و زۆراب بەیان دەکەم)

---

٥١. لە دەسپێکی دەستنووسەکەدا نووسراوە " هذا کتاب رستم و سهراب" و دواتر بە ناوی "بسم الله الرحمن الرحیم" چیرۆکەکە دەست پێ کراوە. "سەرەتا" وەک سەردێر بۆ ئەم بەشە لە لایەن منەوە دانەندراوە.

٥٢. "دەستان": دەستان لێرەدا بە مانای داستان، چیرۆک و بەسەرهات هاتووە. بەڵام هاوکات "دەستان" ناسناوی ڕۆستەم و بنەچەی ڕۆستەمە. کەسانێکیش لە سەر ئەو باوەڕەن، دەستان یانی مەکر و فرت و فێڵ و لە "سام" باپیرەی ڕۆستەمەوە هاتووە. لە بەتێکی دیکەدا ئاوا هاتووە: ڕۆستەم جە ئەولاد دەستان سامەن (ڕۆستەم نەوەی سامی دەستانە).

٥٣. "زەڕ" یەکێکی دیکە لە ناسناوەکانی زاڵ باوکی ڕۆستەمە. بە پێی بۆچوونی دەوڵەتشاهی زەڕ لە ئەوێستاشدا هەیە و وشەیەکی کوردییەوە مانای زێڕین یان ڕەنگی وەک زێر دەدا. رستم و سهراب، بە روایت اوستا، ترجمەای بر فروردین یشت، عمادالدین دولتشاهی

ڕۆیێ نشتە بی ڕۆستەم بە غەمناک

هۆرێزا وەپا بەور[٥٤] سینە چاک

(ڕۆژێک ڕۆستەم بە خەمباری دانیشتبوو [کە لە ناکاو] پڵینگی سینە چاک هەستایە سەر پێ)

کەمەند و کەمان تێغ هیندیکار

ساختەی ئوستادان دەور ڕۆزگار

(کەمەند و کەمانی درووستکراوی هیندی و چێکراوی دەستی وەستایانی ناسراوی سەردەمی [هەڵگرت])

دەرع پۆڵادین[٥٥] چەنی پۆست بەور

پۆشا بە ئەندام پەهلەوان دەور

(پاڵەوانی سەردەم قەڵغانی پۆڵاین و جلی لە پێستی بەبر "پڵینگ"ی لە بەر کرد)

پا نیا وە ڕەخش پەڕەندەی تەیار

بەرشی جە ئەیوان بە عەزم شکار

(پێی لە ئەسپی چوون باڵندەی تەیاردا و بە مەبەستی ڕاو لە کۆشک دەرچوو)

کەمان بەست نە پشت چەنی خەدەنگان[٥٦]

ڕۆش کەرد بە ماوای شار سەمەنگان

(کەمان و تیری خەدەنگانی لە پشت بەست و ڕووی لە هەرێمی سەر بە شاری سەمەنگان کرد)

---

٥٤. "بەور": بەبر، پڵینگ

٥٥. وشەی "پۆڵادین" لە سەر کێشی فارسییەکەی کە "فولادین"ە کراوەتە کوردی. ئیمڕۆ کورد دەڵێ: "پۆڵایین".

٥٦. "خەدەنگ" جۆرە دارێکی زۆر سەخت و قایم بووە کە لە ڕابردوودا تیر و کەوانی لێ ساز کراوە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دهخدا)

مەهمیز دا بە ڕەخش بەور پڕ هونەر
سوار گران شێر نامەوەر
(پڵینگی لێزان و هونەرمەند، شێری ناودار و سوارچاکی لێهاتوو ئەسپی تاودا)

ڕووکەرد نە سەحرا نەکەرد مدارا
بەعزێ گێڵیا نەو دەشت سارا
(بە بێ ڕاوەستان ڕووی لە سەحرا کرد و لەوێ بۆ ماوەیەک بەو دەشت و دەرەدا گەڕا)

بەغزێ جە گۆڕان[٥٧] وەحشی دی وە چەم
جەولان دا بە ڕەخش، گۆڕان کەردەن ڕەم
(ژمارەیەک گۆڕی کێوی دی کە ئەسپی تاو دا ڕەوین و هەڵاتن)

تیرێ نە تەرکش دا نە ڕووی کەمان
وە پەنجەی پڕ زۆر نادری زەمان
([ڕۆستەم][٥٨] نەدیتراوی دەور و زەمانان تیرێکی لە لاقەدی دەرهێنا و لە سەر کەمانی دا و بە پەنجەی بەهێزی)

ڕەها دا بە شەست پێکای حەجەر سم
داش نە سینەی گۆڕ گوزەر کەرد جە دم
(کە پەنجەی لە سەر کەوان ترازان، تیری بەرد سم لە سینگی گۆڕ دێواندێو بوو)

وە پەنجەی پڕ زۆر هەوادا کەمەند
ئەو گۆڕ زامدار ئاوەردش نە بەند
(بە پەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندێکی هاویشت و گۆڕی برینداری بەند کرد)

٥٧. "گۆڕ یان گور" کورتکراوەی گورەخەر، کەرە کێوەییە. لە هێندێک تێکستی دیکەدا گۆڕ وەک ئاسک وەرگێڕداوە (فەرهەنگی دیجیتاڵی دەخدا). جێگەی سەرەنجە لە داستانی ڕۆستەمی زاڵ بە کرمانجی سەروو لە جیاتی گۆڕ وشەی "گاکێوی" هاتووە.

٥٨. [] تەواوی ئەو وشانەی دەکەونە نێو ئەم کەوانەوە لە خودی شیعرەکاندا نین. بۆ زوو تێگەیشتن لە وەرگێرانەکەدا لێیان زیاد کرا.

سـەر بڕی ئەو گـۆڕ چەنی پا و دەست
چەرمش بەو دەسـتوور هەوا دا بە قـەست
(گۆڕەکەی سەربڕی، قاچ ودەستەکانی لێ کردەوە و پێستەکەی بە ئەنقەست فرێ دا)

درەخـتـێ بە زۆر کـەند جـە بنجـەوە
لاشـەی گۆڕ ئاوەرد کەرد وە سیخـەوە
(دارێکی بە زۆر لە بنەوە هەڵکیشا و گۆڕەکەی هێنا و پێی لە سیخ دا)

ئاهرێ نەو دەشت سـەحـرا ئەفـرووزا
چەند هێـزم ئاوەرد وە یەکجا سـووزا
(ئاگرێکی لەو دەشتە کردەوەو هەرچی داری هێنا بە جارێک سووتا)

سـیخ گـۆڕ ئاوەرد سـاخت کـەبابی
داش نە ڕووی ئاهـر چوون مـورغ ئابی
(هەموو گۆڕەکەی بە سیخەوە کرد و هەروەک مراوی کردی بە کەباب)

خـەیلێ چەرخناش نەکـەردش درەنگ
ئاوەردش بە شـاد کەندش نە ڕووی سـەنگ
(بە بێ ڕاوەستان زۆری چەرخاند هەتا برژا و لە بەردەکەی کردەوە)

تەمام گۆشـت، مەغز، چەنی ئێسـتخوان
بواردش بـە ئەمـر پادشـای سـوبحـان
(بە ئەمری خودای سوبحان هەموو گۆشت، مێشک و ئێسکەکانی [گۆڕەکەی] خوارد)

شـەرارەی کـەباب نە مـەغزش جا کەرد
ئامـا پەری خـاو جـایێ بەنا کـەرد[٥٩]

٥٩. لە هێندێک دەقی جیاوازی فارسی و هەروەها لە دەقێکی کرمانجیدا دەگوترێ ڕۆستەم هات و لە سەرکانیاوێک لێی پاڵ کەوت.

(شـەرارەی کـەباب کـاریگەری لەسـەر مـێـشکی دانا و هات و لـە شـوێنێک لـێی پاڵ کەوت)

زین ڕەخـش ئاوەرد نیـاش نە بـاڵین
بە ئەمر مـەعبـوود پادشـای سـەرین

(بە ئەمری پادشای مەعبوود زینی ڕەخشەکەی هێنا و کردی بە سەرین)

هـەر چـەند نگا کـەرد کـەس نەبـی دیار
ڕەخشـش ڕەها کەرد نە ڕووی مـورغزار

(هەر چەند ڕووانی کەس دیار نەبوو هەر بۆیە لەو مێرگ و مێرغوزارە ڕەخشـەکەی بەرەڵا کرد)

سلاح ڕۆی جـەنگ جە تـەن کەردەوە
سـەرنیـا وە گـورز خـاوش بەردەوە

(چەک و کەرەستـەکانـی شەڕی لە خـۆی کردەوە، سـەری لە سـەر گورزەکـەی دانا و خەوی لێ کەوت)

جـە ڕەنج ڕاهـان جـە مـەسـتی کـەباب
سەر نیا وە گورز شی نە جامەی خاب

(لە ماندووێیتی ڕێگا و لە تێریی کەباب سەری بە گورزەکەوە نا و خەوی لێ کەوت)

نە پای مـورغـزار پیلتـەن[٦٠] جـا کـەرد
ڕەخش ئاما نە دەور ڕۆسـتەم چرا کەرد

(لە لای مێرگەکە کە فیلەتەن "پیلتەن" [ڕۆستـەم] جێگەی خـەوی خـۆش کـردبوو، ئەسپ هات و لە دەروبەری ڕۆستەم خەریکی لەوەڕان بوو)

هیـچ نەبی بێـدار تـا بە نمای شـام
جـە تـەقـدیر چەرخ بـەنای لایـەنام

---

٦٠. "پیلتەن"، فیلەتەن ناسناوێکی دیکەی ڕۆستەمە لە شانامەدا.

(بە ویستی خودای بێ ناو ونیشان هەتا دوای کاتی شێوان وەخەبەر نەهات)

ناگا جە تورکان دە نەفەر سوار
ئامان بەو مەکان بە عەزم شکار

(لە نەکاو دە سواری تورک کە بە مەبەستی ڕاو هاتبوون لەو ناوە پەیدا بوون)

جەو دەشت نەخچیر[٦١] ئامان ویەردن
جە ناکاو نیشان نە شۆن ڕەخش بەردەن

(لە دەشتی ڕاو، نەخچیر دەهاتن و دەچوون کە لە نەکاو ئەسپیان بەدی کرد)

شین وەشۆن ڕەخش تورکان وە بێدەنگ
ڕەخش هەم تورکان دی[،][٦٢] ڕوو نیا بە جەنگ

(تورکەکان بە بێدەنگی لە ڕەخش نزیک بوونەوە بەڵام کە ئەسپ ئەوانی دی لەگەڵیان کردی بە شەڕ)

کێشا بە ڕۆستەم نەعرەی سەهمناک
هیچ نەبی بێدار بەور سینە چاک[٦٣]

(بەرەو ڕۆستەم بەشێوەی ترسناک حیلاندی بەڵام پڵینگی سینەچاک وەخەبەر نەهات)

سواران پەی ڕەخش مەوەستن کەمەند
تاو دا بە تورکان ڕەخش هونەرمەند

---

٦١. دەشتی "نەخچیر" یان جێگەی ڕاو ڕەنگە لە هەمان کاتدا نەخچیر ناوی جێگەیەکی تایبەتیش بووبێ کە ڕاوی لێ کراوە.

٦٢. تەواوی نیشانە ڕێزمانییەکانی وەک (، " ؟ و هی دیکە) لە دەسنووسەکەدا نین و بۆ کارئاسانی و هاسان خوێندنەوە من بۆ خۆم لێم زیاد کردوون.

٦٣. لە میتۆلۆجیای ئێرانیدا رخشی ڕۆستەم هەروەک ڕۆستەم خۆی بوونەوەرێکی جیڤانۆکییە. ڕەخش تەنیا ئەسپێکە کە دەتوانێ قورسایی ڕۆستەم هەڵبگرێ، وەک ئینسان هۆش و ئاوەزی هەیە، لە قسەی ڕۆستەم تێ دەگا و شەڕ لەگەڵ شێر و ئەژدیها دەکا. بە پێی فیردەوسی ڕۆستەم و ڕەخش هەموو کات پێکەوە دەبن و ئاخرەکەیشی هەر پێکەوە دەمرن.

(سـوارەکـان کـەمـەندیان بۆ ڕەخش دەخـست و ڕەخـشـی هونەرمـەند و لێـزانیش هێرشی بۆ دەبردن)

هیـچ خـۆفش نەکـەرد ئەو جـە دلێـران
سـەر جە یەکێ کەند چوون نەڕە شێران

(ئەو هیچ ترسـێکی لەو دلێرانە نەبوو و هـەروەک نەڕەشێر سـەری یەکیـانی لە لەش کردەوە)

سێ نەفەر سـەر کەرد، ئاخر سـەرئەنجام
بە حـەڵقـەی کـەمــەند وسـتـشـان نە دام

(دوای لێکردنەوەی سـەری سێ کـەس، ئـاخـرەکـەی کـەمـەندیان کـرد و لە داویان خست)

دەردەم دەرسـاعـەت کـەرتشـان بەتاو
بەردەن وە توران شـەو نەکـەردن خـاو

(هـەر ئەو دەم بە بێ ڕاوەسـتـان بەو شـەوە بە بێ خـەو و بـە هـەڵەداوان بەرەو توران تاویان دا)

ڕۆستەم جە خاودا تەن کێشـا و خێزا
هـۆرێزا وەپـا چوون بـەور سـتـێـزا

(ڕۆسـتـەم لە خـەودا خـۆی ڕاکـیـشـا و هـەروەک پڵـینگی شـەڕ لە خـەو ڕاپەڕی و هـەستا)

بێـدار بـی جــە خــاو هۆرێزا وەپا
دیا کـە ڕەخـشش نەمـەندەن وەجـا

(کە وە خەبەر هـات و هـەستایە سەر پێ، دیتی کە ڕەخشـەکەی نەماوە)

ڕۆسـتـەم نگا کەرد ڕەخش نەمـەندە بی
سـەر سێ ئادەم جــە تەن کـەندە بی

(ڕۆستەم دیتی کە ڕەخش نەماوە بەڵام سەری سێ کەس لە لەش کەندراوە و [لەو ناوە کەوتووە])

هەرچەند نگا کەرد ڕەخش نەبی دیار

هۆرگێڵا جە ڕەنگ شی نە جامەی قار

(هەرچی بە دەور و پشتدا نواڕی ڕەخش دیار نەبوو، ڕەنگی گۆڕا و ڕق و قینی هەستا)

دەست دا نە خەفتان[٦٤] ساختەی پۆست بەور

پۆشــــــــــا بە ئەندام پەهلەوان دەور

(پاڵەوانی سەردەم خەفتانی پێستی پڵینگی هەڵگرت و لە بەری کرد)

تێغش بەست نە پشت کەمەند و کەمان

ڕوو نیا بە مڵک شار سەمەنگان

(شمشێر، کەمەند و کەوانی لە خۆی بەست و بەرەو خاکی شاری سەمەنگان وەڕێ کەوت)

زینش چەنی گورز کەرد بە کۆڵەوە

ڕوو کەرد بە ماوای هەردە چۆڵەوە

زینی ڕەخش و گورزەکەی کرد بە کۆڵەوە و ڕووەو هەردە چۆڵ و چۆڵەوانی وەڕێ کەوت)

خــــەریک مـــــەندە بی بیـــــابان چۆڵ

گەهێ پشت بە زین گەهێ زین بە کۆڵ[٦٥]

٦٤. "خەفتان" یان خوفتان: قەڵغان یان جلی تایبەتی شەڕ.

٦٥. ئەمە بەیتێکی زۆر ناسراوە و کورد زۆر جار وەک پەند لە نێو قسەکانیاندا بەکاری دەبەن و لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیشدا وەک یەک و دەقاودەق بەکار دەبرێ. لە داستانی ڕۆستەمی زاڵ دەقی کەرمانجی سەروودا ئەم بەیتە ئاوا هاتووە: "جارنا مرۆڤ ل زین سوار دبە، جارجاران ژی زین ل مرۆڤ"

(لەو چۆڵەوانییە لە فکرەوە ڕۆ چووبوو: ئیتر وایە کاتێک هەیە تۆ بە کۆڵ زینەوەی و کاتێکیش زین بە کۆڵ تۆوەیە)

وات شوکرم بە تۆن باری ئیلاهی
جە شەرمەندەگی و جە ڕووسیاهی

( وتی لە بەر شەرمەندەگی و ڕووڕەشی شوکورم هەر بۆ تۆیە خوداوەند)

جە لای هامسەران یە بیم شەرمسار
بیم بە سەرزەنش واتەی ڕۆزگار

(لە لای دۆستەکانم شەرمەزار ئەبم و دەبم بە پەند و قسەی ڕۆژگار)

فرە کەس ماچان یە ڕۆستەم مەردەن
چە سوڕ پێش ئامان ڕەخششان بەردەن

(زۆر کەس ئێژن ئەوە ڕۆستەم مردووە، یان چ نهێنییەک ڕووی داوە کە ڕەخشەکەیان بردووە)

هەنی وە بێ ڕەخش پەشێوەن حاڵم
کە کێشوو وە جەنگ گورز و گۆپاڵم

(ئێستا بە بێ ڕەخش حاڵم پەشێوە کە گورز و گۆپاڵی شەڕم بە کۆڵ خۆمەوەیە)

جە ڕاگەی هەفتخوان[٦٦] گیانم بە ئەو بی
ڕەفیق ڕای چۆڵ هەم ڕای شەوم بی

(لە ڕێگای حەفتخواندا گیانم بە ئەوەوە بوو، هەر ئەو بوو هاوڕێ و دۆستی ڕێگای چۆڵ و شەوانەم)

تا کەفت ئەو دمای شۆن ڕەخش وێش

٦٦. "حەفتخوان" یەکێکی دیکە لە چیرۆکەکانی نێو شانامەی کوردییە و وەک یەکێک لە ئەڤەنترین و شەڕە هەر پڕ مەترسییەکانی ڕۆستەم دەژمێردرێ. لە پەندی ئێرانی و کوردیدا ئەگەر کارێک بە زەحمەت بێت دەڵێن وەک هەفتخوانی ڕۆستەم وایە. دەسنووسێکی چاپ نەکراوی حەفتخوانی ڕۆستەم لە کتێبخانەی مندا هەیە.

کـەمــەر بەســتــە چاک پەهلەوان پێش

(پاڵەوانی تەیار بە ڕەخت و چەک و چۆڵەوە شوێن پێی ئەسپەکەی هەڵگرت)

مـــەنزڵ بـە مــەنـزڵ تا تـوران زەمین

زەویر و مـــەلال خـــاتر پڕ غـــەمین

(بە دڵ پەرێشانی و خەمبارییەوە شوێن بە شوێن هەتا خاکی توران ڕۆیشت)

جـە زۆر بازووی زەرب گران گـورز

وە هـەر کۆ مەشـی زەمین مـەدا لەرز

(لە بەر قـورسـاییی گورز و هـەیبەت و باهـۆی بە هـەر کوێیەکدا دەچوو عـەرز لە بن پێیدا دەلەرییەوە)

***

٢

## پاڕانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان[٦٧]

وات شوکرم بە تۆن یا بار ئیلاهی
ج شـــەرمـــەندەگی ج ڕوو ســـیـــاهی[٦٨]

(وتی ئەی یەزدان، لە شەرمەندەگی و لە ڕووڕەشی خۆم [دیسان] شوکرانە بێژی تۆم)

یا ڕەب بە حاجەت موقەڕەبانت
بە عەرش عەزیم مەلایکەکانت

( یا خودا بە خاتری نزیکەکانت، بە خاتری تەخت و بەختی مەلایەکانت)

بە ڕەفەرف[٦٩] سوار عەرسەی لامەکان
بە شەوق پابۆس ئاغەی خوراسان[٧٠]

---

٦٧. لە دەستنووسەکەدا سەرفەسڵی بەیازەکان پاش هەر فەسڵێک بە فارسی نووسراون. ئیتر لێرە بەداوە هەموو سەرفەسڵەکان لە دەستنووسەکەدا هاتوون، من تەنیا سەرفەسڵە فارسییەکانم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی.

٦٨. ئەم بەیتە لە فەسڵی یەکەمدا هاتووە و لێرەدا جارێکی دیکە دووپات کراوەتەوە. ئەم دیاردەی دووپاتکردنەوەیە، هێندێک جار بە دەستکارییەکی کەمەوە لە فەسڵەکانی دیکەی داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا دەبیندرێ. ئەمەش نەک لە شانامەی کوردی بەڵکو لە شانامەی فیردەوسیشدا دیاردەیەکی بەرچاوە.

٦٩. "ڕەفەرف" ناوی یەکێک لە دوو ئەسپی حەزرەتی محەمەدە. ئەمەش نموونەیەکە کە چۆن بیروباوەڕی مەزهەبی ئیسلام لە نێو شانامەی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٧٠. "ئاغەی خوراسان" مەبەست ئیمام ڕەزا، ئیمامی هەشتەمی شیعەکانە. ئەمەش نیشان دەدا کە دانەر یان بێژەری چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب ئۆگری زۆری بۆ ئیمامانی شیعە هەبووە.

(بە خـاتری ڕەفـەرف سواری خـودای بێ مـەکان و بـە شـەوقی پێ مـاچکەری ئاغـەی خوراسـان)

بە دوڵدوڵ[٧١] سـوار حـەلوەلا فـەتا
پەرێش نـازڵ بی سـوورەی چـل ئەتا

(بە خـاتری دوڵدوڵ سـواری "حـەلوەلا فـەتـا" کـە بۆی هـاتە خـوارێ سـورەتی "چل عەتا")

پەناهـم بـە تۆن فـریـاد ڕەس هـانا
ئەر نـەدەی تەوفـیـق نیـەن تـوانا

( پشت و پەنام تۆی، هـەی فـەریاد ڕەس بگەرە هـانام، ئەگەر سـەرم نەخەی ئەوە بێ هێز و تاقەت بڕاوم)

جە ئەسڵەحەی سەنگین، گورز و گۆپاڵم
نەمـەندەن تـاقـەت، پـەشـێـوەن حـاڵم

(لە قورسایی چەک و گورز و گۆپاڵم، وزەو توانام نەماوە و حاڵم پەشێوە)

جەو دەمدا واتش فەریاد ڕەس هانا
نـە تـەوانـش بـی هـەم بـی تـوانـا

(لەو دەمەدا گوتی فەریاد ڕەس هانام بۆ تۆ هێناوە، تەواو هێز و وزەی لێ بڕابوو)

مـەنزڵ بە مـەنزڵ تەی کـەردش بە قین
هـەر تـا کـــە یـاوا بـە تـوران زەمـین

(ئەم شوێن و ئەو شوێن بە داخ و قینەوە گەڕا هەتا کە گەیشت بە خاکی توران)

سـوب سـەحـەر نە وەقت شـۆڵەی شـەوق نوور
شـەهـر سـەمـەنگان دیـار دا جـە دوور

---

٧١. "دوڵدوڵ"، ناوی یەکێکی دیکە لە ئەسپەکانی حەزرەتی محەمەدە.

(بەیانی زوو کە شەفەقی دا و زەردەی خۆر وەدەرکەوت، شاری سەمەنگانیش لە دوورەوە وەدیار کەوت)

تەک دا بەو حەسار خاتر جە خەم کەیل
عەرەق جە بالاش مەرێزا چوون سەیل

(لە کاتێکدا عارەق وەک سێلاو [چۆڕاوگەی باران] لە لەشی دەهاتە خوارێ بە غەم و کەسەرەوە لە دیواری شار نزیک بووەوە)

چەند کەس جە تورکان ئاگابین جە کار
خەبەر بەردشان وەلای شەهریار

(ژمارەیەک لە تورکەکان [لە هاتنی ڕۆستەم] خەبەردار بوون و هەواڵیان بە شا ڕاگەیاند)

واتن جە سەحرا شەخسێ دیارەن
ئەڵبەت پەهلەوان خەنجەر گوزارەن

(وتیان لەو دوورەوە کەسێک دیارە کە لە پاڵەوانی خەنجەروەشێن دەچێ)

سەرتاپا وە بەرگ ئاهەن پۆشەوە
زینش چەنی گورز ها بە دۆشەوە

(هەموو لەشی ئاسن پۆش کراوە و گورز و زینی بە کۆڵەوە گرتووە)

پادشا واتش یاران ڕۆستەمەن
پیادە کەفتەن دەروون پڕ خەمەن

(شا وتی: دۆستان ئەوە ڕۆستەمە بە پێیان هاتووە و هیلاک و دەروون پڕ لە خەمە)

جە دەشت نەخچیر شکارش کەردەن
سەر نیان وە خاو، ڕەخششان بەردەن

(لە دەشتی نەخچیر خەریکی ڕاوکردن بووە، لە کاتی خەوتندا ڕەخشەکەیان بردووە)

سـا شـا ئێـد[٧٢] شنەفت هۆرێزا جـە تەخت
لـوا وە پێـــشـــواز پـیلتـــەن وە جـــەخت
(پادشـا کـە ئەمـەی بیست لە تەخت هـەستا و بە پەلە و هەڵەداوان چووە پێشوازیی فیلتەن [ڕۆستەم])

چەندی ئەعیـانـان نامـەی شـەهریار
لوان وە پێـشـــواز نەوەی نـامـــدار
(ژمارەیەک لە پیاوماقوڵان نامەی شایان برد و چوون بۆ پێشوازیی نەوەی ناودار)

سـەرتاپاش پۆشـان ڕوی زەمین جە لاش
کـــەفتن نە مـــا بەین گـــەرد خـــاک پاش
(ئاپۆرای [خـــەڵکی] بـە دەوریدا عـەرزیان داپۆشی و کـەوتنە ژێر خـاک و بوون بە تۆزی بەری پێی)

پادشـــا وات: ڕۆســـتـــەم نەوەی زاڵـەنی
پەی چێش پیادەی؟ پەشـێو حـاڵەنی؟
(شـا وتی تۆ ئەی ڕۆستەمی نەوەی زاڵ، ئەوە بۆ بە پێیان؟ بۆ وا حاڵت پەشێوە؟)

بـواچـە پـەنـەم ئـیـنـە کـێ کـــــــــەردەن؟
ج دەشت نەخـچـیـر ڕەخش تۆش بەردەن؟
(پێم بڵێ کێ ئەمـــەی لەگـەڵ کـردوویی؟ لە دەشـتـی نەخـچـیـر کێ ڕەخـشـــەکـەی بردوویی؟)

کێ بۆ چـەنـی تۆ پـەنجـــە ببـــازۆ؟
سـەر وە چەند دارۆ وە کێ مـەنازۆ؟
(کێ هـەیە پەنجە لە تۆ بەرز بکاتەوە؟ سەری وەک کێ بەندە و بە کێ دەنازێ؟)

---

٧٢. دەنگ یان پیتی کۆتایی وشـەی "ئێد" دەنگێکە لـە نێوان "دال" و "گاف"دا ئەم دەنگە لە گۆرانی یان هـەورامیدا هـەیە بەڵام لە سۆرانیدا نییە.

ڕۆستەم وات: گۆرێم بریان کەردە بی

سەر نیام وە گورز خاوم بەردە بی

(ڕۆستەم وتی: گۆڕێکم برژاندابوو، سەرم بە گورزەوە نابوو و خەوم لێ کەوتبوو)

بێدار بیم جە خاو، هۆرێزام وە پا

دیام کە ڕەخشم نەمەندەن وە جا

(کە وەخەبەر هاتم و هەستام دیتم کە ڕەخشەکەم لە جێی خۆی نەماوە)

شۆنم ئاوردەن من وە شار تۆ

بە غەزەب شارت قەتڵ و عام ببۆ

(شوێن پێم هەتا ئەم شارەی تۆ هێناوە، لە قین و غەزبمدا ئەم شارەت قەتڵووعام دەکەم)

بە حوکم عەزیم ڕەخشم پەیدا کەر

یا شۆن ڕەخشم نە شار جیا کەر

(بە دەسەڵات و گەورەیی خۆت یان ئەوەتا ڕەخشەکەم بۆ پەیدا دەکەی یان ئەوەتا شوێن پێی ڕەخشەکەم لە شارەکەت جیا دەکەیەوە)

هەر جە کەهتەران[٧٣] تا بە مێهتەران[٧٤]

هەفت تەبەق زەمین ڕەخش پەیدا کەران

(لە نۆکەر و گەورەتەوە بگرە لە حەفت تەبەقی ئاسمانیش بێ ئەوە دەبێ ڕەخشەکەم بۆ پەیدا بکەن)

وەرنە بە یەزدان پەنای بێ هەمتا

کارێ مەکەروون هوون بشۆ بە ڕا

(ئەگەر پەیدای نەکەن بەو خودایەی بێ هاوتایە، کارێک دەکەم کە خوێن [لەم شارە] هەستێ)

---

٧٣. "کەهتەر": بچووک، نۆکەر.

٧٤. "مەهتەر": گەورە، پیاوماقووڵ.

تۆ هەم بەو دەستوور جگەر پڕ جە خوون

بە زەخم تێــــغم مـــەبی ســــەرنگوون

(تۆش بە هەمان شێوە جەرگ بە خوێن دەبی و بە برینی شمشێرم سەرنگووم دەبی)

ئەی قەسر و ئەیوان دەروازەی حەسار

بە زەرب گــورزم مــەبۆ یەخــتــەســار

(ئەم قەسر و کۆشک و دەروازەی شارە بە زەربی گورزم تێک و مەکان دەدەم و دەیانڕووخێنم)

شا کە ئێد شنەفت ترسا فەراوان

لەرزا وێنەی بید نە ڕووی شەتاوان

(شا کە ئەمەی بیست زۆر ترسا و هەروەک بی ناو ئاو دەلەرزی)

وات ڕۆستەم ئیمشەو خاترشاد کەرێم

سەحەر وە تەئجیل ڕەخش پەیدا کەرێم

(وتی ڕۆستەم با ئێمشەو بە خۆشی بگوزەرێنین هەر چۆنێک بووە بەیانی زوو ڕەخشەکەت بۆ پەیدا دەکەین)

ئیمشەو بۆ وە بەزم تا وەسوب سەحەر

گـــۆش بدێم وە دەنگ ڕازان دلبـــەر

(ئیمشەو وەرە هەتا بەیانی بەزمێکی خۆش ساز بکەین و گوێ لە دەنگی گۆرانیی دڵبەران بگرین)

سەحەر رەخش وێت موکەمل تەیار

پەرێت مـاوەرۆن سـەرئەنجـام کـار

(بەیانی زوو ڕەخشەکەت بە هەموو کەرەستەیەکەوە بۆ حازر دەکەن و دێننە خزمەتت)

به توند و تیزی کا نه مەبۆ مەیسەر
به لەفـز شـیـرین مـار مــەیۆ وه بەر[٧٥]

(به توند و تیژی کار به ئەنجام ناگا، به قسەی خۆش مار له کون دێته دەر)

مــێــهــمـــان عـــەزیز نوور دیدەمـی
قـــەدەم ئاوەردەی بـەرگـــوزیدەمـی

(تۆ مــیــوانی خــۆشــەویست بینایی چاوانی منی، به خـێـر هـاتی ســەرچاو تۆ هەڵبژاردەی منی)

هـەر چەند گەنج و مـاڵ توحفەی تەمـامەن
هەر چـەند کـەنیـزان چەنی جــه لامــەن

(هـەموو ماڵ و مڵک و زێڕ و شتی نایاب و هـەموو کچەکان که له لامن)

تـەمـــامـی یەکـــســـــەر پایندازتـەن
هـەرچی مـــــەواچی بـەدڵ وازتـەن

(هـەموویان بەتەواوەتی له خزمەتی تۆدان و تۆ چۆنت پێ خـۆشه و چۆنت دەوێ، بۆ خۆت سەربەست به)

ئیمشەو مێهمان بەر تا سوب مەدرۆ ڕەنگ
هـەنـی پەری ڕەخش دڵ مــــاوەر به تـەنگ

(ئیمشـەو تا بەیانی لامان میوان به و ئێستا بۆ ڕەخشـەکه خۆت عاجز و سـەغڵەت و دڵتەنگ مەکە)

ڕۆسـتـەم چون شنەفت ساکن بی جـه دەرد
ڕوو کـــەرد نه ئەیـوان ئالآی لاجــەوەرد[٧٦]

٧٥. ئەم بەیتـەش له شـانامــەی فـیـردەوسـیـدا به هـەمـان شـێـوه هاتووه و هەروەها وەک پەنـدێکی جێگرتوو له نێو خەڵکیدا هەم لای فارس و هـەمیش لای کورد بەکار دەبرێ.

٧٦. "لاجـەوەرد" ڕەنگی شین، بردێکی بەنرخی شین که مورووی و ملوانکه و ئەنگوسـتیلەی لێ سـاز دەکرێ.

(ڕۆستـەم دوای بیـستنی ئەمـە لە دەرد و ژان هێـور بووەو، ڕووی لە قـەسـری ئالا لاجەوەردی [شا] کرد)

تەمـامی تورکـان دیبـای ئەتڵـەس پۆش
کـەمـەر بەسـتـەگان دانەی دوڕ بە گۆش

(هـەموو تورکانی جلی ئەتڵەس لە بەر، کەمەربەستراوانی گوارەی زێر لە گوێ)

سـەف سـەف جەم بین پەرێ تەماشا
ڕۆسـتـەم شی وەبان تـەخت پادشـا

(بۆ چاو لێکردن ڕیزیان بەست، ڕۆستەمیش چووە سەر تەختی پادشا)

هـەوا بـی تاریک شــەو ئـامــا بەوار
چراخــان کــریا فــانۆســان هـەزار

(هـەوا تـاریکدا هـات و شــەوت هـات، هـەزاران چـرا و فــانـۆس ئەو ناوەیـان ڕووناک کرد)

ئەیوان لاجـەوەرد جەواهـێـر سیـفەت
خشت بۆگولاو گەنج بێ زەحـمـەت[77]

(قـەسـر شـین وەک جـەواهـێر، خشـتـەکان بۆنی گولاویان دەدا، گـەنجی بێ زەحـمـەت وەدەستهاتوو)

مـــــوتەلا پـاڵـشـت دیبـــــای چینـی بـاف
عەنبـەر گوڵ ئاوێز جـە بۆی موشک ناف[78]

(پاڵشتی بە زێر بـەرگ گیراو، دیبای لە چـین چنێندراو، عەنبـەری گوڵ ئاوێزان کراو بۆنی موشکی ناف)

---

٧٧. "گـەنجی بێ زەحـمـەت": ئەو گـەنجـەی بە بێ زەحـمـەت لە سـەریەک کۆ دەکرێتـەوە. بە گـەنجی پادشـایان دەگوترێ کە بۆ خۆیان لە پێناوی کۆکردنەوەیدا تووشی زەحمەت نەهاتوون.
٧٨. "موشکی ناف": بۆنێکی خۆش کە گۆیا لە ناوکی ئاسک دەگیردرێ.

جـه هـەرجا فـانۆس، مـەشعـەل نەهادە

دیدەی پڕ خــومــار لەب مــەست بادە

(لە هـەمـوو لایەک چرا هـەڵکرابوو، مـەشـعـەڵ داگـیرسـابـوو، چاوخـومـارانـیش بە خواردنەوە مەست و سەرخۆش بوون)

ســاقی پڕ مــەکـەرد وە پیـاڵەی شــەراب

سەرکێشان سەرمـەست چەنی بۆی کەباب

(سـاقی پـەیتـاپـەیتـا پیاڵەی شـەرابی پڕ دەکرد و سـەرکێشـانیش مـەیی و کەباب سەرمەست بوون)

ناڵەی مــوترەبان ســەدای ســاز تەرز

مەنشت نە پای عەرش کەهکەشان بەرز

(سۆزی دەنگی گۆرانیبێژان و ئاهەنگی ساز، هەتا ئەو پەڕی ئاسمـان و کاکێشـان دەچوو)

ڕۆستەم عـەجەب مەند حەیران بی جە کار

جــە بەزم ئەیوان، کــورسی زەڕەنگار[٧٩]

(ڕۆســتـەم لەم هـەمــوو بەزم و ڕەزمـی کـۆشک و کـورسی زەڕنگارە حــەیران و سەرسوڕماو بوو)

گـۆش دا بە ســازان ســاکن بی جـە دەرد

وەخت نیــمـە شــەو مــەیل خــاوش کــەرد

(بە گوێگرتن لە مۆسیقا دەرد و پەژارەی نەما و لای نیوە شەو خەو تینی بۆ هێنا)

٧٩. بە پێی قسـەی دوکتور عـەلی عـەباس ڕەزایی نوورئابـادی لە دەقی لەکی چیرۆکی ڕۆستـەم و زۆرابدا ئـاوا باسی "کـورسی زەڕەنگا" کـراوە: لە مـیـوانداری پادشــای ســەمــەنگاندا هەر کورسییەک بۆ ڕۆستەم دێن لە بەر قورساییی ڕۆستەم لە ژێریدا دەشکێ، ئاخرەکەی تەختی زەرەنگار کە زۆر قایم و خۆراگر دەبێ، بۆ ڕۆستەم ساز دەکەن هەتا بتوانێ لە سەری دانیشێ. (زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شماره ٨٨)

ڕۆســـتــەم وە ئـەیوان هۆرێزا وە پا

لوا وە جـامرێز خـەڵوەتخـانـەی شـا

(ڕۆســتــەم لە کــۆشک [کـۆڕ، مـــەجلیس] هەســـتـا و چووە ژووری ئـاوێنەبـەندی حەسانەوە)

مـــەست بادە و فـــانـۆســـان گـــەوهـەر

شــەوق دا نە جـامـڕێز وێنەی نوور خـوەر

(مـەسـتی بادەو ڕووناکـایی چراگـەلی وەک گـەوهەر هەر وەک پرشـنگی خـۆر لە ئاوێنەبەنددا ڕەنگی دەدایەوە)

مەست بادە بی بێ خۆف و ئەندێش

ســـەرنیـا نە خـاو پەهلەوان پیش

(مەستی بادە بوو، هێمن و ئارام بە بێ خۆف و ئەندێش پاڵەوانی هەمیشە لە پێش خەوی لێ کەوت)

***

٣

## چوونی تەهمینە کچی پادشا بۆ لای ڕۆستەم و وەخەبەرهێنانی ئەو

کناچەی پاشا هەواش کەفت نە سەر
وە جەمین وێنەی ماه منەوەر

(کچی پادشا کە لە جوانیدا لە مانگی درەوشاوە دەچوو هەوای دیدار و چوونە لای ڕۆستەمی کەوتە سەر)

دوو ئەبرۆی قەتران قەڵەم کەشیدە
مژان چون ئەڵماس نە دەور دیدە

(دوو ئەبرۆی ڕەشی قەڵەم کێشراو و برژانگی وەک ئەڵماس بە دەوری چاوانیدا)

خاڵان لاجەوەرد زوڵف کۆگای عەنبەر
لەبان وێنەی لاڵ[٨٠] دەندان چوون گەوهەر

(خاڵگەلی شین و زولفی وەک کۆگای عەنبەر، لێوانی وەک یاقووت و ددانی هەروەک گەوهەر)

بالا بە وێنەی پەرێزای پەری
یەکێ جە ئەوان زوهرە[٨١] و مشتەری[٨٢]

(بالای هەروەک پەریزادی نێو پەریان و لە جوانیدا وەک ئەستێرەکانی زوهرە و مشتەری [دەچوو])

٨٠. "لاڵ" : لەعل، یاقووت، گەوهەر، جەواهێر.

٨١. "زوهرە" ئەستێرەی ناهیدیشی پێ دەگوترێ.

٨٢. "مشتەری" ئەستێرەی سەعدی ئەکبەر و بەرجیسیشی پێ دەگوترێ.

وەخت نیمەشەو بێدار بی جە خاو
پۆشا وە باڵا دیبای بۆگوڵاو
(کاتێک لە نیوەشەودا وەخەبەر هات، جلی بۆن گوڵاوی لەبەرکرد)

وەخت نیمەشەو ڕۆشن کەردش شەم
بەیراقش[٨٣] پۆشا شی وەلای ڕۆستەم
(بەو نیوەشەوە شەمێکی داگیرساند و بەیراقێک [عەبایەک]ی لە خۆی هاڵاند و چوو بۆ لای ڕۆستەم)

وە پەنجەی شمشاد ئاڵای بۆ عەنبەر
شەمعش گرت وە دەست چون شەمس خاوەر
(بە پەنجەکانی وەک شمشاد و ئاڵای بۆ عەنبەرین شەمەکەی بەدەستەوە گرت کە لەو دەمەدا هەروەک خۆری ڕۆژئاوا دەدرەوشایەوە)

تەکدا وە ڕۆستەم جە ڕووی نازەوە
سەرتاپا وە بەرگ ئاڵای تازەوە
(لە کاتێکدا جلی ئاڵاو واڵای تازەی لەبەر کردبوو بە نازەوە خۆی لە ڕۆستەم نزیک کردەوە)

ئاما وە باڵین نشت وە سەرینش
دەست شەرم ماڵا وە ڕووی جەمینش
(لە تەنیشت سەری ڕۆستەم دانیشت و دەستی بە شەرمەوە لە سەر دموچاوی [ڕۆستەم] خشاند)

بێدار بی جە خاو، بادە نۆشیدە
دیش کە نشتە بی یەک نوور دیدە

٨٣."بەیرەق" وشەیەکی تورکییە بە مانای ئاڵا، بەیداخ و ئەو پارچە دێت کە لە شەڕدا بەرز دەکرێتەوە.

([ڕۆستەم]ی مەست وەخەبەر هات و دیتی کە نووری دیدەیەک [لە تەنیشتییەوە] دانیشتووە)

ڕۆستەم وات ئەی شەخس سەوڵ سەرئەفراز
پەی چێش ئامانی، چێشتەن نیاز؟

(ڕۆستەم وتی ئەی ئەو کەسەی وەک سەوڵی سەرەئەفرازی، بۆچی هاتوویی و نیاز و مەبەستت چییە؟)

واتش بینایم ئێد من نیاز
تەماشای ڕۆستەم کەرون بە دڵواز

(وتی نووری چاوانم مەبەستم ئەوەیە پڕ بە دڵی خۆم چاو لە ڕۆستەم بکەم)

شنەفتەم گۆڕێت بریان کەردە بی
جە هونەرمەندیت تەنیا وردە بی

(بیستبووم گۆڕێکت برژاندبوو لە لێزانی و هونەرمەندیت هەمووت بە تەنیا خواردبوو)

تۆ ڕاگەی هەفتخوان کەردی یەختەسار
نە جەهان گەڕای بە تەنیا سوار

(تۆ ڕێگەی حەفتخوانت تەخت و داگیر کرد و هەموو جیهان بە تاقی تەنیا و تاکە سوار گەڕای)

نە ئەڵکووس[٨٤] تورک، نە ئەفراسیاب
هیچکەس جە مەیدان، تۆ نەکردش تاب

(نە ئەڵکوسی تورک و نە ئەفراسیاب هیچکام لەوانە، توانای خۆڕاگرییان لە بەرانبەر تۆدا نەبوو)

---

٨٤. "ئەلکوس" پاڵەوانێکی تورانی بووە کە بە پێی میتۆلۆجیی ئێرانی بە دەستی ڕۆستەم کوژراوە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

ئێـــــــران و تـوران ئـاوردت بـه دەسـت

حەفـتا و دوو دێو به زۆر دەسـتت بەست

(دەسـتت بەسـەر ئێـران و توراندا گـرت و دەسـتی حـەفـتـا و دوو دێوت به زۆرداری بەست)

جەو سـاوە سـەودای تۆم کەفتـەن خەیاڵ

بە خــەم مــەویرۆ جــە لام مــاە و ســاڵ

(هـەر لەو دەمــەوە خـەیاڵ و سـەودای تۆم کـەوتووەتە سـەر و لـە دووری تۆ سـاڵ و مانگ بە غەم و خەفەت تێپەڕ دەکەم)

جە دەور قەدیم شـاهـان "کـەی"دا[85]

جـــفت من و تۆ نـەمـــــەبۆ پـەیدا

(هـەر لە سـەردەمی کۆنەوە و لە پادشـایانـی کەیانی بەدواوە هـەتا ئێسـتـا نموونەی جووتی وەکو من و تۆ نەبووە و پەیدا نابێت)

کـــەس نەدیـەن وە چەم بـەژن باڵای مـن

جـــەمین بێ خـــەوش خـــاڵ ئاڵای مـن

(هێشتا بەژنی لەش و لاری من، هێشتـا خاڵی جوان و بێخەوشی سـەر ڕۆمەتی من کەس نەیدیتووە)

ئەگـەر جــە بابۆم من تـەڵەب کـەری

کـــامـــڕەوایی من وە جـــا بـاوەری

(ئەگەر لە باوکم خوازبێنیم بکەی ئەوە من شاد و کامەران و بەئاوات گەیشتوو دەبم)

فـەرزەندێ جـە من جـە نەسڵ تۆ بۆ

ئێـران و تـوران مـوتیـعش مـەبۆ

---

٨٥."کـەی" کـەیان، بە پادشـا گـەورەکـان وتراوە. بە پادشـایانی وەک کـەیکاوس و کـەیقـوبادیش گوتراوە پادشاکانی کەیانی، یان کەی. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا).

(ڕۆڵەیەک لە من و لە ڕەگــەزی تۆ ببــێت ئەوە بێگومــان ئێــران و توران دەبنە گوێڕایەڵ و ملکەچی دەبن)

کناچەی پاشــای ســـەمـــەنگانەنان

بەرگـوزیدەی چەشم گـشت جـەهانەنان

(من کچی پادشای سەمەنگانم، هەڵبژاردەی چاوگەلی هەموو خەڵکی جیهانم)

شـاهـان حـەسرەتمەنـد پابۆس پامن

سـەراسـەر توفـەیل[٨٦] زولف سیـامن

(شـاهـان بـە داخ و حـەسرەتەوە دەکـەونە بەر پێم و هەمـوویان گیرۆدە و بـچووکی زولفە ڕەشەکانی منن)

ئێـدش وات پەنە، شی بە مـاوای وێش

چوو کـە تەنهـا مـەند پەهلەوان پێش

([تەهمینە] ئەمەی بە [ڕۆستەم] وت و گەڕایەوە و پاڵەوانی بە تەنیا بەجێ هێشت)

ڕۆسـتەم ئێد شنەفت جە پەری ئەندام

تەڵەب کەرد وەزیر[٨٧] سـاحب عەقڵ و فـام

(ڕۆسـتەم کە ئەمـەی لە پەری ئەندام بیست، بەدوای وەزیری عاقڵ و تێگەیشتـوودا ناردی)

کـیـاناش وە لای شـاه شــەهـریار

بیــۆ وە جـامـرێز زەروور من کـار

([ڕۆستەم] وەزیری بۆ لای پادشا نارد کە بێتە جامرێز "ئاوێنەبەند" بۆ ئەوە کاری پێویست و بە پەلەی پێیەتی)

---

٨٦. "توفەیل" لە تفلّ، منداڵ، زارۆکەوە هاتووە، لێرەدا مانای بچووک، کۆیلە دەدا.

٨٧. لە دەقی فیردەوسی و هێندێک دەقی کوردیدا لێرەدا لە باتی وەزیر، مۆبدی زەردەشتی هاتووە.

پادشـا شنەفت بێدار بی جە خـاو
ئامـا وە جـامـڕێز وە تەئجـیل و تاو
(پادشا لە خەو هـەستێندراو بە پەلە خۆی گەیاندە ئاوێنەبەند)

وات پەهـلـەوانـان گـرد بیـــان وەبەر
نەوا کە ڕۆسـتـەم قەستم کـەرۆ سـەر
([پادشا] وتی هـەموو پاڵەوانەکان حازر بن نەکا ڕۆسـتـەم بە تەمای کوشتنم بێت)

تەمام بەگلەران مـەرسـەع[88] کـەمـەر
ئامـان بـە ئەیوان ئالآی بۆ عــەنبـەر
(هـەموو بەگزادە و پشتێن جەواهێرەکان هـاتن بۆ کۆشکی بۆ عەنبەرین)

ڕۆسـتـەم چەنی شا حیکایەت مـەکەرد
وات حـەرفێ مـاچون وەنەت نەیۆ گەرد
(ڕۆسـتەم لـەگەڵ پادشا دەستی بە ئاخـافتن کرد و وتی قسـەیەکم هـەیە پێت بڵێم کە هیوادارم لە دڵی خۆتی نەگری)

بۆ تـا ئێـمـە و تۆ پـەیوەندی کــەریم
کـــامـــڕەوایی بـە جـــا ئاوەریم
(وەرە با من و تۆ پێوەندییەک پێکەوە ببەستین و شادی و کامەرانی بە جێ بێنین)

گوڵێ جە باغچـەت ببەخـشـە پێمان
دارای بوزورگیت مەعلووم بۆ لێمان
(لە باغچەکەت گوڵێکمـان پێشـکەش بکە بۆ ئەوە گەورەییت لە لام ڕوون و ئاشکرا ببێت)

پاشـا وات: ڕۆسـتـەم ئەرتۆ مـەیلتـەن
تەخت و کناچەم گـرد توفـەیلتـەن

٨٨. "مەسرەع"، مرصـع لە کرداری تصریع وەرگیراوە.

(پادشا وتی: ڕۆستەم ئەگەر تۆ حەز و ویستت هەبێ ئەوە هەم تەختی شاهی و هەم کچەکەم بچووکی تۆ و لە خزمەت تۆدان)

قازی تەڵەب کەرد پادشای دانا
بە ڕەسم قانوون عەقدشان وانا

(پادشای زانا قازی بانگ کرد و بە پێی یاسا پێوەندی ژن و شوویی ئەوان خوێندرایەوە)

ئاخر بە مەیلان کارساز کەرەم
ڕۆستەم تەهمینەش ئاوەرد وە حەرەم

(سەرئەنجام بە ویستی خودای کارساز و کارڕێکخەر، ڕۆستەم تەهمینەی بردە ژووری حەرەم)

پیلتەن حەیران دانەی لاڵش بی
ئاشوفتەی جەمین زولف و خاڵش بی

(پیلتەن [ڕۆستەم] شێت و شەیدای لێوی وەک یاقووت، پەرێشانی ڕوومەت، زولف و خاڵەکانی بوو)

گا بۆسەی لەبان چون لاڵ بێگەرد
گا دەست نە مابەین شەمامان زەرد

(تاوێک ماچی لێوی وەک لەعلی بێگەردی دەکرد و تاوێک دەستی بۆ نێوان مەمکانی وەک شەمامەی زەرد دەبرد)

ئەو شەو کە جەم بین وە شادکامی
کامەڕەوا بین بە نیک نامی

(ئەو شەوەیان بە خۆشناوی بە شادی و خۆشی و کامەرانی بردە سەر)

تا بە وەخت سوبح ڕازان مەکەردن
جە گوڵشەن لەبان شەربەت مەوەردن

(هەتا بەیانی پێکەوە ڕاز و نیازیان کرد و لە گۆڵزاری لێوان شەربەتیان نۆشی)

سەحەر نە باهۆی ڕۆستەم بی لاڵی
لاڵ قـیـمـەتی دانەی زولاڵی

(لای بەیانی، ڕۆستەم یاقووتێکی لە باسکدا بوو، لەعلێکی بە نرخ، ڕوون و زولاڵ)

بە سافی جە تەرز دانەی دەریا بی
لاڵ خەزێنەی کەیکاووس شا[٨٩] بی

(لە ڕوونی و سافیدا وەک جەواهێری دەریا بوو، لەعلێک بوو لە خەزێنەی کەیکاوس شا)

بەر ئاوەرد جە باڵ فەرما بە دڵبەر
ئەربدۆ فەرزەند کەرەمدار جە سەر

([ڕۆستەم] لەعلەکەی لە باسک دەرهێنا و بە یارەکەی وت؛ ئەگەر خودا کردی و منداڵێکی پێ بەخشین)

ئەر ماینە بۆ نە گیسووش ببەند
نگاش بدارە تا بە وەخت چەند

(ئەگەر کچ بوو لە قژی ببەستە و با وەک [نیشانە] لە لای خۆی بیپارێزێ)

ئە نێـرینە بۆ نە باهۆش بەست
نشانەی بابۆش زوو بدە بە دەست

(ئەگەر کوڕ بوو لە باسکی ببەستە و نیشانەی باوکی هەر زوو پێ بدە)

بە نام و نشان سوهراب[٩٠] بۆ نامش
پەروەرش ببۆ جە عەقڵ و فامش

٨٩. "کەیکاوس شا" دووەمین شا لە زنجیرەی شایانی ساسانی و یەکێک لە چوار کوڕی کەیقوبادشای کەیانی. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

٩٠. نەک لە دەقی فیردەوسی نەک لە دەقی کوردی دیکەدا ئەوانەی من دیتوومن، ئاوا نەهاتووە کە ڕۆستەم بۆ خۆی ناوی زۆرابی دیاری کردبێت.

(با ناوی زۆراب بێت و عەقڵ و بەفام و تێگەیشتوو پەروەردە بکرێ)

وەختێ کە ساڵش هەفت و هەشت یاوا
بنیەش وە مەکتەب تا نەبۆ ساوا

(کە تەمەنی گەیشتە حەوت و هەشت ساڵ بینە مەکتەب بۆ ئەوە بە خاوی و ساوای گەورە نەبێت)

عەقڵ توفەیلیش نەمانۆ نە سەر
کەلام یەزدان کەردە بۆش نە وەر

([بە خوێندن] ئاوەزی منداڵی لە سەر نەمێنێ و وتەکانی خودا لە بەر بکا)

ئەوسە جەو دما بە گورز و کەمەند
فەن پەهلەوانیش باوەرۆ نە وەند

(دواتر فێری گورز و کەمەند بکرێ و هونەر و فەنی پاڵەوانی پێ فێر بکرێ)

حوکمش بە وێنەی سام[٩١] نەریمان
جە هونەرمەندیش نەبۆ نە جەهان

(دەسەڵاتی وەک سامی نەریمان بێت و لە لێزانی و هونەرمەندی نموونەی لە جیهاندا پەیدا نەبێت)

نە با هەرزە بۆ شێت کلکانی
ئانە واتم پێت هەنی وێت زانی

(با کەسێکی بێ ئاوەز و شێتی کلکانی لێ دەرنەچی، ئەوە من پێم وتی ئیتر بۆ خۆت دەزانی)

تەهمینە شنەفت جە ڕۆستەم هەواڵ
پەری لوانش شادی کەرد بە تاڵ

٩١. "سام" بە پێی میتۆلۆجی ئێرانی بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی ئێرانی لە سەردەمی 'هورموزە'دا بووە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا) لێرەدا دەبێتە باپیری ڕۆستەم واتە باوکی زاڵ.

(تەهمینە ئەم هەواڵ و دەنگوباسەی لە ڕۆستەم بیست و بۆ چوونی بەجارێک خەم دای گرت و شادیی بەتاڵ کرد)

واتش ئەی ڕۆســتــەم نەوەی زاڵ[٩٢] ســام
شـەلا ئەی چەند ڕۆ، نەنیـشـتیـای وە لام
وتی ئەی ڕۆستەم نەوی زاڵی سام، خۆزگە ئەم چەند ڕۆژەش لە لام نەدەمایەوە.)

دمــــای لوانت دەردم کـــارییـــەن
شـــەو و ڕۆ پـەرێت شین و زارییـەن
(دوای ڕۆیشتنت دەردم کارییە و ئیتر شەو و ڕۆژ بۆت شین و زاری دەکەم)

نەی دنیــای پڕ فــەند لوای بادابادا
نمەز خـــاترم بە کێ بکەم شــــاد
(لەم دنیا پڕ لە فێڵ و هات و چوویە، ئیتر من بە کێ دڵخۆش بکەم)

زندەگـیم تەم بۆ ئیـســە وە بێ تۆ
نـوور بـیـنـاییـم وە بـێ تـۆ نــەبۆ
(ئیتر ژیانم بە بێ تۆ تاریک و لێڵە و ڕووناکاییی چاوگەلم لە دووری تۆ لە دەست دەدەم)

بـە وێـم مــــــــــەزانـۆ ڕۆح ڕەوانم
وە ئەسرین مەشۆ سورمەی چەمانم
(باش دەزانم ئـەی ڕۆحی ڕەوانم بـە بێ تـۆ ســۆمــای چاوەکــانم بە فـرمــێــسک دەشۆردرێتەوە و لە نێو دەچێ)

تەهمینە ئێد وات ڕۆستەم کەرد خەندە
واتش ئەی نەفــام عــەقڵ نـەمـــەندە
(دوای ئەوە تەهیمنە ئەمەی وت ڕۆستەم پێ کەنی و وتی هەی گێل و ئاوەز لە سەر نەماو)

٩٢. "زاڵ" باوکی ڕۆستەم کوڕی سام کوڕی نەریمان.

من مـوتیع کـەرەدن گـرد وڵکەی توران
نەوا دەسـت و برد کـەران جـە ئێـران

(من هەمـوو خاکی تورانم خسـتووەتە ژێر ڕکێفی خـۆم کە نـەکا هێرش و دەست و برد بکەنە سەر خاکی ئێران)

مـەبۆ بگێـڵون چـەنی ڕەخش بە قـەست
تـا کـــە دوشـــمـنـان بـاوەرۆ بە دەسـت

(دەبێ من بە خـۆم و ڕەخشـەکەمـەوە بە ئەنقـەست لە گەڕاندا بم هـەتاکو دوژمن لە هـەر کوێیەک هـەبێ، دەستی بەسـەردا بگرم و [لە جووڵەیان بخەم].

موسـەخـەر کـەرون گـشت وڵگەی توران
تا دوشـمـەن نەبان چەنی شـای ئێـران

(ئەبێ هەمـوو خـاکی وڵاتی تـوران بخـەمـە ژێر ڕکێفی خـۆم بۆ ئەوە لەگـەڵ ئێران دوژمنایەتی نەکەن)

هـەر کـەسـێ دەعـوای پەهلـەوانیش بۆ
نیـشـانـەی مـەرگش بکیـانۆ پـەی تۆ

(هـەر کـەسـێک بانگەشـەی پاڵەوانیی کـرد، ئەوە با نیـشـانەی مـەرگی خـۆی [لە پێشدا] بۆ لای تۆ بنێرێ)

بە تەوفـیـق حـەق دانـای بێ ئەفـسـوس
گشت موتیع کـەرون بە شـای کـەیکاوس

(بە یارمەتی خـودای زانای بێ غەم، هـەمـوو دەستەمـۆ و ژێردەستەی کـەیکاوس شـا دەکەم)

تۆ خـاتـەر جـەم بـە، بە وێت مـەدەر خـەم
مـەیلت جـە لای من زەڕەیێ نـیـەن کـەم

(تۆ لای خـۆت خـاترجـەم بـە و هیچ خـەم مـەخـۆ، مـەیل و حـەزی تۆ لـە لای من تۆزقاڵێک کەم نابێت)

به شـــاد بنیـــشـــه چەنی بـابۆی وێت

عـەقڵت کـەم نەبۆ شـێت مـەبە سـەرشـێت

(پێکەوە وێرای باوکی خۆت بە شادی بیگوزەرێنە، بێ عەقڵ و سەرشێت مەبە)

هەمیشە خـوەشـحـاڵ شکۆفە چـون گوڵ

تـۆ زەڕەی جـــه خـــەم مـــاوەرە نـه دڵ

(هەمیـشـه و دایم شـاد و بەکەیف وەک گوڵـخـونچـه و گـوڵ به و تۆزقـاڵێک خـەم و خەفەت لە دڵت نەنیشێ)

ئەگـــەر کـــه یـەزدان چەنیت گـــەرم بۆ

نەســـیـــبت ئـاخـــر جـــه لای من مـــەبۆ

(ئەگـەر خـودا یارمـەتیت بدا و چاکـەت لەگەڵ بکا ئەوە چارەنـووسی تۆ هـەر لە لای من دەبێ)

ئـەگـــەر نـمـامم ســـەبز ببـــۆ جـــه لات

تۆ چەنی و نمام سـپـەردەم بە خـــودات

(ئەگـــەر نمامـی من لە لای تـۆ شین ببێ [منداڵێکت لە من هـەبێت] ئـەوە خـــۆت و منداڵەکە بە خودا دەسپێرم)

ڕۆســـتـــەم کـــە ئێـد وات نـام خـــودا بەرد

دەر دەم دەر سـەعات ڕەخشش تەڵەب کەرد

(ڕۆســـتـــەم لە دوای گـــوتـنی ئـەمـــە ناوی خـــودای برد و هـەر زوو و بەپەلە داوای ڕەخشەکەی کرد)

سـاکـه جـه ڕۆسـتـەم شنەفتن تورکـان

ڕەخـشـشـان ئاوەرد بە دید و بە گـیـان

(کە تورکان ئەمەیان لە ڕۆستەم بیست بە ڕێز و بەگیان و بە چاوان ڕەخشەکەیان بۆ هێنا)

پـەهـڵـەوان بـەور هـۆرێـزا وە پـا
تەمـــام ئەسـبـــابش ئـاوردن بە ڕا

(پاڵەوانی وەک پڵینگ هـەستایە سەر پێ و هـەموو کەرەستـە و داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ کرد)

حــەســەب ئەلفــەرمــوودەی پەهلـەوان کین
ڕەخـشـشـان ئاوەرد، پەرێش کـەردەن زین

(بە پێی دەستووری پاڵەوانی بە قین، ڕەخشـەکەیان هێنا و بۆیان زین کرد)

ئەوســا هۆرێزا وەخت ســوب ســەحــەر
بپــۆشا خــەفـتــان ببـەســتش کـەمـەر

([ڕۆستەم] بەیانی زوو شەفەق هەستا، جلی پۆشی و کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست)

ڕەخـشـشـان ئاوەرد ڕۆسـتـەم بی سـوار
هیـمـەت خاهـی کـەرد جە لای شـەهریار

(ڕەخشـەکەیان هێنا، ڕۆستەم سوار بوو و لە پادشا ماڵئاوایی کرد)

ڕۆسـتـەم شی وە تەخت پادشـای ئێران
ئامـــان وە پێــشــواز تـەمـام دلێــران[٩٣]

(ڕۆســتـەم بەرەو تەخـتی پادشـای ئێران وەڕێ کـەوت و هـەمـوو دلێر و پـاڵەوانانی ئێران هـاتنە پێشوازیکردنی)

کـــەیکاوس پـەرســا نیــەنی دیار
وە بێ تۆ تـەخـتم ببـۆ یـەخـتـەسـار

(کـەیکاوس پرسـی [ڕۆسـتـەم] دیار نیت، بە بێ تۆ تـەخـتی شـاهـی من سـەرەوژێر دەبێ)

---

٩٣. لە دەقی فیردەوسیدا ڕۆستەم دوای بەجێهێشتنی سەمەنگان یەکسەر بەرەو سیستان وەڕێ دەکەوێ و ناچێتە چاوپێکەوتنی شای ئێران.

به بێ تۆ عومرم نەمنۆ نە جەهان
حوکم شاهی من هەر بە تۆ ڕەوان

(بە بێ تۆ من تەمەنێکی [درێژ] ناکەم، دەسەڵاتی پادشایەتیی من هەر لایەق و ڕەوای تۆیە)

ڕۆستەم وات: ئەی شا نەداری خەبەر
چە ماجەرایم ویردەن وە سەر

(ڕۆستەم وتی ئەی پادشا خەبەرت نییە کە چ بەسەرهاتێکم بە سەر هاتووە)

جە نەخچیر شای ئەفراسیاب
بکەردم خەیاڵ ئارەزووی کەبات

(لە [دەشتی] نەخچیری شا ئەفراسیاب، ئارەزووی خواردنی کەبابم کرد)

جە شکار گۆڕێم شکار کەردە بی
سەرنیام وە گورز خاوم بەردە بی

(گۆڕێکم ڕاو کردبوو، گورز لە ژێر سەرم، خەوم لێ کەوتبوو)

بێدار بیم جە خاو ڕەخش نەمەندە بی
سەر سێ ئادەم جە تەن کەندە بی[٩٤]

(کە وەخەبەر هاتم، ڕەخش نەمابوو بەڵام سەری سێ مرۆڤ لەو ناوە کەندرابوو)

من شیم نە غەزەب هەم نە جامەی قین
ڕەخشم پەیدا کەرد جە توران زەمین

(بە مە زۆر تووڕە بووم و قین و غەزەبم لێ دەباری، ئاخرەکەی ڕەخشم لە وڵاتی توران پەیدا کرد)

جەو دما ڕۆستەم شی وە سیستان
بەو تەخت و مەسکەن بەو زێد و مەکان

٩٤. ئەم بەیتە بە کەمێک جیاوازییەوە جارێکی دیکە لێرەدا دووپات کراوەتەوە.

(دواتر ڕۆستەم بەرەو سیستان بۆ زێد و مەکان و تەخت و ماوای خۆی وەڕێ کەوت)

ئاما وە لای زاڵ بێ خۆف و ئەندێش

نە مانا جە لاش عەرز حاڵ وێش

(بە بێ ترس و خۆف خۆی گەیاندە لای زاڵ و ئیتر ڕووداو و بەسەرهاتی خۆی لە بیر کرد)

***

٤

## چیرۆکی لەدایکبوونی زۆراب

ئەوســـــا جـــــە تـوران بـشـنـۆ هـەواڵان
تەهمینەی بێ عـەیب شـای سۆسـەن خـاڵان
(ئەوجار لە تورانەوە دەنگووباسی تەهمینەی جوان و سۆسەن خاڵ ببیسە)

دایم پەی ڕۆســـتــەم مـــەناڵا جـــە دەرد
گەردوونـای گەردوون بار ڕەحمش کەرد
(هەمیشە و دایم لە دووری ڕۆستەم دەروون پڕ لە ژان بوو، {...}[٩٥] )

جـــە نـۆ مـــاە ویـەرد نۆ ڕۆ بـی تـەمـــام
فـەرزەنـد وێش بی سـوهراب[٩٦] نیـا نام
(دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ، منداڵێکی بوو ناوی نا زۆراب)

مـزگـانـیـشـان بەرد پـەی ڕۆسـتـەم زاڵ
فـــەرزەندێت بـیـــەن چـون مـــاە زوڵاڵ
(بۆ ڕۆستەمی زاڵ مزگێنیان برد کە منداڵێکت بووە وەک مانگی چواردە)

---

٩٥. ئەم نیشانەش وەک دڵنیا نەبوون یان ساغ نەبوونەوە داندراوە و تەواوی ئەو وشانەی دەکەونە نێوان ئەو دوو نیشانەوە، لە مانا و نێوەڕۆکی وشەکان دڵنیا نیم.

٩٦. لێرەدا ئیتر ئاماژەیەک بە لە پێشدا دیاریکردنی ناوی زۆراب لە لایەن ڕۆستەمەوە ناکرێ و دەگوترێ ناوی زۆرابی لێ نرا و بەو شێوە دانەر یان بێژەر دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ ئاماژەکانی پێشتری خۆی.

ڕۆستــــەم ئێــد شنەفت شـــادی نمـانا
گــەوهەرفــشــان کــەرد، ئافــەرین وانا

(کە ڕۆستـەم ئەمـەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو، شوکرانەبێژیی کرد و شادی و خۆشیی کرد)

فــەرمـا بە گــەنجـوور دانــە و جــەواهێــر
بار کەرد وە ئەسپان چون سەنگ باهێر

(فـەرمانی دا بە خـەزێنەدار کـە ئەسپگەل لە جـەواهێر و بەردگـەلی قـیمـەتی بار بکەن)

چەند دانە یاقــوت چەند گــەنج دڵکێش
کیاست وە توران پەی فـەرزەند ویش[97]

(ژمارەیەک یاقووت و گەنجینەی دڵفڕێنی بۆ منداڵەکەی لە توران نارد)

تەمام خەرج کـەران ئەو جە سەرکارش
نگەهدارش بـۆ حــــەق نگەهـدارش[98]

(هەموو ئەمانە نێردران و یەزدان ئاگاداری بێت)

یەک ڕۆز دە ڕۆز یەک مــاهە ســـاڵ بی
بە جــــەمـین وێنەی ڕۆســــتــــەم زاڵ بی

(ڕۆژێک، دە ڕۆژ، مانگێک و [زۆراب] بوو بە ساڵێک، بە سەر و بێچم و شێوازدا هەر لە ڕۆستەمی زاڵ دەچوو)

وە یەک ساڵەگیش چون دوو سـاڵە بی
وە پـەنج ســـاڵـەگی ســــەرقــەباڵە بـی

---

٩٧. لە دەقی فیردەوسیدا باسی سێ یاقووت، سێ زێڕ و نامەیەک کراوە. لێرەدا ئاماژە بە نامە نەکراوە.

٩٨. ناڕوونییەک لەم بەیتەدا هەیە.

(کە یەک ساڵ بوو وەک دوو ساڵان دەچوو، کە پێنج ساڵان بوو، سەرقەواڵە و بەهێزی نێو منداڵان بوو)

مەنیا وە زەمین مناڵان وە چنگ
نە هەر کەس مەدا مەوەستش نە دەنگ

(منداڵانی بە دەست هەڵدەگرت و بەعەرزی دەدان، لە هەر کەسێکی دابایە لە زمانی دەخست)

وە پەنجەی پڕ زۆر مەکەندش سەران
کەس نەبی هەمتاش جە نام ئاوەران

(بە دەستە پڕ زۆرەکانی سەری لە لاشە دەکردەوە و لە نێو ناودارانیدا کەس هاوتای نەدەکرد)

چونکە جە ئەولاد توخم ڕۆستەم بی
کەس وێنەی سوهراب نە عالەم کەم بی[٩٩]

(لە بەر ئەوە لە تۆوی ڕۆستەم بوو، لە جیهاندا کەس لە وێنەی زۆراب پەیدا نەدەبوو)

تورکان عاجز بین یەکسەر جە دەستش
کەس نەمەتاوۆ بکەرۆ قەستش

(تورکەکان بەتەواوەتی لە دەستی جاڕز و وەڕەز بووبوون بەڵام دیسان کەس نەیدەوێرا خۆی لێ بدا و توخنی بکەوێ)

واتشان ئەی زۆڵ وێڵ هەر جایی
بێ بابۆ زادە مادەر خەتایی[١٠٠]

---

٩٩. لە چیرۆکی لەدایکبوونی ڕۆستەم و دواتر گەورەبوون و هەڕەتی لاوەتی ڕۆستەم هەمان چیرۆک بە شێوەیەکی دیکە هەیە. جارێکی دیکە چاو لە پێشەکیی ئەم کتێبە بکە.

١٠٠. لە دەقی فیردەوسیدا باسی شەڕی نێوان زۆراب و هاوتەمەنە تورکەکانی نەکراوە.

(وتیـان [پێیـان وت] ئەی زۆڵ، کـەس نازانێ لە کوێوە هـاتووی، ئەی بە بێ باوک لە دایکبوو و ئەی دایک خەتاکار)

کــەس نەمــەزانۆ ئەسـڵ تۆ جـە کــۆن؟

چ پشت کێنی و بێ شـەرت و شۆن؟[١٠١]

(کەس نازانێ ئەسڵ و فـەسڵی تۆ لە کوێیـە؟ لە کێ بوویی و شوێن و ناونیشـانت لە کوێیە؟)

سـوهراب ئێد شنەفت سـیا بی جـە قـار

شـی وە لای دایەش، خــرۆشـــا بـە زار

(زۆراب کـە ئـەمــەی بیـسـت لە ڕک و قـیـندا ڕەش هەڵگەڕا، چوو بۆ لای دایکی و بەتوندی گۆڕاندی)

واتـش ئـەی دایـە پـەنـەم واچـە ڕاسـت

حـەرفێ مـەپرسـون پەوســە دڵم واست

(وتی دایکە ڕاستم پێ بڵێ، پرسیارێکم هەیە و دەمهەوێ وەڵامەکەی بزانم)

وە پـەنجـــە و بازوو هـونـەرمــــەندەنـان

جــە هـونەرمـــەندی دڵ پـەســـەندەنـان

( بە دەست و پـەنجـە کەسێکی هونەرمەندم، لە هونەرمـەندیشدا پەسـەندکراوی نێو هـەمووانم)

١٠١. بە پێی قسـەی دوکتۆر عـەلی عەباس ڕەزایی نوورئابادی لە دەقی لەکیی داستانی ڕۆسـتەم و زۆرابدا ئاوا هـاتووە: ژنێک کە کوڕەکـەی بە دەسـتی زۆراب دەکـوژرێ لە بەر ترسی بنـەماڵەی تەهمـینە ناوێری بە ئاشکرا باسی بکا بەڵام لە کاتی شـینگێری و لاواندنەوەی کـوڕەکەیدا بە لاوە باسی ئەوە دەکا لە بەختی ئێمـە کەسێک، کوڕی ئێمـەی کوشت کە کەس نازانێ باوکێ کێیە و لە چ پشتێکە؟ زۆراب دوای بیستنی ئەم قسانەیە کە دەچێتە لای دایکی و ناچاری دەکا نهێنیی باوکی بۆ بدرکێنێ: بابوت روسمه و با پیرت زاله/ نیشونی بابوت یک دونه لاله
(زبان و ادبيات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شماره ٨٨)

کـــەس نـەمـــەوینـۆن مـنـاسب بـە وێـم
جـە تـوران زەمـین من جــە پشت کـێـم؟
(کەس بە هاوشان و هاوتای خۆم نازانم، لە وڵاتی توراندا من لە چ پشتێکم؟)

پەنەم واچـە ڕاست خـەیاڵ نەکـەری
وەرنە جــە دەســتم ســزا مــەوەری
(ڕاستم پێ بڵێ، نەکەی لێم وەشێری، دەنا سزات دەدەم)

ئەر ئیسـە ڕاسـتش مـەواچی وە لام
وەرنـە وە زەربـێ مــەکــەروت ناکــام
(یان ئەوەتا ئێستا ڕاستم پێ دەڵێی یان بە زەربەیەک ناکامت دەکەم)

ئەر مــەبۆت جـە مـن تۆ بوینـی کـام
ئەمن سـوهـرابم بابۆم چێشـەن نام؟
(ئەگەر دەتهەوێ من خۆشحاڵ بم و لە من خۆشی ببینی کە من ناوم زۆرابە ئەی بابم ناوی چییە؟)

دایە، دایە[١٠٢] جواب ئەی بەرگوزیدە
فـــەرزەند نـامـــدار هـەم نوور دیـدە
(دایک وەڵامی دایەوە ئەی هەڵبژاردە، ڕۆڵەی ناودار و هەی ڕووناکایی چاوانم)

جــە واتـەی بەدان بەدوازان جــەنگ
بەد گومـان مەبە دڵ مـاوەر بە تەنگ
(بەقسەی پیاو خەراپ و بەدخوازەکانی شەڕ، خۆت سەغڵەت مەکە و بەدگومان مەبە)
یـەکێ بـو چـەنیت پـەنجـــە بە بـازو
سـەرش وە چەند بۆ وە کێ مـەنازو؟

---

١٠٢. "دایە"ی یەکەم دایکە و "دایە"ی دووەم دایەوەیە، واتە یەکەم ناوە و دووەم کردارە.

(چ کەسێک هەیە پەنجە لەگەڵ تۆ دا نەرم بکا، ئەو کەسە سەری بە کوێوە بەندە و بە کێ دەزانێ؟)

بابۆت ڕۆستەمەن شای کەمەر لاڵان
شێران جە تاو تێغش مەناڵان

(بابت ناوی ڕۆستەمە شای یاقووت لە پشتێن، شێران لە بەر تاوی ژانی شمشێری ئەو دەناڵێنن)

هەر جە هەفتخوان تا مازەندەران
خاڵی کەرد زەمین جە جادووگەران

(هەر لە حەفتخوانەوە هەتا مازەندەران، هەموو وڵاتی لە جادووگەران پاک کردەوە)

سوهراب ئێد شنەفت ساکن بی جە غەم
جە شادی سەربەرد وە چەرخ حەفتەم

(کە زۆراب ئەمەی بیست خەم و خەفەتی ڕەوییەوە، لە شادی و خۆشیدا سەری لە حەفتەمین تەبەقی ئاسماندا)

وات سا من فەرزەند ڕۆستەم بۆ پدەر
ئێران و توران مەبۆ موسەخەر

(وتی کە واتە من ڕۆڵەیەکی ئاوا بم و ڕۆستەم باوکم بێت ئەوە ئێران و توران داگیر دەکەین)

ئەر بدۆ تەوفیق جەهان ئافەرین
لەشکر مەکێشون وە ئێران زەمین

(ئەگەر خودای خوڵقێنەری جیهان یارمەتی بدا ئەوە لەشکەر دەکێشم و هێرش دەکەمە سەر وڵاتی ئێران)

نە گیو[١٠٣] نە گۆدەرز[١٠٤] زەنەندەی پڕ زۆر
نە توس[١٠٥] نە کەستەهەم[١٠٦] نە بەهرام[١٠٧] گۆر[١٠٨]

(نە گیو، نە گۆدەرزی گورزوەشێنی پڕ زۆر نە توس نە کەستەهەم و نە بەهرام و نە گۆڕ)

نە شا نە گورگین[١٠٩] نە ئەولاد "کەی"
یەکێ نەمازون چون دار کەرون پەی

(نە شا، نە گورگین، نە ئەولادەکانی "کەی"، یەکێکیان بە سەر عەرزەوە ناهێڵم)

هەر وەخت شای ئێران ئاوەردەم بە دەست
ئەوسا جەو دما وێنەی شێر مەست

(کاتێک تەختی پادشایەتیی ئێرانم وەدەست هێنا دوای ئەوە هەروەک شێری سەرمەست [لە سەرکەوتن])

چەنی شای توران مەیونە عەتاب
مەنیشۆ نە تەخت شای ئەفراسیاب

---

١٠٣. "گیو" پاڵەوانێکی ناوداری سەردەمی ڕۆستەم، کوڕی گۆدەرز و زاوای ڕۆستەم [مێردی خوشکی ڕۆستەم] و هێندێک جاریش وەک مێردی کچی ڕۆستەم هاتووە.(فەرهەنگی دیژیتاڵی دێهخودا)

١٠٤. "گۆدەرز" پاڵەوانێکی دیکەی سەردەمی ڕۆستەم کوڕی پاڵەوان کشواد (هەمان سەرچاوە)

١٠٥. "توس": کوڕی نەوزەر. پاڵەوان و سپاسالاری کەیکاوس شا (هەمان سەرچاوە). بنەماڵەی "زەڕین کەفش" لە سنە خۆیان دەبەنەوە سەر بنەچەی توس. (چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی")

١٠٦. "کەستەم": گستهم، گەستهەم، پاڵەوانێکی سەردەمی ڕۆستەم. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١٠٧."بەهرام" پاڵەوانێکی سەردەمی ڕۆستەم و کەیکاوس شا کوڕی گۆدەرز. (هەمان سەرچاوە)

١٠٨. گۆڕ ناسناوی بارامی پێنجەم کوڕی یەزدگرد بوو، کە لەگەڵ پاڵەوان بارامی سەردەمی ڕۆستەم و کەیکاوس شا جیاوازیی هەیە. (هەمان سەرچاوە)

١٠٩. "گورگین": ناوی پاڵەوانێکی ئێرانییە کوڕی میلاد کە بە گورگینی میلاد بەناوبانگە. (هەمان سەرچاوە)

(ئەو دەم لـەگـەڵ شـای تورانیش شـــەڕ دەست پـێ دەکـەم و بۆ خـــۆم لە جـێگای ئەفراسیاب دادەنیشم)

فـەرمـا وە دایەش لەشکەر تەڵەب کـەرد

پەیدا بی خـرۆش زەمـزەمـەی نـەبەرد

(دایکی [زۆراب] فـەرمـانـی دا و لەشکەر کـۆکـرایـەوە و دەنگ و خـرۆشـی شـەڕ و نەبەرد بەرز بووەوە)

سپـاهـێ جەم کەرد جە تورکان چین

جە هـاڕەی ئەسـپـان مـەلەرزا زەمین

(لە تورکانی چینی لەشکەرێکی پێکەوە نا، لە زرمەی پێی ئەسپەکان عەرز دەلەرزی)

دانـە تەپڵ و کـــۆس پـادشـــا وێنـە

شکست دا وە تـەخت لاڵ خــــەزێنە

(هـەر وەک پادشـاکان لە تەپڵی شـەڕ دراو و لە خەزێنە [جـەواهـێرێکی زۆر تێچووی ئامادەکاری شـەڕ کرا])

تیپ تیپ دا لەشکر دەستە بێشمار

واتش بـە دایە نە جــێش بـۆ سـوار

(دەســتــە دەســتــە و تیپ تیپ لەشکـەر ڕیزی بەسـت و بە دایکی وت تـۆش لەگـەڵ لەشکەر سوار بە)

دایە حوکمش کەرد جە توران هـەمە

پـەرێش ئـاوەردەن تەمـــامـی ڕەمـــە

(دایکی فەرمانی دا چی ڕەوە ئەسپ لە وڵاتی توران هـەیە کۆبکرێتەوە و بۆی بێنن)

کـەمـەند گرت بە دەسـت شـی نە دلێشـان

بە کـەمـەند یەک یـەک گـیر مـەدا لێـشـان

([زۆراب] دەست بە کەمەندەوە چووە ناویان و یەک بە یەک دەیگرتن)

دەست مەنیا نە پشت ئەسپان سەر مەست

سست مەبی ئەسپان چەنی زۆر دەست

(کە بە دەست تەوژمی دەخستە سەر ملی ئەسپەکان، ئەسپەکان لە بەر زۆری دەست سست دەبوون و دەکەوتن)

جەو ئەسپان خاس هیچ ناما بەکار

دەستە پاچە بی نە جێش بو سوار

(لە نێو ئەو هەموو ئەسپە باشەدا، ئەسپێکی باش [شایستەی زۆراب] دەست نەکەوت. دەستەوەستان مایەوە و لە جێی خۆی چەقی)

ناگا پەیدا بی یەک نەوجەوانێ

وات ئەسپێ دارون جە مادیانێ[110]

(لە نەکاو گەنجێک پەیدا بوو وتی ئەسپێکم لە ماینێک هەیە)

ئەسپم جە ئەولاد ڕەخش ڕۆستەمەن

وێنەی ئەو ئەسپە نە عالەم کەمەن

(ئەسپەکەی من لە تۆوی ڕەخشەکەی ڕۆستەمە، وەکو ئەو ئەسپەی من لە جیهاندا پەیدا نابێت)

ئەو شەو کە ڕەخش ڕۆستەم جە لام بی

مادیانێم بی ئەو شەو بە فاڵ بی

(ئەو شەوە کە ڕەخشەکەی ڕۆستەمم لە لا بوو، منیش ماینێکم هەبوو بە فاڵ بوو)

ئیسە جەو توخمە ئەو ئەسپە پەیدان

لایەق بە ڕەکاب خاسەی پادشان

(ئێستا لە تۆیی ئەو ئەسپە [ڕەخشی ڕۆستەم]، ئەسپێکم هەیە کە هەر شایستەیە لە ڕەکابی پادشاهانی گەورەدا بێت)

---

١١٠. "مادیان" ماین، ناوی تاک بۆ ماین لە زمانی فارسیدا.

پەڕەندە چون بەرق ڕەوەندە چون باد

مـــەگـــەر خـــاترت بە ئەو ببـــۆ شـــاد

(وەک برووسک دەفڕی و وەک بایش تیژڕەو، مەگەر تەنیا ئەو ئەسپە پەسەند بکەی و پێی خۆشحاڵ ببی)

سوهراب فەرماواش، ئاوەرد وە نەزەر

جـــە توخم ڕەخش بی نەوەی نامـــوەر

(زۆراب فەرمانی دا کە ئەسپەکە بێنێ بۆ ئەوە ببینێ، دیتی کە ئەسپ لە تۆی ڕەخشی ڕۆڵەی ناوداره)

دەست ئاوەرد وەبان سەخەرەی پشتدا

زەڕەی نەلەخـــشـــا نە ژێر مـــشـــتـــدا

([زۆراب] دەستی بە گازەرەی پشتی ئەسپدا هێنا، دیتی کە ئەسپ تۆزقاڵێک لە ژێر دەستی نەبزاوت)

سوهراب فەرماواش ئەسپش کەردن زین

یەکێ نمازۆن جـــــــە مـــــــەردان کین

(زۆراب وتی ئەسپەکەم بۆ زین بکەن، ئیتر یەک کەس ناهێڵم لە پیاوانی ڕک و قین)

***

٥

## لەشکەر کێشانی زۆراب بۆ ئێران

سوب سەحەر نە وەخت هەنگامەی خروس

خێزا جە تورکان سەدای تەپڵ کوس

(بەیانی زوو لە کاتی قووڵاندنی کەڵەبابدا، تورکان هەستان و لە تەپڵیان دا)

بێدار بی سوهراب وەقت سوب سەحەر

پۆشنا خەفتان ببەستش کەمەر

(زۆراب بەیانی زوو هەستا و خەفتان و کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست)

دانە تەپڵ کوس کەڕنا ژەنیا

لەشکر گشت جە شار سەمەنگان کەنیا

(لە تەپڵ درا و کەڕەنا ژەنێندرا، لەشکەر شاری سەمەنگانی بەجێهێشت)

یاوا بە جەیحون[١١١] کەشتی وست نە ئاب

خەبەر بەردشان پەی ئەفراسیاب

(کە گەیشتنە ڕووباری جەیحوون و بەلەم لە ئاو خرا، خەبەریان برد بۆ ئەفراسیاب)

واتشان سوهراب پشتش بەست وە جەنگ

هاشی بە ئێران نەکەردەش درەنگ

(وتیان زۆراب بە تەمای شەڕ، ئەوەتا بە بێ ڕاوەستان چووەتە نێو خاکی ئێران)

١١١. "جەیحوون" لە فارسی کۆندا بە مانای چۆم و ڕووباری گەورە هاتووە. هاوکات گۆیا چۆمێکیش بووە لە تورکستان کە لە فارسیدا ئاموودەریا و لە فارسیی زۆر کۆنیشدا وەخشابیان پێ گوتراوە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

هێمـای کودەکـەن نادیدە سـاڵەن

مەیلش وە شمشێر گورز و گۆپاڵەن

(هێشتا منداڵ و ساوایە، [بەڵام] حەزی لە شمشێر، گورز و گۆپاڵە)

سا کە ئێد شنەفت شای توران زەمین

کــیـــانا پەرێش هـەزار ئـافـــەرین

(کە شای وڵاتی توران ئەمەی بیست، هەزاران ئافەرینی بۆ نارد)

فـەرما بە هومـان[١١٢] چەنی بەهرەمـان [١١٣]

بپـۆشـان سـەلاح کـەمـەند و کـەمـان

(دەسـتووری دا بـە هومـان و بـەهرەمـان کـە ئەوانیش چەکی کـەمـەند و کـەمـان لە خۆیان ببەستن)

سـاندا سـپـای وێش سـی هـەزار سـوار

سـپـەردش بە دەست هومـان خـونـخـوار

(لە لەشکەری خۆی سی هەزار سواری بە دەستی هومانی خوێنخوەر سپارد)

فـەرمـا بە گـەنجـور دانەی گـران سـەنگ

بار کـەران ئەسـپـان تازەی عـەجـەب ڕەنگ

(فـەرمـانی بە خـەزێنەدار دا کـە لە بەردی قیـمـەتی نوێ و هـەمـە ڕەنگ ئەسـپـان بار بکەن)

چەند ئەسپ، ئەسـتەر، چەند زەڕین کەمەر

کــیــاست وە پێــشکـەش نەوەی نـامــوەر

---

١١٢. "هومـان" پاڵەوانی تۆرانی نێـو شـانامـە، برای پیـران وەیسـە و سـەرلەشکری سـپـای شـا ئەفراسـیاب، هەر بە پێی شـانامە دواتر بە دەسـتی بیژەن کـوڕی گیـو کوژراوە. (فـەرهـەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١١٣. بەهرەمان یان بارەمان پاڵەوانێکی دیکەی تورانی نێو شانامە و سەردەمی ڕۆستەم. (هەمان سەرچاوە)

(چەند ئەسپ و چەند ئێستر و چەند زەڕین پشتی وەک پێشکەشی بۆ نەوەی ناودار نارد)

شاوات بە هومان مەزانی چێشەن؟

ئەمن جە ڕۆستەم خاترم ڕێشەن

(شا بە هومانی وت، ئەزانی چییە؟ من لە ڕۆستەم بریندار و بە ڕقم)

ئامانت فەرزەن زەنهار سەد زەنهار

ڕۆستەم بە سوهراب مەکەران ئیزهار

(ئەمانەتیت پێ دەدەم و نەکەی بە هیچ شێوەیەک لە بیری بکەی کە نابێ زۆراب بە ڕۆستەم بناسێندرێ)

ئارۆ مەعرەکەی جەنگ شێران بۆ

هەیاهۆی نەبەرد، دەنگ دلێران بۆ

(ئەو ڕۆژە کە نەبەرد و شەڕی شێران دەست پێ دەکا، ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی شەڕ و دەنگ هەڵبڕینی دلێرانە)

کارێ بکەران ڕۆستەم بۆ خەمناک

بەدەست فەرزەند وێش ببۆ هەلاک

(کارێک بکەن کە ڕۆستەم داغدار ببێ و بە دەستی خۆی ڕۆڵەی خۆی بکوژرێ)

هومان هۆرێزا کەمەر بەست بە تاو

بەرشی جە ئەیوان شا ئەفراسیاب

(هەومان هەستا بە پەلە خۆی گورج کردەوە و لە کۆشکی شا ئەفراسیاب دەرچوو)

سپا بەرد بە حوکم شای لەشکرشکەن

شی وەلای سوهراب نەوەی پیلتەن

(بە دەستووری شای "لەشکەر بەزێن"، لەشکەری بۆ لای زۆراب نەوەی فیلەتەن وەڕێ کەوت)

شـی وەلای ســـوهـراب هـومـــان پڕ زۆر
خێـزا جە جەیحوون سـەدای بانگ شۆر
(هـومـــانـی زۆردار چـوو بۆ لای زۆراب و لـە ئاوی جــەیحــوون دەنگی شـــەڕ بەرز کرایەوە)

سـپای بێ سـامـان ڕاهـی بی پەی جـەنگ
ســــالار تـوران نـەکـــــەردەش درەنـگ
لەشـکەری زۆر و زەبەن ڕێگەی شـــەڕی وەبەر گــرت و ســـەرۆکی تـورانی مـــاتڵ و درەنگی نەکرد)

دە ڕۆز دە شــەو کــەردشــان یەلـغــار
یاوان بە سـەرحـەد ڕای سفید حـەسار
(دە ڕۆژ و دە شەو ئەسپیان تاو دا هـەتا گەیشتنە سنووری قەڵا سپی)

***

٦

## شەڕی هەژیر لەگەڵ زۆراب و گرفتاربوونی ئەو بە دەستی زۆراب

یەکێ جەو حەسار گرتە بی مەقام

هەجیر[١١٤] گۆدەرز مەبەردشان نام

(دەسەڵاتداری قەڵا کەسێک بوو بە ناوی هەجیر [هەژیر]ی کوڕی گۆدەرز)

دایم جەو حەسار نیشتەبی بە شاد

بە فەرموودەی حوکم گۆدەرز[١١٥] کەشواد

([هەژیر] لەو قەڵایەدا بە فەرمانی گۆدەرزی کەشواد بە شادی و کەیفخۆشی ماوەیەکی ئێجگار زۆر بوو کە نیشتەجێ بووبوو و دەسەڵاتداری ئەوێ بوو)

خەبەر سوهراب شی وەلای هەجیر

واتن پەیدا بی گەرد و زمهەریر[١١٦]

(هەواڵی هاتنی زۆراب گەیشتە هەژیر و وتیان وا لە دوورەوە تەپ و تۆزی [هاتنی لەشکەر] هەستاوە)

---

١١٤. "هەجیر" یان "هەژیر" لێرەدا کوڕی گۆدەرزی کەشوادە. بەڵام لە میتۆلۆجیایی ئێرانیدا هەژیرێکی دیکە هەیە کە کوڕی قارنی کوڕی کاوەی ئاسنگەر بووە، دیارە ئەمیش هەر لە سەردەمی ڕۆستەمدا ژیاوە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١١٥. "گۆدەرز" بە پێی میتۆلۆجیی ئێرانی دوو گۆدەرز هەبوو، یەک گۆدەرزی کوڕی کەشواد و باوکی گیو، واتە ئەم گۆدەرزەی لێرەدا ناوی هاتووە. یەکی دیکەش گۆدەرزی کوڕی قارنی کوڕی کاوەی ئاسنگەرە واتە باوکی هەژیر. لە شانامە کوردییەکاندا بە گشتی لە هێندێک شوێندا جێگۆڕکێ بە پاڵەوانەکان کراوە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١١٦. "زمهەریر" بە مانای سەرمای یەکجار سەخت دێ، لێرەدا مانای تۆز و باوەهۆی بەفرە لە کاتی سەرمای زۆر و لە ڕادەبەدەردا.

جە دەریای جەیحوون تا سفید حەسار
ئانا پەیدا بی چەنی گـــــەرد و تار
(هەر لە بەحری جەیحوون هەتا قەلا سپی، تۆز و خۆڵ و تارماییی هەستابوو)

هەجیر ئێد شنەفت شی نە جامەی قار
پۆشـــا بە ئەندام جـــامـــەی کـــارزار
(هەژیر کە ئەمەی بیست ڕق و تووڕەیی هەستا و جل و کەرەستەی شەڕی لە بەر کرد)

ئەسپەر[117] وست نە دۆش کەمەر بەندش بەست
ڕوو کـەرد بە مـەیدان نێـزەش گـرت بە دەست
(قەڵغانی کردە شان، کەمەربەندی بەست، نێزەی بە دەستەوە گرت و ڕووی لە مەیدانی شەڕ کرد)

کێشا وە تورکان نەعرەی گرانی
بیـــۆ نە مـــەیدان یەک پەهلەوانی
(بە سەر تورکاندا گۆڕاندی و وتی با پاڵەوانێکتان بێتە مەیدان)

ئینە سپای کێن؟ کێن سەردارتان؟
نە ســپـــا بازون نە ســـەردارتان
(ئەمە لەشکەری کێیە و سەرۆکتان کێیە؟ ئێستا نە لەشکەر دێڵم و نە سەرلەشکەرتان)

سوهراب ئێد شنەفت سیا بی جە قار
پۆشـــا بە ئەندام جـــامـــەی کـــارزار
(زۆراب کە ئەمەی بیست لە تووڕەییدا ڕەش هەڵگەڕا و جلی شەڕی لە بەر کرد)

---

١١٧. "ئەسپەر" قەڵغان، کەرەستەی بەرگری.

ئەسپەر وست نە دۆش تەرکش چەنی تیر
جـــەولان دا بە ئەسپ لوا پەی هـەجـــیـــر

(قـەڵغـانـی کـردە شـان، تیـر و کـەوانی لە پشت بەست و بە سـواری ئەسپ بەرەو هـەژیر غاری دا)

هەجیـر وات: ئەی شـەخس تۆ چێش نـامـەنی
وە پـای وێت نـە دام نەهـەنگ ئـامـــــــەنـی

(هەژیر پێی وت کابرا ناوت چییە؟ تۆ بە پێی خۆت، خۆت لە تەڵە و داوی نەهەنگ خستووە)

ئەگەر تۆ جە دەست من بەرشی وەبەر
ئەوسـا دەعوای تەخت کەیکاوس بکەر

(ئەگـەر هـاتوو تۆ لە دەسـتـی من ڕزگـارت بوو، ئەودەم تـاج و تەخـتی کـەیکاوست پێشکەش دەکەم)

دەست بـەرد وە نەیزە پەهـلـەوان کـار
داش نە کەمەربەند سوهراب نامدار

([هـەژیر] پاڵەوانی لێهاتوو دەستی برد بۆ نێزە و زەبرێکی لە کەمـەربەندی زۆرابی ناودار دا)

ج مـەودای ئەڵمـاس نـەیزەی پڕ خـەتەر
ئەسـلەن وە سـوهراب نەبی کـاریگەر

( نێزەی ترسناک لە بەر ئەڵماسی پشتێنی زۆراب، هیچ کاریگەرییەکی لێ نەکرد)

نۆبـەی سـوهراب بی دەست بـەرد وە سـەنان
ڕەکـاب دا وە ئەسپ، سـەمـەند[118] دا جـەولان

(کـە نۆرەی زۆراب هات لـەغـاوی ئـەسـپی جـوڵاند و پێی لە ڕەکـاوی ئەسپ دا و لە جوڵانەوەیەکی خێرادا)

١١٨. سەمەند ناوی ئەسپی زۆرابە وەک ڕەخش ناوی ئەسپی ڕۆستەمە.

وە پەنجەی پڕ زۆر بازو کەرد گوشاد
ئەوەڵ زات حـــــەق ئاوەردش وە یاد
(ناوی خودای هێنا و بە پەنجەی پڕ زۆر و باسکی بەهێز)

داش نە کەمەربەند هەجیر سەرمەست
کەندش نە ڕووی زین دەست و پاش بەست
(لە کەمەربەندی هەژیری سەرمەستی دا، لە سەر زینی ئەسپ هێنایە خوارەوە و لاق و دەستی بەست)

بەردش پەی هومان بە دەست بەستە
زەنجیر نە گەردەن بە سەر شکستە
(بە دەست بەستراوی، زنجیر لە مل و سەری شکاوەوە بردی بۆ لای هومان)

یاران هەجیر نە بالآی حەسار
کەردشان فەریاد خرۆشان بە زار
(هەڤالآنی هەژیر لە سەر بانی قەلآ کردیان بە هاوار و شین و زاری)

خاهەر[119] چوو کە دیش ماجەرای هەجیر
سـیـا بی جە قار وێنەی ڕەنگ قیر
(خوشک [خوشکی هەژیر] کە ئەم بەسەرهاتەی هەژیری دیت هەر وەک قیر لە ڕق و قیندا ڕەش هەڵگەڕا)

شی وە لای بابۆش دەروون پڕ جە دەرد
پۆشـا بە ئەندام ئەسـاسـەی نەبەرد
(کەرەستەی شەڕی لە خۆی دا و بە دڵێکی غەمین و پەژارەوە چوو بۆ لای باوکی)

---

١١٩. لێرەدا مەبەست "گوردئافەرید" کچی کەژدەهەمە. لە شانامەی فیردەوسیدا لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا فەسڵێک بۆ شەڕی گوردئافەرید و زۆراب دیاری کراوە.

واتش ئەی بابۆ هەجیرت گیریا
جەی سەر زەمینە رۆومان بی سیا
(وتی بابە هەژیرت بە دیل گیرا، لە هەموو ولاتان رۆومان رەش بوو)

رۆخسەت دەر پەنەم تا من چوون مەردان
بستانۆن قەساس[120] جە ئەو پەهلەوان
(ئیزنم بدەیە کە منیش هەروەک پیاوان، تۆڵە لەو پاڵەوانە [زۆراب] بکەمەوە)

جە تەن خوای قەساس هەجیر سەرمەست
ئەو پەهلەوانە باوەرون بە دەست
(لە جێگەی تۆڵەی هەژیری سەرمەست منیش ئەو پاڵەوانە بە دیل بگرم)

بابۆ رۆخسەت دا، دوختەر پەی مەیدان
بکەرۆ نەبەرد چەنی پەهلەوان
(باوکی ئیزنی بە کچەکەیدا کە بچێتە مەیدان و لەگەڵ پاڵەوان شەڕ بکا)

ئەسپەر کەهیم[121] تەمام ئاهەن بەر
دوودی برادەر دڵ کەباب جگەر
(لە کاتێکدا جەرگی وەک کەباب بۆ براکەی دووکەڵی لێ هەڵدەستا، قەڵخانی ئاسنینی لە بەر کرد)

دوو زولفش نە زیر کلاوخود[122] کەرد تار
پۆشا دەرع جەنگ حەربەی کارزار
(زولفەکانی لە ژێر کلاو ئاسنیندا شاردەوە و جل و کەرەستەی شەڕی لە بەر کرد)

---

١٢٠. "قەساس" چەمکێکی ئیسلامییە کە لێرەدا لە باتی "تۆڵە" کەوتووەتە نێو شانامە کوردییەکانەوە. لە دەقی فیردەوسیدا وشەیەک بە ناوی قەساس نییە.

١٢١. "کەهیم"، "گەهیم" لەم وشەیە دڵنیا نیم.

١٢٢. "کلاوخود"، کلاوئاسنین، کلاوی تایبەت بە شەڕ.

تەرکش بەست نە پشت چەنی چل خـەدەنگ

هەر یەک پەیکانش دوو مـەن بی بە سـەنگ

(چل دانە خـەدەنگی [تیـری کـەوان] لە کـەمـەری بەست، هەریەک لە پەیکانی خەدەنگەکان دوو مەن [شەش کیلۆ] قورساییان هەبوو)

ئەسـپش زین کـەرد سـەرتـاپا تەیار

لجـام لاجـەوەرد ڕەکـاب زەڕەنگار

(ئەسـپی زین کـرد، تەواو حـازر و ئامـادە، لەغـاوی ئەسـپـەکـە لاجـەوەرد و ڕەکاوەکەشی زێڕ بوو)

سـوار بی وە ئـەسپ گـوزیدەی سـالان

ئاما نە مـەیدان شـای سۆسـەن خـالان

(سواری ئەسپ بوو، ئەسپێک هەڵبژاردەی ساڵ، شای سۆسەن خاڵ هاتە مەیدانی شەڕ)

ئامـا نە مـەیدان وێنەی شـێـر مـەست

چوون شـێـر غوران خرۆشـا بـە قـەست

(هەر وەک شێری سـەرمەست هاتە مەیدانی شەڕ و وەک شـێـر نەڕاندی و داوای هاتنە مەیدانی کرد)

واتش ئەی تورکان دوور جە عەقڵ و فام

سـوارێ پەی جـەنگ حـازر بۆ جـە لام

(وتی هەی تورکـانی بێ عـەقڵ و نەفـام، سـوارێک هەڵبـژێرن کە بێت شـەڕم لەگەڵ بکات)

ئارۆ وەخت جـەنگ ڕووی کارزارەن

کێتـان هونەرمـەند جویای شکارەن

(ئیمڕۆ کاتی شەڕە، کامەتان هونەرمەند و شەڕکەرە با بێتە مەیدان)

سوهراب ئێد شنەفت هۆرگێلا جە ڕەنگ
ئاما نە مەیدان عەرسەی دەشت جەنگ
(زۆراب ئەمەی بیست ڕەنگی گۆڕا و هاتە مەیدانی شەڕ)

دوختەر خرۆشا دەست بەرد ئەو کەمان
ستێزا چوون شێر ئەژدەهای دەمان
(کچ گۆڕاندی و دەستی دا بە تیر و کەوان و وەک شێر و ئەژدیهای سەردەم چووە شەڕ)

چل چووب خەدەنگ مەودای مووشکاو
ساختەی ئوستادان توحفەی تازە ساو
(چل دانە تیری [خەدەنگ] تیژی، مووقلێشی، تازە هەساندراوی دەستی وەستایان)

دا نە ڕووی کەمان یەکایەک بە قار
پێکا وە سوهراب خەدەنگان ژار
(تیرگەلی ژاراوی یەک بە دوای یەکدا بە قین و تووڕەییەوە لە کەوان دا و لە زۆرابی دا)

تەرکش توهی بی خاڵی بی کەمان
نۆبە کەفت بە دەست ئەژدەهای دەمان[١٢٣]
(تیرەکانی لاقەدی تەواو بوو، ئەو جار نۆرە کەوتە ئەژدیهای ترسناک [زۆراب])

سوهراب ئەی جەنگ دی، خەیلێ خجڵ مەند
بە پەنجەی پڕ زۆر هەوا دا کەمەند
(زۆراب لە دیتنی ئەم شەڕە شەرم دایگرت و بە پەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندی حەوا دا)

---

١٢٣. "ئەژدەهای دەمان"، ئەژدیهایەک لەو پەڕی تووڕەیی و ترسناکیدا گڕی ئاگری لە دەم دێتە دەر. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

جـه ســەر کـۆبەی زیـن ئاوەردش بە وار

بە حـەڵقـەی کەمـەند کـەردش نگوونسـار

(لە سـەرکۆبەی زینەوە هێنایە خوار و بە کلافەی کەمەند سـەرەوژێری کرد)

پیـا بی جە ئەسـپ، دەست بەرد ئەو کەمـەر

دیا کـــلاوخـــود بکیـــانش نە ســـەر

(لە ئەسپ دابەزی و دەسـتی بۆ کـەمـەری برد، لەو کاتەدا کـڵاوی ئاسنین لە سـەری کەوت)

دوو زوڵف چون قـەتران قـەڵەم کەشـیدە

مـــژان چون ئـەڵـمـــاس نـە دەور دیدە

(دوو زولفی قـەڵەم کێـشـراوی وەک قـەترانی رەش، برژانگی وەک ئەڵمـاس لە دەور چاوگەلی)

دوختەر خجڵ مـەند جە مەیدان کار

حـیلەبازی کـەرد ئامـا وە گـوفـتـار

(کچ کە لە مەیدانی شەڕ بەزیبوو، ئەوجار بە فێڵ و تەڵەکەوە کەوتە قسەکردن)

واتش ئەی جـەوان مـەردانە کـردار

نامت بەد مـــەبۆ نە ڕووی ڕۆزگـــار

(وتی ئەی گەنجی ئاکار پیاوانە، ناوت لە جیهاندا دەزڕێ و بە خراپە دەڕوا)

ماچان پەهلـەوان شـای ئەفراسیاب

چەنی دوخـتــەرێ نـەمــانا عــەتاب

(دەڵێن پاڵەوانی شا ئەفراسیاب لەگەڵ کچێک لێبوردوویی نەبوو)

وڵات پڕ مــــەبۆ جــــە واتـە و خــــەبەر

چەنی زەن جـەنگ کـەرد سوهراب سـەروەر

(خەبەر بە هەموو ولاتدا بلاو دەبێتەوە کە زۆرابی سەروەر لەگەڵ کچێک شەڕی کردووە)

جە لای هامسەران خجڵ مەمانی
مەبی بە واتەی پەند ئێرانی

(لە لای هاوسەرانت شەرمەندە دەبی و دەبی بە پەند و ناتۆرەی ئێرانییەکان)

هەجیر ها جە لات زەنجیرت کەردەن
منیچ بەندەی تۆم تا بە رووی مەردەن

(هەژیرت لە لایە و زنجیرت کردووە، منیش هەتا دەمرم دەبمە کۆیلەت)

شەرت بۆ چوون یاران قەدیم زەمانە
بسازۆن چەنیت بێ مەنع و تانە

(شەرت بێت وەک یار و دۆستانی دەورانی دێرین، لەگەڵت ڕێک بم بە بێ کۆست و تەگەرە)

ئەگەر یەک سەعات مەدەریم دەستور
مەشۆم بەو حەسار فەراوان زور

(ئەگەر تەنیا کاتژمێرێک کاتم دەدەیەی، ئەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو قەڵا گەورەیە)

هەرچی گەنج و ماڵ خەزێنەی تەمام
ماوەرون پەرێت بێ سەبر و ئارام

(هەرچیت لە گەنج و ماڵ ویست بۆت دێنم بە هێوری و ئارامی)

سوهراب ئێد شنەفت خەیلێ بی خوەشحاڵ
عاشق بی وە زولف قەترانی زوغاڵ

(زۆراب کە ئەمەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو و ئەڤینداری زولفە ڕەشەکەی بە وێنەی وەک زوخاڵ بوو)

هۆر گرتش کەمەن ساختەی چەرم خام
دوختەر بەو دەستور ڕەها بی جە دام
(کەمەندی چێکراو لە چەرمی خاوی لێ کردەوە و بەو شێوەیە کچ لە داو ڕزگار بوو)

جە دەست سوهراب بەرشی بێ ئازار
ڕوو سفید سەربەرز شی وەپای حەسار
(بە بێ ئازار لە دەستی زۆراب ڕزگاری بوو و سەربەرز گەڕایەوە قەڵا)

پیا بی جە ئەسپ باڵا شۆخ شەنگ
شی وە بورج بەرز قەڵای سەخت سەنگ
([کچی] باڵا شۆخ و شەنگ لە ئەسپ پیادە بوو و چووە سەر بورجی هەرەبەرزی قەڵا سەختی بەردین)

کێشا نەعرەی سەخت سەوڵ سیم ئەندام
وات ئەی پەهلەوان دوور جە عەقڵ و فام
(سەوڵی لەش بە ئاسن داپۆشراو بە توندی گۆڕاندی وتی هۆ پاڵەوانی بێ عەقڵ و نەفام)

هۆرگێڵە جە مڵک، خاکت وە سەر بۆ
نەسیب شادیت وەخت خەتەر بۆ
(لەم وڵاتە بڕۆ هەی خاکت بە سەر، لە جێی شادی و خۆشی تووشی خەتەر و مەترسی دەبیت)

وەرنە پەی کاوس مەکیانۆم خەبەر
سپای بێ سامان بکێشوت بە سەر
(دەنا خەبەر بۆ کەیکاوس دەنێرم کە لەشکرێکی فراوانت بکێشێتە سەر)

ڕۆستەم جە ئەولاد دەستان سامەن
ئەربیۆ بە جەنگ عومرت تەمامەن

(ڕۆستەم کە ڕۆڵەی بنەماڵەی سامە، ئەگەر بێتە شەڕت ئەوە کارت تەواوە)

سوهراب ئێد شنەفت سیا بی جە قار
واتش ئەی بی ڕای شووم جادووکار

(زۆراب کە ئەمەی بیست لە قیندا ڕەش هەڵگەڕاو وتی هەی ڕێ لێ ونبووی شوومی جادووگەر)

نەزانام بە مەکر ئەفسوون نمایت
وەرنە کەی جە بەند من مەبی ڕاهیت؟

(نەمزانی کە فێل و تەڵەکەت لێ کردم، دەنا کەی لە بەندی من ڕزگارت دەبوو؟)

ئارۆ خۆ تاریک سەر وەخت شامەن
جە لای عاشقان کۆشش حەرامەن

(ئێستا تاریکە و وەختی شامە، لە لای ئەڤینداران شەڕکردن حەرامە)

بەڵێ بە تەوفیق جەهان ئافەرین
سەحەر من بە زوو بازوی سەهمگین

(بەڵێ، بە یارمەتی خودای جیهان خوڵقێنەر، بەیانی زۆر زوو بە باسک و باهۆی ترسناکم)

ئەی قەڵای سەنگین دەروازە و حەسار
وە زەرب گۆپاڵ مەبۆ یەختەسار

(ئەم قەڵا بەردینە بە دەروازە و حەوشەوە بە زەربی گۆپاڵ دەڕووخێنم)

ئەوسا مەزانی مەعرەکەی شێران
مەپرسۆ جە لات ڕەزم شای ئێران

(ئەو دەم دەزانی کە شەڕی شێران چۆنە و پێت دەڵێم کە شەڕ شای ئێران چۆنە)

دوختەر ئێد شنەفت ئاما نە جای وێش
شی بە لای بابۆش بە خۆف ئەندێش

(کچ ئەمــەی بیست و لە جـێگەی خـۆی گەڕایـەوە و بە ترس و بیـرکـردنەوە چوو بۆ لای باوکی)

بابۆ وات: دوختـەر ڕووت سفید کەردان
وە نامووس بەرشیت جە دەست مەردان

(بابی وتی: کچ ڕووت سپی کردم و نامووست لە دەستی پیاوان ڕزگار کرد)

دوختەر وات: بابۆ هـەرگیز نەدیمان
مـاچی ڕۆسـتـەمــەن سـام نەریمان

(کچ وتی: بابە قەت شتی وام نەدیوە، هەر لە ڕۆستەمی سامی نەریمان دەچێ)

وێنەی ڕۆستەمـەن وە جەنگ کەردەنش
نـە مــــــەبـۆ چـارەی دوا بـەردەنـش

(لە شەڕکردندا هەر لە ڕۆستەم دەچێ و هیچ چارەیەکی لەگەڵ ناکرێ)

هەجـیـرت گـیـریا بە کێ بنازیم؟
چارمـان ئێـدەن شـار بە جـا بازیم

(هەژیرت بە دیل گیراوە، کێ جێگەی دەگرێتەوە، تەنیا چارەمان ئەوەیە کە شار بە جێ بێڵین)

سـەردار گـران سـەهـمناک پێـشـەن
یا نەوەی سامەن یا هـەر سام وێشـەن

(سەردارێکی قورسی ترسناکە، یان نەوەی سامە یان هەر سام بۆ خۆیەتی)

وە باهـۆ قـەوی وە سـینە چاکـەن
وە زۆر پڕ هـێـز وە جـەمین پاکـەن

(بە باهۆی ئەستوور و بە سینە چاکی و بە زۆرداری و ڕوومەت پاکی)

جـە هـونەرمـەندیش نیـەن نە جـەهان
بە عـەزم کوشـتـەی کـەیکاوس ئامـان

(له هونەرمەندیدا لە جیهان وەک ئەو پەیدا نابێت، بە بڕیارەوە بۆ کوشتنی کەیکاوس هاتووە)

هەجیرش بگرت قەستش کەرد بە قەست
نیاش نە ڕووی خاک دەست و پاش بەست
(هەژیری بە مەبەستی کوشتن بە عەرز دادا، گرتی و دەست و لاقی بەست)

دوو زولفم نە زیر کڵاوخود کەرد تار
شیم نە ڕووی مەساف عەرسەی کارزار
(پەلکەکانم لە ژێر کڵاوئاسنین شاردەوە و چوومە مەیدانی شەڕ)

سەد چووب خەدەنگ پێکام نە گیانش
یەک یەک چون نەشتەر نشت نە ئستخوانش
(سەد دانە تیرم پێوە نا، دانەدانەش هەروەک نەشتەر ئێسکیان سمی)

ئەسپەر قەڵەم کەرد وە تێغ ئابدار
کڵاوخود کەنیا زولفم دا دیار
(قەڵخانەکەمی بە "شمشێری دەمەزەرد" کرد بە دوو لەتەوە، کڵاوی ئاسنینم لە سەر کەوت و زولفەکانم وەدەرکەوتن)

ئەوەند جەنگ کەردم پەنەم نەمەند گیان
وە فەند جە دەستش ئینە بەرشیان
(ئەوەندە شەڕم کرد ماندوو و هیلاکم، ئێستاش وە فێڵ و تەڵەکەبازی لە دەستی ڕزگارم بووە)

***

٧

## نامەنووسینی باوکی هەژیر بۆ کەیکاوس شا

بابۆ ئێـد شنەفت خـەیلـێ بی سـەرسـام

تەڵەب کـەرد وەزیر ساحیب عەقڵ و فـام

(باوک ئەمـەی بیست گەلێک تووشی سـەرسـوڕمان بوو، داوای کرد وەزیری عاقڵ و تێگەیشتوو بێتە لای)

نـویسـا وە لای پـادشـای ئـێـران

یەعنێ کـەیکاوس شـای دەنگ دلێـران

(نامەیەکی بۆ شای ئێران، یانێ کەیکاوس شای دەنگ دلێران نووسی)

ئومـێـد هەن بە زات جـەهـان ئافـەرین

بنیـشی وە شـاد نە ڕووی سـەر زەمین

(لە خودای جیهان خوڵقێن داوادەکەم و هیوادارم بە شادی و خۆشی بژی)

جـەوانێ چون شـێـر غـوڕەندەی دەمـان

ڕەفـیـقش هومـان چەنـی بارەمـان[١٢٤]

(گـەنجـێک هـەروەک نەڕەی شـێـڕی ترسـناک، بە هـاوڕێیـەتیی هـومـان و لەگـەڵ بارەمان)

هـا جـە لای تورکان شـای ئەفراسیـاب

ئامـان بە ئێران سـوپای بێ حـەسـاب

---

١٢٤. "بارەمان" هەمان "بەهرەمان" پاڵەوانی تورانییە.

(لەلایەن شا ئەفراسیاب شای تورکانەوە، لەشکەرێکی زۆر و زەبەنیان هێناوەتە ئێران)

جە خەیمەی گوڵڕەنگ ئەبریشەم تەناف
سارا و سەر زەمین، بی وە دانەی ساف

(بەهەڵدانی خێمەی گوڵڕەنگ و گوریسی هاورێشم، دەشت و دەر هەموو وەک دانەی جەواهێری سافی لێ هاتووە)

جەوانێ جە سن[١٢٥] پازدە ساڵانەن
سالار سەرکەش کەمەر لاڵانەن

(گەنجێکی تەمەن پازدە ساڵان، کە سەرلەشکەری کەمەر لەعلان دەکا)

هەر گا بکێشۆ تێغ هیندی کار
نەهەنگ نە دەریا مەبۆ بێ قەرار

(کاتێک شمشێری دەستکردی هیندی دەوەشێنێ، نەهەنگ لە دەریاش بێ ئۆقرە دەبێ)

جە توران ئامان پەی شەهریاری
قەڵامان بە زۆر کەردەن حەساری

(لە تورانەوە هاتووە و بە تەمای تاجی پادشایەتییە، بە زۆر قەڵای لێ داگیر کردووین)

هەجیر وست وە چەنگ خەستەی دڵ خەمین
کێشا وە کەمەند پارەی سەهمگین

(هەژیری ماندوو و خەمباری بە کەمەندی قورس و گران بەدیل گرت)

هەر چەند پەهلەوان سەرحەد نشینەن
یەکایەک مەحبوس خاتر خەمینەن

(هەموو پاڵەوانانی سنوورنشین، یەک بە یەک گرفتار و دڵ بەغەمن)

١٢٥. لە دەستنووسەکەدا "سند" نووسراوە، کە دەبێ سن یان سنع بێت، واتە تەمەن.

هەنی نەمەندەن تەنها سواریٚ

بشۆ بە مەیدان پەی کارزاریٚ

(ئێستا ئیتر تاقە سوارێکیش نەماوە کە ورەی هەبێت و بچێتە مەیدانی شەڕی [ئەو])

ئەگەر کە شا وێش زو نەیۆ وە جەنگ

هەنی جە حەسار نیەن جای درەنگ

(ئەگەر بێتو شا بۆ خۆی بە زووترین کات نەیەت بۆ شەڕ ئەوە هاکا قەڵا [هەرێم]مان داگیرکرا)

هەرچیٚ گەنج و ماڵ توحفە و مەتامەن

هەر چەند کە فەرزەند یان ئەقرەبامەن

(هەموو گەنج و ماڵ و شتی گرانبەهامان هەیە بار دەکەین و لەگەڵ منداڵەکانم و خزمان)

شەو ڕاگە نەهات مەگیرون نەوەر

پەژارە نەبی جا تا بە ڕووی مەحشەر

(ئیمشەو ڕێگەی نەهات دەگرینە بەر، هیوادارم کە تۆ هەتا ڕۆژی مەحشەر پەژارە نەبیت)

ئیختیار بە دەست شای بڵند ماوان

سینەمان بە تێغ دوژمن شکاوان

(ئێستا ئیتر بڕیار بە دەستی شای بەرزە نشینە، [ئێمە] سینگمان بە شمشێری دوژمن شکاوە)

عەرزی زەلیلی سەرتاپا تەمام

نویسا بە سۆز یاوا بە ئەنجام

(بە سەرهاتی داماویی بە دوور و درێژی نووسراو بە سۆزەوە کۆتایی هات)

داش بـه دەسـت پـەیـک پـەڕەنـدەی پـڕ دەو
وێشـان کۆچ کـەردن هـەر جـە نیـمـە شـەو
(درا بە دەستی پەیکی باڵگرەوەی تیژڕەو، بۆ خۆشیان هەر لە نیوەشەودا کۆچیان کرد)

کێشـان گەنج و مـاڵ گـوریزان بە تاو
بەرشین جـە ئەیوان شـەو نەکردن خـاو
(چی گەنج و مـاڵ هەیە بار کرا و بە پەلە هەڵاتن، قەسریان بەجێ هێشت و شـەو نەخەوتن)

سەحەر چوون خوەرشید جە کەل بەر ئاما
سـپـای بێ سـامـان جـە خـاو هـورێزا
(بەیانی زوو کە خۆر لە ئاسۆ دەرکەوت، لەشکەری بێ سامان لە خەو هەستا)

پۆشـان وە باڵا کـاڵای فـەرەنگی[١٢٦]
بێدار بی جە خـاو سوهراب جەنگی
(جلی فەرهەنگیان پۆشی و زۆرابی شەرکەریش لە خەو هەستا)
سـەلاح ڕۆی جـەنگ پۆشـنـا بە وێش
شی نـە کـۆڵ ڕەخش بـێ خـۆف و ئەندێش
(چەک و چۆڵی ڕۆژی شـەڕی لە خـۆی بەست و بە بێ ترس و دڵەڕاوکـە سـواری ڕەخشەکەی بوو)

سپای تورکان، خێزان پەی نەبەرد
زەمین بی وە قـیـر هـەوا لاجـەوەرد
(لەشکەری تورکان بۆ شەڕ جووڵان، زەوی ڕەش هەڵگەڕاو ئاسمان شین)

١٢٦. وشەی "فەرەنگ" یان فەرەنگی کە بە مانای ڕۆژئاوایی یان ئەوروپایی دێ، وشەیەکی نوێیە و ئەم وشە تەنیا لە دەقە کوردییەکاندا هەیە.

جەولان دا بە ئەسپ نەوەیی نامدار

شکستن بە گورز دەروازەو حەسار

(نەوەی ناودار [زۆراب] ئەسپی تاو دا و بە زەربی گورز دەروازە و حەوشەی قەلا شکێندرا)

سواران داوە، جویای ڕەزم جەنگ

کێشان نە مابەین قەلای سەخت تەنگ

(سواران بە شوێن شەڕکەراندا گەڕان و خۆیان گەیاندە نێو شوێنە تەنگ و باریکەکانی قەلای سەخت)

گێلان پەی دوختەر جە سەر تا بە وار

نەبی نشانەی نەوەیی نامدار

(سەروژێر بە شوێن کچدا گەڕان و هیچ نیشانەیەکیان لە نەوەی ناودار [کچ] نەدی)

کێشان بەو حەسار بارخانەی وێشان

نشتن وە خەمناک خاتر پەرێشان

(لە قەلادا جێگربوون و بارخانە و کەرەستەی خۆیان دامەزراند و بە غەمباری بۆی دانیشتن)

قاسد چون شاباز جەنگی دلێران

تا یاوا وە نەزد پادشای ئێران

(نامەبەر وەک شابازی شەڕیکەری دلێران بە بێ ڕاوەستان خۆی گەیاندە لای پادشای ئێران)

نیان بەزم ساز یاران تەڵەب کەرد

خدی دان بە جام تا بە شەفەق زەرد

(شا لە کۆڕی بەزم و ڕەزمی مۆسیقادا بوو و هەتا بەیانی زەردەی شەفەق خەریکی خواردنەوە بوون)

چەند پەهلەوانان حازر بین جە لاش
دەست وە بان دەست مەکەردن سەناش

(ژمارەیەک پاڵەوانی لا حازر بوو کە دەست لەسەر سینگ خەریکی پەسەن بێژی بوون)

شا دیش قاسدێ ئاما جە لاوە
عەرزش دا بە دەست کەیکاوس شاوە

(شا دیتی نامەبەرێک لەو لاوە هات و نامەکەی دا بە دەستی کەیکاوس شا)

چون وانا عەرزەی جەنگی دلێران
خرۆشا بە قار پادشای ئێران

(کاتێک نامەی بە سەرهاتی شەڕی دلێرانی خوێندەوە، پادشای ئێران لە تورەییدا گۆڕاندی)

بێژەن[127] چەنی گیو، گورگین میلاد
ڕەهام[128] و بەهرام، گۆدەرز کەشواد

(بێژەن لەگەڵ گورگینی میلاد، ڕەهام و بارام و گۆدەرزی کەشواد)

توس و فەریبورز[129] شازادەی کەیان
شیدوش[130] و قوباد[131] نەوەی کەیانان

---

١٢٧. "بێژەن" بێژەن کوڕی گیو، نەوەی گۆدەرز و خوشکەزای ڕۆستەم یەکێک لە پاڵەوانانی سەردەمی ڕۆستەم. لە چیرۆکەکانی دیکەی شانامەی فیردەوسیدا بێژەن لە شوێنێک بارەمان و لە شوێنی دیکەش هومان پاڵەوانی تۆرانی دەکوژێ. (فەرهەنگی دیژیتاڵی دێهخودا)

١٢٨. "ڕەهام" کوڕی گۆدەرز و نەوەی کەشواد، یەکێک لە پاڵەوانانی سەردەمی ڕۆستەم و دواتر سەرلەشکەری بارامی گۆڕ. (هەمان سەرچاوە)

١٢٩. "فەریبورز" کوڕی کەیکاوس شا کە بە پێی شانامە لە شەڕی "دوازدە ڕۆخ"دا "کەلباد"ی کوڕی "پیرانی وەیسە"ی تۆرانی کوشت. (هەمان سەرچاوە)

١٣٠. "شیدوش" کوڕی گۆدەرز و برای گیو، یەکێک لە پاڵەوانە ئێرانییەکانی سەردەمی ڕۆستەم. (هەمان سەرچاوە)

١٣١. "قوباد" کوڕی کاوەی ئاسنگەر و برای قارن. یەکێک لە سەرلەشکرەکانی ئێران کە لە =

(توس و فەریبورز شازادەگەلی کەیانی، شیدوش و قوباد لە نەوەکانی کەیان)

شـا قسـەی سـوهراب سـەرتاپا تەمـام
وانا پەرێشـان سـەرسـام بین سـەرسـام

(شـا بەسـەرهاتی زۆرابی لـە بنەوە هەمـوو بۆ گێرانەوە و ئەوانیش گـەلێک تووشـی حەپەسان و سەرسوڕمان بوون)

واتش پەهلەوان جـەنگی کودامـەن؟
کێشان هونەرمـەند پڕ زۆر سامەن؟

(وتی پاڵـەوانی شـەڕکـەری [نێـوتان] کـامـەیە؟ کـامـەتان هـونەرمـەندی پڕ زۆر و ترسناکی نێو هەمووانە؟)

سەحەر سپای جـەنگ مەسپارۆش بە دەست
ڕاهی بۆ پەی ڕەزم وێنەی شـێـر مـەست

(بەیانی زوو لەشکەری شـەڕی پێ دەسپێرم کە هەروەک شێری سەرمـەست ڕێگای مەیدانی شەڕ بگرێ)

فـەردا {پەری لیک}[١٣٢] شـۆڵـەی ئافـتـاب
بەرۆ بـەو مـەکـان سـپـای بێ حـیـسـاب

(بەیانی شـەفەق بەر لە دەرکـەوتنی زەردەی خۆر، لەشکەری بێ ئەژمـار بۆ شـوێنی شەڕ بەرێت)

بەو تەور سپای تورک کەرۆ قـەتڵ و عام
هـەر واچان بە ڕاز تـا یومــەلقــەیام

(بە جـۆرێک لەشکـەری تورکـان قـەتڵوعـام بکا کـە تا هـەتاهـەتایـە و هـەتا دنیـا ئاخـر وەک ڕاز و سەربردە بگێڕدرێتەوە)

=سـەردەمی پادشایەتی نـەوزەر کوڕی مـەنووچەر لە شـەڕ لەگەڵ پادشـای توران ئەفراسیاب بە دەستی بارەمان کوژرا. (هەمان سەرچاوە)

١٣٢. لە دەستنووسـەکەدا وا نووسراوە یان من وای تێ گەیشتم.

ئەو پەهلەوانان نە پای تەخت شا

تەمام سەراسەر گرد زەڕین کولا

(ئەو پاڵەوانانەی حازر لە بن تەختی پادشا کە هەموویان کڵاوی زێڕینیان لە سەر بوو)

تەمام گشت مات بین سەراسیمەوار

ئاخر سەرئەنجام ئامان بە گوفتار

(دوای ئەوە هەموویان مات و سەر لێشێواو بوون، ئاخرەکەی هاتنە قسە)

واتن پادشا جەوانێ پەی تەور

بە کینە بدۆ شمشێر نە ڕووی هەور

(وتیان پادشا گەنجێکی بەو شێوەیە کە بە ڕق و قین شمشێر لە ڕووی هەوران بوەشێنێ)

وە جای هەجیر کەردە بۆش نە وەند

وە یەزدان پاک یەکتای خوداوەند

(کەسێک کە هەژیری دەستبەسەر کردووە بەو خودا پاک و تاقانەیە)

مەگەر هەم ڕۆستەم نە زابۆل زەمین

بیۆ پەرێ جەنگ نە مەیدان کین

(مەگەر تەنیا ڕۆستەم لە وڵاتی زابۆل بە قینەوە بچێتە شەڕی)

وەرنە پەی دەستوور هیچ نەدارۆ چار

کەس نیەن هەمتاش نە ڕووی ڕۆزگار

(دەنا بەو شێوەیە هیچ چارەیەکمان نییە و لەم سەردەمەشدا کەسێکیش [بێجگە لە ڕۆستەم] ناتوانێ هاوشان و هاوتای بکا)

***

٨

## نامە نووسینی کەیکاوس بۆ لای ڕۆستەم

شـــا فـــەرمـــا وەزیر حـــازر بـی جـــە لاش
سـوجدەی زەمین بەرد نە ڕووی خـاک پاش

(شا دەستووری دا وەزیری لە لا حازر بوو، [ئەویش] کڕنۆشی بۆ برد و کەوتە بن پێی)

قەڵەم گرت بە دەست داش نە ڕووی حەریر
نـویـســـــــا بە نـام بـیـنـای بـێ نـەزیـر

(قـەڵەمی بە دەسـتـەوە گـرت و نووسـی، بـە ناوی خـودای بینا و بێـوێنە دەسـتی بە نووسین کرد)

بەڵـێ هەی ڕۆســتــەم پەهلـەوان جــەنگ
کـــوشـنـدەی دێوان ئـەولاد ئەرژەنگ[133]

(بەڵێ، ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ، بکوژی دێوانی توخم و نەوەی ئەرژەنگ)

دایم سـپـەهـدار جـەرگـەی سـەروەران
جــــەلاد دێوان ڕای مـــــازەنـدەران

(هـەمـیـشـە سـەرلـەشکەر لە ڕیزی سـەرۆکـان، جـەلاد و بکوژی دێوەکـانـی ڕێگەی مازندەران)

هـەر بـە مـــەرز ڕۆم تـا وە مـــڵک چین
نامت مـەنشوورەن جە ڕووی سـەرزەمین

---

١٣٣. "ئەرژەنگ" نـاوی سـەرلەشکەری دێوان لە دێوانـی دێوسـفـیـد کـە لە شـەڕی مـازەندەراندا بـە دەستی ڕۆستەم کوژرا. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

(هەر لە سنووری ڕۆمەوە هەتا وڵاتی چین، ناوت مەنشوورە لە سەرگۆی زەوین)

مەعلووم بۆ جە لات وەختم بێ وەختەن
هەجیر ها خەریک زندان سەختەن

(لات ئاشکرا بێت کە کاتێکی زۆرم بە دەستەوە نەماوە، هەژیر لە دیل و لە زینداندایە)

ها جە لای تورکان شای ئەفراسیاب
ئامان پەی مەکان سپای بێ حیساب

(لە لایەن شای تورکان ئەفراسیابەوە، لەشکەرێکی زۆر و بێ ئەژمار هێرشی کردووەتە سەرمان)

چەند کەس پەهلەوان زەنەندەی دەمان
هومان و قوباد[134] چەنی بەهرەمان

(ژمارەیەک لە پاڵەوانانی بکوتی سەردەم وەک هومان، قوباد و بەهرەمان [لە گەلیدان])

سوهراب سپەهدار جەنگێ مەوانۆ
خەنجەر جە ڕووی چەرخ هەفتەم مەشانۆ

(سەرلەشکەری شەڕیان جەوانێکە بە زۆراب ناسراوە، خەنجەر لە سەر ئاسمانی حەوتەم دەوەشێنێ)

جەوانێ جە سن[135] پازدە ساڵانەن
سالار سەرکەش کەمەر لاڵانەن

(گەنجێک لە تەمەنی پازدە ساڵان، سەرۆکێکی سەرکێشی کەمەر لەعلان)

---

١٣٤. وا دیارە لێرەدا دوو قوباد هەبووە یەک پاڵەوانی ئێرانی و یەک پاڵەوانی تۆرانی. ناوی ئەم پاڵەوانە لە دەقی فیردەوسیدا لەم برگەیەدا نابیندرێ. دیارە بە پێی میتۆلۆجیایی ئێرانی ئەفراسیاب و بنەچەی تۆرانییەکان لەگەڵ ئێرانییەکان لە یەک بنەماڵە بوون و هەر بۆیە زۆر ناوی هاوبەش لە نێوان ئێران و توراندا هەن.

١٣٥. لە دەستنووسەکەدا، لێرەدا جارێکی دیکە "سند" دووپات کراوەتەوە.

نە وەقت مـــەیدان مـــەعـــرەکـــەی نـەبەرد
کۆی خـارا[١٣٦] بە گـورز ئەو مـەبۆ بە گـەرد
(لە کـاتـی شـەڕ و لە مـەیدانـی نـەبەردا، کێوی خـارا بە زەربی گـورزی ئەو ورد و خـاش دەبێ)

هـەژیرش وە جەنگ قـەستش کـەرد وە قـەست
داش وە زەمـــــــیـندا دەسـت و پـاش بـەسـت
(لە شـەڕدا بە قـەسـتی کوشـتن هـەژری دا بە عەرزدا و دەسـتی و پێی بەست)

وە زەرب بـاهـۆی زۆر ســـــــەهـمـگـین
نگون کـەرد نە خـاک سـارای سـەرزەمین
(بە زەبری باسکی پڕ زۆری، [هـەژیری] لە سـەر عەرز سـەرنگوم کرد)

هـەر چەند پەهلەوان کـورسی نشـینەن
یەکـایەک مـەحـبـوس خـاتر خـەمـینەن
(هـەموو پاڵەوانانی ناودار و دەسـتنیشـانکراو، یەک بەیەک خـەمبار و گرفتارن)

ئامـانـت فـەرزەن زنـهـار سـەد زنـهـار
وەخـــتێ مـــەوانی نـامـــەی شـــەهـریار
(دەستم بە داوێنت، بە زووترین کات دوای ئەوە نامەی پادشـات خوێندەوە)

بپـــۆشـــە ســـەلاح جـــەنگی بە ئەندام
بـە تاو و تـەئـجـــیل حـــازر بە جـــە لام
(چەک و چۆڵی شـەڕ لە خۆت ببەسته و بە پەلەو بێ ڕاوەستان لە لام ئامادە بە)

نامـــەش دا بە دەست گـیـــو هونەرمـــەند
سوار بی وە ئەسپ جەهـەندەی سەمەند[١٣٧]

١٣٦. "بەردی خارا" بەردی هـەر سـەخت و خۆڕاگر.

١٣٧. "سـەمـەند" ڕەنگی مـەیلەو زەرد، تـەنیـا بۆ ڕەنگی ئەسـپ بەکـار دەبرێ. وەک پێـشـتـریش لە پەڕاوێزێکی دیکەدا نووسراوە، ئەسپی زۆراب ناوی "سەمەند" بووە.

(نامەی دایە دەستی گیوی هونەرمەند، [ئەویش] سواری ئەسپە زەردەی سەرشاخ بوو)

گیو سەرئەفراز ڕاهی بی وە جەخت
دە ڕۆز و دە شەو بە وەخت بێ وەخت

(گیوی سەربەرز بە هەڵەوداوان وەڕێ کەت، دە ڕۆژ و دە شەو بە وەخت و ناوەخت [ئەسپی تاو دا]

یازدەهەم نە وەخت شۆڵەی سوب سەحەر
جە زابوڵ زەمین سەر کێشا وە بەر

(ڕۆژی یازدەهەم کە زەردەی بەیانی لە وڵاتی زابول سەری وەدەرهێنا)

ناگا دیدەبان جە باڵای حەسار
نگا کەرد جە دوور مەیۆ یەک سوار

(لە ناکاو دیدەوەر لە سەر قەڵاوە سوارێکی لە دوورەوە دی کە بەرەو لای ئەوان دەهات)

شی بە لای ڕۆستەم بێ سەبر و ئارام
وات ئەی پەهلەوان نەوەی زاڵ سام

(بە بێ ڕاوەستا و بەپەلە چوو بۆ لای ڕۆستەم و وتی ئەی پاڵەوان نەوەی زاڵی سام)

سواریٚ جە دوور مەیۆ جە ڕاوە
ها بە کۆڵ ئەسپ جەهانپەیماوە

(سوارێک لە دوورەوە بە ڕێگەوەیە، لە کۆڵ ئەسپێکی جیهانپێوەوەیە)

بە تەئجیل مەیۆ تمەز کە چێشەن
جە ئێران ئامان هەواڵێ پێشەن

(زۆر بە پەلە دێت وا دیارە کارێکی بەپەلەی هەیە، لە ئێرانەوە دێت و هەواڵی ئەوێی پێیە)

رۆستەم چون شنەفت دەردەم بی سوار
ئاما وە بیرون دەروازەی حەسار
(رۆستەم کە ئەمەی بیست هەر زوو سوار بوو و لە دەروازەی قەڵا وەدەرکەوت)

زاناش کڵاوخود تەڵا نە سەرەن
خاهەر زادەی وێش گیو نامەوەرەن
(زانی کڵاوئاسنینی لە زێر چێکراوی لە سەرە، خوشکەزای خۆی گیوی ناوداره)

تا یاوان بە هەم دوو دەست نە گەردەن
دیدەم ڕۆشن بی تاسەتم کەردەن
(کە بە یەک گەیشتن دەستیان لە ملی یەکتر کرد و چاوودڵ ڕوونی و تاسەم شکاندنیان بە یەکتری وت)

دەست گرتن وە هەم تا شین بە ئەیوان
موبەت[١٣٨] مەکەردش بە دیدە و بە گیان
(دەست لە ناو دەست هەتا هاتنە نێو قەڵا، ڕێز و موحیبەتی زۆریان بۆ یەکتری دەربڕی)

پادشا چاقەن؟ گۆدەرز چکارەن؟
جە پەهلەوانان کێ حورمەت دارەن
(ئەحواڵی پادشا چۆنە، باشە؟ ئەی گۆدەرز چ دەکا؟ ئەی لە نێو پاڵەوانان‌دا کامەیان ڕێز و پلەی هەیە؟)

واتش بە دەوڵەت گشت بە دەماخەن
قەڵاکە گیریا هەجیر دەستاخەن
(وتی هەموو لایەک باش و بە دەماخن، قەڵاکە گیراوە و هەژیر دەستبەسەرە)

---

١٣٨. "مۆبەت" کورتکراوی "موحیبەت"، "محبت" فارسی، مێهرەبانی و ڕیزلێنان.

شــا منش کـیــاست بە تەئـجـیل و دەو

زینـهـار سـەد زینـهـار شـەو نەکەری خـەو

(شــا منی ناردووە بـە پەلە و بـێ ڕاوەسـتــان، سـەد جــاریش ڕاسـپـێـردراوم کـە شەوانەش نەخەوم و هـەر ڕێ بکەم)

سـەرداریٚ گـران سـەهمناک ئامـان

پەهلـەوان جـەنگ زۆرش بـێ سامـان

(سـەردارێکی گەورە و تـرسـناک هـاتووە، پاڵـەوانێکی شـەڕ کە هێـز و قـوەتێکی لە ڕادەبەدەری هـەیە)

دەور دوو هـەزار ســپــا جــە لاشـــەن

چەنـد پەهلەوانـان جـەنگی جـە لاشــەن

(نزیک بە دوو هـەزار لەشکەری هێناوە، ژمارەیەک پاڵەوانی شەڕیشی لە لایە)

نامش سـوهـرابەن، بـەور سـەهمگین

نیەن، ناپەیدان نە ڕووی سـەرزەمین

(ناوی زۆرابە، پڵـینگی ترسناک، نییە و لە وێنەی ئەو لە جیهاندا پەیدا نابێت)

ڕۆستەم وات: گێلام دنیا سەراسەر

نـەدیم پـەهلـەوان جـــە وێم زیاتـەر

(ڕۆسـتـەم وتی هـەمـوو جیـهـان سـەرانسـەر گـەڕام پاڵـەوانێکی دیکەم لە خـۆم زیاتر نەدی)

بەڵێ جـە دوختـەر پـادشـای سـەمـەنگان

بـە وێم مـــەزانـۆ فـــەرزەنـدێم پـەیدان

(بەڵێ لە کچی پادشای سەمەنگان، ئەوەندەی من بزانم منداڵێکم هەیە)

هێـمــای کـودەکـەن نادیـدە ســاڵەن

هـەم قـابیل نیـەن هێـمـای منداڵەن

(بەڵام [ئەو] هێشتا منداڵ وساڵنەدیوە و قاویلەتی ئەوەی نییە و هێشتا کەم تەمەن)

ئەگەر ئەو بیەن یاریش پەی کەردەن
بە ڕووی ئاشتی هەجیرش بەردەن

(ئەگەر ئەو بێت گەمەی پێ کردووە و لە ڕووی ئاشتییەوە هەژیری بردووە)

گیو هونەرمەند نامەی شەهریار
دەردەم دا بە دەست پەهلەوان کار

(گیوی هونەرمەند نامەکەی پادشای هەر زوو بە پەلە دا بە پاڵەوان)

ڕۆستەم گرت بە دەست خەیلێ نگا کەرد
لەرزا وێنەی بید خۆفش نە دڵ بەرد

(ڕۆستەم نامەکەی کردەوە و زۆری چاو لێ کرد، وەک بی لەرزی و ترسی لە دڵ چوو)

واتش بە دانای کارساز بێچوون
وە زەرب تێغم مەبۆ سەرنگوون

([لەگەڵ ئەوەش] وتی بە [هیمەتی] خودای کارڕێکخەری زانا بە زەبری شمشێرم دەکوژرێ)

یا وە زەرب گورز مەکەرون قەستش
یا وە جای هەجیر مەیونون دەستش

(یان بە زەربی گورزم دەکوژرێ و یان لە جێگەی هەژیر بە دیلی دەگرم)

ئەو کە دەعوای تەخت کەیکاوس کەردەن
چارەش مەردەنەن هەر مەبۆ مەردەن

(ئەو کە بە تەمای ڕووخانی تەختی کەیکاوسە، ئەوە هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە مردن لە بەر دەمدا نییە)

ئەمــشــەو بـا هـامــدەم جــامـێ بنۆشــیم

ســەحــەر بەرگ خــەشم غـەزەب بپـۆشــیم

(جارێ با ئیمشەو پیاڵەیەک بخۆینەوە، بەیانی زوو بەرگی قینی شەڕ دەپۆشین)

مەیل کـەردەن وە جام نشتـەن بە دڵشاد

کــەیکاوس شــاشــان هیـچ نەمـا بـە یاد

(پیاڵەیان فڕ کرد و بە خۆشی لێی دانیشتن، کەیکاوس شایان بە تەواوەتی لە بیر کرد)

سێ ڕۆ تا شــەوان مـەجلیس نیـاشــان

لادی کــەم نەبی شــەربەت جـە لاشــان

(سێ ڕۆژ لـە ســەریەک هـەتا کــاتی شــەو مــەجلســیــان گــرت تاوێک لە شــەراب خواردنەوە نەوەستان)

جــە مــەســتی شــەراب هـیـچ نەبین وە فــام

پەی ڕۆی چەهـارەم ئـاخــر ســەرئـەنجــام

(لە مەستیی شەرابدا هیچ ئاگایان لە خۆیان نەبوو، ئاخرەکەی بۆ ڕۆژی چوارەم)

گـیــو وات: بە ڕۆســتــەم دارای هونەرمــەند

ئــارۆ ســێ ڕۆژەن مـنـت کـــــــەردەن بـەنـد

(گیو بە ڕۆستەمی وت ئەی هونەرمەند، ئەمە سێ ڕۆژە منت لێرە گیر داوە)

یا ســوار ببــە یا دەســتــوورم دەر

نەبا پادشــا قــەســتـم کــەرۆ ســەر

(یان ئەوەتا سوار ببە با بڕۆین، دەنا ئیزنم بدەیە کە من بڕۆم، نەکا پادشا بمکوژێ)

کەیکاوس خـەشـمش پەی جـەنگ بە تاوەن

هـەم فــامش نیــەن مــەست شـــەراوەن

(کـەیکاوس ئێـســتـا لە قـینی شـەڕی تاوی گـرتووە، لە عـەقڵـەوە بیـر ناکـاتەوە و هەمیشە مەستی شەرابە)

مـەبادا جـە وەخت سـەرمـەسـتی شـەراب
بـواچۆ پێــمـــان حـــەرف نـا ســـەواب
(نەکا لە کاتی سەرخۆشیدا قسەیەکی نالەبارمان پێ بڵێ)

ڕۆسـتـەم: وات بە گیـو وەس کـەر خـەیاڵان
شـــێـران جـــە تاو شـــەت تێــغم مـــەناڵان
(ڕۆستەم بە گیوی وت کەم خەیاڵی وا بکەوە، شێران لە ترسی بڕینی تێغم ناڵە و هاواریانە)

کـەیکاوس جـە لام چوون مـشـتێ خاکـەن
چە پەروام چە خـۆف شـای سـەهـمناکـەن
(کەیکاوس بە لامەوە مشتێک خاکە، چ دەربەستی ترسی پادشای ترسناکم)

فـــەرمـا غــوڵامـــان ئاڵای کـــەمـــەر زەڕ
زین کـــەران وە ڕەخـش پەڕەنـدەی بێ پـەڕ
(فەرمانی دا بە غوڵامانی زێڕین پشتێن، ڕەخشەکان، باڵندەکانی بێ باڵ زین بکەن)

کەمەر بەست نە پشت شەو نەکەردەن خاو
یـاوان بـە ئێــــران جـــــەولان دان بـە تـاو
(پشـتێنیـان لە پشت بەسـت و شـەو نەخـەوتن، هەتا گـەیشـتنە خـاکی ئێـران هـەر ئەسپیان تاودا)

گـــۆدەرز و بـەهرام، فـــەرهـاد[١٣٩] و قـــوباد
زەنگـەی شـــاوران[١٤٠] گـــورگـــێن مـــیـــلاد
(گۆدەرز و بارام، فەرهاد و قوباد، زەنگەی شاوران گورگینی میلاد)

١٣٩. "فـەرهـاد" پاڵەوانێکی ئێرانی کـە لە سـەفـەری کـەیکاوس شـادا بۆ مـازەنـدەران لەگەڵی بووە. (فەرهـەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١٤٠. "زەنگەی شاوران" زەنگە کوڕی شاوران یەکێک لە پـاڵەوانانی سـەردەمی ڕۆستەم و کەیکاوس شا. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

جەنگی سواران هەزاران هەزار
ئامان وە پێشواز نەوەی نامدار
(سوارانی شەڕکەر هەزاران هەزار هاتن بۆ پێشواز و بەخێرهاتنی نەوەی ناودار)

ڕۆستەم چەنی گیو پیا بین جە ڕەخش
ئامان بە ئەیوان ئالآی عەجەب نەخش
(ڕۆستەم و گیو لە ڕەخشەکانیان پیادە بوون و چوون بۆ کۆشکی ئالآوالآی ڕەنگاوڕەنگ)

سوجدەی سەلام کەرد دانای هونەرمەند
پادشا وە قین عەلەیکش بسەند
(زانای هونەرمەند [ڕۆستەم] کڕنۆشی برد و سڵاوی کرد، پادشا بە تووڕەییەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە)

شی نە جامەی قین، خەشمش خرۆشا
ڕوو کەرد بە ڕۆستەم وە هەیبەت جۆشا
(شا بە قین و تووڕەییەوە تەقییەوە بە سەر ڕۆستەمدا و بە توندی گۆڕاندی)

بە ڕووی خەشمەوە کەیکاوس بە قار
واتش: بە ڕۆستەم هەرزەی هەرزەکار
(کەیکاوس بە قین و تووڕەییەوە بە ڕۆستەمی وت: هەی هەرزەی نێو هەرزەکاران)

هیچ نەمەترسی جە حوکم شاهی؟
نمەیۆت وە چەم من چون گەداهی؟
(ئایا هیچ لە دەسەڵاتی شایەتیم ناترسی؟ ئایا وەک سواڵکەرێک چاوم لێ دەکەی؟)

گیوم کیاستەن زینهار سەد زینهار
هەجیر نە بەندەن قەلا یەختەسار

(من گـیـوم بـه پەلە و ئامـان سـەد ئامـان نـارد کـە هـەژیر بەدیل گـیـراوە و قـەڵا داگیرکراوە)

تـۆ دایم نــە فـــــــیکـر بـەزم ڕازەنـی
جـــە حـــوکم شـــاهـان بـێ نیـــازەنی

(تۆش هـەمـیشـە لە بیری ڕاز و نیـازی خۆتـی و لە دەسـەڵاتی پادشـایەتی، خـۆت بێ نیاز نیشان دەدەی)

ئـەگــەر جـــە دەمـــدا تێــغێ مـــەبی پێم
ئـەوســـە بـە تـاقـی مـــەزانـای مـن کـــێم

(ئەگەر ئێستا شمشێرێک لە لام بوایە، ئەودەم بە کردەوە دەتزانی من کێم)

بـە یـەزدان پاک تێــــغێ مـــــەشـــــەندم
ســەرت چـون ترنج[١٤١] جـە تەن مــەکـەندم

(بە خـودای پاک و بێگەرد شـەمـشـیـرێکی وام لێ دەدای کـە وەک ترنج سـەرم لە لەشت دەپەڕاند)

شـا فـەرمـا بە گـیـو ڕۆسـتـەم کـەر بە دار
جـــە گــوفــتــار من چون نـەبیـــەن پەژار

(شـا فـەرمـانـی بە گـیـو دا ڕۆسـتـەم لە دار بدا، چونکە لە دەسـتـووری من [ئەو] سەرپێچیی کردووە)

گـیـو نـامـاش نە دڵ دەست و بـرد نەکـەرد
شـەرم جە ڕۆستەم کەرد، کێشا ئاه سـەرد

(گیو دڵی نەهات و خۆی نەبزواند، شـەرمی لە ڕۆسـتەم کرد و هـەناسـەیەکی ساردی هەڵکیشا)

---

١٤١. "ترنج" لە دەقی فیردەوسیشدا هەر ترنج هاتووە. مێوەیەکە لە نارنج گەورەترە و پێستەکەی دەکرێتە مرەبا، بە عەرەبی پێی دەگوترێ تفاح مائی (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

شـــا فـــەرمـــا وە توس بەورێ نـە ئاغــوش
ڕۆســـتـەم چەنـی گـیـو هـەردوو بەدار کـەش
(شا فەرمانی بە توس کە پڵێنگێکی لە باوەش بوو دا ڕۆستەم و گیو پێکەوە لە دار بدا)

وە زەرب چـومـــاغ چـووی ســــەخت پـەرام
بـڕێزە نـاخــــوون پـەنجـــە و پـاش تـەمـــام
(بە زەبری داری قـایمی پەرام، [ئەوەندەیان لێ بدە] کـە هـەمـوو نینۆکی پەنجـەکـانی دەست و پێیان بڕژێ)

توس ئـامــا وە خـەشم توندی کـەرد نیگار
کـەمـــەربەنـدش گـرت بکیـشـــۆش بە دار
(توس بە تووڕەییەوە چاوێکی لێ کرد، پشتێنەکەی گرت کە بیکێشێتە دار)

ڕەوستەم چون شنەفت شادی کەرد بە تاڵ
خـــرۆشـــا بـە خــــەشم نـەوەی توخـم زاڵ
(ڕۆستـەم کە ئەمـەی بیست شـادیی لێ بەتاڵ بوو و بە توڕەییـەوە نەوەی تۆوی زاڵ گۆڕاندی)

واتـش: کــــەیکاوس وەســــەن قـین و قـــــار
نـەداری وە یـاد جــــەفـــــای ڕۆزگـــــار؟
(وتی کـەیکـاوس بەس کـە قین و توڕەیی، تۆ هـیـچ چەرمـەسـەرییـەکـانی ڕۆژگـارت لە بیر نەماوە؟)

چەنـی دێو سـفـیـد[١٤٢] خـجڵ مـەنـدە بی
گـــرە گـــوشـــایت گـــشت وە بـەنـدە بی
(بە دەستی دێو سفیدەوە وەزاڵە هـاتبووی، کرانەوەی گرێپوچکەت تەنیا بە دەستی من بوو)

١٤٢. "دێو سـفـیـد" ئەو دێوەی کـە بە دەسـتی ڕۆسـتـەم لە مـازندەران کوژرا. لە داسـتـانی حـەوت خوانی ڕۆستەمدا لە شانامەی فیردەوسی بە درێژەی باسی کوشتنی دێو سفید کراوە.

چەند نەڕە دێوان سـەر جـە تـەن کـەندم

هـیچ کــەس نیــاراست بیــۆ نە وەندم

(چەنـدە نێـرە دێوانم سـەربڕی، ئەو دەمـەی کـەس نەیدەوێرا [تەنانەت] لەگـەڵم بکەوێ)

چـەنـد پـەهـلـەوانـان بـەڵخ و بـوخـــــارات

بـە دەست بـەســـتـــە ئـاوەردەم بـە لات

(چەندە پاڵەوانانی بەڵخ و بوخارام بە دەست بەستراوی هێنا بۆ لات)

شـــاهـیـم دا بە تـۆ مـن {رام بچم داشـت}

بـەدار کـــــەردەنم ج تـۆنـە پـنـداشـت

(من تۆم کرد بە پادشا، ئێستا تۆ دەتهەوێ لە دارم بدەی)

تـۆ توخـم جــەمــشــیــد مـن نەوەی زاڵـم

جــە تۆ حــازرەن بەخت و ئـیــقــبــاڵم

(کە تۆ کوڕی جـەمشیدی، منیش نەوەی زاڵم، شـانس و بەختی [دەسـەڵاتم] لە تۆ زیاترە)

ئـەر مـن نـەترســـون جـــە یـەزدان پاک

چە کـاوس چە لام یـەک مــشــتێ خــاک

(ئەگەر من لە یەزدانی پاک نەترسم کەیکاوس شا و مشتێک خۆڵم بە لاوە وەک یەکە)

سـاکـە حـەکـایەت ڕۆسـتـەم بی تەمـام

توس ســــپـــــەهـدار زۆر دا بـە ئـەندام

(کە قسـەکانی ڕۆستەم تەواو بوو، توسیی سـەرلەشکەر بە زۆر پەلاماری دا)

گــرتش کــەمــەربەند پیلتــەن بە قــار

تـا بەر جـــە ئـەیوان بکێــشــوش بـە دار

(پشتێنی فیلتەنی بە توڕەییەوە گرت هـەتا بیباتە دەرەوەی کۆشک و لە داری بدا)

ڕۆسـتـەم بە غـەزەب مـشـتێ دا نـە توس
وستش نە ڕووی خاک وێنەی سیاپوس[١٤٣]

(ڕۆسـتـەم بە تورەییـیـەوە مـسـتـەکۆڵەیەکی لە توس دا و هەروەک ڕەشـپـێـسـتـێک [کۆیلەیەک] تەختی زەویی کرد)

پا نیـــا وە ڕەخش ســـوار بی وە زین
بـەرشی جـــە ئەیوان جـۆشـیـــا بە قین

(بە ئەسپدا هەڵگەڕا و سواری زین بوو، بە قین و تورەییەوە لە کۆشک وەدەرکەوت)

واتش مـن ڕۆســـــتــــەم ئـەولاد زاڵم
کێ دارۆ تـابشـت گـــورز و گـــۆپاڵم

(وتی من ڕۆسـتـەم لە نـەوەی زاڵم، کێ توانای خـۆڕاگـریی لـە بەر گـورز و گـۆپاڵـمـدا هەیە)

ئـەر مـن نـەترســــۆ جـــە یـەزدان پاک
پادشـــا جـــە لام وێنـەی مـشــتێ خـــاک

(ئەگەر من لە یەزدانی پاک نەترسم، پادشا لە لام نرخی مستێک خاکی نییە)

جـــەولان دا بە ئـەسپ بـێ ســـەبر و ئارام
ڕاهـی بی بـە عـــەزم ڕای زابـول مـــەقـــام

(ئەسپی تاودا و بە پەلە و بێ ئوقرەیی ڕێگەی زابولی گرتە بەر)

---

١٤٣. ڕەنگە لە بەر کێشی شیعرەکە بێت کە لە وشەی "ڕەشپێست" کەڵک وەرگیراوە بەڵام دیسان لێرەدا پانتاییی ڕەگەزپەرەستی و هەڵاواردنی ڕەگەزی دەردەکەوێ کە چۆن تەنانەت شاعیرێکی کوردیش لەو پەڕی جیهان و بە بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی سیاسی و جڤاکیی لەگەڵ خەڵکی ڕەش هەبێت، بەو شێوەیە لەوان بیر دەکاتەوە. دیارە ئەمەش بۆ ئەو ڕوانینە دەگەڕێتەوە کە بە گشتی لە تێکستە ئەدەبی و ئیسلامییەکاندا ڕەش و کۆیلە وەک هاومانای یەکتری هاتوون. بیلالی حەبەش کۆیلەیەک کە دواتر دەبێتە موسڵمان نموونەیەکی بەرچاوە. لە دەقی فیردەوسیدا "ڕەشپێست" نییە و ئەم بەیتە ئاوا هاتووە:

بزد تند یک دست بر دست گوس/ تو گفتی ز پیل ژیان یافت کوس

واتن پادشـــــا مـــــەست شـــــەرابی
لادی توندی کـــەرد، تۆیچ بێ دەمـــاخی
(وتیـان پادشـا سـەرخـۆشی شـەرابی، [ئەو] کـەمێک توندی کـرد تـۆش زۆر بێ دەماخی 'تورە و تۆسن'ی)

چەند پەهلەوانان مـەجلیس نشـین بی[١٤٤]
یەکـایەک مـەحـبـووس خـاتر خـەمین بی
(هەر چەندە پاڵەوان لە کۆڕەکـە دانیـشـتـبوون، هەمـوویان یەک بەیەک گـرفـتـار و خەمبار بوون)

واتن بـە گـــــۆدەرز تـۆ ڕەهـنـمـــــایی
ئـەرکـــــان دەوڵەت پـای تـەخت شـــــایی
(وتیان بە گۆدەرز تۆ ڕێنوێنی، تۆ ئەرکانی دەوڵەت و تەختی پادشایەتی پێک دێنی)

واچە کـەیکاوس مـەر سـەرسـامـەنی؟
دێوانەی کـەم هـۆش، بێ عـەقڵ و فـامـەنی
(ئاخر بڵێ کەیکاوس مەگەر تۆ سەرسامی؟ ئەی شێتی کەم ئاوەز و نەفام.)

ڕۆستەمت پەی چێش کەردەن خاتر تەنگ؟
مـینای تەخت وێت پارە کـەرد وە سـەنگ؟
(بۆچی دڵی ڕۆستـەمت ڕەنجاند و خـەمبارت کرد؟ تۆ [بەم کارە] شووشـەی تەختی خۆت بە دەستی خۆت بە بەرد شکاند؟)

گۆدەرز چون شنەفت نەکەرد مدارا
ئامـا نە پای تـەخت پـادشــای دارا
(گۆدەرز کە ئەمەی بیست ڕانەوەستا و بە پەلە هاتە لای پادشا)

١٤٤. لەم بەیتە بە دواوە هەتا ١٤ بەیتی دیکەی دواتر لە ڕیزی شیعرەکانی چیرۆکەکەدا نەمابوون و لە لاپەڕەی دیکە نووسرابوونەوە. بە پێی نێوەرۆکی چیرۆکەکە بەیتەکان جارێکی دیکە لە شوێن و ڕیزی درووستی خۆیاندا لێرەدا داندرانەوە.

واتش: پادشـــام نـەداری خـــەبـەر
یەکێ چون ڕۆسـتـەم شـێـر پڕهونەر
(وتی: پادشای من، تۆ ئاگات لێ نییە، کەسێکی وەک ڕۆستەم، شێری پڕ هونەر)

چەند کـێـشـا پـەرێت جـەفـای فـەراوان
چەند جــادوو بە تێغ هـیـنـدی شکاوان
(چەنـدە دەرد و چەرمــەسـەری فـەراوانـی بۆ تۆ کـێـشـا، چەندە جـادووگـەری بە شمشێری هیندی لەت و پار کرد)

چەند کـێـشـــا پەرێت تەپڵ بـەشـارەت
چەند گـەنج شـاهـان ئاوەرد بە غـارەت
(چەندە تەپڵی سەرکەوتنی بۆ تۆ لێ دا، چەندە گەنجی شاهانەی بۆ تۆ چەپاو کرد)

چەند نۆبـەت بە جـەنگ شـای ئەفراسـیـاب
جـــە هـوون مـــەردان زەمین کـــەرد ئاب
(چەنـدە چووە شــەڕی ئەفـراسـیـاب و لە خـوێنی پیـاوانـی ئەو [چۆمـی] خـوێنی هەستاند)

ئـیـســـە جـــە لای تۆ پوچ و بێکـارەن؟
مـایەش حـەرف سارد، خـەڵاتش دارەن؟
(ئێسـتـا بە لای تۆوە کەسێکی بێکار و هیچ و پووچە؟ قسـەی سارد و سـوکی پێ بگوترێ و لە باتی خەڵاتکردن لە سێدارەی بدەی؟)

پادشـا شنەفت ئامـا نە جـای وێش
کـیـاست ئەو دمـای پەهـلەوان پێش
(پادشا کە ئەمەی بیست وە سەر خۆی هاتەوە و ناردی بە شوێن پاڵەواندا)

عـومـرم ڕۆسـتـــەمــەن سـام نـەریمان
من جـە گـوفتـەی وێم هـابیم پەشـیـمـان

(ڕۆستەمی سامی نەریمان ژیان و [رۆحی] منە، من لە قسەکانی خۆم پەژیوان دەبمەوە)

گۆدەرز و بەهرام فەرهاد و قوباد
شیدوش و شاپور[١٤٥]، گورگین میلاد

(گۆدەرز و بارام، فەرهاد و قوباد، شیدوش و شاپوور و گورگینی میلاد)

توس، فەریبورز چەنی کەستەهەم
چەند کەس دلێران ڕاهی بین وەهەم

(توس، فەریبور لەگەڵ کەستهەم و چەند کەس لە پاڵەوان و دلێران وەڕێ کەوتن)

یاوان بە ڕۆستەم یاران گشت تەمام
بە شەرت قانوون کەردشان سەلام

(دۆستان و یاران هەموویان گەیشتنە لای ڕۆستەم و بە پێی ڕێسا سڵاویان کرد)

واتن: بە ڕۆستەم ئاخر یە چێشەن؟
تۆ جە شای ئێران خاترت ڕێشەن؟

(وتیان بە ڕۆستەم ئاخر ئەمە چییە؟ بۆ وا تۆ لە شای ئێران دڵت ئێشاوە؟)

سوار گران بەرگوزیدەی جەنگ[١٤٦]
بێ تۆ عومرمان نەبۆ یەکدرەنگ

(ئەی سواری گران و هەڵبژاردەی شەڕ، بە بێ بوونی تۆ تەمەنێک بۆ ئێمە باقی نییە)

---

١٤٥. "شاپور"، لێرەدا ناوی پاڵەوانێکە هاوکات بە پێی فەرهەنگی دێهخودا شاپور یانێ شازادە و ڕەنگە مەبەست لە پاڵەوانێکی تایبەت نەبێت و لێرەدا تەنیا وەک شازادە هاتبێت. شاهپور یان شاپور پێک هاتووە لە شا و پور، پور واتای کوڕ دەدا واتە کوڕی شا، شازادە. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)

١٤٦. بە پێی میتۆلۆجیای ئێرانی ڕۆستەم سەرپاڵەوان بووە و پاڵەوانەکان لە دوای شا تەنیا بە قسەی ئەویان کردووە. (هەمان سەرچاوە دێهخودا)

دلێـران پەرێت گـرد خــاتر تەنگەن
هامــســەران زویر مــات بێـدەنگەن
(هەموو دلێران بۆت دڵتەنگن، دۆستان و یاران خەمبار و مات و بێدەنگن)

بـاش بـاڵا دەست، جــــەنگی دلێـــــران
گۆش مـەردۆ وە حـەرف پادشـای ئێران
(ئەی باڵادەست و یەکەمـی شـەڕکەری نێو دلێران، گـوێ مـەدە بە قسـەی پادشـای ئێران)

پادشــا بێ هۆش مــەست تریاکـەن
لادی توندی کـەرد مەگەر چ باکەن؟
(پادشا بێهۆش و مەستی تریاکە، بڕێک توندی کرد، مەگەر ئەو خەمی چییە؟)

ڕۆستـەم وات گۆدەرز سـاحیب عـەقڵ و فام
وەســــەن حـــــەرف پوچ واتـەی ناتەمـــام
(ڕۆستەم وتی ئەی گۆدەرزی ئاقڵ و زانا، بەس کە قسەی پووچ و بێ بڕانەوە)

من و سیـدق ساف ئیقـرارم کەردەن
هەنی جەی دەما تا بە ڕۆی مەردەن
(من و پاکیی خۆم پێکەوە بەڵێنمان داوە، لە ئیمڕۆ بە دواوە هەتا ڕۆژی مردن)

هەر تاکـە زیندەم نە ڕووی ڕۆزگـار
پەژارەم جـە دەین دیدەی شــەهریار
(هەرتا زیندوو بم لە سەر ڕووی ئەم جیهانە، لە پاشا خۆش نابم و لێی تووڕەم)

ئەمن گــورز و تێغ ڕەخـشـم جـە لامـەن
چ پەروام جــە قین کـەیکـاوس شـامــەن
(من کە گورز و ڕەخشی خۆم هەبێت، چ ترسم لە ڕق و قینی پاشایە)

گـۆدەرز هەم جـە نـۆ ئامـا بە گـوفـتـار
وات ئەی پـەهلـەوان عــەرســەی کــارزار

(گۆدەرز سەر لە نوێ دەستی بە قسە کرد و وتی ئەی پاڵەوانی مەیدانی شەڕ)

هەرچی (...)[147] واچی ڕاستەن تەمام
بەڵێ حەرەف ئێدەن ئاخر سەرئەنجام

(هەرچی [تۆ] بڵێی ڕاستە، بەڵام دواقسە سەرئەنجام هەر ئەمەیە کە)

ئێـرانـی مــەدان تەعنـەی بێ حــەســاب
مـەواچان ڕۆسـتـەم تەرسـا جە سـوهراب

(ئێرانییەکان تانە و تەشەری زۆر دەدەن و دەڵێن ڕۆستەم لە زۆراب ترسا)

ڕۆسـتـەم چون شنەفت سـاکن بـی جە قین
تـەرســا جــە تـانەی واتـەی مــەنا و مـین

(ڕۆستەم کە ئەمەی بیست تورەییەکەی ڕەوییەوە و هێور بووەوە، لە تانە و تەشەر و بوختان ترسی لێ نیشت)

خــاتر گــۆدەرز ئاوەردش بـە جــا
گـێـلاوە ئامـا وە پای تەخت شــا

(بە قسەی گۆدەرزی کرد و گەڕایەوە بۆ لای تەختی پادشا)

پـادشــا شنـەفت ئامــا وە پێــشــواز
وات من حــەرفـێم وات تۆ بکێـشـی ناز

(پادشا کە ئەمەی بیست هات بۆ پێشوازیکردن و وتی من قسەیەکم کرد و تۆش دڵنیگەران مەبە)

شاهیت دا وە من، منت کەرد وەشا
مــەبۆ تـا وە ســەر، ســەریش وە ڕا

---

١٤٧. وشەی نێو کەوانەکە، لە دەستنووسەکەدا نەبوو یان پاک کراوەتەوە، ڕەنگەی وشەی "تۆ" بێت.

(تۆ پادشـاهیت دا بە من و من کـرد بە شـا، کەوابوو ئەم کـارەی خـۆت هەتـا سـەر جێبەجێ بکە)

وە فـەرزەندیم گـرت، دەسـت بە دامـانت
لادی تونـدیم کــەرد جــە دێر ئـامـــانت
(وەک منداڵـی خـۆم چاوم لێ کـردی، ئێـسـتـا دەسـتم بە داوێنت، من کـەمـێک لە وەدرەنگ هـاتنت تووڕە بووم)

ئـیـســە پەشـیـمـان خـاتر خـەمـینم
نەمەنـدەن پەرێت ڕەنگ نە جـەمـینم
(ئێستا پەژیوان و خەمبارم بۆ تۆ ڕەنگ بە ڕۆخسارمەوە نەماوە)

ڕۆسـتـەم وات: ئـەی شـا گـونا کـارەنان
ببـــەخــشـم ئەمن شـــەرمـــەســـارەنان
(ڕۆستەم وتی ئەی پادشا من تاوانبارم، بمبوورە و من شەرمەساری تۆم)

هـەر تاکـە زیندەی سـەر ڕووی بیـسـاتم
بەندەی کـەمـتـەرەین ئیـسـتـادەی پاتم
(هەتاکە زیندووم لە سەر ئەم دنیایە، من بچووک و خزمەتکاری تۆم)

منیچ یەکێنان جـە گـەردەن کەشـان
جە غوڵام گونا جە خواجە بەخشان
(منیش یەکـێکم لە ملکەچەکـانت، غـوڵام [نۆکـەر] خـەتـای کرد و خـواجـە [ئاغـا] بیبەخشێت)

ئەربـدۆ تەوفــیق پـادشـــای جــەبار
پەری تۆ سوهـراب مەکێشون بە دار
(ئەگەر خوداوەند یارمەتیم بدا ئەوە زۆرابت بۆ لە دار دەدەم)

ئەو کە دەعوای تەخت کەیکاوس کەردەن
جـــا مـــەردەنـەن هەر مـــەبۆ مـــەردەن

(ئەو کە داوای تەختی شایەتیی کەیکاوسی کردووە، بێجگە لە مردن شتی دیکەی بە قسمەت نابێت)

شــا وات بۆ ئەمــشــۆ جــامێ بنۆشــیم

سـەحـەر بـەرگ خـەشم غـەزەب بپـۆشیم

(شـا وتی وەرە با ئیمشـەو پیاڵەیەک نۆش بکەین، بەیانـی زوو جلی قین و [تۆڵە] لە بەر دەکەین)

ئەوەند بکێشم سـپـای بێ شـومـار

دنیـا وە سـوهراب جـەنگی ببـۆ تار

(ئەوەندە لەشکەری بێ ئەژمار بکێشم، کە دنیای زۆرابی جەنگی تاریک بکەم)

ڕۆستـەم چەنی شا ڕوو کەرد بە ئەیوان

زەمــزەمــەی ســازان یاوا بە کــێــوان

(ڕۆستەم و شا ڕوویان لە کۆشک کرد، دەنگی مۆسیقا دەچوو هەتا کێوان)

مەیل کەردەن بە جام بـادەی عەنبەر فام

گــۆش دان بـە ڕازان دلێــران تـەمـــام

(بادەی بۆ عـەنبـەرینیان لە پیاڵەدا نۆشی و گوێبیستی چیرۆکی هەمـوو پاڵەوانان بوون)

ئەو شــەو تا سـەحـەر یاران سەراســەر

گــــۆش دان بە ئاهـەنگ ڕازان دڵبــــەر

(ئەوە شـەوە هـەتا بەیانی هەمـوو دۆسـتـان یەک بە یـەک گوێیـان لە ڕاز و چیـرۆکی دڵبەران گرت)

***

٩

## لەشکرکێشانی کەیکاوس شا بۆ شەڕی زۆراب

سەحەر چوون خێزا شۆڵەی ئافتاب
شا فەرما بە توس بە تەئجیل و تاب

(بەیانی کە زەردەی خۆر وەدەرکەوت، شا فەرمانی بە توس دا کە بە پەلە و بێ ڕاوەستان)

وێت چەنی گۆدەرز عەلەم وەپا کەر
سەف سەف سواران جەنگی جیا کەر

(لەگەڵ گۆدەرز، ئاڵا بەرز بکەنەوە و سوارانی شەڕکەر ڕێکوپێک بە ڕیز لە یەک جیا بکەنەوە)

چابوک دلێران سەد هەزار سوار
سان دا نە پای تەوق، خاسەی شەهریار

(سەد هەزار کەس لە سوارچاکانی دلێر بە ڕیز لە بەردەم کۆشکدا ئامادە بوون)

لەشکر نویسان عاجز بین جە نام
قەڵەم هەم نەمەند کاغەز بی تەمام

([ئەوەندە هەژماری لەشکەر زۆر بوو کە] تۆمارکەرانی لەشکەر نەیانتوانی ناوی هەموو سوارەکان بنووسن، قەڵەم و کاغەزیش بەشی نەکرد)

فەرما بە گەنجوور دارای خەزێنە
وا ئەسپەر بەخشا، مینای سەد وێنە

(دەستوور درا بە خەزێنەدار، قەڵغانی جۆراوجۆری سەدان ڕەنگ [بە نێو لەشکەردا] دابەش بکا)

سـوارانِ شـا فـەریدوون فـەڕ[148]
سەراسەر پۆشان جامەی ڕەخت زەڕ

(سوارانی پادشا، فەرەیدوون ئاسا، هەموو جلی زێڕینی شەڕیان لە بەر کرد)

دانە تەپڵ کـوس ڕاهـی بی وە جـەنگ
جەهان بی یەکسەر، زوڵمات شەو درەنگ

(لە تەپڵی شەڕیان دا و بەرەو شەڕ وەڕێکەوتن، یەکسەر وڵات وەک شەوی درەنگ تاریک داهات)

ئارۆ هەر چەند سەنگ نە ڕووی سارا بی
جە پۆڵای هەفت جۆش[149] کوە خارا بی

(ئیمڕۆ هەرچی بەرد لە دەشت و سەحرا بوون کە وەک پۆڵای حەوت جۆش و وەک کێوی خارا بوون)

یەکسان بی جە سم سواران وە گەرد
بەردش پەی گەردوون گێج مەداو مەبەرد

(لە ژێر سمی [ئەسپی] سواراندا بوون بە تۆز و خۆڵ و بەرەو ئاسمان پێچ و لوول وە حەوا 'ئاسمان' کەوت)

سێ ڕۆ تا شەوان کەردشان یەلغار
یاوان وە قەلعەی ڕای سفید حەسار

(سێ ڕۆژ و سێ شەو دوای غاردانی ئەسپ، سەرئەنجام گەیشتنە سەر ڕێگای قەڵا سپی)

هەوا بی تاریک چەنی گەرد تیر
ڕووی جەهان زوڵمات بی بە دەریای قیر

---

١٤٨. "فەڕ" وەک، ئاسا، وێنا [صفت].

١٤٩. "حەوت جۆش" ئاسنێکی قایم و خۆڕاگرە کە لە تێکەڵکردنی حەوت فلزی وەک ئاسن، مس، زێڕ، زیو، سرو، جست و ئەرزیز درووست دەبێ. (فەرهەنگی دیژیتاڵی دێهخودا)

(هەوا بە تۆز وخـۆڵی [بن سـمی ئەسـپـان] تاریک داهات، هەمـوو وڵات ڕەش وەک دەریای قیری لێ هات)

جەو تەرەف هـومـان جە باڵای حـەسـار
نگا کــەرد جــە دوور پەیدا بی غــوبار

(لەو لای دیکەوە هـومـان لە بەرزاییی قەڵاکـەوە دیتی کـە لە دوورەوە تۆز و خـۆڵێک هەستا)

شـی وە لای سوهـراب سـەراسـیمە ڕەنگ
واتـش پەهـلـەوان نـیــەن جــای درەنگ

(بە ڕەنگێکی بزرکاوەوە چوو بۆ لای زۆراب و وتی پاڵەوان دەبێ پەلە بکەین و هیچ کاتی ڕاوەستان نییە)

سـپای بێ سـامـان ئامـان جە ئێران
سپەهدار کاوس شـای دەنگ دلێران

(لە ئێرانەوە لـەشکرێکی زۆر و زەبەن لە ژێر ئەمر و فـەرمـانی کـاوس، شـای دەنگ دلێراندا، هـاتوون)

فـرێ مــەترسـون خــاترم ڕێشـەن
جە سـپـای عـەزیم دڵ بە ئەندێشـەن

(زۆر دەترسـم و پەشێوم، لەو لەشکەرە گەورەیە دڵنیگەرانم)

سـوهـراب وات: هومـان چە وەخت "خـەمـەن"[١٥٠] ؟
ئـەرســـەد کـــەیکاوس ســـپــــاش عـــەزیمـەن

(زۆراب وتـی: هـومـان هـیچ جـێگەی خـەم و خــەفـەت نـیــە، ئەگـەر سـەدی وەک کەیکاوس لەشکەری گەورەشیان لەگەڵ بێت)

وە یـەزدان پاک بـەنـای لامــــەکــــان
گـردین بە دەسـتم مـەبان وە بی گـیـان

---

١٥٠. لە دەستنووسـەکەدا وشـەیەک لە شێوەی "پەمەن" نووسراوە، کە من لە باتی ئەوە "خەمەن"م دانا.

(بە یەزدانی پاک و خودای بێ مەکان، هەموویان بە دەستی من بێ گیان دەکەون و [دەکوژرێن])

زەڕەی خـۆف نـەکـەرد نەوەی نـامـدار
شـی وە بـورج بەرز باروونـەی حـەسـار

(نەوەی ناودار تۆزقاڵێک ترسی نەبوو، چووە سەر بورجی هەرە بەرزی قەڵا)

دیا وە لەشکر سـپـای ئێـراندا
وە خـەیمـەی سـەدڕەنگ، دەنگ دلێـراندا

(چاوی لە لەشکەر و سپای ئێران کرد، خێمەی سەدان ڕەنگی دەنگ دلێرانی دیت)

تەمام دەشت کوە هاموون[١٥١] پۆشا بی
جە نەرعەی ئەسپان زەمین جۆشا بی

(هەموو دەشتایی و کێوەکان تەخت و هاموون بوون و لە نرکەی ئەسپەکان عەرز دەکوڵی)

چەند هەزار بەیداخ سەرکێشان بە ئەوج
سەحرا و سەرزەمین لەشکر مەدا مەوج

(چەند هەزار بەیداخێک بەرەو ئاسمان هەڵکرابوون و دەشت و دەر لە بوونی ئەو هەموو لەشکەرە شەپۆلی دەدا)

پڵنگان جە کوە یەکسەر ستێزان
شێران جە فەریاد لەشکر گورێزان

(پڵینگان لە کێو نەڕەی شەڕیان کێشا و شێرەکانیش لە هاتنی ئەو هەموو لەشکەرە هەڵهاتن)

١٥١. "هاموون" دەشتاییی بە بێ کێو و تەپۆڵکە، دەشتایی بە بێ بەرزایی و نەوی، لێرەدا مەبەست ئەوەیە لە بوونی ئەو هەموو لەشکەرە شیو و دۆڵ پڕ کرابوون و هەموو وڵات وەک دەشتی هاموون تەخت دەینواند.

فـەرمـا تا هـەجـیـر حـازر بی جـە لاش
سـوجـدەی زەمین بەرد نە ڕووی خـاک پاش
(فەرمانی دا هـەژیر بێننە لای، [هات] و لە بن پێیدا کڕنۆشی برد)

سـەرتاپاش خـەریک حـەڵقـە کـەمـەند بی
گەردەنش بـە تـەوق سـەد حـەڵقـە بەند بی
(هـەمـوو جەسـتـەی لـە زنجیر درابوو، تەوقێکی زنجیریی سەدان حـەڵقـەییی لە ملی کرابوو)

سوهراب وات: هـەجیر خەستەی پەشێو حاڵ
ئـارۆ فـەراوان مـەپرسـون ئـەحـواڵ
(زۆراب وتـی: ئـەی هـەژیری مـاندوو و پەشێو حـاڵ، ئیمـڕۆ باس و خـواسێکی زۆرت لێ پرسیار دەکەم)

جـە گیو جـە گۆدەرز جـە بەهرام جـە توس
جـە ڕۆسـتـەم زاڵ جـە شـا کـەیکاوس
(لە گیو لە گۆدەرز لە بارام و توس، لە ڕۆستەمی زاڵ و لە کەیکاوس شا)

جـە تـوخم گـۆدەرز جـە ئـەولاد سـام
هـەر چی مـەپرسون ڕاست واچە جـە لام
(لە ڕەگەزی گۆدەرز لە بنەچەی سام، پرسیاری هـەرچیم کرد، ڕاستم پێ بڵێ)

ئەگـەر تۆ مـەبۆت کـارت بۆ خـوەشـتـەر
هـەر چی مـەپـرسـون ڕاست جـوابم دەر
(ئەگـەر دەتـهـەوێ باروودۆخت خـۆشـتـر و ئـاسـان بکرێ ئەوە چ پـرسـیـارێکم کـرد وەڵامی ڕاستم بدەوە)

ئەگەر ڕاست واچی ڕاست مەیۆ نە ڕات
ئەگـەر بەد مـەواچی بـەد مـەیۆ نە ڕات

(ئەگەر ڕاست بڵێی ئەوە ڕاست دێتە ڕێگەت، ئەگەریش ڕاستگۆ نەبێ [ئەوە بزانە] خەرابت دێتە ڕێگە)

هەجیر ئێد شنەفت ئاما نە گوفتار
واتش ئەی جەوان نەوەی نامدار

(هەژیر ئەمەی بیست و وەقسە هات و وتی ئەی جەوانی نەوەی ناودار)

هەر چی مەپرسی جە پەهلەوانان
پەنەت مەواچون چون دەفتەر وانان

(هەرچی لە سەر پاڵەوانان پرسیار بکەی ئەوە هەروەک حەکایەت خوێنەکان وەڵامت دەدەمەوە)

***

١٠

## هەواڵپرسینی زۆراب لە هەژیر

پەرساش ئەو خەیمەی نیلینگی زەڕباف
تیرەک زەڕ ستوون ئەبریشەم تەناف

(پرسیاری کرد ئەو خێمە زێرچنە نیلینگی ڕەنگە، کە هەسوونەکانی لە زێر و گوریسەکانی لە هەورێشمە)

چەند فەرشی زەڕباف دیبا[١٥٢] ی چینیکار
وستەن نە مابەین کورسی زەڕەنگار

(هەژمارێک فەرشی زێڕچن و قوماشی دیبای حەریری چینی کە لە نێوان کورسی زەڕەنگاردا داخراون)

خەیلێ چادرەن بێ شومار بە دەو
جوملە حازرەن نە پای تەخت ئەو

(چادرێکی زۆری بێ ئەژمار لە نزیکی [ئەو خێمەیە] هەڵدراون)

نشتەن سپەهدار سەر بە تاجەوە
سەرمەستەن وە بان کورسی عاجەوە[١٥٣]

(سەرلەشکەری تاج بەسەر، سەرمەست لە سەر کورسی عاجەوە دانیشتووە)

جە لای دەست ڕاست تا وە پای عەلەم
سەف سەف سواران جەنگی بین جەم

١٥٢. "دیبا" جۆرێک قوماشی حەریری نەرمە کە لە هەورێشم دەچندرێ.
١٥٣. "عاج" ددانی فیل کە کەرەستەی گرانبەهای لێ ساز دەکرێ.

(له لای دەستی ڕاستەوە و لە بن ئالاَکە، ڕیز ڕیز سوارانی شەڕ کۆبوونەتەوە)

ئەو سام سەهمناک فەڕی سامداران
نام ئەو واچە فەڕی نامداران

(ئەو سامی ترسناکە و سامی سامداران، ناوی ئەوم پێ بێژە، ناوی ناوداران)

هەجیر وات: خەیمەی کەیکاوس شاهەن
ساحب بەزم ڕەزم تیپ سپاهەن

(هەژیر وتی: ئەوە خێمەی کەیکاوس شایە، خاوەن بەزم و ڕەزم و لەشکەرە)

پەرساش ئەو خەیمەی سورخ ئەتڵەس فام
تەناف تای خەیات ستوون سیم فام

(پرسی ئەو خێمە سوور و مەیلەو ئەتڵەسە کە گورێسەکانی لە تاڵی خەیاتەی خاو و لە سیم چندراوە)

ستوون نوقرەبەند ئالاَی زەڕ وەرەق
مەدرۆشۆ نە تەرح ستارەی شەبەق

(هەسوونەکانی زیوبەند و [خێمەش] لە ئالاَی زەروەرەق کە وەک ئەستێرەی بەرەبەیان دەدرەوشێتەوە)

سەر عەلەم نە تەرح کەللەی ئەژدەها
کالاَش قیمەتی دیبای پڕ بەها

(سەر ترۆپکی هەسوونی داری ئالاَ لە وێنەی کەللە ئەژدیهایەک و لە کالاَی بە نرخ و قوماشی گرانبەها چێ کراوە)

نە پای عەلەمدا نیشتەن جەوانێ
سەف پێکان جە لاش چەند پەهلەوانێ

(لە بن ئالاَکەدا گەنجێک دانیشتووە و ڕیزێک پاڵەوان بە لایەوە دانیشتوون)

واتش: سـپـەهدار سـپـای لەشکرەن
نامش مـــەوانان توس نەوزەر[١٥٤] ەن
([هەژیر] وتی: ئەوە سەرلەشکەرە، بە توسی نەوزەر ناسراوە)

پەرســاش ئەو خــەیمەی زەرد لاجـەوەرد
تیـرەک زەڕ سـتـوون پەنجە وەش پەیکەرد
(وتی ئەی ئەو خێمە زەردە لاجەوەردییە، هەسوونەکانی لە زێر و درووستکراوی دەست و پەنجە ڕەنگینان)

بەیداخێ کـێـشـان پەیک نەهەنگ وار
حـاشـیـەی بەیداخ دیبـای کـەس نەدار
(بەیداخـێک لە شـێـوەی نەهەنگ هەڵدراوە، پەراوێزی بەیداخـەکـە بە قـومـاشی گرانبەهای کەس نەبوو ڕازێندراوەتەوە)
زەمزەمـەی سازان سـەدای کـوس جەنگ
بەر مـەیۆ جە سۆز جە خەیمەی گولڕەنگ
(دەنگی ساز و مۆسیقا و تەپڵی شەڕ بە سۆزەوە لە خێمەی گولڕەنگ دێت)

وات: خـەیمەی گۆدەرز سام سەهمناک
جـە ڕەزم شـێـران هیچ نەدارۆ باک
(وتی ئەوە خێمەی گۆدەرزی سامی ترسناکە، لە شەڕ لەگەڵ شێراندا هیچ ترس و خۆفێکی نییە)

شـێـران سـەر ئەفکەند خـاشـاک پاشـەن
فەرزەندان هەفتا هەفت کەس جە لاشەن[١٥٥]

---

١٥٤. "توس" کوڕی نەوزەر بە پێی شانامەی فیردەوسی سەرلەشکەری سپای ئێران لە سەردەمی کەیقوباد، کەیکاوس و کەیخوسرەو شا. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا)
١٥٥. لە شانامەی فیردەوسیدا گۆدەرزی کەشواد هەشتاد کوڕی هەبووە. لێرەدا باسی ٧٧ کوڕ کراوە.

(شێران مل کەچ و خۆڵی بەر پێی ئەون، [هەرئێستا] حەفتا و حەفت کەس لە کوڕەکانی لە لان)

پەرساش ئەو خەیمەی سورخ گوڵناری
ستوون نوقرە بەند لاجەوەرد کاری

(پرسی ئەو خێمە سوورە گوڵهەنارییە، هەسوونی زیوبەند و لاجەوەرد)

تەناف ئەبریشەم تیرەک دانە بەند
بەند کەردەن بە ناز چەند حەڵقەی کەمەند

(گوریسەکانی لە هەورێشم و بە دارە تیرەکەکانیەوە چەند کلاَفە کەمەندێک بە ڕیز و جوانی هەڵواسراون)

سەر عەلەم چوون مار زەنەندەی تەوار
نە دەورش مەدران سواران هەزار

(سەری ئالاَکەی لە وێنەی ماری پێوەدەری تەوارئاسا کە بە دەوریدا هەزاران سوار کۆ بوونەتەوە)

واتش خەیمەی گیو خەنجەر گوزارەن
فەرزەند گۆدەرز هەم نامدارەن

(وتی ئەوە خێمەی گیوی خەنجەر وەشێنە، کوڕی گۆدەرز و هەم [پاڵەوانێکی] ناسراوە)

داماد ڕۆستەم شێر پڕ زاتەن
کوشندەی دێوان سەر ڕووی بیساتەن

(زاوای ڕۆستەم، شێری جەسوورە، بکوژی دێوانی دەور و ڕۆژگارانە)

پەرساش ئەو خەیمەی ساف سفید ڕەنگ
سەف بەستەن تێدا سواران جەنگ

(پرسی ئەی ئەو خێمە ساف و سپی ڕەنگە، کە لە نێویدا سواران ڕیزیان بەستووە)

تەناف ئەبریشەم سەرستوون جە سیم
ساختەی ئوستادان نادرەی قەدیم

(گوریس لە هەورێشم و سەرهەسوون لە سیم، درووستکراوی وەستایانی بێ وێنەی سەردەمی کۆن)

جوانێ جە تەرح گوڵ خونچەی ناز
گۆش دان وە ئاهەنگ سەدای سۆز ساز

(گەنجێک هەر وەک خونچە گوڵی ناز، گوێ لە مۆسیقای بە سۆزی ساز گرتووە)

تاوس پەڕ پێکان نە دەوران تاج
وێش نشتەن وە بان کورسی چووب عاج

(پەڕی تاوسی لە دەوری تاجەکەی داوە و لە سەر کورسیی داری عاج دانیشتووە)

واتش فەریبورز زەڕین کولاهەن
گوزیدەی شێران فەرزەند شاهەن

(وتی ئەوە فەریبورزی کڵاوزێڕینە، بژاردەی نێو شێران و کوڕی پادشایە)

پەرساش ئەو خەیمەی دێز[١٥٦] دیبا ڕەنگ
قەتارە ئەسپان چەنی "گورز جەنگ"[١٥٧]

(وتی [ئەی] ئەو خێمەی دیبا ڕەنگە و ڕیزی ئەسپان بە گورزی جەنگەوە)

بەستەن نە دەورش یەکایەک تەمام
چەنی چەند ئەسپان مەرسەع لجام

(ئەسپانی لەغاو لە دەم توندکراو کە یەک بە یەک بە دەورەیدا بەستراونەتەوە)

---

١٥٦. "دیز" یان دێز مانای ڕەنگ دەدا. ناوی ئەسپی خوسرەو پەرویز شەبدیز بووە یان ئەسپی ڕەنگ ڕەش. (فەرهەنگی دیجیتاڵی دێهخودا) لێرەدا وشەی دێز بۆ خۆی وەک ڕەنگێک بەکار هاتووە، ئیتر تەنیا بۆ کێش و سەروا بووە یان مەبەست ڕەنگێکی تایبەت بووە، پێویستی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە.

١٥٧. لە پەڕاوێزی دەستووسەکەدا لە پەنای وشەی "گورز جەنگ" وشەی "کەرگەدەنگ"یش نووسراوە.

بەیداخێ جــــە تەرح چناران بەرز
سەرکێشان بە ئەوج سەماوات ئەرز
(بەیداخێک هەروەک چنارانی بەرز کە سەریان لە سەری ئاسمان ڕووشاندووە)

سەر عەلەم جە تەرح کەللەی شێر نەڕ
مەشینۆ وە باد ئالای سوب سەحەر
(سەری ئاڵاکە لە وێنەی کەللە شێرێکە کە بە بای بەری بەیان دەشەکێتەوە)

وات: خەیمەی بەهرام نەوەی گۆدەرزەن
دەنگ نیک نامیش نە عالەم بەرزەن
(وتی ئەوە خێمەی بارام نەوەی گۆدەرزە، خۆشناوی و پیاوچاکیی ئەو لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە)

پەرساش ئەو خەیمەی زەڕبەفت خارا
حەیرانەن چوون چەتر جەمشید دارا
(وتی ئەو خێمە سەخت و قایمە لە زێرچندراوە، کە هەر لە خێمەی جەمشیدی دارا دەچێت)

کەنارش زەڕبەفت حاشیەش گوڵنار
کالای قیمەتی مەتای کەس نەدار
(قەراغەکانی زێرچن و پەراوێزەکانی گوڵهەناری، کاڵای بەنرخی تاقانەی کەس نەبوو)

ستوون چووب عاج ئاراستەن جە زەڕ
نم دادەی گولاب مشک ئاهوو بەڕ
(هەسوونەکەی لە داری عاج و بە ڕەنگی زێرین ڕازاوەتەوە، بە ئاوی گوڵاو ئاوپرژێن کراوە و بە موشکی ئاسک بۆن دراوە)

بەیداخێ نە دەور خەیمەش مەلەران
سەر کێشان بە ئەوج سەحفەی ستاران

(بەیداخێک لە دەورەی خێمەکە با دەیشەکێنێتەوە و سەری لە ئاسمان و ئەستێران داوە)

نشتەن بە زەمین بە خاتر گوشاد
کەیانان کەی نمەیۆش وە یاد

([کەسێک] بە شادی و خۆشی دانیشتووە و کەیانی نێو شایانی کەیانیش بە خەیاڵدا نایەت)

وات: خەیمەی بێژەن باشی ئێرانەن
دوختەرزای ڕۆستەم توخم شێرانەن

(وتی ئەوە خێمەی بێژەن لە باشانی ئێرانە، خوشکەزای ڕۆستەم و لە نەوەی شێرانە)

پەرساش ئەو خەیمەی سەبز نیلرەنگی
سەر عەلەم جە تەرح ئەژدەهای جەنگی

(وتی ئەو خێمە کەسکە نیلی ڕەنگە، کە سەری ئاڵاکەی لە وێنەی ئەژدەهای شەڕ درووست کراوە)

مێخ دامان جە سیم، سەرستوون جە زەڕ
ئەسەر ئوستادان ئاراستەن وە فەڕ

(مێخەکانی داوێنی لە سیم و سەرهەسوون لە زێر، ساختە و دروستکراوی وەستایان کە بە جوانی ڕازێندراوەتەوە)

تەناف ئەبریشەم کەشیدەن بە تاب
تیرەک دانەبەند، نم دادەی گولاب

(گوریسی هەورێشمی کێشراو، تیرەکی دانەبەندی بە ئاوی گوڵاو ئاوپرژێنکراو)

نە دەورش کێشان پەردەی بێ شمار
بەستەن بە سەد تەرز تەنافان هەزار

(به دەورەیدا پەردەی بێئەژمار کێشراوە و بە سەد شێوە بە هەزاران گوریس بەستراوەتەوە)

جـــوانێ وە بەرگ ڕووی مـــەیدانەوە
وە گـــورز و گـــۆپاڵ بێ ســـامـــانەوە

(جـوانخـاسـێک بە جل و بەرگی شـەڕەوە و بە گـورز و گـۆپاڵی ترسناک [بە دەستەوە])

تەکدان وە کورسی وێنەی شێر مەست
غولامان جە لاش دەست وە بان دەست

(هەروەک شێرێکی سەرمەست لە سەر کورسی دانیشتووە و غولامانیش دەست لە سەردەست لە پەنای [ڕاوەستاون])

ڕەخـــشێ نە مـــابەین خـــەیمەش دیارەن
عەنان[١٥٨] "سورمە[١٥٩] دۆز" زینش تەیارەن

(ڕەخشێک لە نێوان خەیمەکەیەوە دیارە، هەوسارەکەی سورمە چنراو زینی تەیاری لە پشتە)

چەند حەڵقەی کەمەند ساختەی چەرم خام
بەند کـەردەن وە زین، چەم وەردەن تەمام

(ژمارەیەک کلافەی کەمەندی لە چەرمی خاو سازکراو بە زینەوە هەڵواسراون و بە نێو یەکدا قەمچیان خواردووە)

سیلاح ڕۆی جەنگ بە وێش ئاراستەن
خەفتانش وە چەرم بەوران ئاراستەن

(چەک و کەرەستەی شەڕی لە خۆی داوە، خەفتانی بە چەرمی پڵینگ ڕازاوەتەوە)

١٥٨. "عەنان" هەوساری ئەسپ.
١٥٩. "سورمە" ئەو شتەی چاوی پێ دەڕێژن.

ئەو مەرد و ئەو ڕەخش ئەو حەڵقەی کەمەند
جــە ئێــرانیــان ئەوم کــەرد پەســەند

(ئەو پیاوە و ئەو ڕەخشە و ئەو کڵافە کەمەندانە لە نێو ئێرانییەکاندا [تەنیا] ئەوم پەسەند کرد)

ئەو سام سەهمناک فرێ سامدارەن
نام ئەو واچە گــران نامــــدارەن

(ئەو سامی سامناکە، زۆر ترسناکە، ناوی ئەوم پێ بڵێ [وا دیارە] کەسێکی ناودارە)

نام ئەو واچە هەرچی نامش هەست
نەبا بە دەســتم زووتر ببــۆ قــەست

(ناوی ئەوم پێ بڵێ، هەر ناوێکی هەیە، نەکا زوو بە دەستم بکوژرێ)

هەجیـر گۆدەرز شووم شەرمسار
بە مەکر و ئەفسوون ئاما وە گوفتار

(هەژیری گۆدەرزی شوومی بێ شەرم، بە مەکر و فێڵ و تەڵەکە هاتە قسە کردن)

واتش: ئەی ســوهراب خــاتر زویرم
نامش نەمــەندەن ئەســڵــەن جــە ویرم

(وتی ئەی زۆراب، لێم ببوورە، ئەسلەن ناوی ئەو کەسەم لە بیر نییە)

هەر ئێــد مــەزانۆ پڕ زۆر و ســامــەن
وە تازە جـە مـوڵک بوخـارا[١٦٠] ئامــەن

(هەر ئەوەندە دەزانم کە سامناک و پڕ زۆرە، بەم زوانە لە وڵاتی بوخاراوە هاتووە)

چەنی چەند هەزار جــەنگی دلێــران
ئامــان وە ئیــمــداد پادشــای ئێــران

---

١٦٠.لە دەقی فیردەوسیدا لە باتی بوخارا وڵاتی چین نووسراوە.

(هاورێ لەگەڵ چەند هەزار شەڕکەری ئازا وە هانا و کۆمەکی شای ئێرانەوە هاتووە)

سوهراب وات: ئەی مەرد شوم دڵ جە سەنگ
نمەز کۆن ڕۆستەم پەهلەوان جەنگ؟

(زۆراب وتی ئەی پیاوی شوومی دڵ لە بەرد، ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ لە کوێیە؟)

سەرا پەردەی چەتر خەیمەگاش کامەن؟
ئاخر جە کام لاش ماواو مەقامەن؟

(دەروازە و سەرا و چەتری خێمەی لە کوێیە؟ ئاخر لە چ لایەک بارەگای داناوە؟)

وات: شین وە گەشت باغچەی عەجەب تەرز
نشتەن نە پای چەتر چناران بەرز

(وتی: [ئەو] ڕۆیشتووە بۆ باغی ڕەنگاوڕەنگ و [ئێستا] لە بن سێبەری چەتری چنارانی بەرزدا لێی دانیشتووە)

گۆش دان بە ئاهەنگ نەغمەی نەهانی
نامان وە ئیمداد سپای ئێرانی

(گوێی لە مۆسیقا و ئاهەنگی ڕۆحی و دەروونی خۆی گرتووە و بە هانای سپای ئێرانەوە نەهاتووە)

سوهراب وات: چە وەخت وادەی گوڵ گەشتەن
سەراسەر بەتاڵ ئەر سەد بەهەشتەن

(زۆراب وتی ئێستا کەی وەختی گشتی نێو گوڵ و گوڵزارە، ئەگەر سەد جار زیاتر لە سەرووی بەهەشتیش بێت دیسان هەر بەتاڵ و بێ نرخە)

هەر جا شەهرێ هەن داروغە تێشەن
کەمەر بەستەی جەنگ گشت تاعەت کێشەن

(لە هەر شوێنێک شارێک هەبێت و داروغەیەکی تێدا بێت، هەموو ئێستا حازر و ئامادەی شەڕن)

یەکێ چون ڕۆســـتـــەم ئەو پەهلەوانە
دیارش نیـــەن جـــە ســـپـــا و ســـانە
(کەسێکی وەک ڕۆستەم ئەو پاڵەوانە، لە نێو ئەم لەشکر و [سوارانەدا] دیار نییە)

یەقین مـــــــــەزانۆن ئینە ویا نەن
سەراسەر حەرفت مەکر و ئەفسانەن
(حەتمەن دەزانم ئەمە وا نییە و هەموو قسەکانت پڕن لە فێڵ و تەڵەکە و جیڤانۆک)

ســـوهراب وات پەنەش: ئەرێ پەهلەوان
هەر چەند جە ڕۆستەم من پەرسام نشان
(زۆراب پێی وت: ئەرێ پاڵەوان، من هەر چەندە هەوڵم دا و لە ڕۆستەم پرسیارم کرد)

هەر چەند کە پەرسام تۆ ڕاست نەوات
مـەبۆ تا هەفت ساڵ زندان ببۆ جات
(هەرچی پرسیارم کرد، ڕاست وەڵامت نەدامەوە، لە باتی ئەمە حەوت ساڵ لە زیندانەدا دەتهێڵمەوە)

هەجیر گۆدەرز شووم شەرمەسار
فرێ جـە دڵدا وێش کـەرد گرفتـار
(هەژیری گۆدەرز شوومی بێشەرم، لە دڵی خۆیدا گەلێک هێنای و بردی)

وێش بە وێش مـــەوات ئەی پەهلەوانە
فـرێ جـە ڕۆسـتـەم پەرسا نیشانە
(خۆی بە خۆی دەگوت ئەم پاڵەوانە، زۆر پرسیاری لە ڕۆستەم کرد)

ئەرمن نیشانەی ڕۆستەم بدۆم پێش
نەکـەروم پەنهان ڕاست بواچۆم پێش
(ئەگەر بێتو من نیشانی ڕۆستەمی بدەمێ و نەیشارمەوە و ڕاستییەکەی پێ بڵێم)

مەبادا جەی حەرەف ئاخر سەرئەنجام

زەرەر بۆ پەری نەوەی زاڵ ســــــام

(نەکا لەم درکاندنەی من ئاخرەکەی نەوەی زاڵی سام زەرەرمەند ببێ)

هەر ئێد خاستەرەن نەکەروش عەیان

ویم بدۆم وە تێغ پەژار بۆ جە گیــان

(هەر ئەمە باشە ڕۆستەم ئاشکرا نەکەم و خۆم بخەمە بەر تێغی شمشێر و گیان لە دەست بدەم)

بابۆی من گۆدەرز خەنجەر گوزارەن

فەرزەندان هەفتاد هەفت نامدارەن

(باوکی من گۆدەرزی خەنجەر وەشێنە، حەفتا و حەفت کوڕی هەیە)

بە غەیر جە ئەولاد تایفە و خوێشان

تەنیا لاشەی من نەبۆ دلێشان

(لە نێو ڕۆڵەکانی خزم و هۆزدا، [چییە] با منیان لە نێودا نەبم)

وات: سوهراب، کەم تەرس، نە بیرم نە وەر

پندار کە پەیدا نەبیم جە مادەر

(وتی زۆراب کەم بترسە، لە بیرم مەبەرەوە، وا بزانە هەر من لە دایک نەبووم)

یە چە ویانە دڵ نەوازییەن

ئاخر مەکێشم یە خۆ بازییەن

(ئەمە چ جۆر دڵنەواییەکە، ئەمەش بەسەر دەبەم، لام وەک گەمەیە)

ئەگەر جە کوشتم تەقسیر بکەری

نامەرد ئەو کەسە خودا نا قەبری

(ئەگەر لە کوشتنم قسور بکەی، نامەرد ئەو کەسەیە خودا لە قەبری بنێ [وەک دەڵێن بە مەرگی خودایی بمرێ]

سوهراب ئێد شنەفت غەزەب کەرد خەیاڵ
خرۆشا بە خەشم، شادی کەرد بە تاڵ

(زۆراب کە ئەمەی بیست غەزەب دای گرت، بە توڕەییەوە گۆڕاندی و شادیی لێ بەتاڵ بوو)

دەست پێکا وە پشت مەرد هەرزەکار
هەوا داش نە بورج باروونە حەسار[١٦١]

(دەستی لە پشتی پیاوی هەرزەکار قایم کرد و لە سەر بورجی قەڵا فڕێی دایە خوارێ)

هیچ نامـاش بە چەم سپای کاوس شا
زەڕەی خۆف نەکەرد، ئاما نشت بە جا

(هیچ حیسابێکی بۆ لەشکەری کاوس شا نەکرد، هیچ نەترسا و هات لە شوێنی خۆی دانیشت)

جەو تەرەف چون چەتر شاهی بەپا بی
شەو ئاما کاوس مەجلیس نیا بی

(لەو لاوە لە لای خێمەکانی پادشاوە، کە شەو داهات کاوس شا مەجلیسی بەزم و ڕەزمی بەرپا کرد)

بوزورگان نە بەزم خاسەی شەهریار
مەیل کەردەن وە جام بادەی خوەش گەوار

(گەورەکان لە کۆڕی تایبەتی هەڵبژاردەکانی شادا، بادەی خۆش و گەواریان نۆشی)

***

---

١٦١. دیارە لێرەدا باسی ئەوە ناکرێ کە هەژیر لە قەڵا فڕێ درایە خوارەوە مرد یان نا؟ بەڵام لێرە بەدواوە ئیتر بەسەرهاتی هەژیر کۆتاییی پێ دێت. بە پێچەوانە لە دەقی فیردەوسیدا زۆراب، هەژیر ناکوژێ و دواتر هەژیر لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا لە چەند جێگایەکی دیکەدا سەر هەڵدەداتەوە.

١١

## چوونی ڕۆستەم بۆ خێمەی زۆراب و کوشتنی ژندەڕەزم

ڕۆستەم وات: بە حوکم پادشای ئەعزەم[١٦٢]
مــــــەبۆ پـەهلـەوان بـوینـون وە چـەم

(ڕۆستەم وتی بە حوکمی پادشا گەورە، ئەبێ ئەو پاڵەوانە بە چاوی خۆم ببینم)

مـــوشـــۆن بوینـون یە چـە ســـوارەن؟
یە پەی چێش ئامـان، یا خـود چکارەن؟

(ئەبێ ببینم چ جۆر سوارێکە؟ ئەمە بۆ چی هاتووە و چ کارەیە؟)

بەرگ شـــەو ڕەنگی نـە وەر مـــەکـــەرون
ئەمشـــەو وێم وە پای تەخـتش مـەوەرون

(بەرگی شـەوڕەنگ لە بەر دەکـەم، ئیـمــشـــەو خــۆم دەگـەیـەنمە بن تـەخـتــەکـەی [جێگاکەی])

هۆڕێزا وە جـــەخت نەوەی زاڵ ســـام
پـەنــا بـەرد وە زات بـەنـای لا یـەنـام

(بە تونـدی هەسـتـایە ســەر پێ نەوەی زاڵی سـام، پەنای برد بۆ زاتی خـودای بێ ناوونیشان)

---

١٦٢. لە دەقی فیردەوسیدا ڕۆستەم دوای ئەوە دەچێتە لای کەیکاوس شا و ئیزنی لێ وەردەگرێ دەچێ بۆ نێو لەشکەری توران. بەڵام لێرەدا ڕوون نییە مەبەست لە "پادشای گەورە" کەیکاوس شایە یان خودا.

شـەو ڕەنگیش پۆشـا تورانی دەسـتـور
ڕوو نیـا نەو دەشت زوڵمـات دەیجـور

(جلی شـەوڕەنگی وەک تورانیـانی لە بەر کرد، بەرەو دەشت لە تاریکەشـەودا ملی ڕێگای وەبەرگرت)

تەک دا وە قـشـون بێ خـۆف و ئـەندێش
لادی نـگا کـــــەرد پـەهلـەوان پێـش

(بە بێ ترس و خـۆف خـۆی لە قـوشـوون [لەشـكەر] نزیک كـردەوە، پاڵەوان كـەمێک چاوی بە پێش خۆیدا گێڕا)

دیش کـــە بەزم ڕەزم تـوران بـە تـابـەن
سـوهراب هـەر نـە فكر جـام شـەرابەن

(دیتـی بەزم و ڕەزمی تورانـیـیـەكـان گـەرمـە، زۆراب هـەر خـەریكی خـواردنەوەی شـەرابە)

جـە لای دەست ڕاست هومـان نیـا بی
جـەو لاش بارەمـان مـەجلیس نیـا بی

(لە لای دەسـتی ڕاسـتـی هومـان دانیـشـتـبـوو و لەو لای دیكـە بارەمـان كـۆڕی گـەرم كردبوو)

چەند کـەس دلێران جـە بادە سـەرمـەست
حـازر بین جـە لاش دەسـت وە بان دەست

(ژمـارەیەک لە ئازایان كـە سـەرخـۆشـی بادە بوون لە لای حـازر بوون و دەسـتـیـان لە سـەر دەست دانابوو)

بە بـالا چون سـام سـەنگین سـوار بی
بە هـەیبـەت چون شێر جـویای شكار بی

(بە بالادا وەک سـامی گران سـوار بوو بە بەژن وەک شـێـرێک كـە بە تـەمـای ڕاوە، بوو)

ڕۆستەم عەجەب مەند خەیلێ نگا کەرد
واتش: ئەی یەزدان تاک دنیای فەرد
(ڕۆستەم سەری سوڕما، زۆر ڕوانی، وتی: ئەی یەزدانی تاکی دنیای یەک)

بە دەست و باهۆ چون من مەنمانۆ
خەنجەر نە ڕووی چەرخ هەفتەم مەشانۆ
(لە دەست و باسکدا هەروەک من دەچێ، خەنجەر لە ڕووی ئاسمانی حەوتەمین دەوەشێنێ)

بە بالا وێنەی سام نەریمان
حەیران بی وەنەش، پێش نەمەند ئیمان
(بە بالا وەک سامی نەریمان دەچێ، بۆی شێت و حەیران بوو و ئیمان و بڕوای لا نەما)

بەڵێ چون سوهراب جە توران زەمین
کەمەر بەست بە چەنگ، ئامان بەزم کین
(بەڵێ کاتێک زۆراب لە وڵاتی توران ڕق و قینی هەستا و پەشتێنی شەڕی بەست)

دایەش زندەڕەزم[١٦٣] چەنەش کیانا
فەراوان جە لاش نەسیحەت وانا
(دایکی زندەڕەزمی لەگەڵ خست و ئامۆژگاریی زۆری ئەوی کرد)

واتش ئامانت مەشی بە ئێران
مەیاوی نەزد جەنگی دلێران
(وتی ئامان کاتێک گەیشتن بە خاکی ئێران و گەیشتن بە شەڕکەرانی ئازا)

١٦٣. "ژندەڕەزم" پاڵەوانی تورکی تۆرانی. بە پێی "شاهنامەی کوردی هەورامی" لە کۆکردنەوەی "مەحمەد ڕەشید ئەمینی" ژندەڕەزم برای تەهمینە و خاڵۆی زۆراب بووە. بەڵام لێرەدا تەنیا وەک پاڵەوانێکی تورانی ناوی هاتووە کە لە لایەن تەهمینەوە پێی سپێردراوە کە زۆراب و ڕۆستەم لە یەک ئاشکرا بکا.

لازم کــەیکاوس شـــای ئێــران زەمـین
مـاوەرۆ پەی جـەنگ سـپـای سـەهـمگین
(حەتمەن کایکاوس شای وڵاتی ئێران، لەشکەرێکی گەورە دەنێرێ بۆ شەڕ)

ئارۆ مــەعـرەکـەی جـەنگ شـێـران بۆ
هـەیاهووی نەبـەرد دەنگ دلێــــران بۆ
(ئەو ڕۆژە کـە شـەڕی شـێـران دەست پێ دەکـا و دەنـگ و هـەیاهۆی ئـازایان بەرز دەبێتەوە)

ئەر ڕۆسـتـەم جـە دوور مـەوینی وە چەم
لادی شـــۆ بە لاش تـۆ بە خـــاتر جـــەم
(کە ڕۆستەمت لە دوورەوە دی، بە ئەسپایی و دڵنیاییەوە تۆزێک بچۆ بۆ لای)

خـــەیلێ سـاکن بەر تۆ نە خـــاک پاش
نیشـانەی فـەرزەند عەرز کـەرە جـە لاش
(زۆر کرنۆشی بۆ ببە و خۆت بخە بن پێی و ناو ونیشانی کوڕەکەی بۆ باس بکە)

چونکە بـە تەقــدیر پادشـــای بێــبـاک
بە دەست ڕۆسـتەم، سـوهراب بۆ هـەلاک
(چونکە بە ویستی پادشا[خودا]ی بێ ترس، بە دەستی ڕۆستەم، زۆراب دەکوژرێ)

ئەو شـەو کـە ڕۆستەم قسـمەت ئاوەردش
تەمـاشـای سوهراب جـەنگی مـەکەردش
(ئەو شـەوە کە قسمت و نسیب ڕۆسـتـەمی گەیاندە ئەو شـوێنە و تەماشـای زۆرابی شەڕکەری دەکرد)

ناگـــا جـــەو دەمـــدا خــێــزا زندەڕەزم
بە تـاو و تەعــــجـــیل هورێزا جــــە بەزم
(لەو دەمەدا زندەڕەزم لە نەکاو هەستا و بە پەلە بەزم و ڕەزمی بەجێ هێشت)

جە مەستی شەراب بادەی بۆ عەنبەر
هیچ نەبی وە فـام ناگـا شی وە بەر
(لە مەستیی شەرابی بادەی بۆ عەنبەرین، هیچ ئاگای لە سەر خۆی نەما و لە نەکاو هاتە دەر)

خەیلێ نگا کەرد شەخسێ دی وە چەم
مەدران نە پای چەتر بێ دەنگ و ماتەم
(زۆر ڕووانی، ئاخرەکەی کەسێکی دیت کە لە پەنای خێمەکە خۆی مەڵاس داوە)

هەر چەند زندەڕەزم لێش پەرسا ئەحواڵ
پێش نەدا جـواب نەوەی توخم زاڵ
(هەرچی ژندەڕەزم پرسیاری لێ کرد، نەوەی زاڵ بێدەنگ ما و هیچ وەڵامی نەدایەوە)

هیچ نەدا جواب چەنەش نەکەرد دەنگ
زندەڕەزم جە خۆف هورگێڵا جە ڕەنگ[١٦٤]
(نە دەنگی کرد و نە وەڵامی دایەوە، ژندەڕزم لە ترسان ڕەنگی گۆڕدرا)

کەمەربەندش گرت، کێشا بێ ئەندێش
ڕۆسـتـەم وە غـەزەب پانیـا وە پێش
(پشتێنی گرت و بە بێ بیرکردنەوەی ڕای کیشا، ڕۆستەم لە تورەییدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا)

مشتێ دا وەنەش بە غەزەب ڕۆستەم
ئاما وەلادا مەغـزش کەفت نە دەم
(ڕۆستەم بە تورەیییەوە مستێکی لێ دا، هات بە لادا و مێشکی پژایە نێو دەمی)

١٦٤. لە داستانی ڕۆستەم و زۆراب بە زاراوەی لەکی باسی ئەوە کراوە کە ژندەرەزم لاڵ بووە و تەنانەت ئەو شەوە کە ڕۆستەمی دی هەتا خەریک بوو خۆی بناسێنێ، وشەی ڕۆستەمی نەکەوتە سەر زمان و ڕۆستەمیش چاوەڕێی نەکرد و کوشتی. (زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ - شماره ٨٨)

خەڵتان بی نە خاک چون سەنگ خارا

پەژار بی جە گیان جە خەم بی دارا

(خەڵتانی خوێن بوو لە نێو خاکدا هەروەک بەردی خارا، گیانی لەدەست دا و لە دنیا ڕۆیی)

هومـــان هۆرێزا چەنی بارەمـــان

دیشان زندەرِەزم کەفتەن وە بێ گیان

(هومان و بارەمان هەستان، دیتیان ژندەرِەزم بە بێ گیان کەوتووە)

پەوســـە بێ تەقـدیر بەنای بان ســـەر

فـــەرزەند جـــە بابۆ بوینو زەرەر

(ئاوا بوو ویستی خودای بانە سەر، کە کوڕ لە باوک زەرەرمەند ببێ)

سەرسام بین سەرسام یە کار کێ بۆ؟

جـــە گـــەردش چەرخ، دەوران بێ پۆ

(هاج و واج بوون کە ئەمە کاری کێ بوو؟ [کاری] چەرخی گەڕانی دەورانی بێ تان و پۆ)

واتشـان: سـوهراب تمەز کێ کەردەن

تۆ ســەلامـەت بای، زندەرِەزم مـەردەن

(وتیان زۆراب نازانین کێ ئەو کارەی کردووە، بۆ خۆت سەلامەت بی، ژندەرِەزم مردووە)

سوهراب ئێد شنەفت سیا بی جە قار

پەژار بی نە جام بادەی خوەش گەوار

(زۆراب ئەمەی بیست لە توڕەیی و قین ڕەش هەڵگەڕا و جامی بادەی خۆش گەواری لە دەست بەربووەوە)

ئاما نگا کەرد خەیلێ عەجەب مەند

جە مەرد پڕ هۆش دانای هونەرمەند

(هات و دیتی، زۆر تووشی سەرسوڕمان بوو، لە پیاوێکی بە هۆش و زانایەکی هونەرمەند)

کەفتە بی نە خاک چون مینای بێ گەرد

ڕەنگ زەرد زایف، جەمین لاجەوەرد

(کەوتبووە سەر عەرز وەک شووشەی بێگەرد، ڕەنگی زەردی لاواز و ڕۆمەتی شین هەڵگەڕابوو)

واتش ئەی یاران ئەمشەو تا سەحەر

چەند کەس جە مەردان جەنگی پڕ هونەر

(وتی ئەی یاران ئیمشەو تا بەیانی، ژمارەیەک لە پیاوانی لێزان و شەڕکەر)

بگێلان جە دەور لەشکر وە بێ خەم

چون عەسەسداران بداران وە چەم

(لە چواردەوەری لەشکەر بە بێ ترس هاتووچۆ بکەن و وەک کێشکچیان پاسەوانی بدەن)

گورگێ بە دزدی مێشێ[١٦٥] مەورۆ

مەر من مەردەنان[١٦٦] حەقم بوەرۆ

(گورگێک بە دزییەوە مەڕێک دەبا، مەگەر من مردووم ئاوا مافم بخورێ)

سەحەر بە تەوفیق دانای خاس پەسەنت[١٦٧]

هەر کەس ئێد کەردەن ماوەرۆش بە دەست

---

١٦٥. "مێش": مەڕ، پەز.

١٦٦. "مەردەنان" مردووم، مەگەر من مردووم. لە کۆی ئەم چیرۆکەدا چەن جار وشەی "مەرد" بەکار هاتووە، کە هێندێک جار مانای "پیاو" دەدا و هێندێک جاریش مانای مردوو.

١٦٧. "پەسەنت" هەمان پەسەندە کە لە بەر کێشی شیعرەکە، شاعیر وای داناوە.

(بەیانی بە یارمەتیی زانای خاس پەسەند، هەر کەس ئەمەی کردووە وەگیری دەخەم)

پەری زندەڕەزم نەبان خـــاتر تەنگ
پی تەورەن گەردوون چەرخ مینای ڕەنگ[١٦٨]

(بۆ ژندەڕەزم هیچ دڵنگەران نەبن، ئیتر گەردوونی ڕەنگاوڕەنگ هەروا بووە)

ئەوسـە چون ڕۆسـتەم شی بە دمـاوە
یاوا بە ئوردوو، گـیـو دی جـە ڕاوە

(کاتێک ڕۆستەم بەرەو دوا بۆ لای هوردوو گەڕایەوە، لە سەر ڕێگای گیوی دی)

گـیـو هەم پەهلەوان پایتەخت شا بی
بە شـەو پاسـەبان ئێـران سـپـا بی

(گیو هەم پاسەوانی تایبەتی شا بوو هەمیش بە شەوان کێشکچی و پاسەوانی لەشکەری ئێران بوو)

دەست دا بە شمشێر پەی ڕۆستەم تاو دا
پەهلەوان چون دیش شناسـاش دەرجـا

(شمشێرەکەی بە دەستەوە گرت و بەرەو لای ڕۆستەم تاوی دا، پاڵەوان کە دیتی لە جێ ناسییەوە)

ڕۆستەم شناساش گیو سەرکەشەن
بە شەو کێشکچی، دڵ بێ ئەندێشەن

(ڕۆستەم ناسییەوە کە گیوی سەرکەشە، نەترس و بێخۆف بە شەوان خەریکی پاسەوانییە)

واتش: نەکـــەردی نووری دیدەی مـن
ســوار گـــران بەرگـــوزیدەی مـن

(وتی: نەکەی نووری چاوانم، سواری قورس و گران و هەڵبژاردەی من)

---

١٦٨. لە دەقی فیردەوسیدا بۆ ئەوە ورەی سەربازانی تورانی نەڕووخێ زۆراب دوای ئەوە دێتە سەر تەرمی ژندەڕەزم داوا دەکا لە سەر خواردنەوە و بەزم و ڕەزمی خۆیان هەر بەردەوام بن.

گیـو پەرسا ڕۆستـەم جە کۆ بییـەنی؟

وە تەنـهـا ســوار بـە کـۆ شــیــیــەنی؟

(گیو پرسی ڕۆستەم ئەوە لە کوێ بووی؟ بە تەنیا سوار بۆ کوێ ڕۆیشتبووی؟)

واتش تماشـــای ســـوهـرابم کـــەردەن

کەمەر بەستەی جەنگ جە مەردان مەردەن

(وتی چووم زۆراب ببینم، پشتێن بەستووی شەڕ مەردی نێو مەردان)

وە بـالا جـــە تـەرح نـەوبـەر نمامـــەن

چمـان هـەر جـە توخم ئـەولاد سـامــەن

(لە بالادا لە وێنەی نمامی نۆبەرەیە، هەر ئەڵێی لە تۆو و بنەچەی سامە)

حـــەیف کـــە پەهلـەوان توران ولاتـەن

ڕۆحش نـە قـەیران یەومــەل مــەمـاتەن

(بەداخەوە کە پاڵەوانی ولاتی تورانە، ڕۆحی لە گرێوی ڕۆژی مردنە)

مەزانو نە ڕووی ئـەبر شمشێر مـەشانۆ

حـەیف بە دەست من بێ سـەر مـەمـانۆ

(دەزانم کە لە سەر هەوران شمشێر دەوەشێنێ، بەڵام حەیف کە بە دەستی من بێ سەر دەمێنێ)

خـەیلێ پەری گیـو حـەکایەت مـەکـەرد

لوا وە جـای وێش دەروون پڕ جــە دەرد

(باس و خواسێکی زۆری بۆ گیو گێرایەوە، بە دەروونی پڕ لە ژان و خەفەت چووە سەر جێگای خۆی)

سەر نیا وە گورز، شی نە جامەی خاب

ئەو شـــەو نـەنۆشــا پیــاڵەی شـــەراب

(سەری لە سەر گورزەکەی دانا و خەوی لێ کەوت، ئەو شەوە پیاڵەیەک شەرابیشی نەخواردەوە)

١٢

## شەڕی نێوان زۆراب و ڕۆستەمی زاڵ بۆ جاری یەکەم

سـەحەر چوون خـرووس وانا بە ئاهەنگ
دڕیا پـەردەی تار زوڵـمـات شــەو ڕەنگ
(بەیانی کاتێک کەڵەباب قوولاندی و پەردەی تاریکی دڕاو و شەو ڕەوییەوە)

سپای خـوەر بە ئەمر دارای سەما و ئەرز
عـــەلەم دا نـە بورج کـــۆســـاران بـەرز
(لەشکەری خۆر بە فەرمانی خودای عەرز و ئاسمان لە لوتکەی بەرزی کێوەکانەوە ئالای هەڵکرد)

خـێـزان خـرۆشـان جـەرگـەی سـپـاهـی
ژەنیـــا تـەپڵ کـــوس بارگـــەی شـــاهـی
(جـووڵان و خـرۆشـان لە نێـو جـەرگـەی لەشکەردا سـەری هەڵدا و تـەپڵی شـەڕ لە بارەگای پادشاوە لێ درا)

بێـدار بـی جـە خـاو سـوهراب جـەنگی
وێش پـۆشـا وە دەرع دێبـای فـەرەنگی
(زۆرابی شەڕکەر لە خەو هەستا و جل و کەرەسەتەی شەڕی فەرەنگی لەبەر کرد)

سـیـلاح ڕۆی جـەنگ هەرچی بی تەمـام
نـام یـەزدان بـەرد پـۆشـــا بـە ئـەنـدام
(ناوی خودای برد و هەرچی چەک و کەرەستەی شەڕە لە خۆی دا)

پا نیـــا وە ئەسب جـــەهـانپـــەیماوە

ڕوو نیـــا وە تیپ ئێـــران ســـپـــاوە

(پێی لە ئەسپی جیهانپێو دا و ڕووی لە لەشکەری ئێران کرد)

یاوا وە ئوردوو، کـەس ئامـــاش نەوەند

هەشتا و دوو مێخ چەتر کاوسش کەند

(هاتوو گەیشتە هوردوو و کەس نەیتوانی پێشی پێ بگرێ، [چوو] و هەشتا و دوو مێخی خێمەی کەیکاوس شای هەڵقەند)

بوزورگـان نە دەور خـەیمەی شـەهریار

گـــورێزان جـــە تاو پەهلـەوان کـــار

(گەورەکان لە دەورەی خێمەی شا لە ترسی پاڵەوان هەڵهاتن)

کێشا بانگ سەخت نەعرەی سەهمناک

زەهرەی دلێـران جـەنگی مـەبی چاک

([بە شـێـوەیەک] گـۆڕاندی و بە دەنگێکی وا بەرز و ترسناک هاوری کـرد کـە ئازایانی شەڕ زاڵەترەک دەبوون)

واتش کـــەیکاوس ئەر پادشـــانی؟

ســالار ســەرهەنگ ئێـران سـپـانی؟

(وتی کەیکاوس ئەگەر پادشای؟ ئەگەر سەرلەشکەر و سەرداری سپای ئێرانی؟)

بۆ نە ڕووی مـەیدان ڕەزمگای شـێـران

نگا کـــەر نەبەرد جـــەنگی دلێـــران

(وەرە بۆ مەیدان، جێگە شەڕی شێران و شەڕی ئازایان بە چاوی خۆت ببینە)

من ســەوگـەند بە زات بەنای بێ تەناف

ئارۆ نە مـەیدان مـەعرەکـەی مـەسـاف

(من سوێند بە زاتی خودا دەخۆم کە ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕ)

تا جــە خــەیمـەی وێت نـاوەرۆت وە بـەر
نە کێـشـوت نە خـاک سپـای پڕ خـەتـەر[169]

(هـەتا لە خێمـەی خۆت نەتکێشمـە دەرێ و نەتدەم بە عەرزدا لە بەرچاوی لەشکەری ترسناکدا)

شــەو نە پای بەیداخ نەکـێشـوت بە دار
نەشــۆم وە جـای وێم نەگـیـرۆم قــەرار

(ئیمشـەو لە بن پێی بەیداغدا نەتدەم لە دار، ناگەڕێمەوە جێگای خۆم و ئارام و بێ ئۆقرە نابم)

کەیکاوس "چوون دی"[170] گیوش کـەرد ڕەوان[171]
وات ڕۆســــتــــەم بیـــۆ چوون پـەیک دەوان

(کەیکاوس کە ئەمەی دی گیوی نارد و وتی با ڕۆستەم بە پەلە لێرە ئامادە بێت)

ئـامــــان پـەهـلـەوان شـــۆخ زبـەر دەست
کەس نەدارۆ تـاب، مەر ئەو کەرۆش قـەست

(پاڵەوانێکی گـەنجی دەست و پەنجـە قـەوی هـاتووە، کـەس توانای بەربەرەکـانیی لەگەڵ نییە مەگەر تەنیا هەر ئەو بیکوژێ)

گیو چوون هـانا بـەرد ڕۆسـتـەم بی سوار
ئەسـپــەر وست نە دۆش پەهـلـەوان کـار

(کە گیو هـانای برد، ڕۆستەم سوار بوو، پاڵەوانی کارزان قەڵخانی لە شان کرد)

---

١٦٩. لە دەقی فیردەوسیدا هاتووە ئەو شەوە ژندەڕەزم کوژرا، سوێندم خوارد کە لە دارت بدەم.

١٧٠. لە دەستنووسەکەدا لە پێشدا "چوون شنەفت" نووسراوە، دواتر قەڵەمی بەسەردا هێنراوە و نووسراوە "چوون دی".

١٧١. لە دەقی فـیردەوسیـدا کـەیکاوس شـا لە باتی گـیـو لێرەدا توسی نەوزەری بۆ لای ڕۆسـتـەم ناردووە، ئەم جـێگۆڕکـێی پاڵەوانانە لە نێـوان شـانامـەی فـارسی و کـوردیدا لـە زۆر شـوێنی شانامەدا دەبیندرێ.

واوەیلای عـــەزیم خـــێــزا بە زاری
خـێـزا جـە مـەردان شـێـران کـاری
(هەڵا و بەزم و واوەیلایەک لە نێو پیاوان، شێرانی لێهاتوودا هەستا)

واتش کـــەیکاوس ئەر پادشـــانی؟[172]
ســالار ســەرهەنگ ئێـران سـپـانی؟
(وتی کەیکاوس ئەگەر تۆ پادشای، ئەگەر تۆ سالار و سەرلەشکەری سپای ئێرانی)

بۆ نە ڕووی مەیدان مەعرەکەی شێران
نگا کـــەر وە زۆر جـــەنگی دلێـــران
(وەرە بۆ مەیدانی شەڕی شێران، ببینە زۆر و بازووی ئازایانی شەڕ)

من سەوگەند وە زات بەنای بێ خەلاف
ئارۆ نە مـەیدان مـەعرەکـەی مـەسـاف
(من بە زاتی خودای بێ هەڵە سوێند دەخۆم کە ئیمرۆ لە مەیدانی شەڕدا)

تا جە خـەیمەی وێت نەکێـشـوت بە دار
نەشـۆن وە جـای وێم نەگـیـرۆن قـەرار
(هەتا لە خێمەکەی خۆت نەتدەم لە دار، ناگەڕێمەوە و ئارام و ئۆقرە ناگرم)

جـەی گـفـتـوگـۆ بی نـەوەی نامـدار
کـەیکاوس یەکســەر لێش بڕیا قـەرار
(نەوەی ناودار لەم قسە و باسەدا بوو کە کەیکاوس بە تەواوەتی سەبر و ئارامی لێ بڕا)

١٧٢. ئەم بەیتـــە و سێ بەیتی دوای ئەو، بە دەســـتکارییـــەکی وردەوە جـــارێکی دیکە لە دەستنووسەکەدا هاتوون، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە هەژان لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا درووست بێت. ئەمەش بە ئەنقەس بووە بۆ ئەوە بتوانێ باسی وەدرەنگ هاتنی ڕۆستەم بکا و زیاتر گوێگر بۆ ڕەوتی ڕووداوەکە چاوەڕوان و گوێقوڵاخ بکا. جێی سەرنجە ئەم هەژان و چاوەڕوانییە لەم بەشەی داستانەکەدا لە دەقی فیردەوسیدا نییە.

واتش کـه ڕۆسـتـەم کـەی مـەیۆ دێرەن؟
لەشکر ها خـەریک چەنگاڵ شـێـرەن

(وتی ئەوە ڕۆستەم بۆ نەهات، درەنگە، ئەوەتانێ لەشکەر لە ژێر چەپۆڵی شێردایە)

ڕۆستەم چوون شنەفت واتش یە دێوەن
سـپـاهی پی تەور خـاتر پەشـێـوەن

(ڕۆسـتـەم ئەمـەی بیـست وتی ئەمـە [ببێ و نەبێ] دێوە، کـە لەشکـەرێکی ئاوای وا نیگەران و پەشێو کردووە)

ڕان نیـا وە ڕەخش نەکـەردش درەنگ
ئاما نە مـەیدان پەی مـەسـاف جـەنگ

(وە سەر ڕەخش کەوت بە بێ ڕاوەستان، هاتە مەیدان بۆ شەڕ)

ڕۆستـەم وات: سوهـراب کودەک خـەرامان
کـەفـتـەنی نە گـێج دەریای بێ سـامـان

(ڕۆستەم وتی: ئەی زۆراب منداڵی ساوا، ئەوەتانێ لە گێژاوی دەریای بێ ساماندا وەگیر کەوتی)

مـسکین سـەرسـام خـەیاڵ پەرکـەندە
مـوسـەخـەر مـەبی بە گـورز بەندە

(هەژاری سەرکێش، خەیاڵ پرش و بڵاو، وە بن دەکەوی لە ژێر زەبری گورزمدا)

سـوهراب: وات ئەی پیـر جـەهان دیدەکار
چەمـیـدەی هیـجـران جـەفـای ڕۆزگـار

(زۆراب وتی ئەی پیری دنیا دیتوو، چەماوەی دەستی خەفەت و زۆرداریی دەور و ڕۆژگار)

جـە لای عـاقـڵان دانای خـرەدمـەند
نالایق بە تۆن واتەی ناپەسـەند

(لە لای تێگەیشتووان و زانایانی بیرمەند، قسەی سووک و ناپەسەند شایستەی تۆ نین)

ئەرتۆ چوون دەریای من هەر بادەنان
جە هونەرمەندان، هونەر زادەنان
(ئەگەر تۆ دەریایی من بام، لە نێو هونەرمەندان، هونەر زادەم)

بەڵێ پیرمەرد، دێوانەی کەم فام
ئارۆ بە کەمەند ساختەی چەرم خام
(بەڵێ پیرەپیاو، شێتی کەم ئاوەز، ئیمرۆ بە کەمەندی چێکراو لە چەرمی خاو)

جە مەرکۆبەی زین مەکێشوت نە خاک
سینەت وە ئەڵماس هیندی مەکەم چاک
(لە سەکۆی زینەوە دەتهێنمە خوار و سینگت بە ئەڵماسی هیندیکار دوو کەرت دەکەم)

ڕۆستەم وات: سوهراب واتەی چەرب نەرم
خاسترەن جە ڕاز ئاوازەی بێ شەرم
(ڕۆستەم وتی: وتەی چەور و نەرم باشترە لە دەنگ و ئاوازی بێشەرم)

بەڵێ تۆ کودەک نادیدە ساڵی
بێ خەبەر جە ڕەزم گورز و گۆپاڵی
(بەڵێ تۆ منداڵ و کەم ئەزموونی، شەڕ و [زەبری] گورز و گۆپاڵت نەچێشتووە)

هێمای گەرم و سەرد دنیای پڕ ستەم
نامانت بە گۆش، نە دینت وە چەم
(هێشتا گەرمی و ساردی دنیای پڕ لە زوڵمت نە بە چاوی خۆت دیوە و لە نە گوێبیستی بووی)

مـن پـیـــــــر {زەرهـان} نـادرەی دەورم

من شـــێـــر پڕ زات کـــوشندەی بەورم

(من پیری زەرهـان، بێوێنەی سـەردەمم، من شێری جەسووری بکوژی پڵینگم)

ستـارەی ڕووی چەرخ گەردان کـودامەن

مـــەزانـۆ من زات شـــێـــران جـــە لامـــەن

(کـامـە ئەسـتـێـرەی چەرخ و فـەلەک بێت، دەزانـێ کـە مـن ئازایەتی و جـەسـووری شێرانم لە لایە)

**

بیـنـای بێ زەواڵ شـــوکـرمـــان پێـــتـــەن

دەفـتـەرخـانەی ئـەسڵ بە دەست وێتـەن

(بینای هەمیشە بوو هیوامان بە تۆیە، مردن و ژیان هـەر بە دەستی تۆیە)

وەر نە مەل و مۆر وەحشی گشت تەمام

مەشناسـۆ فەرزەند وێش بە عـەقڵ و فام

(دەنا هـەمـوو پـەلەوەر و گیـانلەبەری وەحشـی هـەمـوو بە ئاوەز و تێگەیشـتن منداڵی خۆیان دەناسنەوە)

یەکێ چوون ڕۆستـەم دانای دوڕ شکاف

ئارۆ نە مـەیدان مـەعـرەکـەی مـەسـاف

(کەسێکی وەک ڕۆستەمی گەوهەرناس، ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕدا)

بەو تەور جـە فـەرزەند وێش بی هـەراسـان

هـەر چەند نگا کـەرد کـەس کـەس نەناسـان

(بەو شـێوەیە لە ڕۆڵەی خۆی هـەراسان بووە، هـەر چەندە لە یەکتریان ڕوانـی کەس کەسیان نەناسی)

ئاخر سەرئەنجام سەرکێشان وە جەنگ

گـــەردش ئـەیوان چەرخ مـــینا ڕەنگ

(ئاخرەکەی لە کۆتاییدا ملیان لە شەڕ نا، [ئەمەیە] سووڕی چەرخ هەر وەک ڕەنگ)

دەست پێکا وە چووب نـەیزەی مـــووشـکاو

ســــــپــــــەر وست نـە دۆش پـەهـلـەوان داو

(دەستی لە داری نێزەی مووقڵێش هەڵپێکا، پاڵەوانی زانا قەڵخانی خستە مل)

داشـــان وە یەکـدا نـەیزە و گـورز و تێغ

جـــــە زەخم ئەنـدام نـەکـــــەردن درێغ

(نێزە، گورز و شمشێر دران بە یەکدا، لە برینی جەستە هیچ درێغیان نەکرد)

جە مـەودای ئەڵماس نەیزەی خـەتەرناک

حـــەڵقــە زرێشـــان مـــەڕێزا نـە خـــاک

(لە مـەودای ئەڵمـاسـی نێزەی پڕمـەترسـیدا، حـەڵقـەڕێزەکـان دەپچڕان و دەکـەوتنە سەر عەرز)

شکیـا چووی سـەنان سـەرنـەیزە کـەم بی

قـەترەی هوون جە فـەرق زامـشان جـەم بی

(داری سـەرەنـێزە شکا، نێـزە تەواو بوو، دڵۆپەی خـوێن لە نێـو بریناندا تۆخـەرەی بەست)

گـا گـورز و گـا تێغ گـا تیـر مـەشـانان

دلێـــــران بـە زۆر زەربـەت مـــــەنمانـان

(هێندێک جار شـمشێر و هێندێک جار تیرکەوانیان بەکار دێنا، ئازایان ئەو پەڕی زۆری خۆیان لە زەبروەشاندا بەکار دێنا)

دوو کۆی بێ سامان مل خشان جـە جەنگ

نـە ئێی بـی زەبـوون نـە ئـەو خـــاتر تـەنگ

(دوو کـێـوی بێ ســامــان ملیــان لە شــەڕ نابـوو، نە ئەمــیــان دەبەزی و نـە ئەوی دیکەشیان کۆڵی دەدا)

ڕۆستــەم فــەراوان خــۆفش نە دڵ بەرد
واتش ئـەی یەزدان تـاک تەنیــای فــەرد
(ترسێکی زۆر چووە دڵی ڕۆستەم، وتی ئەی یەزدانی تاقی تەنیا)

من هــەر جــە تفـڵی جــەنگ ئازمــا بیم
کــوشندەی دێوان شـــووم گــومــڕا بیم
(من هــەر لە منداڵیــیـــەوە ئەزمـــوونی شـــەڕم هەبـووە، بکوژی دێوانی شـــووم و سەرلێشێواو بووم)

چەند جــەنگ دێوان جـە لام بـی ئاســان
هــەرگیز پـەی دەستـوور نەبیم هەراسـان
(کە چەندە شەڕی دێوانم لا ئاسان بوو، قەد وەک ئێستا یاس و هەراسان نەبووم)

خـەیلێ فکرش کـەرد سیا بی جە دەرد
جـــەولان دا بە ڕەخش پارەی ڕەنەوەرد
(زۆری بیـــر کـــردەوە، لە دەرد و ژاندا ڕەش هەڵگەڕابوو، ڕەخـــشی چابوک و توندڕەوی تاو دا)

وە پەنجــەی پڕ زۆر کـەنـەندەی مـوغـار
گـــرتش کـــەمـــەربەند نـەوەی نامــدار
(بەو پەنجە پڕ زۆرانە کە کێوی لە بن پێ هەڵدەکەند، پشـتێنی نەوەی ناوداری گرت)

زۆر دا بە ئـەندام بـازووی بـێ ئـەندێش
کـێشــا، نەخـشــا، نە ڕووی زین ویش
(بە هەموو زۆری باسکەکانی کێشا و بردی بە سەر زینەکەیەوە)

نۆبەی سـوهراب بی گورز کـەردش نگار
ڕەخش دا بە زانو کـەردش نگوونســار

(نۆرەی زۆراب بوو، گورزی کردە نیشانە و وەشاندی، ڕەخش کەوتە سەر چۆک و سەرەوبن بوو)

جــە زۆر بازوش قـەڵخـان بی وە گـەرد
نـەکـــــەردش ئـەندێش نـە نـاڵا ج دەرد

(بە زۆری باسکەکانی قەڵخان ورد و خاش بوو، [ڕۆستەم] هەر بە خەیاڵیشیدا نەهات و هاواریشی لێ هەڵنەستا)

واتش چـون جــە زەرب گـــورزم نەناڵی
بێـــشک ڕۆســـتـــەمی جــە توخـم زاڵی

(وتی مادام لە زەبری گورزم ناناڵی، ئەوە بێگومان تۆ ڕۆستەم نەوەی زاڵی)

پـەوســـــە مــــەواچان پیلتـــــەن تۆنی؟
جــــە ئـەولاد زاڵ هـونەر بـێ شـــــۆنی؟

(ئاواش دەڵێن کە تۆ فیلەتەنی؟ وەک ڕۆڵەی زاڵ لە هونەری ئەو بێ شوێنی؟)

وات ئـەرتـۆ بگنی بـە چەنـگ ڕۆســـتــەم
هــەنــی زیـنـدەگـی نمـەویـنــی وە چـەم

([ڕۆستەم] وتی ئەگەر تۆ بکەویتە دەستی ڕۆستەم، ئیتر ژیانی خۆت بە چاو نابینی)

هیچ ناماش نـە گۆش قسـەی فەرزەندش
نەکـــەردش قــەبوڵ گـوفــتــار پـەندش

(هیچ گوێی لە قسەی ڕۆڵەکەی نەگرت، پەند و ئامۆژگارییەکانی نەسەلماند)

ڕۆســـتــەم پـەهلـەوان پڕ زۆر و ســامــەن
کـەی چوون من جـەنگ تۆ ناتـەمـامـەن؟

(ڕۆستەم پاڵەوانێکی پڕ زۆر و سامدارە کەی وەک من لە بەرانبەر تۆدا شەڕێکی تەواوی پێ ناکرێ؟)

جــه لای پیلتــەن مـن کــەمــتــرینـەم
نـالایـەق وه تێـغ مـــــەیدان کــــینـەم

(له لای فـیلـەتەن من هیـچ نیم، تەنانـەت شـایسـتـەی شـمـشـێـری مـەیدانی قین و شەڕیش نیم)

سـاکـا گـورز و تێغ هیچ نـامـا به کـار
غـەمین بی به جـەور جـەفـای ڕۆزگـار

(ئیتر گورز و شمشێر کەڵکیان نەما، خەمبار و دڵ به خەم بوون له جەور و جەفای ڕۆژگار)

ئاخـر به مـــەیلان جـەهـان ئافـــەرین
هەر دوو جـه ئەسـپـان ئامـان به زەمین

(سـەرئەنجام به ویستی خـودای جیـهان خـولٚقێن هەر دووکیـان له ئەسپەکانیـان دابەزین)

پێچان وه ڕووی زین حەڵقەی کەمەربەند
وستـەن وه ڕووی خـاک کـەمـان و کـەمەند

(حەڵقەی پشتێنیان له زین کردەوە، کەمەند و کەمانیان خستە سەر عەرز)

لجـام ئەسـپـان بەسـتـه بـین وه سـەنگ
حــەڵقــه زرێشــان پاره بی جـه جـەنگ

(هەوسـاری ئەسـپـەکـانیـان به بەردەوە بەسـتـەوە، حـەڵقـه ڕێزەکـانیـان له شـەڕدا بچڕابوون)

بازهەم وه کـوشـتی گـرتشــان کـەمـەر
دوو پەنجـه وه قـەهر وه یـاران یەکسـەر[173]

(دیسـان به زۆرانبازی پشتێنی یەکترینیـان گرت و دوو پەنجه بـه نیشـانەی قین و شەڕ بۆ هەموو دۆستان)

---

١٧٣. ناڕوونییەک له نێوەڕۆکی بەیتی دووەمدا هەیە.

وە عـەزم کـوشـتـی دەسـت وەهـەم بـەردن

تەن و گـیـان بـە زات یەزدان سـپـەردن

(بۆ زۆانبازی دەستیان لە یەکتری هەڵپێکا و جەستە و ڕۆحیان سپارە خودا)

لادی جـــە مـــەیدان کـــەس نـەبی دیـار

دلێـران ســەرسـام سـەراسـیـمـەوار

(کـە کـەس [رۆسـتـەم و زۆراب] لە مـەیدانی شـەڕەوە دیار نەبوو، ئازایـان هـەمـوو سەرلیشێواو حەپەسابوون)

جـــەوان بە تـەوفـــیق بەنـای لایـەنـام

کـێـشـا کـەمـەربـەند نەوەی زاڵ سـام

(جەوان بە یارمەتیی خودای بێ ناو، پشتێنی نەوەی زاڵی سامی گرت و ڕای کیشا)

بەردش، ئاوەردش خـەسـتـەی دڵ غـەمین

هەوادا نـە خـاک سـیـای سـەرزەمین

(ماندووی خەمباری هێنا و بردی و ئاخرەکەی کوتای بە سەر عەرزی ڕەشدا)

ئـامـا وێنەی شـێـر دڕندەی شکار

نشت نە ڕووی سـینەی پەهلەوان کـار

(هەر وەک شێرێکی تینووی ڕاو، پاڵەوانی کارزان هات و لەسەر سینگی دانیشت)

دەست پێکا وە تێغ حـەربەی سـەهمناک

سینەش بە ئەڵمـاس هیندی بکەرد چاک

(دەسـتی برد بە شـمـشـێری شـەڕی سـامناک، سینەی بە ئەڵمـاسـی کـاری هیندی دووکەرت بکا)

ڕۆسـتـەم وات: سـوهراب بەور بێ سـامـان

حـــەرفێ مـــەواچون مـــروەتەن ئـامـــان

(ڕۆستەم وتی: زۆراب پڵینگی بێ سامان، قسەیەکم پێیە ئامان گوێم لێ بگرە)

مــەویر جــە قـــانوون گـــەردەن فـــەرازان
وەخـتێ جــە مـــەیدان کـوشـتـی مـــەبازان
(یاسای سەربەرزان پێشێل مەکە، کاتێک لە مەیدانی زۆرانبازی)

هـەر کـــەس ئـەوەڵ بار مـــەبۆ ســـەرنـگوون
مـەبخـشـاش نە ڕای کـارسـاز بێـچـوون
(هەر کەسێک یەکەم جار لە عەرز بدرێ، بە خوادی کارساز و بێوێنە دەیبەخشن)

وەختێ دووهـەم جار وستی نـە ڕووی خاک
ئەوسـا بـە ئەڵمـاس سـینەش بکەر چاک
(کاتێک بۆ دووەمین جار لە عەرزت دا ئەودەم بە ئەڵماس سینگی دووشەق بکە)

بە ســەد مـەکـر و فـەند، حـیلەبازی وێش
خــەلاس بی جــە دەست بـەور بێ ئەندێش
(بە سەد فێڵ و تەڵەکەبازی خۆی لە دەستی پڵینگی نەترس ڕزگار کرد)

ســوهراب ڕۆســتــەمش نە مــەیدان وەردا
بـە وێنـەی وەیلان بـە ســـوورەت ســـــەردا
(زۆراب، ڕۆستەمی لە مەیدان ڕەها کرد و وەیلان و سەرگەران بوو کە چ بکا)

هـەر دووشـــان خـــەریک خـاتر پەرێشـــان
ڕووکــەردن بە چەتر خــەیمەگـای وێشـــان
(هەر دووکیان پەشێو و خەمبار بەرەو لای خێمەکانی خۆیان گەڕانەوە)

دوو مـــەرد پڕ زات بێ خــۆف و ئـەندێش
شــەو ئـامـا لوان هـەر یەک نە جـــای وێش
(شەو داهات و دوو پیاوی جەسوور و نەترس چوونەوە [نێو هووردووی] خۆیان)

هومـــان وات: ســوهراب ئارۆ چە کـەردی؟
نە مـــەیدان جــەنگ عــیــلاج نەکــەردی؟

(هومـان وتی: ئەرێ زۆراب ئیمرۆ چت کرد؟ لە مـەیدانی شـەڕ چارەسـەرییـەکت نەکرد؟)

سوهراب وات: هومان بێ شەک ڕۆستەم بی
سـەد گـورز دام وەنەش هێـمـا پیش کەم بی

(زۆراب وتی هومـان، شکم نیـیە کـە ئەو کەسـە ڕۆستـەم بوو، سـەد گـورزم لێ دا دیسان وەک ئەوە وابوو هیچی لێ نەدراوە)

نەکـەردش ئەندێش نە لەخـشـا نە جـاش
زرێش ڕێزە بی بە وێنـەی خـاشـخـاش

(قـەڵخـان و زرێی ورد و خـاش بـوون هـەروەک خـاشـخـاش بەڵام ئەو نـەترسـا و لە جێگەی خۆی نەجولا)

بە گورز و شـمـشـێر بە حـەڵقـەی کەمـەند
نەکـرياش عـيـلاج هيچ نامـا نـە وەند

(بە گورز و شـمـشـێر و کلافـەی کەمـەند، هـیچ نەکرا و هیچکامیـان لێی کـاریگەر نەبوون)

ئاخـر وە کـوشـتـی دەست وەهـەم بەردیم
تەن و گـيـان وە زات يـەزدان سـپـەرديم

(ئاخرەکەی ملمان لە زۆرانبازی نا و لەش و گیانمان بە خودا سپارد)

وە نـام بێـچـوون نـە مـەیدان کـار
وسـتم نـە ڕووی خـاک بە سـەد کـارزار

(بە ناوی خواد لە مەیدانی شەڕدا بە هەزار حاڵ دام بە عەرزدا)

ئاخـر وە ئەفـسـووس بەرشـی جـە دەسـتم
هـەنـی جـە مـەیدان کـوشـتـی نـەوەسـتم

(ئاخرەکەی وە فێڵ لە دەستم ڕزگاری بوو، منیش لە مەیدانی زۆرانبازی نەمامەوە و هاتمەوە)

سـینەش بە ئەڵمـاس نەكـەردم خـەتەر
بەخـشـام نە ڕای حـەق بەنای بان سـەر
(سینەم بە ئەڵماس شەق نەكرد، بەخشیم لە ڕێگای خوادی بان سەر)

هومـان وات: سـوهراب خـەیلێ بەد كەردی
پـەری بـەخت وێت فـــرە ڕەد كـــــەردی
(هومـان وتی زۆراب كـارێكی زۆر خـەرابت كـردووە، بۆ بەخـتـی خـۆت زۆرت هەڵە كردووە)

تۆ ئـەوت نەكـوشت، ئـەو تۆ مـــەكـوشـــۆ
ئاوارە ســـپـــات وە توران مـــــەشــــۆ
(تۆ ئەوت نـەكـوشت، ئەو تـۆ دەكـوژێ و لەشكـەرەكـەت ئاوارەو سـەرگـەردان بەرەو توران دەگەڕێتەوە)

شـێـر بێ دەسـتـوور كـەفـتـەن نە دامت
"ڕەها دای جــە دەست، كـەم بین فـامت"[174]
(شـێری بێ ئـیزن كەوتبووە داوت، لە ناتێـگەیشـتوویی خـۆت بـە خـۆڕایی بەرەڵات كرد)

ئـەر بدۆ تـەوفــیق دانـای خـــاس كـــەست
ئـەمـــجــار پـەهـلـەوان ئاوەردی بە دەست
(ئەگەر هاتوو خودای زانا یارمەتی دای و ئەمجارە پاڵەوانی خستە دەستت)

بـە تێغ ئـەڵمـــاس هـینـدی خـــەتـەرناک
مــــەدرش ئامـــان جــەرگش بكەر چاک
(بە شمشێری هیندیی پڕمەترسی، ئامان و دەرفەتی مەدەرێ و جەرگی هەڵدڕە)

١٧٤. لە پەراوێزی دەسـتنووەكـەدا لە پەنای ئـەو بەیتـەدا ئاواش نووسـراوە: "ڕەها دای جـە بەند كەمبین فامت"

جـەی لاوە ڕۆسـتـەم هـۆرگـێـلا جـە دەرد
ئامـا نـە مـابـەین خـەیمەی لاجـەوەرد
(لەو لای دیکەوە ڕۆستەم لە تاوی دەرد و ژان گەڕایەوە نێو خێمەی لاجەورد)

کـەیکاوس پـەرسـا پیلتـەن چونـی؟
پـەوسـە مـەزانـۆ جگـەر پـڕ هـونـی؟
(کەیکاوس پرسیاری کرد، ئەرێ فیلەتەن چۆنی؟ وادەزانم جگەر بەخوێنێ؟)

یەک تـەنیـا جـەوان نەبەسـتی دەسـتش؟
یا بـە گـورز وێت نـەکـەردی قـەسـتش؟
(تاقە گەنجێک بوو دەستەکانیت نەبەست؟ یان بە زەبری گورزت نەتکوشت؟)

ڕۆسـتـەم وات: ئەی شـا پـەشـێـوەن حـاڵم
مـەشـۆ بە تـاراج گـورز و گـۆپـاڵم
(ڕۆستەم وتی: ئەی شا حاڵم پەشێوە، گورز و گۆپاڵیش وەفریام ناکەوێ)

خـجـڵ مـەندەنـان جـە دەست یـەک کـەس
مـەگـەر خـوداوەند کـەرۆم فـەریاد ڕەس
(بە دەستی تاقە کەسێکەوە گیرم کردووە مەگەر خوداوەند هەر بۆ خۆی یارمەتیم بدا)

چەند سـاڵەن چەند وەخت مـن پەهـلەوانم
کـوشـنـدەی دێوان مـازەنـدەرانم
(چەندە ساڵ و چەندە وەختە من پاڵەوانم، بکوژی دێوانی مازەندەرانم)

نـەترسـام جـە ڕەزم دێو جـادووکـار
تـەی کـەردەن زەمین بـە تـەنیـا سـوار
(نەترساوم لە شەڕی دێوی جادووگەر، هەموو وڵات بە تەنیا سوار گەڕاوم)

ئیســـە ها خــەریک یەک نەوڕەســیــدەم
پەژارەم جــە گــیــان قــامــەت چــەمــیــدەم

(ئێستا بە دەستی تازە پێگەیشتوویێکەوە گیرم کردووە، پشتم چەماوە و لە گیان بێزارم)

مــەر هــەم خــوداوەند یاری بۆ جــە ســـەر
وەرنە جــە دەســـتش کێ مــەشــۆن وەبەر

(مــەگــەر خوداوەند هەر بۆ خــۆی لەو ســەرەوە یارمــەتیم بدا، دەنا لە دەســتی ئەو [زۆراب] کێ ڕزگاری دەبێ)

***

١٣

## پاڕانەوەی ڕۆستەم لە خودا بۆ سەرکەوتن بە سەر زۆرابدا[١٧٥]

هەتا نیمەشەو زەلیل و زەکار
مەڕێزا ئەسرین مەوات یا غەفار

(هەتا نیوەشەو داماو و زەلیل، فرمێسکی دەڕێژا و پارانەوەی لە خودا دەکرد و دەیگوت)

بە وێم مەزانون گونە کارانم
عاسی و عوسیانبار دوور جە یارانم

(بۆ خۆم ئەزانم کە تاوانبارم، هەڵە و خەتاکار، دوور لە یارانم)

بە یاڕەب یاڕەب هەر شەو بێداران
بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران

(بە یاخودا یاخودا هەموو شەو خەوی لێ نەکەوت و بە دەنگی یەزدانی گەورە بەیانی و ئێوارەی بردە سەر)

بیاوە بە داد من تەنیا باڵم
ئەگەر نیاوی پەشێوەن حاڵم

(بە هانامەوە بێ، من تەنیا باڵم، ئەگەر یارمەتیم نەدەی پەشێوە حاڵم)

بیاوم بە داد پادشای شاهان
ڕۆزی دەهەندە جەمع گومڕاهان

(یارمەتیم بکە هەی پادشای پادشاکان، ئەی وەفریادڕەسی هەموو ڕێ لێ ونبووان)

---

١٧٥. لە دەستنووسەکەدا هاتووە: "مناجات رستم از دەست سهراب"

بیـــاوم بـه داد پادشــــای بێـــبـــاک
وه تێـغ سـوهـراب جـــەرگم نەبـۆ چاک
(یارمەتیم بکە ئەی پادشای بێباک کە بە تێغی زۆراب جەرگم پارە نەبێت)

مـــەواتـش یا ڕەب فـــەریاد ڕەس هـانا
ئـەر نـەدەی تـاقــــەت نیــــەن تـەوانـا
(دەیگوت یا خودا، وە فریام کەوە هانام بۆ هێناوی، ئەگەر هێزم وەبەر نەدەی تاقەت و توانام نییە)

مناجـاتش کـەرد ڕۆسـتــەم بە زەکـار
دۆعـاش قـەبوولْ کـەرد ڕەب جەهاندار[١٧٦]
(ڕۆسـتـەم نزا و پاڕانـەوەی زۆری کرد، ئاخـرەکـەی خـودای خـاوەن جـیـهـان نزا و پاڕانەوەکەی پەسەند کرد)

***

١٧٦. لە نوسـخـەی شـانامـەی هـەورامی کـۆکـردنەوەی ئەمـینی لەم بەشـەدا باسـی ئـەو سـەد مـەن وزیەیە دەکرێ کە ڕۆستەم لە کاتی چوون بۆ سەمەنگان بە قەرز بە خودای دابوو و ئێستا لێرە بۆ شـەڕ لەگەڵ زۆراب لێی وەردەگرێتەوە. لەوێدا باسی ئەوە کراوە بە هۆی قورسـایی گورز و گۆپاڵ و زینی ڕەخش کە بە کۆڵ ڕۆسـتـەمـەوە بوو هـەتا ئەژنۆ لاقـەکانی لە عـەرز ڕۆ دەنیـشت، هـەر بۆیە ڕۆسـتـەم داوای لە یەزدان کرد، هێندێک لە وزەی ڕۆسـتـەم بگرێ، بـۆ ئەوە بتـوانێ بە ڕێگەدا بڕوا. بەڵام ئێستا کە لە شەڕ لەگەڵ زۆرابدا داماوە، جارێکی دیکە پێویستی بەو وزەیە هەیە کە بە ئەمانەت لە لای خودای داناوە. هەر لەم پێوەندییەدا لە شانامەی لەکیشدا هاتووە لەبەرئەوەی ڕۆستەم لە بەر قورسـاییی لەشی نەیدەتوانی بەڕێگەدا بڕوا و لاقەکانی لە عەرز ڕۆ دەچوو، لە خودا پاڕایەوە کە هێندێک لە وزە و زۆری لێ کەم بکاتەوە بۆ ئەوە بتوانێ ڕێگە بڕوا. بەڵام وەک دەبیندرێ لەم نوسـخـەیەدا ئاماژە بەمـە نەکراوە. دیارە لە دەقی فـیـردەوسـیـشـدا بە هـەمـان شـێوە باسـی پاڕانەوە لە خـودا و پەسـەندکردنی پاڕانەوەکەی لە لایەن خوداوە دەکرێ بەڵام ڕاست ئاماژە بەم بەقەرزدانی وزە و وەرگرتنەوەی لە نێوان ڕۆستەم و یەزداندا نەکراوە. (زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شماره ٨٨)

١٤

## شەڕی نێوان زۆراب و ڕۆستەم بۆ جاری دووەم و کوژرانی زۆراب بە دەستی ڕۆستەم

سەحەر چوون خوەرشید نە بورج خاوەر
سەر کێشا وە بورج کەیوان ئەخزەر

(بەیانی کە خۆر لە لوتکەی ڕۆژهەڵات سەری دەرهێنا و لە بورجی کەیوانی ئەخزەری دا)

دا نە تەپڵ کوس سپای تورک چین
بانگ ڕەستاخیز[177] کەفت نە ڕووی زەمین

(لەشکەری تورکی چینی لە تەپڵی شەڕی دا و بانگی ڕۆژی حەشر لە سەر زەوین هەستا)

جە یەکجا تەرتیب ئێران سپا بی
درەفش بێ خەوش کەیان[178] وەپا بی

(لە لایەک ڕیزی لەشکری ئێران بوو، ئاڵای بێ خەوشی کاویانی هەڵدرابوو)

ڕۆستەم پەی نەبەرد بێدار بی جە خاو
تەن پۆشا وە دەرع حەربەی تازە ساو

(ڕۆستەم بۆ نەبەرد لە خەو هەستا، کەرەستەی شەڕی تازە ساو و دەمەزەردی لە خۆیدا)

---

١٧٧. "ڕەستاخیز" پێکهاتوو لە ڕەست بە مانای مردوو و خیز بە مانای هەستانەوە، هەستانەوەی مردووان، ڕۆژی حەشر، کۆتاییی جیهان و قیامەت.

١٧٨. "درەفش کەیان یان کاویانی" ئاڵای ئێرانییەکان بوو کە هەتا سەردەمی هاتنی ئیسلام و شکانی لەشکەری ئێران هەر مابوو.

سیلاح ڕۆی جەنگ هەرچی بی تەمام
نام یەزدان بەرد پۆشـــا بە ئەندام
(چەک و چۆڵی شەڕ هەرچی هەبوو، هەمووی بە ناو هێنانی یەزادن لە خۆی بەست)

پا نیـــا وە ڕەخش پەڕەندەی تەیار
ئامـا نە مـەیدان عـەرسـەی کـارزار
(پێی لە ڕەخشی تەیار و ئامادە دا و هاتە مەیدانی شەڕ)

جەو تەرەف سوهراب پۆشا دەرع جەنگ
ئامـــا نە مـــەیدان نەکـــەردش درەنگ
(لەو لاوە زۆراب کەرەستەی شەڕی لە خۆی دا و بە بێ وەستان هاتە مەیدانی شەڕ)

هەر دوو سوار بین بێ پەروا جە خەم
ئامـان نە مـەیدان ڕوو نیـان وەهەم
(هەر دوو سوار بوون بە بێ ترس، هاتنە مەیدان و ڕوو لە یەک و بەرانبەر بە یەک وەستان)

ڕۆستەم وات: سوهراب کوودەک خەرامان
کـەفـتـەنی نە گـێج دەریای بێ سـامـان
(ڕۆستەم وتی: ئەی زۆراب، منداڵی ساوا، کەوتوویتە گێژاوی دەریای بێ سامان)

تۆ نە ڕاگەی چەفت، غەڵەت کەفتە بی
وە زۆر گـورزم ئەمـجـار ڕەفـتـەنی
(تۆ ڕێگەی هەڵەت گرتووە، ئەمجارە لە بەر زەبری گورزم ڕزگارت نابێت)
سوهراب وات: ئەی پیر خەستەی پەشێو حاڵ
ئارۆ فـــراوان مـــەپرســـون ئەحـــواڵ
(زۆراب وتی ئەی پیری ماندوو و پەشێو حاڵ، ئیمڕۆ پرسیار و باس و خواسێکی زۆرم لەگەڵ تۆ هەیە)

ئـەر تۆ ڕۆســـتـــەمـی نـام وێت ببـــەر
وەرنە جـە مـەیدان مــەمـانی بێ سـەر

(ئەگەر تۆ ڕۆستەمی ناوی خۆت بڵێ، دەنا لە مەیدانی شەڕ بێ سەر دەمێنییەوە)

ڕۆسـتـەم واتەی ئەو نەگرتش نە گۆش
جۆشـا، خـرۆشـا، دەروون مـەدا جـۆش

(ڕۆستەم گوێی لە قسەکانی ئەو نەگرت، لە نێوەوە دەکولا و دەخرۆشا)

هـیچ نامـا نە گۆش قسـەی فـەرزەندش
نەکـەردش قـەبـووڵ گـوفـتـار پـەندش

(هیچ گوێبستی قسەی ڕۆڵەکەی خۆی نەبوو، پەند و قسەکانی پەسەند نەکرد)

وات ئەی هـەرزەکـار ئەبلەی ناتـەمـام
جـاهیل نادان، دوور جـە عـەقڵ و فـام

(وتی ئەی هەرزەکاری گێل و ناتەواو، نەزان و دوور لە ئاوەز و فام)

یە وەخت مـەیدان کـوشـتی بازییـەن
چە جای مـەکر و فەند، حیلە بازییەن؟

(ئێستا کاتی مەیدان و زۆرانبازییە، چ وەختی درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازییە؟)

دوو جـەنگی سـوار جە هەم جـیـا بین
جــە کـۆڵ ئەسـپـان دەر دەم پیـا بین

(دوو سواری شەڕکەر لە یەک جیابوونەوە، هەر ئەو دەم بە پەلە لە کۆڵ ئەسپەکان هاتنە خوارەوە)

بە تـەوفـیق حــەق ئـەڵاهوو ئەکـبــەر
بازهـەم وە کـوشـتی گرتشـان کەمـەر

(بە هیمەت و یارمەتی خودای گەورە، دیسان لە زۆرانبازیدا دەستیان لە پشتی یەکتر هەڵپێکا)

دوو کـۆی بـێ سـامـان چـەم وەردن بە هـەم
پـێــچــیــان چوون پێچ مــاران ئـەرقــەم[١٧٩]

(دوو کێوی بێ سامان بە دەوری یەکدا پێچران، پێچیان خوارد هەروەک مارانی ئەرقەم)

تـەمـامـی لەشکـەر هـەر ناگــاشــان بی
چەم نە ڕای مــەیدان تماشـاشــان بی

(هەموو لەشکەر چاویان تێ بڕیبوون، لە مەیدان و شەڕی ئەوان)

ڕۆسـتـەم وێنەی شـێـر دڕنـدەی شکار
نام یـەزدان بەرد سـیـا بـی جـە قــار

(ڕۆسـتـەم هـەر وەک شـێـر لە وەخـتـی ڕاودا، ناوی یەزدانی هێنا و لە ڕقـان ڕەش هەڵگەڕا)

سـوهـرابش کـێشـا، وەست نە ڕووی زەمین
دەست بـەرد ئەو مــیــان قــەبزەی تێـغ کین

(زۆرابی ڕاکیشا و دای بە عەرزدا، دەستی دایە شمشێری تێغی پڕ قین)

هـەر چـەنـد ئـەمـان واسـت پێش نەدا ئەمـان
خــەنجــەر هورکـێـشـا بەور بێ سـامـان

(هەر چەندە هاواری کرد ئەمانی نەدا، پڵینگی بێ سامان خەنجەری هەڵکیشا)

بە مەودای ئەڵماس سـەر نەیزەی خەتەر
جـەرگش پارە کـەرد جـە دڵ شـی وە بەر

(بە درێژای ئەڵماسی سەرەنێزەی پڕ مەترسی، جەرگی هەڵدڕی و دڵی دێواندێو کرد)

باڵای نـەونمام، سـاوای زەڕ سـتـوون
پارە کـەرد وە تێـغ ڕەنگین بی وە هوون

١٧٩. "ئەرقەم" ئەبڵەق، ڕەش و سپی، ماری ڕەش و سپی

(باڵای نەونمام، ساوای وەک شمشادی زێڕ، بە شمشێر لەت کرا و لە خوێندا گەوزا)

سوهراب وات: ئەی پیر پڕای دڵ جە سەنگ
من کوشتی وە تێغ سەر مەودای خەدەنگ

(زۆراب وتی: ئەی پیری دڵ ڕەق وەک بەرد، خۆ منت کوشت بە شمشێری خەدەنگ)

بەڵێ تۆ جە ویت نەداری خەبەر
جە دەست بابۆم چۆن مەشی وە بەر

(بەڵام تۆ بێ ئاگای لە خۆت، لە دەستی بابم دەرچوونت بۆ نییە)

بابۆم ڕۆستەمەن شای کەمەر لالان
شێران جە تاو شەت گورزش مەنالان

(باوکی من ڕۆستەمە، شای پشتێن یاقووتی، شێران لە تاوی گورزی دەناڵێنن)

ئەر مەبی بە مورغ پەڕەندەی شکار
وە حەڵقەی کەمەند ماوەرۆت بە وار

(ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندەی نێچیر و [بە ئاسماناندا دەفڕی] ئەوە بە کڵافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار)

ڕۆستەم ئێد شنەفت شادی کەرد بە تاڵ
سەرسام بی سەرسام نەوەی توخم زاڵ

(ڕۆستەم کە ئەمەی بیست شادی لە دڵی ڕەوییەوە، نەوەی زاڵ زۆر تووشی حەپەسان بوو)

واتش نیشانەی ڕۆستەم چیت پێشەن؟
پەنەم واچە ڕاست دڵ بە ئەندێشەن

(وتی نیشانەی ڕۆستەم چییە لە لات؟ ڕاستم پێ بڵێ زۆر دڵنیگەرانم)

واتش لالـێـــــوەن باهـوو بـەنـد بـاڵ
نیـشـانەی ڕۆسـتـەم نـەوەی توخم زاڵ

(وتی یاقووتێکە لە باسکم بەستراوە، نیشانەی ڕۆستەم نەوەی زاڵە)

دایەم جــە توران بەســتــەن نە باڵم
نگا کـــەردنش پەشــێــوەن حــاڵم

(دایکم لە توران لە باسکی بەستووم، بە چاولێکردنی زۆر پەشێوە حاڵم)

ڕۆســتــەم نگا کـەرد دانـەی لاڵ وێش
شـنـاســا نـە بـاڵ فـــەرزەندە دڵ ڕێش

(ڕۆستەم چاوی لە یاقووتەکەی خۆی کرد، لە باسکی ڕۆڵەی دڵ بریندارێدا ناسییەوە)

دەست دا نە خـەفتان دیبـای چینی تار
جـە سـەر پارە کـەرد خـرۆشـا بە زار

(دەستی دا بە خـەفتـان و هـەموو جلەکانی خۆی لە سەرەوە هـەتا خوار دادڕی و بە کوڵ دەستی بە گریان کرد)

هـەرداش بە ســـــەردا بە ئـاواز بـەرز
دیش کە گیـو ئـامـا، بەهرام و گۆدەرز

(بە دەنـگی بەرز هـاواری لـێ هـەسـتـا و بـەهـەردوو دەسـتـان بـە سـەریدا دەدا، لەو کاتەدا گیو، بارام و گۆدەرز هـاتن)

واتن بە ڕۆسـتـەم ئـاخـر یە چێـشـەن؟
پەی چێش پەی تەورە خاترت ڕێشـەن؟

(وتیان ڕۆستەم ئەمە چییە و چی قەوماوە، بۆ بەو شێوەیە هاوار و ڕۆڕۆتە)

ڕۆستـەم وات گۆدەرز مەپرسـە ئەحواڵ
فـەرزەندە وێم بی، بیم بە کۆی زوخـاڵ

(ڕۆستەم وتی گۆدەرز لە حاڵم هەر مەپرسە، کوڕی خۆم بوو، بووم بە کۆی زووخاڵ)

جـــــه وەخت پیـــــری وادەی ویـەردم
جگەرگـای فـەرزەند، وێم پـاره کـەردم
(بە سەر پیری و لە کۆتایی ژیانمدا، جەرگی ڕۆڵەی خۆم بە دەستی خۆم پارە کرد)

خـەنجـەر هۆرکـێشـا وێش بکەرۆ قـەست
گیـو مەکەرد زاری، گۆدەرز مـەگرت دەست
(خـەنجەری هەڵکێشـا و خـۆی بکوژێ، گیویش شـین و زاری بـوو و گۆدەرز دەسـتی گرت)

بوزورگان کێشان خـەنجـەر جە دەسـتش
نـالاّ پەی فـــــەرزەند نـە ئـاوات وســـــتش
(گــەورەکـــان خـــەنجـــەرەکـــەیان لـە دەست دەرهـێنا ئـەویش بـۆ کــوڕی بـە ئاوات نەگەیشتووی هـەر شـین و زاری بوو)

گـۆدەرز وات: ڕۆسـتـەم ئەر وێت بـکوشـی
چە کـەڵک مـەگێڕۆ، جـە دەسـتت بەرشـی
(گـۆدەرز وتـی: ڕۆسـتـەم ئـەوە هـاتـوو خـۆت کـوشت، چ کـەڵکێکی هـەیـە، ئەو تازە لە دەستت چوو)

بـەقـــا نـەدارۆ ئـەی دنیـــای فـــانـی
ئەر سـەد ئـەو مەردەن، تـۆ وێت مـەمـانی
(ئەم دنیای فانییە بۆ کەس وەفای نییە، ئەگەر ئەو مردووە خۆ تۆ زیندووی)

ئەی دنیـای خـراپ هـەر پەوسـەش کـەردەن
هـەزار چوون ڕۆسـتـەم، سوهرابـش مـەردەن
(ئەم گەردوونە خەراپە هـەروای کردووە، هـەزاران وەک ڕۆستەم، زۆرابیان مردووە)

گەردوون پـی دەسـتـوور نـویسـان جـە سـەر
بـابـۆ جـــــە فـــــەرزەند نـەدراۆ خـــــەبـەر

(گەردوون [چارەنووس] هەر لە هەوەڵەوە وای دەویست کە باوک ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نەبێت)

جە شاهان، هوشەنگ، جەمشید و دارا
کێش نەکەردن بەند پای سەنگ خارا؟

(لە نێو پادشاکان، هۆشەنگ، جەمشید و دارا، کامەیانی نەبردە ژێر بەردی خارا؟)

کوشی فەرەیدوون زوحاک تازی[١٨٠]
بە مەکر ئەفسوون کێش نەدا بازی؟

(ئەژدەهاکی تازی فەریدوون دەکوژێ، ئەم دنیایە گەمەی بە کێ نەکردووە؟)

ڕۆستەم وات: گۆدەرز تۆ وێت مەزانی
کێ چوون من بیەن جەی دنیای فانی؟

(ڕۆستەم وتی گۆدەرز تۆ بۆ خۆت دەزانی کەس وەکوو منی بەسەر نەهاتووە لەم دنیا فانییە؟)

بە مەودای ئەڵماس هەر تاکە تاوان
جگەرگای فەرزەند جەنگیم شکاوان

(هەتا شمشێری ئەڵماس کاری کردووە و هەتا هێزم تێدا هەبوو جەرگی ڕۆڵەی خۆم پارەپارە کردووە)

مەگەر وە حوکم دەوای تاریخات
شەفای ئەی زامە بە نۆشدارو[١٨١] بات

(تەنیا مەگەر بە دەرمانی مێژوویی، نۆش دەرمان ئەم برینە سارێژ ببێت)

---

١٨٠. "تازی" عەرەبی، ئەژدەهاکی تازی یانێ زوحاکی عەرەبی.

١٨١. "نۆشدارو" دەرمانی جیڤانۆکی گۆیا مردووانی چاک کردووەتەوە. لە فەرهەنگی دێهخودادا هاتووە: دەرمانێکی سرووشتی کە گۆیا لە داری سەرووی کێوی درووست کراوە.

هـانە خـــەزانـەی کـــەیکاوس شـــادا

نە گۆشـەی سندووق ساختـەی تەڵادا

(ئەم دەرمـانـە لە خـەزێنەی کـەیکاوس شـادا هـەیە، لـە سـووچی سندووقـێکی زێردا شـاردراوەتەوە)

ئومـــێـد هەن جـــە لای گـــۆدەرز دانا

ئەمـجـار پەی ڕۆسـتـەم مـروەتەن هانا

(هیوام ئەوەیە گۆدەرزی زانا، بە پیری ڕۆستەمەوە بێی و بگەیە هانای)

هـۆرێزە وە پـا مـــەکـــەر مـــەدارا

بشـــۆ وە پای تـەخت پـادشـــای دارا

(هەستە پێ و ڕامەوەستە، بچۆ بۆ لای تەختی پادشای دارا)

شـۆ وە لای کـاوس شـای کـەمـەر لاڵان

عەرز کەرە جە لاش پەی تەور هەواڵان

(بچۆ بۆ لای کاوس، شای پشتێن لەعلان، باروودۆخەکەی بۆ باس بکە بەو شێوەیە کە هەیە)

واچە جـەی دنیـا ڕۆسـتـەم خـەتا کـەرد

خەتای فەرزەندان ڕۆی کەربەلا[182] کەرد

(بلـێ لەم دنیـایەدا ئـەگـەر ڕۆسـتـەم هـەڵەی کـردووە، ئەگـەر هەڵە و تـاوانی وەک [کوشتنی] ڕۆڵەکانی ڕۆژی کەربەلاش کردووە)

زەڕەی نۆشـدارو ئەگـەر جــە لاشـــەن

بکیـــانۆ پەرێم دیدەم نە ڕاشــــەن

(ئەگەر کەمێک نۆش دەرمانی لە لا هەیە بۆم بنێرێ کە هەردوو چاوانمی بۆ دەردێنم)

١٨٢. "ڕۆژی کەربەلا" مـەبەست ڕووداوی کەربەلا و کوژرانی حەزرەتی حسـەین و هاڤاڵانیـەتی، ئەم بەیتـە وەک زۆر بەیتی دیکە تەنیـا تـایبـەتە بە شـانامـەی کـوردی و ئـامـاژەیە بە بیـروباوەڕی مەزهەبیی دانەری شانامە.

دارویێ دارۆ تەقـــســیـــر نـەکـــەرۆ

ئـەو ڕەنج مـن بـەردم ئـەویـچ مـــــەورۆ

(ئەگەر دەرمـانێکی هـەیە، درێغی نەکا، ئەو ڕەنجـەی ئێسـتـا من دەیکێشم ئەویش ڕۆژێک بە کۆڵ دەیکێشێ)

ئـەربدۆ شـــەفـــا دانـای کـــردگـــار

دایمـەن ئـەوقـــات نـە ڕۆی ڕۆزگـــار

(ئەگەر بێتوو خودای زانا شەفای بدا ئەوە هەموو سات و کاتێک و ڕۆژگارێک)

هـەر تـاکــە زیندەم گـیـانم نە ڕاشــەن

کەمەر بـەستەی جەنگ حـازر جە لاشەن

(هـەتاکـە زیندووم گـیـانم بە قـوربانی ئەو دەکـەم، پشـتـێن توند و تـۆڵ لە شـەڕدا هـەمیشە لە تەنیشتنی ئامادە دەبم)

زەڕەیـۆ نـۆشـــــدارو بدۆ پـەی ســــوهـراب

لەب تەشنەی هەلاک، شـەو نەکەردەن خـاب

(تۆزقاڵێک نۆش دەرمـان بنێرێ بۆ زۆراب، هیلاک و لێوبەبار و تینووە سـاتێک خەو نەچووەتە چاوی)

گــۆدەرز بە تـەئجـیل نەکــەرد مــدارا

لـوا وە پـای تـەخـت پـادشـــــــای دارا

(گۆدەرز بە پەلە و بێ ڕاوەستان چوو بۆ لای تەختی پادشای دارا)

وات پادشـا، ڕۆسـتـەم منش کـیـاسـتـەن

خواجە و غولامیم[١٨٣] ئەگەر هەن ڕاستەن

(وتی پادشا، ڕۆستەم منی ناردووە، ئەگەر ئاغا و نۆکەرییەک هەیە و ڕاستە)

١٨٣. "خـواجـە و غـولامی" ئاغا و نۆکـەری، لێرەدا مـەبەست لە مـافێکی دوولایەنەیە لە نێوان دوو کەسدا بەرانبەر بە یەکتری ئەگەرچی یەکیان دەسەلاتدار و ئەوی دیکەیان بێدەسەلات.

زەڕەیۆ نۆشـــداروو بدۆ پەی ســـوهـراب
لەب تەشنەی هەلاک شەو نەکەردەن خاب

(تۆزقاڵێک نۆش دەرمان بدە بە زۆراب، هیلاک و تینوو، ساتێک نەخەوتووە)

شـا وات: ئەی گۆدەرز جـە وێت پرس خـەبەر
دیت فـەرمـام بـە توس ڕۆسـتـەم بە دار کـەر

(شا وتی ئەی گۆدەرز لە خۆت پرسیار بکە، لەوێ بووی کە فەرمانم بە توس دا کە ڕۆستەم لە دار بدا)

چەند گوفت و گۆش کەرد بە سەد قار و قین
توسش وست نە خـاک سـیـای سـەرزەمین

(چەندە بە قین و توڕەییـیـەوە وەڵامی دایەوە و لە توسـیـشـی دا و نەخـشـی سـەر عەرزی کرد)

ئەورۆ جـەو دەمـەدا چوون بێ دەمـاخش
هێمـای هەر نە مـەرگ من مـەندەن داغش

(ئیمڕۆ کاتێک کە حاڵیشی ئاوا شپرێوە، بەڵام دیسان هەر داخی منی لە دڵە و لە سەر کوشتنی من سوورە)

ئەو سـا ڕۆسـتـەم بی بە تەنیـا سـوار
یەکـایەک مـەوات چـەنی شـەهریار

(لە ڕابردوودا کـە ڕۆسـتـەم تـاقـە سـوار بوو و جـوابە جـەنگێ و بە گوێی شـاهـانی نەدەکرد)

وەخـتێ سـارێژ بۆ زام فـەرزەندش
هەر یەک جـە شـاهـان نیـەن گەزەندش

(کـاتێک برینـی کوڕەکـەی سـارێژ بوو، ئیـتـر یەک لە پادشـاهان بە هیچ نازانێ و گوێی پێیان نابزوێ)

ڕۆستەم و سوهراب چوون یەک بگیران
شاهی من کامەن، تەخت من وێران

(ئەگەر ڕۆستەم و زۆراب یەک بگرن، پادشایەتی من نامێنێ و تەختی منیش وێران دەبێ)

گۆدەرز ئاماوە بێ سەبر و ئارام
شی وە لای ڕۆستەم نەوەی زاڵ سام

(گۆدەرز بە پەلە و بێ ڕاوەستان گەڕایەوە و چوو بۆ لای ڕۆستەم نەوەی زاڵی سام)

واتش: کەیکاوس شێت سەرسامەن
دێوانەی کەم هۆش بێ عەقڵ و فامەن

(وتی کەیکاوس شێتی سەرسامە، دێوانە و کەم ئاوەز بێ عەقڵ و نەفامە)

کەردەن خەیاڵان بێهوودەی باتڵ
نۆشدارو جە لاش هیچ نەبی حاسڵ

(خەیاڵی هیچ و پووچ دەکا و نۆش دەرمانم لە لای دەست نەکەوت)

هەر وێت خاسترەن ئەربشی وە لاش
بستانی پەرێش دەوا پەی شفاش

(باشترە بۆ خۆت بچی بۆ لایی و دەرمان و شیفا بۆ خۆت لێی وەربگری)

ڕۆستەم چوون شنەفت وە شین و زاری
فورما غولامان خاسەی دیاری[١٨٤]

(ڕۆستەم ئەمەی بیست، دەستی بە گریان و شین و زاری کرد و فەرمانی دا بە غوڵامەکانی لەو دیارییە تایبەتییە)

---

١٨٤. لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە کاتێک ڕۆستەم بەرەو لای کەیکاوس شا بۆ دەرمان دەچوو لە نیوەی ڕێگا خەبەری مەرگی زۆرابیان پێ دا. لە هێندێک نوسخەی دیکەی شانامەی کوردی و یەک لەوان کرمانجی سەروودا هاتووە کە ڕۆستەم بەمەبەستی کوشتنی کەیکاوس شا چوو کە لە ڕێگەدا خەبەری مەرگی زۆرابیان پێ ڕاگەیاند.

لەحــافێ جــە فــەرش دیبــای بۆگــولاو
ئـاوەردەن پەرێش بـە تەئجـــیل و تـاو
(لێفەیەکی ئاوریشمنی بۆنگولاویی بە پەلە و بێ ڕاوەستا بۆ بێنن)

دەست کێشـا لاشـەی فـەرزەند شـیرین
نیـــا نـە مـــا بەین دیبـــای کـــار چین
(دەستـی خستە سـەر لاشەی ڕۆڵەی شـیرینی و لێفەی ئاوریشـیمنی چینـی خستە ژێری)

هۆرگـرتن جـە خـاک سـپـای پڕ غـوبار
بەردشـان وە سـەحن خـەیمـەی زەڕەنگار
(لە مەیدانی تۆز و خۆڵاویی شەڕ هەڵیان گرت و بردیانە نێو خێمەی زەڕەنگار)

ســـوهـراب جـــە مـــەیدان بـەر ئاوەرد وەبـەر
هـەر کەس سـوهراب دی خاک مەکەرد وەسـەر
(زۆرابیـان لە مەیدانی شـەڕ گوێسـتەوە و هـەر کـەس لە ڕێگا زۆرابی دەدی دەسـتی بە شین و زاری دەکرد)

خـــێـــزا پـی مـــاتـەم ناڵـەی دلێـــران
سپـای تورکان و سـەر کـەردەی ئێران
(دەنگی ئاهو ناڵە و ماتەمی ئازایان بەرز بوویەوە، هـەم لە لای لەشکەری تورکـان و هـەمیش لە لای سـەرکردەکانی ئێران)

بوزورگـــان، گـــیـــو، گـــۆدەرز و کـــەشـــواد
زەوارە[١٨٥] و بەهـرام، شـیـدوش و فـەرهـاد
(گەورەکانی وەک گیو، گۆدەرز و کەشواد، زەوارە و بارامی شیدوش و فەرهاد)

١٨٥. "زەوارە" برای ڕۆسـتـەم و کوڕی زاڵ، پاڵـەوانێکی دەرباری شـاکانی ئێران کە زۆرجـاریش لە شـەڕەکـانـدا لەگـەڵ ڕۆسـتـەم بووە. لەم چیرۆکـەدا تەنیا جـارێک ناوی هـاتووە بەڵام لە هـەمـان چیـرۆک دەقی فـیـردەوسـیـدا لە چەند جـێگادا ناوی هاتووە. دوای شـــەڕی یـەکـەمی نێـوان =

وە ناڵەی نەبەرد جەو دەم خرۆشان
دلێران گردین قەترانی پۆشان
(هەموو ئازایان جلی ڕەشیان پۆشی و بە ناڵە و هاوار و گریان خرۆشان)

ڕۆستەم پەی جەستەی فەرزەند مەنالا
ناڵەش مەیاوا بە عەرش بالا
(ڕۆستەم بۆ جەستەی ڕۆڵەکەی هاواری دەگەیشتە دوا تەبەقی ئاسمان لای خودا)

سوهراب وات ئەی پیر نەوەی توخم زاڵ
وەس کەر زاری و شین وەس بەر پەشێو حاڵ
(زۆراب وتی ئەی پیر، نەوە و توخمی زاڵ، ئیتر گریان و زاری بەسە و کەم خۆت پەشێو حاڵ بکە)

پەوسە بی تەقدیر بەنای لا یەنام
بابۆ جە فەرزەند نیاۆ بە کام
(ئاوا بوو ویستی خودای بێناو کە باوک لە ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینێ)

بەڵێ سپای من جەو دەشت سارا
نشتەن وە غەمناک دڵ جە غەم دارا
(ئێستا لەشکەرەکەی من، لەو دەشت و سارایە، خەمبار و دڵ پەشێو دانیشتوون)

تەماشان بریا، مەندن وە بێ کەس
ڕەنجشان یەکسەر بەرشی وە عەبەس
(هیوا بڕاو بوون، گەورە و کەسیان نەماوە، هەموو زەحمەت و ڕەنجیان بە فیڕۆ چووە)

---

=ڕۆستەم و زۆراب، ڕۆستەم وەسیەتی خۆی لە زەوارە دەکا. دواتر کە زۆراب دەکوژرێ ڕۆستەم زەوارە دەنێرێ بۆ لای هومان بۆ ئەوە پەیامی ئاشتی ڕۆستەم بە تورانییەکان ڕابگەینێ. هەروەها چەند جارێکی دیکە ناوی زەوارە وەک برای ڕۆستەم لە چیرۆکەکەدا دەبیندرێ، بەڵام وا دیارە لە شانامەی کوردیدا گرینگییەکی وا بە زەوارە نەدراوە.

من ها بە ئاڵماس پارە بی جەرگم
ئامانت فەرزەن جە دمای مەرگم

(ئێستا کە من بەئەڵماس جەرگم بڕاوە، ئامانت بێ و داوات لێ دەکەم کە لە دوای مەرگم)

مازە کەیکاوس وە ڕۆ یا شەوان
بنازۆ بە قەست جەنگ چەنی ئەوان

(نەهێڵە کەیکاوس چ شەو بێت یان ڕۆژ توخنیان بکەوێ و بیانکوژێ)

یەکێ چەنیشان بکیانی وە شەو
بویران نە مڵک بە تەئجیل و دەو

(ئەمشەو یەکێک بنێرە لایان کە هەتا زووە ئێرە بەجێبێلن و بڕۆنەوە وڵاتی خۆیان)

بشان بە توران خاتر پەرێشان
ساکن بان بە ملک مەنزڵگای وێشان

(بە پەشێوی و دڵنگەرانی بگەڕێنەوە توران بەڵکو لە ماڵ و وڵاتی خۆیان دڵیان سوکنایی بێت)

ئەوسە گورز و تێغ ئەسلەحەی جەنگم
خەفتان چەنی خود هەم دەرع جەنگم

(ئەوجار گورز و شمشێر و هەموو کەرەستەکانی شەڕکردنم، قەڵخان، کڵاوئاسنین و جلووبەرگەکانم)

بکیان پەی دایەم حاڵم پەشێوەن
خەفتانم جای زەخم پیلتەن پێوەن

(بینێرەوە بۆ دایکی پەشێو حاڵم، کە قەڵخانەکەم شوێنەواری برینی فیلتەنی پێوەیە)

بنالۆ پەی بەخت نالەی زەبوونم
پەی زامان سەخت قیمەی دەروونم

(کە هەتا بناڵێ و بگری بۆ بەختی زەبوونم، بۆ برینە سەختەکان و بۆ جەرگی سووتاوم)

من یا بیم نە خاک پای سەنگ خاران
پەژار بیم جە دین ئاوازەی یاران

(من کەوتمە ژێر خاک لە بن بەردی خارادا، لە دین و هاوەڵی یاران بێبەری بووم)

خەیلێ حەرفش وات حەکایەت وانا
شەو ئاما بە ئەمر بێ باک دانا

(زۆرێک قسە و باسی کرد و کە شەو هات بە ئەمری خودای زانا)

گیان سپەرد بە نیش ژارئالوی نە بەرد
پەژار بی جە عەیش دنیای ستەم کەرد[١٨٦]

١٨٦. ئەگەر بگوترێ نیوەی زیاتری ئەم بەشە لە شانامەی کوردی لەگەڵ دەقی فیردەوسی جیاوازیی هەیە، کەم گوتراوە. تەنیا وەک نموونە لە دەقی فیردەسیدا باسی چوونی زەوارە بۆ لای هومان و گەیاندنی پەیامی ڕۆستەم و دواتر هاتنی کەیکاوس شا بۆ لای ڕۆستەم و فەرمانی ڕۆستەم بە سپای ئێرانی بۆ شەڕ نەکردن و زۆر شتی دیکەش کە بە شێوەی دیکە لە شانامەی کوردیدا هاتوون یان لە بنەڕەتدا سڕدراونەتەوە. بە پێی دوکتور عەلی عەباس ڕەزایی نوورئابادی لە دەقی شانامەی لەکیدا گێرانەوەیەکی دیکە هەیە: کاتێک ڕۆستەم زگی زۆرابی دڕی، زانایان وتیان تەنیا چارەسەری ئەوەیە کە چل شەو و رۆژ بە کۆڵەوە هەڵی بگری بە بێ ئەوە شوێنیک لە جەستەی زۆراب وەرعەرز بکەوێ، ڕۆستەم بۆ ڕزگارکردنی گیانی زۆراب ئەم کارە دژوارەی کرد بەڵام لە ڕۆژی سیونۆهەمیندا، ئەهەریمەنێک لە شێوەی پیرەژنێکدا لە سەر چۆمێک دەردەکەوێ کە خۆی بە شوشتنی دەوارێکەوە خەریک کردووە، ڕۆستەم دەڵێ ئەوە خەریکی چیت، ژنەکەش دەڵێ ئەوە ئەو دەوارە دەشۆم کە سپی بێتەوە. ڕۆستەمیش دەڵێ هەی نەزان چۆن ڕەش، سپی دەبێتەوە؟ ئەویش دەڵێ ئەی ئینسانی مردوو چۆن زیندوو دەبێتەوە؟ ئەمە وا دەکا کە ڕۆستەم تورە ببێ بە دەستێک زۆراب بگرێ و بەدەستەکەی دیکەی پیرەژنەکە هەڵبگرێ و بە عەرزیدا بکوتێ و بیکوژێ. لەو کاتەدا پێی زۆراب تۆزقاڵێک لە عەرز دەخشی و ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی زۆراب. دیارە ئەم گێرانەوەیە نە لە دەقی فیردەوسی و نە لە دەقە کوردییەکانی دیکەدا ئەوانەی من دیتوومن و ناویان لەم کتێبەدا هاتووە، نییە. سەرچاوە: زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شمارە ٨٨

(به نوکی ژاراوی نێزه گیانی سپارد و له خۆشی و ناخۆشیی دنیا ماڵئاواییی کرد)

سەحەر چەنی سوبح گوڵ بانگ یا حەی
شا فەرما کێشان قەتاران تەی

(بەیانی لەگەڵ بانگ و دەنگی یا حەی، شا فەرمانی دا کە قەتارەی کاروان وەڕێ بکەوێ)

داشان بە هەمدا جەو دەشت کینە
کۆچ کەردن نە ملک کابوڵ زەمینە

(لەو دەشتی پڕ لە قین و شەڕە ڕۆیشتن و لە موڵکی وڵاتی کابول کۆچیان کرد)

بارخانە بار کەرد کێشان بە ڕاوە
سپای وێش هورگرت شی بە دماوە

(بار و جبەخانەیان کێشایە دواوە و لەشکری هەڵگرت و بەرەو دوا گەڕایەوە)

بەعزێ سواران سپای کابوڵی
چەنی قەوم و خوێش جەرگەی زابوڵی

(ژمارەیەک لە سوارانی کابوڵی وێرای خزمەکانی زابوڵی)

مەندن وە غەمناک خاتر جە خەم کەیل
ڕێزان پەی سوهراب ئەسرینان چوون سەیل

(بە غەمباری و دەروون پڕ لە غەم مانەوە و بۆ زۆراب هەروەک لافاو بارانی فرمێسکیان ڕشت)

ڕۆستەم خجڵ مەند بێهۆش و سەرسام
سەرا پەردەی چەتر، دیبای عەنبەر فام

ڕۆستەم شەرمەندە و بێهۆش و سەرسام، خێمە، پارچەی عەنبەرین)

ستوون سەیوان، زەنجیرەی کەمەند
چەند فەرش، چەند ڕەخت، کورسی دانەبەند

(هەسوونی سەیوان، زنجیری کەمەند، ژمارەیەک فەرش، جلوبەرگی شەڕ و کورسیی جەواهێر بەند)

ئاهرێ نەو دەشت سەحرا ئەفروزا
تەمامی جەم کەرد بە یەکجا سوزا

(هەمووی کۆکردەوە سەر یەک و لەو دەشتە ئاگری تێبەردان و هەمووی بە جارێک سووتاند)

ئەوسە لاشەی ساف فەرزەند دڵبەر
شوستن بە کافوور، بۆی موشک عەنبەر

(دواتر تەرمی سافی ڕۆڵەی خۆشەویستی بە کافوور و بۆنی موشکی عەنبەرین شوشت)

نیـــــان نە تابووت ئاڵای دڵ پەزیر
جای زامش پڕ کەرد جە عەتر و عەهیر

(لە تابووتی ئاڵای جوان و دڵپەسەند نرا و شوێنی برینەکانی لە عەتر و عەهیر پڕ کرا)

نشت نە کۆڵ ئەسپ مەسرەع لجام
کێشا وە زابول نەوەی زاڵ سام

(چووە پشتی ئەسپ، و هەوساری کێشا و نەوەی زاڵی سامی بردەوە بۆ وڵاتی زابول)

هۆرگێرتن نە خاک سیای پڕ غوبار
بەردەن وە لای زاڵ کوهنەی ڕۆزگار

(تەرمیان لە خاکی تەپ و تۆزاوی هەڵگرت و بردیانەوە بۆ لای زاڵی کۆنە ڕۆژگاران)

خەبەر شی پەی زاڵ دەور زەمانە
سەرسام بی سەرسام خیزا جە یانە

(هەواڵ گەیشتە زاڵی کۆنەساڵ، سەرسام و حەبەساو لە ماڵ وەدەرکەوت)

چەنی ئەهل بەیت بەرشین جە ئەیوان
زلزلەی زاری یاوا نە کێوان
(لەگەڵ خزمان لە ماڵ دەرکەوتن و دەنگی شین و زاریان دەگەیشتە کێوان)

دیشان کە ڕۆستەم پەیدا بی جەو دەشت
ئەسرین چوون سیلاب جە دەیدەش مەڕشت
(دییان کە ڕۆستەم لەو دەشتە پەیدا بوو، بارانەی فرمێسک وەک لافاو لە چاوانی دەهاتنە خوارێ)

یەقەو دامان چاک، جەمین لاجەوەرد
زاڵ زەڕ ئاما، دەروون پڕ جە دەرد
(یەخەی کراس و داوێنێ دڕاوە، ڕۆمەتی شین هەڵگەڕاوە، زاڵی دەروون پڕ لە ژان هات)

فەرما تا تابووت ئاوەردەن پەرێش
بوینۆ زامان جگەرڕێشەی وێش
(فەرمووی تابووتەکەیان بۆ هێنا، هەتا برینی جگەرگۆشەکەی بە چاوی خۆی ببینێ)

وە سەوهان مسمار ئاهەن پارە کەرد
تماشای ڕۆخسار ئەو بێچارە کەرد
(وە سەوهانی مسمار ئاسنی تابووتەکەی بڕی و چاوی لەڕۆخساری ئەو بێچارە کرد)

دیا وە سوهراب شای کەمەر لاڵان
وە باهوو چوون شێر، دڕەندەی ساڵان
(دیتی کە زۆراب شای پشتێن لەعلان، بە باسک وەک شێری دڕندەی ساڵان)

سەنعش بە دە ساڵ فیشتەر نە یاوان
جگەرگاش بە تێغ هیندی شکاوان

(تەمەنی هێشتا لە دە ساڵ تێ نەپەڕیوە، جەرگی بە شمشێری هیندی پارە پارە بووە)

ڕوو کەرد بە ڕۆسـتەم، زاڵ سـیا بەخت
وە ناڵەی نەفرین کێشـا بانگ سـەخت

(زاڵی بەخت ڕەش، ڕووی لە ڕۆستەم کرد و بە دەنگی بەرز گۆڕاندی)

واتش ئـەی فــەرزەند نەخش نـاپەســەند
شـەرمـەندەی ڕوو ڕەش دەرگای خوداوەند

(وتی هـەی ڕۆڵەی نەپۆڕ و ناپەسـەند، شـەرمەندەی ڕوو ڕەشـی بەر دەرگای خوداوەند)

نەترسـای جە خۆف ڕۆی دەشت مەحشـەر؟
فـــەرزەندت وە تێغ ژارئـالوی خـــەتـەر؟

(لە خۆفی ڕۆژی قیامەت نەترسـای کە ڕۆڵەت بە شمشێری ژاراوی پڕمـەترسـی؟)

کـوشـتـی وە بێ ڕەحم، شکـاوای جـەرگش
ڕەنگ کـەردی بە خـوون سـەرتاپای بەرگش

(بێ بەزەییانە کوشت، جەرگت بڕی و سەرتاپای بەرگت لە خوێندا ڕەنگین کرد)

دەسـتت پارەی تێـغ مـەودای خـەتەر بۆ
مــاوات زمــهـریر یـەومــە ســەفـەر بۆ

(دەسـتت بە دەمــەی شـمـشـێری مـەترسـیدار بە بڕین بچێ، شـوێنت زمـهـەریری و ڕۆژی چوونت بێ)

چـەند ڕۆ نـە زابـوڵ شـین و زاری بـی
واوەیـلاو فـــەریاد بـێ قـــەراری بی

(چەند ڕۆژێک لە زابۆل شین و زاری کرا، هاوار و واوەیلا کرا)

ئاخر سـەرەئەنجام خـەسـتـەی ناتەوان
سـپـەردەن وە خـاک لاشـەی نەوجـەوان

(ئاخرەکەی ماندووانی بێهێز، تەرمی نەوجەوانیان بە خاک سپارد)

١٥

## گەیشتنی هەواڵی کوژرانی زۆراب بە دایکی و هاتنی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم[١٨٧]

ئەوســـە پەی دایەش بەردن هەواڵان
واتن کــە ســوهراب نادرەی ســالان
(ئەوجار دەنگ و باس بە دایکی گەیشت، وتیان زۆراب بێوێنەی سالان)

جە مەیدان تێغ ڕۆستەم زەبوون بی
سەرتاپای بالاش ئالوودەی خوون بی
(لە مەیدانی شەڕی شمشێری ڕۆستەم زەبوون بوو، سەرتاپای بالای لە خوێندا گەوزا)

خەستە بی بە تێغ ژارئالووی خەتەر
مەنزڵ بەرد وە خاک تاریک بێ دەر
(لە پێ کەوت بە زەبری شمشێری ژاراوی پڕمەترسی، ماڵی بۆ ژێر خاکی بێ دەرکە گوێستەوە)

دایە پەی فەرزەند شنەفت هەوالان
وە ناخوون مەکەند فەیرووزە خالان

---

١٨٧. نێوەرۆکی هەموو ئەم فەسڵە لە شانامەی فیردەوسیدا نییە و ئەمەش شانامەی کوردی بەتەواوەتی لە شانامەی فیردەوسی جیا دەکاتەوە. یەکەم باوەڕی دونادونی یارسانی و ژیانەوە لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. دووەم، لایەنی تراجیک و غەمهێنەری شانامەی فیردەوسی لە بنەوە بە دووبارە پێکگەیشتنی نێوان ڕۆستەم و تەهمینە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا سڕدراوەتەوە.

(دایک کە هەواڵی ڕۆڵەکەی بیست، بە نینۆک خاڵە شینەکانی سەر ڕۆمەتی هەڵکەند)

چل ڕۆ جامەی ڕەزم ئازیەتی پۆشا
شەو نە جای تەعام زووخاو مەنۆشا

(چل ڕۆژ جلی ئازیەتیباریی لە بەر کرد و چل شەو لە باتی خواردن زووخاوی خواردەوە)

ئاخر سەرئەنجام شی نە جامەی قار
قەسەم وارد بە زات دانای کردگار

(ئاخر سەرئەنجام چوو بە ڕقا و سوێندی بە زاتی خودای زانا و خوڵقێنەر خوارد)

من چوون عەیاران مەیۆ شون جەمین
لەشکەر مەکێشون وە ئێران زەمین

(دەبێ من وەک ڕووهەڵماوان، لەشکەرکێشی بۆ سەر خاکی ئێران بکەم)

سەرای سیستان، یانەی زاڵ سام
مەسووچون وە نەفت سەراسەر تەمام

(سەرای سیستان و ماڵی زاڵی سام، هەموو نەفتی بەسەردا بکەم و بیسووتێنم)

جێوەتی قەساس هوون فەرزەندم
ئەر ڕۆستەم جە دەور بیۆ نە وەندم

(لە جێگەی تۆڵەی خوێنی ڕۆڵەکەم، ئەگەر ڕۆستەم وەگیر بخەم)

شەرت بۆ من بە تێغ بشکاۆ جەرگش
ڕەنگ کەروون بە خوون سەرتاپای بەرگش

(شەرت بێت بە شمشێر جەرگی پارەپارە بکەم، هەموو جەستەی شەلاڵی خوێن بکەم)

فەرما تا وەزیر لەشکر تەڵەب کەرد
بە ناڵە و خرۆش زەڵزەڵەی نەبەرد

(فەرمانی دا بە وەزیر و لەشکەرێکی وەرێخست، دەنگی هات و هاوار و خرۆشی شەڕ بەرز کرایەوە)

سیلاح ڕۆی جەنگ پۆشا بە قامەت
خرۆشا جە داخ سەودای نەدامەت

([تەهمینە] کەرەستەی ڕۆژی شەڕی لە خۆی دا و لە داخ و کەسەری ئەو کۆستە دەخرۆشا و هاواری دەکرد)

ئەڵماس پەی جەنگ بەست نە ڕووی کەمەر
تەن پۆشا بە دەرع جە پا تا بە سەر

(ئەڵماسی بۆ شەڕ لە لاقەدی خۆ دا و سەرتاپا جل و قەڵخانی شەڕی پۆشی)

سی هەزار سوار کەمەر بەستەی جەنگ
بەرد وە سیستان نەکەردش درەنگ

(لەگەڵ سی هەزار سواری ئامادەی شەڕی بەرەو سیستان وەرێ کەوت و ڕانەوەستا)

سەف کێشا پەی جەنگ نەو دەشت سارا
جە دیدەش ئەسرین چوون سەیل مەوارا

(لەو دەشتە حازر و ئامادە بۆ شەڕ ڕیزیان بەست و [ئەویش] لە چاوانی وەک لافاو فرمێسک دەباری)

خەبەر شی پەی زاڵ دەروون پڕ جە دەرد
واتن تەهمینە، خاڵان لاجەوەرد

(خەبەر بۆ لای زاڵی دەروون پڕ لە ژان چوو، وتیان تەهمینەی خاڵان لاجەوەرد)

ئامان پەی قەساس جگەرگۆشەی وێش
سەف کێشان پەی جەنگ نەدارۆ ئەندێش

(هاتووە تۆڵەی جگەرگۆشەکەی بکاتەوە، بێباک و نەترس بۆ شەڕ ڕیزیان بەستووە)

ئەڵماس پەی جەنگ بەستەن وە کەمەر
سپاش ئاوەردەن پەی عەرسەی خەتەر

(بۆ شەڕ ئەڵماسی لە لاقەد داوە، لەشکەری بۆ شەڕێکی گران و دژوار هێناوە)

سەوگەندش واردەن بە یەکتای بێتەن
بشانۆ بە فەرق[188] سینەی پیلەتەن

(سوێندی خواردووە بە خودای تاقانە کە سەری فیلەتەن بە زەبری شمشێر دوو کەرت بکا)

ئەوسە هۆرێزان ڕۆستەم چەنی زاڵ
بەرشین جە ئەیوان خەستەی پەشێو حاڵ

(ئەوجار ڕۆستە و زاڵ پێکەوە هەستان و بە پەشێو حاڵی لە ماڵ وەدەرکەوتن)

شین وە پایەنداز تەهمینەی بێگەرد
یەقەو دامان چاک خاک بە سەر مەکەرد

(چوون بۆ پێشوازی تەهیمنەی بێگەرد، کە یەخە و کراسی دادڕاوە و خۆڵی وە سەر خۆی کردووە)

دایە پەی سوهراب خاتر پەرێشان
جەولان دا بە ئەسپ تا یاوا پێشان

(دایک بۆ زۆراب کە دڵ کەیل و پەشێو حاڵ بوو، پێی لە ئەسپ دا هەتا پێیان گەیشت)

ساتێ نیگا کەرد ڕۆستەم دی وە چەم
خرۆشا جە تەرز ماران ئەرقەم

(کە کەمێک ڕووانی و ڕۆستەمی دیت، هەروەک ماری ڕەشوسپی خرۆشا)

هۆرکێشا ئەڵماس ژارئالووی فەرەنگ
بشانۆ نە فەرق پەهلەوان جەنگ

---

١٨٨. "فەرق" سەر، تەوقە سەر، ڕاست خەتی نێوەڕاستی کەللە سەر.

(ئەڵماسی ژاراوی فەرەنگی هەڵکێشا کە دایوەشێنێتە سەری پاڵەوانی شەڕ)

زاڵ زەڕ ئامـا دەســتش گـرت بـە دەست

فـەراوان جـە لاش عـوزر ڕۆسـتـەم وەست

(زاڵی زەڕ هات و دەستی گرت و لە لایەن ڕۆستەمەوە لێبوردنێکی زۆری خواست)

ڕۆسـتـەم وات: ئەی پـیر دەور و زەمـانە

بە حـاجـەت بێـچـوون یەکـتـای یـەگانە

(ڕۆستەم وتی ئەی پیری دەور و ڕۆژگاران، بۆ خاتری خودای بێوێنە و تاقانە)

بـازە یـەک تێـــغێ بشـــانۆ پـەرێم

قـــەتڵـم واجـبـــەن هـەرچی بیـــۆ پێم

(لێی گەڕێ با شمشێرێکم لێ بدا، حەقی خۆمە هەرچیم بێتە ڕێ و بمکوژێ)

هـەر گـەور و تـەرسـا مـەواچان بیـرام

کێ فەرزەندە وێش کـەردەن ناتەمام[189]

(لە گاور و عیساییەوە بگرە کێ بووە کە کوڕی خۆی بە دەستی خۆی بکوژێ)

زاڵ وات ئەی فـەرزەند تۆ چێش مـەزانی

پەوســە بـی تەقــدیر ئەمـر ســوبـحـانی

(زاڵ وتی ئەی ڕۆڵە تۆ چ دەزانی، ئەمە ویست و دەستووری خودای سوبحان بوو)

حــەکـاکـان[190] دەور مـــەردان عــاقڵ

کــەس کــار تەقــدیر نەکــەردەن بـاتڵ

(لە حەکاکانی ڕۆژگار و پیاوانی زانا کەس نەیتوانیوە چارەنووسێکێ [نووسراو] بەتاڵ بکاتەوە)

هـەر ئێـد خـاسـتـەرەن هـەر دووتـان بەهـەم

بنیــشـــان بە شــاد خـــاتر کــەران جـــەم

---

١٨٩. ئەم بەیتە لە سەر نوسخەی شانامەی هەورامیی مەحمەدڕەشید ئەمینی ساق کراوەتەوە.

١٩٠. "حەکاک" ئەو وستایەی نەخش و نیگار لە سەر بەرد یان جواهێر هەڵدەکەنێ.

(هەروا باشترە هەردووکتان پێکەوە، بە شادی بژین و ئاشتی بکەن)

بەڵێ یەزدان پاک ئەو دەم جــــە نۆوە
جای سفتەی زامان سارێژ کەردەوە

(بەڵێ یەزدانی پاک سەرلەنوێ، جێگەی زامانی سارێژ کردەوە)

هەرگیز خەم تا سەر نەمەندەن وە کەس
شـوکرمـان بە زات فـەرد فـەریاد ڕەس

(قەت خەم و خەفەت هەتا سەر بۆ کەس نەبووە، [ئەگەر] شوکرمان بە زاتی خودای فەریاد ڕەس بێت)

خــەیلێ پەریشــان حــەکــایەت بکەرد
تا کە هەر دووشان ساکن بین جە دەرد

(گەلێک قسە و باسی بۆ کردن هەتا هەر دووکیان لە ژان و دەرد هێور بوونەوە)

ئاخر سـەرئەنجام ساحێب زوڵف و خاڵ
گـــۆش دا بە ڕازان واتەی پیـــرە زاڵ

(سەرئەنجام خاوەنی زولف و خاڵ [تەهمینە] گوێی لە پەند و ئامۆژگارییەکانی پیرە زاڵ گرت)

بـە چەنـد دەلالـەت وە چـەنـد بـەهـانـە
تەهیـمـینش وست کـەرد بـەردش وە یانە

(بە زۆر بەڵگە و سەلماندن، تەهیمنەی بێدەنگ کرد و بردییەوە ماڵەوە)

شـــەونشـتن بە شـــاد چەنی پیلتـــەن
شکاوان جە تەرح گوڵخونچەی چەمەن

(شەو بە خۆشی لەگەڵ فیلەتەندا ڕایانبوارد، هەر وەک گولخونچەکانی نێو مێرگ و چەمەن)

یەک هەفتە جە قەسر ئالآی دڵ گوشاد

خدی دان بە عەیش خەمان داد وە باد

(حەفتەیەک لە کۆشکی ئالاییی دڵکراوەدا بە خۆشی ژیان و خەم و خەفەتیان لە خۆ دوور کرد)

دیسان هەم جە نۆ بەنای بێهتەرین

باز هەم حامڵ بی، چوون ئەوەڵ وەرین

(دیسان سەرلەنوێ زانای باشان، زکی پڕ بوو هەروەک یەکەم جار)

جە نۆ ماه ویەرد، نۆ ڕۆ بی تەمام

ڕۆشن کەرد چراغ نەوەی زاڵ سام

(کە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تەواو بوو، چرای نەوەی زاڵی سام داگیرسا)

فەرزەندیۆ جە شێر هونەرمەندەتر بی

بە باڵا چوون سام، ساحێب هونەر بی

(ڕۆڵەیەک وەک شێر، هونەرمەند بوو، لە باڵادا وەک سام و خاوەن هونەر بوو)

نامش فەرامەرز جەنگی نیاشان

یەکسەر کۆی شادی جەم بی جە لاشان

(ناوی نرا فەرامەرزی جەنگی و یەکسەر کێوێک لە خۆشی لە لایان کۆ بوو)

ڕۆستەم چەنی زاڵ تەهیمنەی بێگەرد

کەردن شوکر زات، تاک تەنیای فەرد

(ڕۆستەم لەگەڵ تەهمینەی بێگەرد، شوکوبێژی خودای تاک و تەنیایان کرد)

چەند پارچەی قوماش چەند خەزێنەی سام

بەخشان وە مسکین گەدای ناتەمام

(چەندە قوماشی نایاب و چەندە خەزێنەی سامیان لە نێو مسکێن و هەژاراندا بەخشییەوە)

تەمامی یەکسەر گوشاد بین جە خەم
بە شادی کەردن شوکر حەق دەر دەم
(هەموو لە خەم و خەفەت ڕزگار بوون و شوکری خودای مافداریان کرد)

ئەلحەمدوولیلا باقی وە سەلام
خاتمەی "کتاو"[191] یاوا بە ئەنجام
(ئەلحەمدولیلا باقی وە سەلام، ئا لیرەدا کتێب کۆتایی هات)

ئەمجار بە حاجەت سەید سەروەر
شافێع عوسیان ڕۆی دەشت مەحشەر
(ئەمجار بە حاجەتی سەیدی سەروەر شافێعی تاوانباری ڕۆژی قیامەت)

...[192]یاران تابعەی ڕەسووڵ
هەر چەهار ئیمام بەرحەق مەقبووڵ
(بە حەقی یارانی پێغەمبەر و هەر چوار ئیمامی بەرحەق و پەسەند)

بە شەق ئیمامان چەهاردە مەعسووم
بە شای شەهیدان حوسەین مەزڵووم
(بە شەقی هەر چواردە ئیمامی بێتاوان بە شای شەهیدان حوسەینی مەزڵووم)

بە شەق ئەو خاسان جە دەرگای جەبار
ببەخشۆ گونای عاسیی خەتاکار
(بە شەقی خاسانی دەرکەی خوداوەند، تاوانی منی تاوانبار ببەخشێت)

ئومێدم ئێدەن جەمع حازرین
بیاوان بە کام، نەبان دڵ غەمین

---

١٩١. "و" یان "ب"ی ئەم وشەیە لە دەستنووسەکەدا پاک کراوەتەوە، لێرەدا "واو" داندرا و کرا بە "کتاو". کتاو، کتاب، کتێب، کتێو.
١٩٢. ئەم وشەیە لە دەستنووسەکەدا سڕدراوەتەوە.

(هیوادارم کۆی دانیشتووان، بە کامی دڵی خۆتان بگەن و قەد خەمبار مەبن)

هــەزاران دروود هــەزاران ســـــــەلام
ز مــا بـەر مــەحــمــەد عــەلەیەســەلام
تەواو بوو کتێبی ڕۆستەم و زۆراب لە حاڵەتێکی پەرێشانیدا[١٩٣]

تەواو

١٩٣. لە دەستنووسەکەدا ئەم ڕستەیە نووسراوە بە بێ ئەوە ئاماژە بە ڕێکەوتی تەواوبوونی نووسینەوەی چیرۆکەکە یان نووسەر و دانەری چیرۆکەکە کرابێت. دیارە بە گشتی هەتا ئێستا و لە سەر ئەو نوسخانەی دیکەی شانامەی کوردی کە بڵاوکراونەتەوە زیاتر باس لە میرزا ئەڵماس خانی کەنوولەیی دەکرێ، کە ئەمەش لە خۆیدا جێگەی گومانە و پێویستە لەم پێوەندییەدا لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێ.

# دەقی داستانی
# ڕۆستەم و زۆراب بە نەسر

......

ئەم چیرۆکە بە ناوی یەزدانی خولڵقێنەری جیهان و مانگ و ڕۆژ و ساڵ دەست پێ دەکەم. ئەگەر یەزدان یارمەتیم بدا ئەوە چیرۆکی شەڕنامەی ڕۆستەم و زۆرابتان بۆ دەگێڕمەوە و بەو شێوەیە هەموو دۆستان شاد و بە کەیف دەکەم.

ڕۆژێک ڕۆستەم، پاڵەوانی سەردەم، بە خەمباری دانیشتبوو کە لە ناکاو ئەو پڵینگە هەستایە سەر پێ. جلی پێستی پڵینگی لە بەر کرد، قەڵغانی پۆلاینی پۆشی، کەمەند و کەمانی هیندی و دروستکراوی دەستی مامۆستایانی ناسراوی سەدەمی، وێڕای تیری خەدەنگان هەڵگرت. پێی لە ئەسپی چوون باڵندەی تەیار دا و بە مەبەستی ڕاو لە ماڵ دەرچوو.

ڕووی لە دەوروبەری شاری سەمەنگان کرد. شێری ناودار و سوارچاکی لێهاتوو بە بێ ڕاوەستان لەو دەشت و سەحرایەدا ئەسپی تاو دا هەتا گەیشتە دەشتی نەخچیر. ماوەیەک لەو دەشت و دەردا سوڕایەوە. ژمارەیەک گۆڕی کێویی دی، ئەسپی بەرەو لایان تاو دا، ئەوانیش ڕەوین و هەڵاتن.

ڕۆستەم نەدیتراوی دەور و زەمانان تیرێکی لە لاقەدی دەرهێنا و لە سەر کەمانی دا و بە پەنجەی بەهێزی پەتی کەوانی ترازان، تیری بەرد سم لە سینگی گۆڕ دیواندیو بوو. بە پەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندی هاویشت و گۆڕی بریندای گرت. گۆڕەکەی سەربڕی، قاچ و دەستەکانی لێ کردەوە و پێستەکەی بە ئەنقەست لەو دەشتە فڕێ دا. دارێکی بە زۆر لە بنەوە هەڵکەند و گۆڕەکەی هەروەک مراویی پێوە کرد. ئاگرێکی لەو دەشتە کردەوە و هەرچی دار و پەلاشی هێنا بە جارێک سووتا. گۆڕەکەی کەباب کرد، زۆری چەرخاند هەتا برژا. هەموو گۆشت و ئێسکەکانی پێکەوە خوارد.

شەرارەی کەباب کاریگەریی لە سەر مێشکی دانا و هات و لە شوێنێک لێی پاڵ کەوت. زینی ئەسپەکەی هێنا و کردی بە سەرین. هەر چەند ڕووانی کەس دیار

نەبوو، هەر بۆیە لەو مێرگە ڕەخشەکەی بەرەڵا کرد. چەک و کەرەستەکانی شەڕی لە خۆی کردەوە، سەری لە سەر گورزەکەی دانا و لە ماندووەتیی ڕێگا و لە تێریی کەباب بە سەر گورزەکەیەوە خەوی لێ کەوت.

لە لای مێرگەکە، لەو شوێنەی ڕۆستەمی فیلەتەن خەوتبوو، ئەسپ هات و لە دەروبەری ڕۆستەم خەریکی لەوەڕان بوو.

لە نەکاو دە سواری تورک کە بە مەبەستی ڕاو هاتبوون لەو ناوە پەیدا بوون. ئەوان لەو دەشتی نەخچیرە دەهاتن و دەچوون، کە لە پڕ چاویان بە ئەسپی ڕۆستەم کەوت. تورکەکان بە بێدەنگی لە ئەسپ نزیک بوونەوە بەڵام هەر کە ئەسپ ئەوانی دی، لە تەکیان ملی لە شەڕ نا. بەرەو لای ڕۆستەم بە شێوەی ترسناک حیلاندی بەڵام ڕۆستەمی پڵینگ لە خەوی گران وە خەبەر نەهات. سوارەکان کەمەندیان بۆ ڕەخش هەڵدەهاویشت و ئەسپی وریا و لێزانیش بە بێ ترس هێرشی بۆ دەبردن. بە چنگۆڵان سەری یەکێک لە سوارانی تورکی لە لەش کردەوە. دوای لێکردنەوەی سەری سێ کەس و کوشتنیان، ئاخرەکەی کەمەندیان کرد و لە داویان خست. هەر ئەو دەم بە پەلە و بێ ڕاوەستان بەو شەوە بە هەڵەداوان بەرەو توران تاویان دا و هەڵهاتن.

ڕۆستەم لە خەودا خۆی ڕاکیشا و هەروەک پڵینگی شەڕ لە خەو ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێ. دیتی کە ڕەخشەکەی نەماوە بەڵام سەری سێ کەس لەو ناوە کەوتووە. هەرچیی بە دەور و پشتدا نواڕی ڕەخش دیار نەبوو. لە تووڕەییان ڕەنگی گۆڕا و ڕق و قینی هەستا. پاڵەوانی سەردەم جلی پێستی پڵینگی لە بەر کرد، شمشێر، کەمەند و کەوانی لە خۆی بەست، زینی ڕەخش و گورزەکەی کرد بە کۆڵەوە و لەو هەردە چۆڵ و چۆڵەوانییە بەرەو شاری سەمەنگان وەڕێ کەوت.

ڕۆستەم لە بەر خۆیەوە دەیوت یەزدان چیم بە سەر هات؟ چۆن شەرمەزاری لای دۆستان بووم و چۆن بووم بە پەند و قسەی ڕۆژگار؟ ئێستا زۆر کەس ئێژن چی بەسەر ڕۆستەم هاتووە، مردووە، یان ڕەخشەکەیان دزیوە؟ لە یەزدان دەپاڕایەوە و دەیوت گورز و گۆپاڵم بە کۆڵەوە گرتووە و زۆر پەرێشانم. ئەو تەنیا ئەسپ نەبوو، هاوڕێ و دۆستی ڕێگای چۆڵ و شەوانەی منیش بوو. لە ڕێگای حەفتخوان و شەڕ

لەگەڵ دێواندا گیانم بە ئەو بوو. ڕۆستەم بە شوێن پێی ئەسپەکەی لە ڕێگادا لە فکرەوە ڕۆ چووبوو و لە بەر خۆیەوە شوکری یەزدانی دەکرد و دەیگوت: ئیتر وایە ڕۆژێک تۆ بە کۆڵ زینەوەی و ڕۆژێکیش زین بە کۆڵ تۆوەیە. لە بەر قورسایی گورز و گۆپاڵ و قورسایی و باهۆی ڕۆستەم کە بە ڕێگادا دەڕۆیشت، عەرد لە بن پێیدا دەلەرییەوە. بە دڵێکی پەرێشان و خەمبار و لەشێکی ماندوو، شوێن بە شوێن هەتا خاکی توران شوێن پێی ئەسپی هەڵگرت و ڕۆیشت.

بەیانی زوو کە شەفەقی دا و زەردەی خۆر لە کەل دەرکەوت، شاری سەمەنگانیش لە دوورەوە وەدیار کەوت.

لە کاتێکدا وەک چۆڕاوگەی باران عارەقە لە لەشی دەهاتە خوارێ، بە قین و تووڕەیی و غەم و کەسەرەوە لە دیواری شار نزیک بووەوە.

***

ژمارەیەک لە تورکەکان لە هاتنی ڕۆستەم خەبەردار بوون و چوون هەواڵەکەیان بە شای سەمەنگان ڕاگەیاند و وتیان لەو دوورەوە کەسێک دیارە کە هەر لە پاڵەوانی خەنجەروەشێن دەچێ. هەموو لەشی لە ئاسندا داپۆشراوە و گورز و زینی بە سەر شانەوەیە.

شا گوتی: دۆستان ئەوە نەبێ ببێ ڕۆستەمە بە پێیان هیلاک و دەروون پڕ لە خەم هاتووە. دەبێ لە دەشتی نەخچیر خەریکی ڕاوکردن بووبێ، کە خەوی لێ کەوتووە و ئەسپەکەیان دزیوە.

شا لە سەر تەخت هەستا و بە پەلە و هەڵەداوان وێرای ژمارەیەک لە پیاوماقوڵان بەرەو پێشوازی ڕۆستەم چوون. ئاپۆڕای خەڵکی بە دەوری ڕۆستەم کۆڕیان بەست و کەوتنە ژێر خاک و بوون بە تۆزی بەر پێی.

شا گوتی ئەی ڕۆستەمی زاڵ، بۆ وا حاڵت پەشێوە؟

پێم بڵێ کێ ئەمەی لەگەڵ کردووی، کێ لە دەشتی نەخچیر ڕەخشەکەی لێ دزیووی؟ کێ هەیە و کێ دەوێرێ پەنجە لە ڕووی تۆ بەرز بکاتەوە؟ ئەو کەسە کێیە و سەری بە کوێوە بەندە؟ کێ دەوێرێ توخنی تۆ بکەوێ؟

ڕۆستەم گوتی گۆڕێکم برژاندابوو، سەرم بە گورزەوە نابوو و خەوم لێ کەوتبوو،

کە وەخـەبەر هاتم و هەسـتـام دیتم ڕەخشـەکەم لە جـێی خۆی نـەماوە. شـوێن پێی ڕەخشەکەم هەتا شارەکەی تۆ هێناوە.

ئێستا یان ئەوەتا ڕەخشەکەم بۆ پەیدا دەکەی یان ئەوەتا شوێن پێی ڕەخشەم لەم شـارە جیـا دەکـەیەوە. دەنا لە قین و تـووڕەییـمدا ئەم شـارەت قـەتڵ و بڕ دەکـەم. لە گـەورەوە هەتا نۆکـەر، هەستن و ئەگـەر لە حـەفتـەمین تەبەقی ئاسـمـانیش بووە، ڕەخشەکەم بۆ پەیدا بکەن.

بەو یەزدانە بێ هاوتایە، ئەگەر بێتو ڕەخشەکەم بۆ پەیدا نەکەن لەم شارە لافاوی خوێن هەڵدەستێنم. تۆش لە خوێنی خۆتدا دەگەوزێنم و بە زەبری شـمشێر لەت و پارت دەکـەم. ئـەم کـۆشک و دیوار و دەروازەی شـاری سـەمـەنگانە، لە ژێر زەبری گورزمدا دەڕووخێنم.

شـا کە ئەمـەی بیست زۆر ترسـا و هەروەک بیی ناو ئاو لەرزی. گـوتی ڕۆسـتـەم وەرە با ئێـمـشـەو بە شـادی و خـۆشی بە سـەر ببـەین، بـەڵێن بێت هەر چۆنێک بووە بەیانی زوو ڕەخشەکەت بۆ پەیدا بکەم. وەرە با ئیمشەو هەتا بەیانی بەزمێکی خۆش ساز بکەین، بخۆینەوە و و گوێ لە دەنگی مۆسیقا و گۆرانیی دڵبەران بگرین. بەڵێن بێت بەیانی زوو ڕەخشەکەت بە هەموو کەرەستەیەکەوە بۆ حازر دەکەین و دەیهێنینە خزمەتت. وەک باوە و دەڵێن؛ بە توند و تیژی کار بە ئەنجام ناگا، بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر.

تۆ مـیـوانـی خـۆشـەویست، هەڵبـژاردە و بینایی چاوانی منی، بە خـێـر هـاتی سـەرچاو بۆ لامان. هەموو ماڵ و مڵک و زێڕ و شتی نایاب و هەموو کچەکانمان لە خـزمـەتتـدان. تۆ چۆنت پـێ خـۆشـە و چۆنت دەوێ، بۆ خـۆت سـەربەست بە، بەڵام ئیمشەو هەتا بەیانی لامان میوان بە و ئێستا بۆ ڕەخشەکە خۆت سەغڵەت و دڵتەنگ مەکە.

ڕۆستـەم دوای بیستنی ئەم قسانە، دەرد و ژانی لا ڕەوییەوە و ڕووی لە قەسری لاجەوەردی شا کرد. هـەموو تورکانی ئەتڵەسی لەبەر، کەمەر بەسـتراوانی گوارەی زێڕ لە گوێ بۆ دیتنی ڕۆستەم ڕیزیان بەستبوو.

کۆشکی شاهانە شین وەک جەواهێر، خشتەکان بۆنی گوڵاویان دەدا، پاڵشتـەکان

بەرگیان لە زێڕ گیرابوو، فەرشی وەک دیبای لە وڵاتی چین چێندراو ڕاخرابوو، عەنبەری گوڵ ئاوێزان، ناوەوی کۆشکیان ڕازاندبووەوە. بۆنی موشکی ناف ئەو ناوەی پڕ کردبوو. کۆشکێکی پڕ لە گەنجی بێ زەحمەت وەدەستهاتوو. ڕۆستەم چوو لە پەنای تەختی پادشا لە سەر کورسیی "زەڕنگار" دانیشت.

بە تاریک داهاتنی هەوا و هاتنی شەو بە هەزاران چرا و فانۆس داگیرسان. مەشغەڵ بەدەستان لە هاتووچۆدا بوون. چاوخومارانیش بە خواردنەوە مەست و ئەوەندەی دیکە خومار و سەرخۆش بوون. ساقی پەیتاپەیتا پیاڵەی شەرابی پڕ دەکردەوە. سۆزی دەنگی گۆرانیبێژان و ئاهەنگی ساز هەتا ئەو پەڕی ئاسمان و کاکێشان دەڕۆیی. سەرکێش و مەستان لە مەیی و کەباب ئەوەندەی دیکە سەرمەست بوون. ڕۆستەم لەو هەموو بەزم و ڕەزمەی نێو کۆشک و حەیران و سەرسوڕماو بوو، بە گوێگرتن لە مۆسیقا ڕەوینەوەی دەرد و پەژارە، وردە وردە خەو تینی بۆ هێنا.

کۆڕی بەزم و ڕەزمی بەجێ هێشت و چووە ژووری ئاوێنەبەندی حەسانەوە. ڕووناکاییی جوانی چراخانی گەوهەرئاسا، هەر وەک پرشنگی خۆر لە ئاوێنەبەنددا شەوقی دابووەوە. مەستی بادە، هێمن و ئارام خەوی لێ کەوت.

***

کچی پادشا، تەهمینە، لە جوانیدا وەک مانگی چوارە دەدرەوشایەوە، دوو ئەبرۆی ڕەشی قەڵەم کێشراو و برژانگی وەک ئەڵماس، خاڵگەلی شینی فیرووزەئاسا و زولفی وەک کۆگای عەنبەر، لێوانی وەک یاقووت و ددانی وەک گەوهەر، باڵای وەک پەریزادی نێو پەریان و لە جوانیدا وەک ئەستێرەی زوهرە و مشتەری دەدرەوشایەوە.

تەهمینە لە نیوەشەودا وەخەبەر هات، هەوای دیدار و چوونە لای ڕۆستەمی کەوتە سەر. جلی بۆن گوڵاوی لەبەرکرد. شەمێکی داگیرساند، بەیداخێکی وەک ئاڵای عەنبەرینی لە خۆی هاڵاند و چوو بۆ لای ڕۆستەم. کاتێک بە پەنجەکانی وەک شمشاد، شەمی بە دەستەوە گرتبوو وەک خۆری ڕۆژئاوا دەدرەوشایەوە.

بە جلی ئاڵاو واڵای تازەوە، بە نازەوە خۆی لە ڕۆستەم نزیک کردەوە. لە ژوور سەری ڕۆستەم دانیشت و دەستی بە شەرمەوە بە سەر دموچاوی ڕۆستەمدا خشاند.

ڕۆستەمی مەست، وەخەبەر هات و دیتی جوانێک وەک نووری چاوان لە تەنیشتیەوە دانیشتووە. ڕۆستەم گوتی ئەی سەوڵی سەرئەفراز بۆچی هاتوویی و نیاز و مەبەستت چییە؟

تەهیمنە گوتی نووری چاوانم هاتووم پڕ بە دڵی خۆم بتبینم. بیستبووم گۆڕێکت برژاندبوو لە لێزانی و هونەرمەندیتدا هەمووت بە تەنیا خواردبوو. ڕۆستەم تۆ ئەو کەسەی ڕێگەی حەفتخوانت تەخت و داگیر کرد و هەموو جیهان بە تاقی تەنیا و تاکە سوار گەڕای. نە ئەڵکۆسی تورک و نە ئەفراسیاب هیچکامەیان توانای خۆڕاگرییان لە بەرانبەر تۆدا نەبوو. دەستت بەسەر ئێران و توراندا گرت و دەستی حەفتاو دوو دێوت بە زۆر لە پشتەوە بەست. لە مێژە خەیاڵ و سەودای تۆم کەوتووەتە سەر و لە دووری تۆ ساڵ و مانگم بە غەم و خەفەت تێ پەڕاندووە.

هەر لە کەونارانەوە، لە پادشایانی کەیانی بەدواوە هەتا ئێستا نموونەی جووتی وەکوو من و تۆ نەبووە و پەیدا نابێت.

من تەهمینە کچی پادشای سەمەنگانم، هەڵبژاردەی چاوانی هەموو خەڵکی جیهانم. شاهان بە داخ و حەسرەتەوە دەکەونە بەر پێم و هەموویان گیرۆدە و بچووکی زولفە ڕەشەکانی منن.

هێشتا بەژن و لەش و لارێکی دیکەی وەک من، هێشتا خاڵی جوان و بێخەوشێکی دیکەی وەک خاڵانی سەر ڕۆمەتی من نەدیتراوە.

ئەگەر بتهەوێ لە باوکم خوازبێنیم بکەی ئەوە شاد و کامەران و بە ئاواتی خۆم دەگەم. ئەوەش بزانە ڕۆڵەیەک لە من و لە تۆوی تۆ ببێت ئەوە بێگومان ئێران و توران لە بەر دەمیدا دەبنە کۆیلە و گوێ ڕایەڵ و ملکەچی دەبن.

تەهمینە ئەمەی بە ڕۆستەم گوت، هەستا و لێی داڕۆیشت و پاڵەوانی بە تەنیا بە جیهێشت.

ڕۆستەم یەکجێ ئەڤینداری تەهیمنەی پەری ئەندام بوو، وەزیری بۆ لای پادشا نارد کە بۆ کارێکی زۆر پێویست و بەپەلە بێتە ژووری "ئاوێنەبەند". پادشا لە خەو هەڵسێندرا.

پادشا ترسا و فەرمانی دا کە هەموو پاڵەوانەکان حازر بن نەکا ڕۆستەم بەم شەوە

بە تەمـای کوشـتنی بێت. هەمـوو بەگزادە و پشـتێن جـەواهێرەکان هـاتن و بە پەلە لەگەڵ شا خۆیان گەیاندە ئاوێنەبەند.

ڕۆستـەم لەگەڵ پادشـا دەستی بە ئاخـافتن کرد و وتی وەرە با من و تۆ پێـوەندییەک پێکەوە ببـەستین و شـادی و کامـەرانی بە جێ بێنین. ئەگەر لە باغـچەکەت گوڵێکمـان پێکشـەش بکەی، ئەوە گەورەیی و شکۆمـەندیت لە لام ڕوون و ئاشکرا دەبێت. پادشـا گـوتی ڕۆسـتـەم؛ ئەگـەر تۆ بتـهـەوێ ئەوە هەم تەخـتی شـاهـی و هەم کـچـەکـەشم لە خزمەتی تۆدان.

قـازی بـانگ کـرا و بە پێی یاسـا پێـوەندیی ژن و شـوویی ڕۆسـتـەم و تەهمـینە خـوێندرایەوە. سـەرئەنجام بە ویسـتی یەزدانی کـارسـاز و کـارڕێکخـەر، ڕۆسـتـەم تەهمینەی بردە ژووری پەردە. ڕۆستـەم لە بینینی لێوانی یاقـووت، ڕوومـەت، زولف و خـاڵەکانی تەهمینە بەجارێک شـێت و شـەیدا بوو. تاوێک مـاچی لێوی وەک یاقـووتی بێگەردی دەکرد و تـاوێک دەستی بۆ نێوان مـەمکانی وەک شـەمـامەی زەرد دەبرد. ئەو شـەوەیان بە شادی و خۆشی و کامـەرانی بردە سەر. هەتا دەمـەو بەیان تاوێک ڕاز و نیاز و تاوێک شـەربەت نۆشین لە گۆڵزاری لێوان درێژەی هەبوو.

لای بەیانی، ڕۆسـتـەم یاقـووتێکی، گرانبـەهـا، ڕوون و زولاڵ و سـاف وەک گـوهـەری بن دەریا، یاقووتێک لە خەزێنەی کەیکاوس شای لە باڵ دەرهێنا و دای بە تەهمینە و گـوتـی؛ ئەگـەر یـەزدان منداڵێکی پێ بەخـشـین، ئەگـەر کچ بوو لە قـژی ببـەسـتـە و ئەگەریش کوڕ بوو لە باسکی ببەستە با وەک نیشانەی باوکی لە لای خۆی بیپارێزێ. ناوی زۆرابی لێ بنێ. کە تـەمـەنی گەیشـتە حەوت و هەشت سـاڵان بینێرە مـەکتـەب با بە عـەقڵ و فام و تێگەیشـتوویی پەروەردە بکرێ. دواتر فێری گورز و کـەمـەند بکرێ، هونەر و فـەنی پاڵەوانی بزانێ و با لە ئازایەتییدا وەک سـامی نەریمان و لە لێزانی و هونەرمەندیدا نموونەی وەک ئەو لە جیهاندا پەیدا نەبێت.

تەهمینە دوای بیسـتنی ئەم قسانە و ئاگاداربوون لە چوونی ڕۆستـەم بە جـارێک خەم دایگرت و گـوتی ئەی ڕۆسـتـەم دوای ڕۆیشتنت دەردم کـاری دەبێ و ئیتر شـەو و ڕۆژ شین و زاری دەبێتـە مـیوانم. ئیـتـر من لە دوای تۆ، دڵ بە کێ خـۆش بکەم؟ ئەی ڕۆحی ڕەوانم، ژیانم بە بێ تۆ تاریک و لێڵ دەبێ و لە دووری تۆ لە گریان و فرمێسک

ڕشتندا سۆمای چاوکانم دەشۆردرێتەوە و لە نێو دەچن.

ڕۆستەم بە دەم پێکەنینەوە گوتی هەی گێل و ئاوەز لە سەر نەماو، پاراستنی هەموو خاکی ئێران لە هێرشی توران لە ئەستۆی مندایە. من بە خۆم و ڕەخشەکەمەوە دەبێ هەمیشە و دایم لە گەڕاندا بم هەر دوژمنێک لە هەر لایەکەوە ئەگەر بە تەمای هێرش بۆ سەر ئێران بوو، دەبێ سەرکوتی بکەم. هەر کەسێک لە هەر کوێیەک هاتوو بانگەشەی پاڵەوانەتیی کرد، ئەو کەسە با لە پێشدا نیشانەی مردنی خۆی بۆ لای تۆ بنێرێ. ئەرکی من ئەوەیە هەموو کەسێک بخەمە ژێر ڕکێفی کەیکاوس شاوە.

تۆ لای خۆت خاترجەم بە و هیچ خەم مەخۆ، بە شادی و خۆشی لە ماڵە باوکی خۆتدا بنیشە، مەیل و حەزی تۆ لە لای من تۆزقاڵێک کەم نابێت. ئەگەر یەزدان یارمەتیمان بدا، ئەوە چارەنووسی من و تۆ پێکەوە بەستراوە و هەر بۆ یەکتری دەبین. ئەگەر نەمامی من لە لای تۆ شین ببێ، ئەوە خۆت و منداڵەکەم بە یەزدان دەسپێرم.

ڕۆستەم لە دوای وتنی ئەم قسانە بە تەهمینە، ناوی یەزدانی برد و داوای ڕەخشەکەی کرد. تورکان بە پەلە بە ڕێز و بەگیان ڕەخشەکەیان بە زینکراوی و ئامادە بۆ هێنا و ئەویش دوای ماڵئاواییی لە پادشای سەمەنگان بەرەو تەختی پادشای ئێران وەڕێ کەوت.

کە ڕۆستەم گەیشتە خاکی ئێران هەموو دلێر و پاڵەوانانی ئێرانی هاتنە پێشوازیکردنی. کەیکاوس پرسیی ڕۆستەم دیار نیت، بزانە کە بە بێ تۆ تەختی شاهی من سەرەوژێرە و دەسەڵاتی پادشایەتیی من تەنیا شایانی تۆیە.

ڕۆستەم گوتی ئەی پادشا خەبەرت نییە کە چ بەسەرهاتێکم بە سەر هات. لە دەشتی نەخچیر تامەزرۆی ڕاو بووم، گۆڕێکم کوشت و کەبابم کرد، دواتر خەوم لێ کەوت. کە وەخەبەر هاتم، ڕەخش نەمابوو بەڵام سەری سێ مرۆڤ لەو ناوە کەندرابوو. ڕقم زۆر هەستا و بە شوێن ڕەخشدا گەڕام، ئاخرەکەی ڕەخشم لە وڵاتی توران پەیدا کرد.

دواتر ڕۆستەم بەرەو سیستان بۆ زێد و مەکان و تەخت و ماوای خۆی وەڕێ کەوت

و خۆی گەیاندە لای زاڵی باوکی و ئیتر ڕووداو و چیرۆکی خۆی لە سەمەنگان لە بیر کرد.

***

تەهمینەی جوان و سۆسەن خاڵ بە خەفەت و ژانی دوور لە ڕۆستەمەوە دووگیان بوو. دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ، منداڵێکی بوو ناوی نا زۆراب. مزگێنییان بۆ ڕۆستەمی زاڵ برد کە منداڵێکت بووە وەک مانگی چواردە. ڕۆستەم لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوو، شوکرانەبێژیی کرد. چەند باری ئەسپ جەواهێر و بەردگەلی قیمەتی و هەژمارێک یاقووت و گەنجینەی گرانبەهای ڕەوانەی توران کرد. ڕۆژ و مانگ تێ پەڕی و زۆراب بوو بە ساڵێک، لە بێچم و شێوازدا هەر لە ڕۆستەمی زاڵ دەچوو. کە یەک ساڵ بوو وەک دوو ساڵان دەچوو، کە پێنج ساڵان بوو، سەرقەواڵە و بەهێزی نێو منداڵان بوو، منداڵانی هاوتەمەنی خۆی هەڵدەگرت و وای بە عەرزدا دەدان، کە لە گۆ و زمانی دەخستن. بە دەستە پڕ زۆرەکانی سەری لە لاشە دەکردەوە و لە نێو ناودار و پاڵەواناندا کەس هاوتای نەبوو. تورکەکان بە تەواوەتی لە دەستی جاڕز و وەڕەز ببون بەڵام کەس نەیدەوێرا توخنی بکەوێ. ئێرەییان پێ برد و لە داخان پێیان وت؛ تۆ زۆڵی و کەس نازانێ باوکت کێیە؟ دایکت خەتاکارە بووە و کەس نازانێ ئەسڵ و فەسڵی تۆ چییە؟

زۆراب بە بیستنی ئەمە لە ڕک و قیندا ڕەش هەڵگەڕا، چوو بەربینگی دایکی گرت و بە توندی بە سەریدا گوڕاندی: پرسیارێکم هەیە و دەمەوێ وەڵامی ڕاستم بدەیەوە. من بە پاڵەوانی نێو پاڵەوانان ناسراوم و کەس بە هاوشانی خۆم لە وڵاتی توراندا نازانم، بەڵام باوکی من کێیە؟ ئەگەر بێتو ڕاستم پێ نەڵێی، ئەوە بە زەبرێک تووشی ناکامیت دەکەم. ئەگەر دەتهەوێ من خۆشحاڵ ببم، من کە ناوم زۆرابە ناوی بابم چییە؟

دایک وەڵامی دایەوە: ئەی هەڵبژاردە، ڕۆڵەی ناودار و هەی ڕووناکایی چاوانم. بە قسەی پیاو خەراپ و بەدخوازەکانی شەڕ، خۆت سەغڵەت مەکە و بەدگومان مەبە. بابت ناوی ڕۆستەمە، پاڵەوانێک کە شێران لە بەر تاوی ژانی شمشێری دەناڵێنن. ئەو کەسێکە هەر لە حەفتخوانەوە هەتا مازەندەران، هەموو وڵاتی لە جادووگەران پاک کردەوە.

زۆراب بە بیستنی ئەمە شادی و خۆشی لە دڵیدا گەڕا و لە خۆشیدا وەختابوو سەری لە حەفتەمین تەبەقی ئاسمانی بدا. گوتی کە وایە من کوڕی کەسێکی ئاوابم. زۆراب کوڕ و ڕۆستەم باوک بێت ئەوە ئێران و توران بە لامانەوە وەک مشتێک خاک وایە. لەشکەر کۆ دەکەمەوە و هێرش دەکەمە سەر وڵاتی ئێران. گیو، گۆدەرزی گورزوەشێن، توس، کەژدەهەم، بارام، شا، گورگین و هەموو کوڕانی کەیانی یەکیان بە سەر عەرزەوە ناهێڵم. کە ئێرانم داگیر کرد ڕۆستەم دەخەمە سەر تەختی شایەتی و دواتریش پاشایەتیی توران دەڕووخێنم و بۆ خۆم لە جێگەی ئەفراسیاب پاشا دادەنیشم.

تەهیمینە فەرمانی دا، لەشکەرێک لە تورکانی چینی کۆکرایەوە و دەنگ و خرۆشیی شەڕ و نەبەرد لە هەموو لایەک بەرز کرایەوە. لە خەزێنە جەواهێرێکی زۆر، تێچووی ئامادەکاریی شەڕ کرا و دەستە دەستە و تیپ تیپ لەشکەر ڕیزی بەست.

فەرمان درا چی ڕەوە ئەسپ لە وڵاتی توران هەیە کۆ بکرێتەوە، لە بن زرمەی پێی ئەسپان هەموو عەرز دەلەرییەوە. زۆراب دەست بە کەمەندەوە چووە ناو ئەسپان، یەک بە یەک ئەسپی دەگرتن و بەتاقیی دەکردنەوە، بە دەست تەوژمی دەخستە سەر پشتی ئەسپەکان، تاقەتیان نەدەما، سست دەبوون و دەکەوتن. لە نێو ئەو هەموو ئەسپەدا، ئەسپێکی باشی شایانی خۆی نەدیتەوە.

لە نەکاو گەنجێک پەیدا بوو و گوتی من ئەسپێکم هەیە لە وێنەی لە جیهاندا پەیدا نابێت. ئەو دەمە ڕەخشەکەی ڕۆستەم لێرە بوو، ماینکەی منیش بە فاڵ بوو، ئێستا ئەم ئەسپەی من لە تۆوی ڕەخشەکەی ڕۆستەمە.

ئەسپێکە لە بازداندا وەک برووسک وەک بایش تیژڕەو، ئەسپێکە کە تەنیا شایانی پادشایانی گەورەیە. ئەسپیان هێنا بۆ زۆراب، ئەسپی بەتاقی کردەوە، تۆزقاڵێک چییە لە ژێر تەوژمی دەستی زۆرابدا نەبزاوت. زۆراب ئەسپی پەسەند کرد و وتی بۆم زین بکەن.

***

بەیانی زوو لە کاتی قوولاندنی کەڵەبابدا، تورکان هەستان و لە تەپڵیان دا. زۆراب هەستا و خەفتان و کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست. بە لێدانی تەپڵ و ژەنینی

کەڕەنا، لەشکەر شاری سەمەنگانی بەجێ هێشت. کە لەشکەر گەیشتنە ڕووباری جەیحوون و بەلەم لە ئاو خرا، خەبەر بە ئەفراسیاب شای توران گەیشت کە وا لەشکەری زۆراب لە چۆم پەڕییەوە و گەیشتە سنووری ئێران.

شای وڵاتی توران هەزاران ئافەرینی بۆ زۆراب نارد. فەرمانی دا دەرکەی خەزێنە بشکێندرێ و هومان و بەهرەمان پاڵەوانانی تورانی وێڕای بردنی چەند بار جەواهێرات، لەشکەرێکی سی هەزار سواری ئامادە بکەن و خۆیان بگەیەننە زۆراب. شا بە هومانی ڕاسپارد کە ئەو لە ڕۆستەم بە ڕق و بریندارە. نابێ بە هیچ کلوجێک زۆراب بە ڕۆستەم بناسێندرێ و لە یەکتری ئاشکرا بکرێن. با ڕۆستەم بە دەستی خۆی زۆراب کوڕەکەی بکوژێ و داغدار ببێ.

لە چۆمی جەیحوون لەشکەری هومان خۆی گەیاندە زۆراب و هەر دوو لەشکەری تورانی یەکانگیر بوون و بەرەو ئێران ڕۆیشتن. دوای دە ڕۆژ و دە شەو تاودانی ئەسپ، ئاخرەکەی لەشکەر گەیشتنە سپی قەڵا.

***

پاڵەوان و دەسەڵاتداری قەڵا کەسێک بوو بە ناوی هەژیر کە بە فەرمانی گۆدەرزی کەشواد ماوەیەکی ئێجگار زۆر بوو بە شادی و کەیفخۆشی لەو قەڵایە نیشتەجێ بووبوو.

هەواڵی هاتنی زۆراب گەیشتە هەژیر و پێی ڕاگەیاندرا کە هەر لە بەحری جەیحوونەوە هەتا سپی قەڵا و تەپ و تۆز و خۆڵی هاتنی لەشکەری تورکان ئاسمانی داپۆشیوە.

هەژیر بە بیستنی ئەم هەواڵە ڕق و تووڕەیی هەستا و هەر زوو جل و کەرەستەی شەڕی لە بەر کرد، قەڵغانی کردە شان، کەمەربەندی بەست، نێزەی بە دەستەوە گرت و ڕووی لە مەیدانی شەڕ کرد. هەژیر بە سەر تورکاندا گوڕاندی و وتی با پاڵەوانێکتان هەر ئێستا بێتە مەیدانی شەڕ، ئەم لەشکەرە لە کوێوە هاتووە و سەرۆکتان کێیە؟ ئێستا نە لەشکەر دێڵم و نە سەرلەشکەرتان.

زۆراب بە بیستنی ئەم قسانە، لە تووڕەییدا ڕەش هەڵگەڕا، ئەسپەری کردە شان، تیر و کەوانی لە کەمەر بەست و بە بەرەو هەژیر غاری دا. هەژیر پێی وت کابرا

ناوت چییە؟ دەزانی تۆ بە پێی خۆت، خۆت لە تەڵە و داوی نەهەنگ خستووە. ئەگەر هاتوو تۆ لە دەستی من ڕزگارت بوو ئەوە هەموو تاج و تەختی کەیکاوس شات پێشکەش دەکەم.

هەژیر پاڵەوانی لێهاتوو دەستی برد بۆ نێزە و زەبرێکی لە کەمەربەندی زۆراب دا. نێزەی ترسناک لە بەر پشتێنی ئەڵماسبەندا هیچ کاریگەرییەکی لە زۆراب نەکرد.

کە نۆرەی زۆراب هات لەغاوی ئەسپی جولاند و پێی لە ڕەکاوی ئەسپ دا و لە جولانەوەیەکی خێرادا بە پەنجەی پڕ زۆر و باسکی بەهێز لە پشتێندی هەژیری دا، لە سەر زینی ئەسپ هێنایە خوارەوە و دەستبەجێ دەست و لاقی بەست و بە سەری شکاو و زنجیر لە مل بردی بۆ لای هومان.

هەڤالانی هەژیر بە دیتنی ئەم دیمەنە، لە سەر بانی قەلاوە کردیان بە هاوار و شین و زاری. خوشکی هەژیر لە تووڕەییدا هەر وەک قیر لە ڕق و قیندا ڕەش هەڵگەڕا. کەرەستەی شەڕی لە خۆی دا و بە دڵێکی غەمین و پەژارەوە چووە لای باوکی گوتی: ئیزنم بدەیە کە منیش هەروەک پیاوان، تۆڵەی هەژیر بکەمەوە و ئەو پاڵەوانە بە دیل بگرم.

باوک ئیزنی بە کچ دا کە بچێتە مەیدان. خوشک لە کاتێکدا جەرگی وەک کەباب بۆ براکەی هەڵدەقرچا هەموو کەرەستەی شەڕی ئاسنبڕی لە خۆیدا، زولفەکانی لە ژێر کڵاو ئاسنیندا شاردەوە و چل دانە خەدەنگی لە بەر پشتێن کرد کە پەیکانی هەر کامەیان دوو مەن قورسایییان هەبوو.

ئەسپی زین کرد، سواری ئەسپی هەڵبژاردەی ساڵ بوو، هەر وەک شێری سەرمەست هاتە مەیدانی شەڕ و گوڕاندی: هەی تورکانی بێ عەقڵ و نەفام، هەر ئێستا سوارێک هەڵبژێرن کە بێتە مەیدانی شەڕم. ئیمڕۆ کاتی شەڕە، کامەتان لێزان و لێهاتوو و شەڕکەرە با بێتە مەیدان؟

زۆراب دیسان بە بیستنی ئەم قسانە لە ڕقان ڕەنگی گۆڕا و هاتە مەیدانی شەڕ. کچ گوڕاندی و دەستی دا بە تیر و کەوان و لە جێدا چل دانە خەدەنگی تیژی، مووقڵێشی، تازە هەساندراوی ژاراوی یەک بە دوای یەکدا لە زۆراب دا. کە خەدەنگەکانی تەواو بوون ئەوجار نۆرە کەوتە زۆراب. ئەژدیهای سەردەم بە پەنجە پڕ

زۆرەکانی کەمەندی حەوا دا و کچی لە بەرکۆبەی زینەوە هێنایە خوار و سەرەوژێری کرد. ڕاست لەو کاتەدا کڵاوی ئاسنین لە سەری کچ کەندرا و کەوت. دوو زولفی قەڵەم کێشراوی وەک قەتران ڕەش، برژانگی وەک ئەڵماس دەرکەوتن. کچ کە لە مەیدانی شەڕ بەزیبوو و ئەوجار بە فێڵ و تەڵەکەوە کەوتە قسەکردن و گوتی: ئەی گەنجی ئاکار پیاوانە، ناوت لە جیهاندا هەر بە بەرزی بمێنێتەوە. ئەگەر بێتو بمکوژی ئەوە دەڵێن پاڵەوانی شا ئەفراسیاب لەگەڵ کچێکدا لێبوردوویی نەبووە و کوشتوویەتی. تەنانەت ئەوە کە خەڵکی بزانن تۆ لەگەڵ کچێک شەڕت کردووە، بە هەموو وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە، یەکەم شەرمەندی هەڤاڵەکانت دەبی و دووەم دەبی بە جێی پەند و ناتۆرەی ئێرانییەکان. ئێستا هەژیر لە لای تۆ کۆت و زنجیرت کراوە، منیش هەتا دەمرم دەبم بە کۆیلەت. ئەگەر ئیزنم بدەی و بگەڕێمەوە بۆ قەڵا، هەرچیت لە گەنج و ماڵ ویست بۆت دێنم.

زۆراب بە بیستنی ئەمە زۆر خۆشحاڵ بوو و هەر لەوێ عاشقی زولفە ڕەشەکەی بوو. کەمەندی لێ کردەوە و کچ ڕزگاری بوو. بە سەربەرزی بەرەو بەرەو قەڵا گەڕایەوە.

لە نێو قەڵادا چووە سەر بورجی بەردینی هەرەبەرز و بە دەنگی بەرز ڕوو لە زۆراب قیڕاندی: هۆ پاڵەوانی بێ عەقڵ و نەفام، هەتا خاکت وەسەر نەبووە لەم وڵاتە برۆ، لێرە، لە جێی شادی و خۆشی تووشی خەتەر و مەترسی دەبیت. کە نەڕۆی، خەبەر بۆ کەیکاوس شا دەنێرم کە لەشکرێکی گەورەت بکێشێتە سەر. ئەگەر بێتو ڕۆستەمی ڕۆڵەی بنەماڵەی سام، بێتە شەڕت ئەوە هەر زوو کارت تەواوە.

زۆراب کە ئەمەی بیست لە قیندا ڕەش هەڵگەڕا و گوتی: هەی ڕێ لێ ونبووی جادووگەر، نەمزانی کە وا فێل و تەڵەکەت لێ کردم، دەنا قەد لە کۆت و بەندم ڕزگارت نەدەبوو. ئێستا وا خەریکە هەوا تاریک دەبێ و وەختی شامە، ئەڤیندارانیش لە کاتی وادا ناچنە شەڕەوە. بەڵام، بەیانی زوو بە بە هێز و باهۆم، ئەم قەڵا بەردینە بە دەروازە و حەوشەوە لە ژێر زەبری گۆپاڵمدا دەڕووخێنم. ئەو دەم پێت دەڵێم کە شەڕی شێران چۆنە و شای ئێران کێیە؟

کچ دوای بیستنی ئەم قسانە، بە ترس و بیرکردنەوە لە بورجی قەڵا هاتە خوارەوە

و چوو بۆ لای باوکی. باوکی لە ئامێزی گرت و گوتی: ڕووت سپی کردم و تۆ توانیت نامووست لە دەستی پیاوان ڕزگار بکەی.

کچ گوتی بابە قەت شتی وام لە تەمەنمدا نەدیوە، پاڵەوانێکە لە شەڕکردندا هەر لە ڕۆستەمی سامی نەریمان دەچێ، لە لێزانیدا کەس لە جیهاندا لە وێنەی پەیدا نابێت. هەر دەڵێی تایبەت بۆ کوشتنی کەیکاوس شا هاتووە.

سەد تیرم پێوە نا، دانەدانەش تیرەکان هەروەک نەشتەر ئێسکیان سمی بەڵام لێی کاریگەر نەبوو. ئەوەندە شەڕم کرد ماندوو و هیلاکم، بە فێڵ و تەڵەکەبازیش لە دەستی ڕزگارم بووە. ئێستا هیچ چارەیەکی لەگەڵ ناکرێ. هەژیر بە دیل گیراوە و جێگەکەی بەتاڵە، تەنیا چارەمان ئەوەیە کە قەڵا بەجێ بێڵین و کۆچ بکەین.

***

باوکی هەژیر بەم بەسەرهاتە گەلێک تووشی سەرسوڕمان و حەپەسان بوو، داوای کرد وەزیر بێتە لای و نامەیەک بۆ کەیکاوس شای ئێران بنووسێ. وەزیر وێڕای ئاواتەخوازی شادی و سەرکەوتن بۆ شا نووسی: گەنجێک لە وێنەی پڵینگ بە هاوڕێیەتی لەگەڵ هومان و بارەمان لە لایەن شای تورکان، شا ئەفراسیابەوە، بە لەشکەرێکی گەورەوە هێرشی کردووەتە سەر ئێران. سەرلەشکرێکی گەنجی تەمەن پازدە ساڵان، کە کاتێک شمشێری هیندیکار دەوەشێنێ، نەهەنگ لە دەریا ئۆقرەی لێ دەبڕێ. لە تورانەوە بۆ ئەوە هاتووە کە تاج و تەختی پادشایەتیی ئێران تێک بدا. هات هەژیری بەدیل گرت و قەڵای لێ داگیر کردین. هەموو پاڵەوانانی سنوورنشین، یەک بە یەک لە بەرامبەریدا خەمبار و دەستەوەستان ماون و ئیتر تاقە سوارێک لەم دەڤەرەدا نەماوە، کە ورەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵدا هەبێت و بچێتە مەیدانی شەڕی ئەوەوە.

ئەگەر بێتو شا بۆ خۆی بە زووترین کات دەستبەکار نەبێ، هاکا هەموو هەرێمەکەمان لێ داگیر کرا.

هەر ئیمشەو هەموو گەنج و ماڵ و شتێکی گرانبەهامان کە هەیە بار دەکەین و لەگەڵ ژن و منداڵ و خزمان ڕێگەی نەهات دەگرینە بەر. ئێمە سینەمان بە شمشێری دوژمن شەق بووە. ئەمە بوو بە سەرهاتی داماویی ئێمە. ئیتر بڕیار بە دەستی شای بەرزەنشینە.

نامە درا بە بە دەستی پەیکی باڵگرەوەی تیژڕەو، گەنج و ماڵ بار کراو بۆ خۆشیان هەر ئەو شەوە لە کۆچ و کۆچباریان دا و سپی قەڵایان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن.

بەیانی زوو کە خۆر لە ئاسۆ دەرکەوت، لەشکەری بێ سامانی توران لە خەو هەستا. زۆراب چەک و چۆڵی ڕۆژی شەڕی لە خۆی بەست و بە بێ ترس و دڵەڕاوکە سواری ڕەخشەکەی بوو و ئەسپی تاو دا. لەشکەری تورکان جووڵا، زەوی ڕەش هەڵگەڕا و ئاسمان شین بوو. دەروازە و حەوشەی قەڵا بە زەبری گۆپاڵان ڕووخێندرا. سواران بە شوێن شەڕکەران، هەموو کۆڵانە تەنگ و باریکەکانی قەڵای سەختیان پشکنی.

سەروژێر و خوار و بان بە شوێن کچەکەدا گەڕان و هیچ نیشانە و شوێنەوارێکیان لێ بەدی نەکرد. لەشکری تورکان بە ناهومێدی و خەفتەوە لە قەڵادا نیشتەجێ بوون و بارگە و بنەیان خست.

پەیکی نامەبەر وەک شاباز بە بێ ڕاوەستان و پشوو خۆی گەیاندە لای پادشای ئێران. لەو دەمەدا شا لە کۆڕی بەزم و ڕەزمی مۆسیقا و خواردنەوەدا بوو. ژمارەیەک پاڵەوان دەست لە سەر سینگ و پەسەنبێژی لە کۆڕەکەدا دانیشتبوون. لە کۆڕەکەدا پاڵەوانگەلێکی وەک بێژەن، گورگینی میلاد، ڕەهام، بارام، گۆدەرزی کەشواد، توس و فەریبورز شازادەگەلێکی کەیانی وەک شیدوش و قوباد دەبیندران. کەیکاوس نامەی بە سەرهاتی شەڕی سپی قەڵا و بەسەرهاتی زۆرابی لە بنەوە گێڕایەوە. پاڵەوانان بەم بەسەرهاتە تووشی حەپەسان و سەرسوڕمان بوون و شا لە ڕق و تووڕەییان گۆڕاندی: کێتان پاڵەوانی شەڕکەرە؟ کامەتان لێهاتوو و پڕ زۆر و ترسناکی نێو هەمووانە؟ بەیانی زوو لەشکەری شەڕی پێ دەسپێرم، با ڕێگای مەیدانی شەڕ وەبەر بگرێ، لە شەفەقی بەیانیدا بەر لە دەرکەوتنی زەردەی هەتاو بە جۆرێک لەشکەری تورکان قەتڵوعام بکا کە تا هەتاهەتایە و هەتا دنیا هەیە وەک ڕاز و چیرۆک نەوە لە دوای نەوە بگێڕدرێتەوە.

پاڵەوانگەلی کلاوزێڕ هەروا حەپەسابوون و ئاخرەکەی پاش ماوەیەک مات و بێدەنگی، وە قسە هاتن و وتیان:

ئەی پادشا، گەنجێکی بەو شێوەیە بە ڕق و قین شمشێر لە ڕووی هەوران

بوەشێنێ و پاڵەوانێکی هەڵبژاردەی وەک هەژیر دەستوپێ ببەستێ، مەگەر تەنیا ڕۆستەم لە وڵاتی زابۆل دەروەستی بێت. بێجگە لەوە هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە و لە نێو کۆڕی ئێمەشدا بێجگە لە ئەو کەس ناتوانێ شان لە شانی بدا.

***

شا فەرمانیدا وەزیری لا حازر بێت، ئەویش هات، کڕنۆشی برد و کەوتە بن پێی، قەڵەمی بە دەستەوە گرت و نووسی:

بەڵێ، ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ، بکوژی دێوانی ئەرژەنگ

ئەی هەمیشە سەرلەشکەر و لە ڕیزی سەرۆکان و ئەی جەلاد و بکوژی دێوەکانی مازندەران. هەر لە سنووری ڕۆمەوە هەتا وڵاتی چین، ناوت لە سەرگۆی زەوین مەنشوورە. ئاگادار بە لە لایەن شای تورکانەوە ئەفراسیاب، لەشکەرێکی زۆر و بێ ئەژمار هێرشی کردووەتە سەرمان، ژمارەیەک لە پاڵەوانانی ناوداری وەک هومان، قوباد و بەهرەمان سەرکردایەتیی ئەم لەشکەرە دەکەن. سەرلەشکەرەکەیان کەسیکە بە زۆرابی جەنگی ناسراوە، تەمەنی هەر پازدە ساڵان دەبێ بەڵام خەنجەر لەسەر ئاسمانی حەوتەم دەوەشێنێ و لە کاتی شەڕ و لە مەیدانی نەبەردا، کێوی خارا بە زەبری گورزی ئەو ورد و خاش دەبێ. لە شەڕی سپی قەڵادا هەژیری پاڵەوانی بە قەستی کوشتن بە عەرز داداوە و دەست و لاقی بەستووە. تێکڕای پاڵەوانانی ناودار و دەستنیشانکراو، یەک بەیەک لە بەرانبەریدا خەمبار و دەستەوەستان داماون. ئێستا کاتێکی زۆرم بە دەستەوە نەماوە، هەژیرمان لە دیل و لە زینداندایە و دەستم بە داوێنت، بە زووترین کات دوای ئەوە نامەی پادشات خوێندەوە، چەک و چۆڵی شەڕ لە خۆت ببەستە و بە پەلە و بێ ڕاوەستان لە لام ئامادە بە.

نامەی سپێردرایە دەستی گیوی هونەرمەند، ئەویش بە پەلە سواری ئەسپە زەردەی سەرشاخ بوو، دە ڕۆژ و دە شەو بە وەخت و ناوەخت ئەسپی تاودا و ڕۆژی یازدەهەم کە زەردەی بەیانی لە وڵاتی زابول سەری وەدەرهێنا گەیشتە جێ.

کاتێک دیدەوەری سەر قەڵای ڕۆستەم، سوارێکی لە دوورەوە بەدی کرد، بە پەلە چوو و ڕۆستەمی ئاگادار کرد: ئەی پاڵەوانی نەوەی زاڵی سام، سوارێک لە دوورەوە بەرەو قەڵا بە ڕێگەوەیە، بە کۆڵ ئەسپی جیهانپەیماوەیە، لە ئێرانەوە بەرەو ئێرە غار

دەدا، وا دیارە کارێکی بە پەلەی هەیە و هەواڵێکی گرینگی پێیە.

ڕۆستەم هەر زوو سوار بوو و لە دەروازەی قەڵا وەدەرکەوت، لە دوورەوە بە کڵاوئاسنینەکەیدا ناسییەوە، گیوی ناودار، خوشکەزای خۆیەتی. بە یەک گەیشتن دەستیان، چاوودڵ ڕوونیان لە یەک کرد و دەستەملانی یەکتری هاتنە نێو قەڵا.

ڕۆستەم پرسی: ئەحواڵی پادشا چۆنە؟ ئەی گۆدەرز چ دەکا؟ ئەی پاڵەوانانی دیکە بە چییەوە خەریکن؟

گیو گوتی: هەموو باش و بە دەماخن، تەنیا ئەوە نەبێ کە سپی قەڵا گیراوە و هەژیر دەستبەسەر کراوە. شا منی بە پەلە و بێ ڕاوەستان ناردووتە لات، زۆر زۆری ڕاسپاردووم کە سەردارێکی گەورە و ترسناک لە تورانەوە هاتووە، نزیک بە دوو هەزار لەشکەر و سوارە و ژمارەیەک پاڵەوانی لەگەڵدایە. ئەم سەردارە ناوی زۆرابە، پڵینگی ترسناکە و لە وێنەی ئەو لە جیهاندا پەیدا نابێت.

ڕۆستەم گوتی: هەموو جیهان سەرانسەر گەڕام، پاڵەوانێکی دیکەم لە خۆم زیاتر نەدی، ئەوەندە دەزانم لە کچی پادشای سەمەنگان، منداڵێکم هەیە، بەڵام ئەو هێشتا منداڵ و کەم ئەزموون. ئەگەر بێتو ئەویش بێت ئەوە تەنیا یاریی بە هەژیر کردووە و لە ڕووی ئاشتییەوە هەژیری بەدیل گرتووە.

گیو نامەکەی پادشای دا بە ڕۆستەم، ئەویش نامەکەی کردەوە و زۆری تێ ڕاما، لە کاتی خوێندنەوەیدا وەک بیی ناو ئاو لەرزی و ترسی لە دڵ نیشت. بەو حاڵەشەوە وتی پەنا بە خودا بە برینی شمشێرم یان زەربی گورزم دەکوژرێ یان هەروەک هەژیر بە دیلی دەگرم. ئەو کەسەی بە تەمای ڕووخاندنی تەختی کەیکاوسە، ئەوە هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە مردن لە بەر دەمدا نییە. بەڵام وەرە جارێک با ئیمشەو چەند پیاڵەیەک بخۆینەوە و دواتر بەیانی زوو بەرگی شەڕ، دەپۆشین و دەچین بۆ شەڕ.

پیاڵەیان فڕ کرد، بە خۆشی لێی دانیشتن و لە بەزم و ڕەزمدا کەیکاوس شایان بە تەواوەتی لە بیر کرد. سێ ڕۆژ لە سەریەک هەتا نیوە شەو مەجلسیان گرت و هەر خەریکی خواردنەوەی شەراب بوون. لە مەستیی شەرابدا هیچ ئاگایان لە خۆیان نەما.

ئاخرەکەی ڕۆژی چوارەم گیو بە ڕۆستەمی وت ئەی پاڵەوان، ئەوە سێ ڕۆژە منت لێرە گیر داوە، یان ئەوەتا سوار بە با بڕۆین، یان دەنا ئیزنم بدەیە کە بۆ خۆم بڕۆم، نەکا کەیکاوس شا بمکوژێ. دەزانی کە کەیکاوس ئێستا بۆ شەڕ دەکوڵێ و هۆش و ئاوەزی لە سەرە خۆی نییە، بێجگە لەوە ئەو هەمیشە مەست و سەرخۆشی شەرابە. نەکا لە کاتی سەرخۆشیدا قسەیەکی نالەبارمان پێ بڵێ.

ڕۆستەم گوتی: گیو تۆ بۆ وا بیر دەکەیەوە؟ منێک کە شێران لە تاو برینی شمشێرم هاوار و وایلایانە، کەیکاوس شا کێیە؟ بە لای منەوە چ مستێک خاک و چ کەیکاوس شا، من ئەوەی دەروەستی نەبم ترسی شایە. بەو حاڵەشەوە گوتی بە خزمەتکارەکان، ڕەخشەکان، باڵندە بێ باڵەکان زین و ئامادە بکەن.

ڕۆستەم و گیو بێ ڕاوەستان، بێ خواردن و بێ نووستن ئەسپیان تاو دا و خۆیان گەیاندە خاکی ئێران. پاڵەوانگەلی وەک گۆدەرز، بارام، فەرهاد، قوباد، زەنگەی شاوران، گورگینی میلاد و هەزاران سواری شەڕکەری دیکە هاتنە پێشوازییان. کە ڕۆستەم و گیو لە ڕەخشەکانیان پیادە بوون دەستبەجێ چوون بۆ کۆشکی ئالاوالای کەیکاوس شا.

ڕۆستەم دوای کڕنۆشی بردن سڵاوی لە پادشا کرد، بەڵام شا بە تووڕەییەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و لە ئەو پەڕی قین و تووڕەییدا گۆڕاندی: هەی هەرزەی نێو هەرزەکاران، وا دیارە هیچ لە دەسەڵاتی شایەتیم ناترسی؟ یان وا دیارە وەک سواڵکەرێک چاوم لێ دەکەی؟ من گیوم بە پەلە و ئامان سەد ئامان نارد کە هەژیر دەستبەسەر کراوە و قەڵا داگیرکراوە، تۆش ئاوا بە پیر بانگەوازی منەوە دێی؟ وا دیارە وەک هەمیشە ڕاز و نیازی خۆتت لە من پێ گرنگترە و خۆت بێ نیاز لە دەسەڵایەتی شایەتی من دەزانی. ئەگەر هەر ئێستا شمشێرێک لە دەستم بایە، ئەودەم بە کردەوە پێم دەسەلماندی کە من کێم. شەمشیرێکی وام لێ دەوەشاندی کە وەک ترنج سەرتم دەپەڕاند.

شا فەرمانی بە گیو دا بە هۆی سەرپێچیکردن لە دەستوور، ڕۆستەم لە دار بدا. گیو دڵی نەهات، زۆری شەرم لە ڕۆستەم کرد، ئاخێکی ساردی هەڵکیشا و لە جێی خۆی جوڵەی نەکرد.

ئەو جار شا ڕووی لە توس کە پڵینگێکی لە باوەشدا بوو کرد و دەستووری دا ڕۆستەم و گیو پێکەوە لە سێدارە بدا. توس بە تووڕەیییەوە مۆڕەیەکی لە ڕۆستەم کرد.

لەم کاتەدا ڕۆستەمیش لە تووڕەییان تەقییەوە و گۆڕاندی: کەیکاوس بێدەنگ بە و قین و توڕەیی بەس بکە. تۆ هیچ کامە لە چەرمەسەرییەکانی ڕۆژگارت لە بیر نەماوە؟ لە بیرت چوو کە چۆن بە دەستی دێوسپییەوە وەزاڵە هاتبووی؟ لە بیرت چوو کە کرانەوەی گرێپوچکەی دێوسپیت تەنیا لە دەستی مندا بوو؟ لە بیرت چوو چەندە نێرە دێوانم بۆ سەربڕی؟ ئەو دەمەی هیچکامە لە پاڵەوانەکانت تەنانەت نەیاندەوێرا لەگەڵم بێن و بە تاقی تەنیا کردم؟ لە بیرت چوو چەندە پاڵەوانانی بەڵخ و بوخارام بە دەست بەستراوی هێنا بۆ لات؟ تۆ هیچ نەبووی و من تۆم کرد بە پادشا، ئێستا تۆ دەتهەوێ لە دارم بدەی؟ ئەوە بزانە کە تۆ کوڕی جەمشیدی منیش نەوەی زاڵم، ئەوەش بزانە شانس و بەختی دەسەڵاتم لە تۆ زیاترە؟ ئەگەر من لە یەزدانی پاکی خۆم نەترسم چ کەیکاوس شا و چ مستێک خۆڵم لە لا هەر وەک یەکە.

کە قسەکانی ڕۆستەم تەواو بوو، توسی سەرلەشکەر دەیەویست بە زۆر پەلاماری ڕۆستەم بدا، پشتێندەکەی بگرێ و بیباتە دەرەوەی کۆشک و لە داری بدا. ڕۆستەم لە ڕقان مستەکۆڵەیەکی وای لە توس دا کە لە جێدا نەخشی زەوی بوو و هەڵنەستایەوە. ڕۆستەم بە ئەسپدا هەڵگەڕا، وەرسووڕایەوە و گوتی ئا بزانم کێ توانای خۆڕاگریی لە بەر گورز و گۆپاڵی مندا هەیە؟ کەیکاوس شا لە لام نرخی مستێک خۆڵیشی نییە. بە قین و توڕەیییەوە لە کۆشک وەدەرکەوت، ئەسپی تاو دا و ڕێگەی زابولی گرتە بەر.

پاڵەوانانی کۆڕی شا، هەموویان هەروا خەمبار و دەستەئەژنۆ دانیشتبوون. گوتیان ئەم کارە تەنیا بە گۆدەرز مسۆگەر دەبێ مەگەر هەر ئەو بتوانێ دڵی ڕۆستەم بێنێتەوە جێ. گۆدەرز بە پەلە چووە لای پادشا و وتی ئاخر کەیکاوس مەگەر تۆ شێتی؟ بۆچی دڵی ڕۆستەمت لە خۆت ڕەنجاند؟ تۆ بەم کارەت شووشەی تەخت و بەختی خۆت بە دەستی خۆت شکاند. باشە مەگەر تۆ نازانی پاڵەوانێکی وەک ڕۆستەم، چەندە دەرد و چەرمەسەریی بێ ئەژماری لە پێناوی تۆدا کێشاوە؟ چەندە

جادووگەری بە شمشێر بۆ لەت و پار کردی؟ چەند جار لە شەڕەکاندا تەپڵی سەرکەوتنی بۆ لێدای و چەندە گەنجی شاهانەی بۆ چەپاو کردی؟ چەند جار لە بەر تۆ، چووە شەڕی ئەفراسیاب و لە خوێنی پیاوانی ئەودا چۆمی خوێنی هەستاند؟ ئێستا ڕۆستەم وای لێ هاتووە، کە تۆ بە کەسێکی بێکار و هیچ و پووچی دابنێی و قسەی سارد و سوکی پێ بڵێی و لە باتی خەڵاتکردن لە سێدارە بدەی؟

پادشا بەم قسانەی گۆدەرز هۆشی هاتەوە بەر خۆ و گوتی بڕۆن و هەر چۆنێک بووە دڵی ڕۆستەمم بۆ بهێننەوە جێ. بە ڕۆستەم بڵێن کە ئەو گیان و ڕۆحی منە و من لە قسەکانی خۆم پەژیوانم.

گۆدەرز، بارام، فەرهاد، قوباد، شیدوش، شاپور، گورگینی میلاد، توس، فەریبور و کەستهەم و چەند پاڵەوانێکی دیکە بۆ لای ڕۆستەم وەڕێ کەوتن.

گۆدەرز گوتی ڕۆستەم ئاخر چ بووە؟ بۆ وا تۆ لە شای ئێران دڵت ئێشاوە؟ ئێمە هەمـــوو پاڵەوانان بە بێ تۆ ژیانمان نابێت. هەمـــوومـــان بۆت دڵتـــەنگین، تۆ ئەی باڵادەست و یەکەمین شەڕکەری نێو دلێران، گوێ بە قسەی پادشای ئێران مەدە، ئەو بێهۆش و مەستی تریاکە، ئەو توندی کرد تۆ مەیکە؟

ڕۆستەم گوتی ئەی گۆدەرزی ئاقڵ و زانا، تکایە کەم قسەی پووچ و بێ بڕانەوە بکە، من و پاکی خۆم پێکەوە بەڵێنمان داوە، لە ئیمڕۆ بە دواوە هەتا ڕۆژی مردن، هەرتا زیندوو بم لە سەر ڕووی ئەم جیهانە، لە پادشای ئێران خۆش نابم. من کە گورز و ڕەخشی خۆم هەبێت، چ ترسم لە ڕق و قینی پادشایە؟

گۆدەرز سەر لە نوێ دەستی بە قسە کردەوە و گوتی ئەی پاڵەوانی مەیدانی شەڕ، هەرچی تۆ بڵێی ڕاستە، بەڵام دواقسە و سەرئەنجام هەر ئەمەیە کە ئێرانییەکان تانە و تەشەری زۆرت لێ دەدەن و دەڵێن ڕۆستەم لە زۆراب ترساوە.

ڕۆستەم بە بیستنی ئەم قسەیە توڕەییەکەی ڕەوییەوە و هێور بووەوە، لە تانە و تەشەر و بوختانی خەڵکی ترسێکی زۆری لێ نیشت. بە قسەی گۆدەرزی کرد و گەڕایەوە بۆ لای کەیکاوس شا.

پادشا چوو بۆ پێشوازیی ڕۆستەم و گوتی: من قسەیەکم کرد، تۆش دڵگران مەبە لێم. من وەک منداڵی خۆم چاو لە تۆ دەکەم، من لە وەدرەنگ هاتنت تووڕە بووم بەڵام

ئێستا پەژیوان و خەمبارم، بۆ تۆ ڕەنگ بە ڕۆخسارمەوە نەماوە. دەستم بە داوێنت، ڕاستە تۆ پادشاهیت بە من دا و تۆ منت کرد بە شا، کەوابوو ئەم ئەرکەی خۆت هەتا سەر جێبەجێ بکە.

ڕۆستەم گوتی ئەی پادشا من تاوانبارم، بمبوورە و من شەرمەزاری تۆم. هەتا کە لە سەر ئەم دنیایە، زیندوو بم، من بچووک و خزمەتکاری تۆم. من یەکێکم لە غولامەکانت، غولام خەتا دەکا و ئاغا دەیبەخشێت. غەمیشت نەبێت زۆرابت بۆ لە دار دەدەم. ئەو کە بەرهەڵستکاری تەختی شایەتیی کەیکاوسی کردووە، بێجگە لە مردن شتی دیکەی بە قسمەت و نسیب نابێت.

شا گوتی وەرە با ئیمشەو پێکەوە پیاڵەیەک نۆش بکەین، بەیانی زوو جلی قین و تۆڵە لە بەر دەکەین. دەبێ ئەوەندە لەشکەری بێ ئەژمار بکێشم، کە دنیا لە زۆرابی جەنگی تاریک بکەم.

ڕۆستەم و شا ڕوویان لە کۆشک کرد، ئەو شەوە هەتا شەفەقی بەیانی، دەنگی مۆسیقا هەتا ئاسمانان دەچوو، شەرابی بۆ عەنبەرین لە پیاڵەدا نۆش کرا، ڕاز و چیرۆکی دڵبەران گوێی بۆ گیرا و داستان و بەسەرهاتی یەکەکەی پاڵەوانان باس کرا.

***

بەیانی کە زەردەی خۆر وەدەرکەوت، شا فەرمانی بە توس دا کە بە پەلە و بێ ڕاوەستان لەگەڵ گۆدەرز، ئاڵا بەرز بکەنەوە و سوارانی شەڕکەر ڕێکوپێک بە ڕیز لە یەک جیا بکەنەوە. سەد هەزار کەس لە سوارچاکانی دلێر بە ڕیز لە بەردەم کۆشکدا ئامادە بوون. ئەوەندە هەژماری لەشکەر زۆر بوو کە تۆمارکەرانی لەشکەر نەیانتوانی ناوی هەموو سوارەکان تۆمار بکەن، بێجگە لەوە قەڵەم و کاغەزیش بەشی نەکرد. دەستوور درا بەخەزێنەدار، قەڵغانی جۆراوجۆری سەدان ڕەنگ بە نێو لەشکەردا دابەش بکا. سوارانی پادشا، فەرەیدوون ئاسا، هەموو جلی شەڕیان لە بەر کرد. لە تەپڵی شەڕ درا و بەرەو شەڕ وەڕێ کەوتن، لە وەڕێکەوتنی لەشکەردا، یەکسەر وڵات وەک شەوی درەنگ تاریک داهات. هەرچی بەرد لە دەشت و سەحرا بوو، پۆڵای حەوت جۆش و کێوی خارا لە ژێر سمی ئەسپی سواراندا بوون بە تۆز و خۆڵ و

بەرەو ئاسـمـان پێچ و لوول وە هەوا کـەوت. دوای سێ ڕۆژ و سێ شـەو غـارغـارێنی سواران سـەرئەنجام گەیشـتنە سەر ڕێگای سپی قەڵا. بە گەیشـتنی لەشکەر وڵات بە هۆی تۆز وخۆڵی بن سمی ئەسپان تاریک داهات، وەک دەریایەکی ڕەش، وەک قیر.

لە لای دیکـەوە، لە دیوی لەشکەری تـورکـان، هومـان کە لـە بەرزاییی قـەڵاکـەوە لە دوورەوە تۆز و خـۆڵی هـاتنی لەشکەری ئێـرانی دیت، بە ڕەنگێکی بزرکاوەوە چوو بۆ لای زۆراب و وتی پاڵەوان دەبێ پەلە بکەین و هـیـچ کاتی ڕاوەسـتان نییە. لە ئێرانەوە لەشکرێکی زۆر و زەبـەن لە ژێر ئەمر و فـەرمـانی کـاوس شـادا بەرەو لامـان دێن. زۆر دەترسم و پەشێو حاڵم، لە هاتنی ئەو لەشکەرە گەورەیە دڵنیگەرانم.

زۆراب وتـی: هـومـان نـە جـێـگـەی خـەم و خـەفـەتـە، ئەگـەر سـەدی وەک کـەیکاوس و سـەد لەشکەری لەوە گـەورەتریش بێت، تێکڕا بە دەسـتی من دەکـوژرێن و لە نێـو دەچن. زۆراب بێ تۆزقـاڵێک ترس و لەرز وە سـەر بورجـی هـەرە بەرزی قـەڵا کـەوت و چاوی لە لەشـکەر وسـپـای ئێران کـرد. هـەمـوو دەشـتـایی و کێـوەکان لە هـاتنی ئەو هـەموو لەشکەرە تەخت و هـامـوون بووبوو و لە نرکەی ئەسپەکان عەرز دەکوڵی. چەند هـەزار بەیداخـێک بەرەو ئاسـمـان هـەڵکرابـوون و دەشت و دەر لە بوونی ئـەو هـەمـوو لەشکەرە وەک دەریا شـەپۆڵی دەدا. لە بوونی ئەو هـەمـوو لـەشکەرە پڵـینگان لـە کێـو مڕەی شەڕیان دەکرد و شێرەکانیش هەڵهاتبوون.

زۆراب فەرمـانی دا، هـەژیری دەستبەسـەر بێننە لای، هات و لە بن پێیدا کڕنۆشی برد. هـەمـوو جـەسـتـەی لـە قـەفی زنجـیـر درابوو، تەوقێکی سـەدان حـەڵقـەیی لە ملی کرابوو.

زۆراب گـوتـی ئەی هـەژیری مـاندوو و پـەشێـو حال، ئیـمـڕۆ باس و خواسـێکی زۆرت لێ پـرسـیـار دەکـەم. لە گـیـو لە گـۆدەرز لە بارام و تـوس، لە ڕۆسـتـەمـی زاڵ و لە کەیکاوس شـا. هـەر پرسـیـارێکم لێ کـردی دەبێ ڕاسـتم پێ بڵێی. ئەگـەر دەتـهـەوێ بارووڕۆخت بۆ ئاسـان بکرێ؟ ئەوە چ پرسـیارێکم کرد، وەڵامی ڕاسـتم بدەوە. ئەگـەر ڕاست بڵـێی ئەوە ڕاسـتت دێتـە ڕێ و ئەگـەریش ڕاسـتگۆ نەبێ ئەوە بزانە خـەرابت دێتە ڕێگا.

هـەژیر وتی ئەی جـەوان، هـەرچییەک لە سـەر پاڵەوانان پرسیار بکەی ئەوە هـەروەک

بەیتبێژان وەڵامت دەدەمەوە.

***

زۆراب پرسیاری کرد: ئەو خێمە زێڕچنە نیلینیگی ڕەنگە، کە هەسوونەکانی لە زێڕ و گوریسەکانی لە هەورێشمە، هەژمارێک فەرشی زێڕچن و قوماشی دیبای حەریری چینی کە لە نێوان کورسی زێڕیندا داخراون و چادرێکی زۆری بێ ئەژمار لە نزیکی خێمەکە هەڵدراون. سەرلەشکەرێکی تاج بەسەر، سەرمەست بە سەر کورسیی عاجەوە دانیشتووە و بە لای دەستی ڕاستەوە و لە بن ئاڵاکە، ڕیز ڕیز سوارانی شەڕ کۆبوونەتەوە. ئەو سامی ترسناکە و سامی سامدارانە، کێیە؟ ناوی چییە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی کەیکاوس شا، شای خاوەن بەزم و ڕەزم و لەشکەرە.

زۆراب پرسی: ئەو خێمە سوور و مەیلەو ئەتڵەسە کە گوریسەکانی لە تاڵی خەیاتەی خاو و لە سیم چندراوە و هەسوونەکانی زیوبەند و بە سەر خێمەشەوە ئاڵای زەروەرەق کە وەک ئەستێرەی بەرەبەیان دەدرەوشێتەوە. سەر ترۆپکی داری هەسوون ئاڵای لە وێنەی کەللە ئەژدیهای کە لە کاڵای بە نرخ و قوماشی گرانبەها چێ کراوە و دەشەکێتەوە و لە بن ئاڵاکەدا گەنجێک دانیشتووە و ڕیزێک پاڵەوان بە تەنیشتییەوە دانیشتوون، ئەو گەنجە کێیە؟

هەژیر: ئەوە سەرلەشکەر، توسی نەوزەرە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە زەردە لاجەوەردییە کە هەسوونەکانی لە زێڕ و بە دەست و پەنجە ڕەنگینان چێ کراوە. بەیداخێک لە شێوەی نەهەنگ هەڵدراوە و پەڕاوێزی بەیداخەکە بە قوماشی گرانبەهای کەس نەبوو ڕازێندراوەتەوە، هاوکات دەنگی ساز و مۆسیقا و تەپڵی شەڕ بە سۆزەوە لەو خێمەی گوڵڕەنگ دێ. ئەوە خێمەی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی گۆدەرز سامی ترسناکە، لە شەڕ لەگەڵ شێراندا هیچ ترس و خۆفێکی نییە و هەر ئێستا حەفتا و هەشت کەس لە کورەکانی لە لای حازر و ئامادەن.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە سوورە گوڵهەنارییە، کە هەسوونی زیوبەندی لاجەوەرد و گوریسەکانی لە هەورێشم و بە تیرەکەکانیەوە چەند کڵافە کەمەندێک بە ڕیز و جوانی هەڵواسراون. ئاڵای خێمە بە وێنەی ماری پێوەدەری تەوارئاسا و بە هەزاران

سوار لە دەورەیدا کۆ بوونەتەوە. خێمەی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی گیوی خەنجەر وەشێنە، هەم کوڕی گۆدەرزە و هەم پاڵەوانێکی ناسراوە، هاوکات زاوای ڕۆستەمە، شێری جەسوور و بکوژی دێوانی دەور و ڕۆژگارانە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە ساف و سپی ڕەنگە، کە لە نێویدا سواران ڕیزیان بەستووە. گوریسەکانی خێمە لە هەورێشم و سەرهەسوون لە سیم، گەنجێک هەر وەک خونچە گوڵی ناز، گوێ لە مۆسیقای بە سۆزی ساز گرتووە و پەڕی تاوسی لە دەوری تاجەکەی داوە و لە سەر کورسیی داری عاج دانیشتووە، کێیە؟

هەژیر: ئەوە فەریبورزی کڵاوزێڕین، کوڕی کەیکاوس شا و بژاردەی نێو شێرانە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمەی دیبا ڕەنگە کە ئەسپانی توند لەغاو لە دەم کراو بە گورزی جەنگەوە لە تەنشتیدا بەستراونەتەوە. بەیداخێک هەروەک چنارانی بەرز سەری لە سەری ئاسمان ڕووشاندووە و ئاڵایەک لە وێنەی سەرە شێر بە بای بەری بەیان بە سەر سەریدا دەشەکێتەوە. هی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی بارام نەوەی گۆدەرزە، لە خۆشناوی و پیاوچاکیدا لە هەموو جیهاندا ناسراوە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە سەخت و قایمەی لە زێڕ چندراوە، کە هەر لە خێمەی جەمشیدی دارا دەچێت و قەراغەکانی زێڕچن و پەڕاوێزەکانی گوڵهەناری و کاڵای بەنرخی تێدا بەکار هاتووە، هەسوونەکەی لە داری عاج و بە زێڕ ڕازاوەتەوە، بە ئاوی گوڵاو ئاوپرژێن و بە موشکی ئاسک بۆن دراوە. بەیداخێک لە دەورەی خێمەکە با دەیشەکێنێتەوە کە سەری لە ئاسمان بە ئەستێران گەیشتووە. کەسێک بە شادی و خۆشی دانیشتووە و کەیانی نێو شایانی کەیانیشی بە خەیاڵدا نایەت، ئەو کەسە کێیە؟

هەژیر: ئەوە بێژەن خوشکەزای ڕۆستەمە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە کەسکی نیلی ڕەنگە، کە سەری ئاڵاکەی لە وێنەی ئەژدەهای شەڕ درووست کراوە، مێخەکانی داوێنی لە سیم و سەرهەسوون لە زێڕ، گوریسی هەورێشمی کێشراو، تیرەکی دانەبەندی بە ئاوی گوڵاو ئاوپرژێنکراو و بە دەورەیدا

پەردەی بێ ئەژمار کێشراوە و بە سەد شێوە بە هەزاران گوریس بەستراوەتەوە. پیاوێک بە جل و بەرگی شەڕەوە و بە گورز و گۆپاڵی ترسناک بە دەستەوە، هەروەک شێرێکی سەرمەست لە سەر کورسی دانیشتووە و غولامانیش دەست لە سەر سینگ لە پەنای ڕاوەستاون. ڕەخشێک لە نێوان خێمەکەیەوە دیارە و هەوسارەکەی سورمە چنراو زینی تەیاری لە پشتە و ژمارەیەک کلاڤەی کەمەندی لە چەرمی خاو سازکراو بە زینەوە هەڵواسراون و بە نێو یەکدا قەمچیان خواردووە، چەک و کەرەستەی شەڕی لە خۆی داوە، خەفتانەکەی بە چەرمی پڵینگ ڕازاوەتەوە. من لە نێو پاڵەوانگەلی ئێرانیدا تەنیا ئەو پیاوە و ئەو ڕەخشە و ئەو کلافە کەمەندانەم پەسەند کرد، ئەو کەسە، ئەو سامی سامناکە، زۆر ترسناکە، کێیە، پێم بڵێ، نەکا زوو بە دەستم بکوژرێ؟

هەژیری شووم، بە مەکر و فێڵ و تەڵەکە هاتە قسە کردن و گوتی: ئەی زۆراب، لێم ببوورە، ناوی ئەو کەسەم لە بیر نەماوە. هەر ئەوەندە دەزانم کە پاڵەوانێکی سامناک و پڕ زۆرە و ماوەیەک نییە کە لە وڵاتی بوخاراوە هاتووە. وەک بیستوومە هاوڕێ لەگەڵ چەند هەزار شەرکەری ئازا وە هانا و کۆمەکی شای ئێرانەوە هاتووە.

زۆراب: ئەی باشە پیاوی شوومی دڵ لە بەرد ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ لە کوێیە؟ دەروازە و سەرا و چەتری خێمەی ئەو لە کوێیە؟ ئاخر لە چ لایەک بارەگای داناوە؟

هەژیر: ڕەنگە ئێستا چووبێتە باغی ڕەنگاوڕەنگی هەزار گوڵ و لە بن سێبەری چەتری چنارانی بەرزدا لێی دانیشتبێ. گوێ لە مۆسیقا و ئاهەنگی ڕۆح و دەروونی خۆی گرتووە و بە هانای سپای ئێرانەوە نەهاتووە.

زۆراب: ئێستا کەی وەختی گەشتی نێو گوڵ و گوڵزارە، لە کاتی شەڕدا ئەگەر شوێنێک سەد جار زیاتر لە سەرووی بەهەشتیش بێت ئەوە دیسان بەتاڵ و بێ نرخە. لە هەر شوێنێک شارێک هەبووە و دارۆغەیەکی تێدا بووە، هەموو لە کاتی شەڕدا حازر و ئامادە بوون. کەسێکی وەک ڕۆستەم پاڵەوانێکی ئاوا، لەم کات و ساتەدا لە نێو ئەم لەشکر و سوارانەدا دیار نییە. ئەمە وا نییە. هەژیر هەموو قسەکانت پڕ بوون لە فێڵ و درۆ و دەلەسە و قسەی هەڵبەستراو باوەڕت پێناکەم. من

هەر چەندە هەولْم دا و پرسیاری ڕۆستەمم کرد، ڕاست وەڵامت نەدامەوە و درۆت کرد. لە باتی ئەوە دەبێ حەوت ساڵ لە زیندانی بتهێڵمەوە.

هەژیری شوومی بێشەرم، لە دڵی خۆیدا گەلێک هێنای و بردی و بە خۆی وت ئەم پاڵەوانە، زۆر پرسیاری لە ڕۆستەم کرد. ئەگەر بێتوو من نیشانەی ڕۆستەمی بدەمێ و نەیشارمەوە و ڕاستییەکەی پێ بڵێم، نەکا لەم درکاندنەی من ڕۆستەمی زاڵ زەرەرمەند ببێ. هەر ئەمە باشە ڕۆستەم ئاشکرا نەکەم و خۆم بخەمە بەر تێغی شمشێر و گیانی خۆم بە فیدای ڕۆستەم بکەم.

هەژیر بە زۆرابی وت: باوکی من بە گۆدەرزی خەنجەر وەشێن ناسراوە، حەفتا و هەشت کوڕی هەیە، چ دەبێ با لە نێو ڕۆڵەکانی خزم و هۆزدا، منیان لە نێودا نەبم. زۆراب تۆش کەم بترسە، لە بیرم بەرەوە، وا بزانە هەر من لە دایک نەبووم. من لە مردن ناترسم، لە کوشتنم قسوور مەکە، نامەرد ئەو کەسەیە یەزدان لە قەبری بنێ بە مەرگی یەزدانی بمرێ.

زۆراب بە ڕقدا چوو، غەزەب دای گرت و بەری چاوانی ڕەش بوو، بە تووڕەییەوە گۆڕاندی، هەر دوو دەستی لە پشتی پیاوی هەرزەکار قایم کرد و لە سەر بورجی قەڵاوە فڕێی دایە خوارێ و هیچ حیسابێکی بۆ لەشکەری کاوس شا نەکرد، بێ ترس و خۆف هاتەوە لە شوێنی خۆی دانیشت.

لەو لاوە لە لای خێمەکانی لە شکری ئێرانەوە کە شەو داهات کاوس شا مەجلیسی بەزم و ڕەزمی بەرپا کرد. گەورەکان لە کۆڕی تایبەتی هەڵبژاردەکانی شادا، دەستیان کرد بە خواردنەوەی شەرابی خۆشگەوارا.

***

ڕۆستەم ئیزنی لە پادشا وەرگرت کە دەبێ بچێ و لە نزیکەوە زۆراب پاڵەوانی تورانی بە چاوی خۆی ببینێ. وتی دەبێ بە چاوی خۆم ببینم چ جۆر سوارێکە؟ بۆ چی هاتووە و بە تەمای چییە؟

ڕۆستەم جلی شەوڕەنگی وەک تورانیانی لە بەر کرد، لە تاریکەشەودا ملی ڕێگای وەبەرگرت. بەو دەشتەدا بە بێ ترس و خۆف بە نێو قوشوونی تورکاندا خۆی لە خێمەی زۆراب نزیک کردەوە. دیتی بەزم و ڕەزمی تورانییەکان گەرمە، زۆراب هەر

خەریکی خواردنەوەی شەراب بوو، لە لای دەستە ڕاستی هومان دانیشتبوو و لەو لای دیکە بارەمان کۆڕی گەرم کردبوو. ژمارەیەک لە پاڵەوانان سەرخۆشی بادە بوون.

ڕۆستەم لە قەڵافەتی زۆراب ورد بووەوە؛ بە بەژن و باڵادا وەک سامی گران سوار دەچوو، وەک شێرێک دەچوو کە هەر ئان بە تەمای پەلاماردانی نێچیرە. ڕۆستەم سەری سوڕما، کە زۆری سەرەنج دایە، هەروەک خۆی دەچوو، بە خۆی وت؛ ئەی یەزدانی پاک لە دەست و مەچەکدا هەروەک من دەچێ، بەو دەستانە دەتوانێ خەنجەر لە ڕووی ئاسمانی حەوتەمین بوەشێنێ. لە بەژن و باڵادا سامی نەریمان بۆ خۆیەتی. ڕۆستەم شێت و حەیران لە چاولێکردنی تێری نەدەخوارد و هەروا چاوی تێ بڕیبوو.

ئەو دەمەی زۆراب لە وڵاتی توران پەشتێنی شەڕی بەست و خەریکی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بوو. تەهیمینەی دایکی پاڵەوانێکی بە ناوی ژندەڕەزم لەگەڵ خست و ئامۆژگاری ئەوی کرد کە هەر چۆنێک بووە ڕۆستەم و زۆراب بە یەکتری بناسێنێ. تەهمینە بە ژەندەڕەزمی گوت: کە گەیشتنە خاکی ئێران، دیارە کە کایکاوس شا، لەشکەرێکی گەورە دەنێرێتە سەرتان. کە شەڕ دەستی پێ کرد و دەنگ و هەیاهۆی ئازایان لە شەڕدا بەرز بووەوە کە ڕۆستەمت لە دوورەوە دی، بە ئەسپایی و دڵنیاییەوە بچۆ بۆ لای. کڕنۆشی بۆ ببە و خۆت بخە بن پێی و ناو ونیشانەی زۆراب کوڕەکەی بۆ باس بکە. با زۆراب بە دەستی باوکی نەکوژرێ.

ئەو شەوە قسمەت و نسیب ڕۆستەمی گەیاندە نزیک زۆراب و ئەویش لە تەماشاکردنی زۆرابی جەنگی تێر نەدەبوو. لەو دەمەدا ژندەڕەزم لە نەکاو هەستا و بە پەلە بەزم و ڕەزمی کۆڕی زۆرابی بەجێ هێشت. لە مەستی شەرابی بادەی بۆ عەنبەرین، هیچ هۆش و ئاگای لە سەر خۆی نەمابوو، لە خێمە هاتە دەر. ژندەڕەزم ماوەیەک بە دەوروپشتی خۆیدا ڕوانی، ئاخرەکەی ڕۆستەمی دیت کە لە پەنای خێمەکە خۆی مەلاس داوە. هەرچی ژندەڕەزم پرسیاری لێ کرد، ڕۆستەم بێدەنگ ما و هیچ وەڵامی نەدایەوە. ژندەڕەزم لە ترسان و لە شڵەژانی خۆیدا بە ڕەنگ بزرکاوی

پشتێنی ڕۆستەمی گرت و بە بێ ئەوەی بزانێ چ دەکا، بەرەو لای خۆی ڕای کێشا. ڕۆستەم لە تووڕەییدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و بەو پەڕی هێزی خۆیەوە مستێکی وای لێ دا، کە یەکسەر هات بەلادا و مێشکی پژایە نێو دەمی. ژندەڕەزم خەڵتانی خوێن بوو و دەستبەجێ گیانی سپارد.

ویستی یەزدان ئەوە بوو کە باوک و کوڕ لە یەک ئاشکرا نەبن و کوڕ لە باوک زەرەرمەند ببێ.

هومان و بارەمان هەستان و لە خێمە هاتنە دەرێ، دیتیان تەرمی بێ گیانی ژندەڕەزم کەوتووە. تووشی سەرسوڕمان بوون کە ئەمە کاری کێ بووە؟

چوونە لای زۆراب وتیان: بۆ خۆت سەلامەت بی زۆراب، ژندەڕەزم کوژراوە، نازانین کێ ئەو کارەی کردووە؟

زۆراب لە تووڕەیی و قیندا ڕەش هەڵگەڕا و پیاڵەی بادەی خۆش گەوارای لە دەست بەربووەوە. هات و تەرمی ژندەڕەزمی دیت، ئەویش زۆر تووشی سەرسوڕمان بوو. زۆراب گوتی: ئەی هەڤالان ئیمشەو هەتا بەیانی، ژمارەیەک لە پیاوانی لێزان و شەڕکەر دەبێ بە چواردەورەی لەشکەردا بە بێ ترس هاتوچۆ بکەن پاسەوانی بدەن. گورگێک هاتووە و بە دزییەوە مەڕێکی بردووە. مەگەر من مردووم ئاوا سووک و ئاسان مافم بخورێ؟ بۆ ژندەڕەزم هیچ نیگەران نەبن، بەیانی زوو ئەوەی ئەمەی کردووە وەگیری دەخەم و تۆڵەی لێ دەکەمەوە.

کاتێک ڕۆستەم بەرەو دوا بۆ لای هوردووی ئێرانییەکان گەڕایەوە، لە سەر ڕێگادا پاڵەوان گیوی دی. گیو ئەو شەوە پاسەوانی تایبەتی شا و کێشکچی لەشکەر بوو. گیو شمشێرەکەی هەڵکێشا و بەرەو لای ڕۆستەم تاوی دا، بەڵام پاڵەوان هەر زوو گیوی ناسییەوە و گوتی: نەکەی نووری چاوانم، سواری قورس و گران و هەڵبژاردەی من.

گیو پرسی ڕۆستەم ئەوە لە کوێ بووی؟ بە تاقی تەنیا بۆ کوێ چووبووی؟

ڕۆستەم: چووم زۆراب ببینم، پشتێن بەستووی شەڕ، مەردی نێو مەردان ببینم. لە بەژن و باڵادا هەر ئەڵێی لە تۆوی بنەماڵەی سامە. حەیف و مەخابن کە پاڵەوانی ئاوا کە لە سەر هەوران شمشێر دەوەشێنێ هی وڵاتی تورانە و دەزانم سەرئەنجام بە دەستی من بێ سەر دەمێنێتەوە.

ڕۆستەم هەموو بەسەرهاتی ئەو شەوە و لە دوورەوە بینینی زۆرابی بۆ گیو گێڕایەوە. دواتر بە دەروونێکی پڕ لە ژان و خەفەت چووە ناو خێمەکەی خۆی، پیاڵەیەک شەرابیشی پێ نەخورایەوە. سەری لە سەر گورزەکەی دانا و خەوی لێ کەوت.

***

بەیانی کاتێک کەڵشێر قووڵاندی و پەردەی تاریکی شەو دڕا و لەشکەری خۆر بە فەرمانی یەزدانی عەرز و ئاسمان لە لوتکەی بەرزی کێوەکانەوە ئاڵای هەڵکرد. جووڵان و خرۆشان لە نێو جەرگەی لەشکەردا سەری هەڵدا و تەپڵی شەڕ لە بارەگای پادشاوە لێ درا.

زۆرابی جەنگی لە خەو هەستا و جل و کەرەسەتەی شەڕی فەرەنگی لەبەر کرد و پێی لە ئەسپی جیهانپێو دا و ڕووی لە لەشکەری ئێران کرد. یەکسەر ڕووی لە خێمەی کەیکاوس شا کرد و هەشتا و دوو مێخی خێمەکەی هەڵکەند. گەورەکان لە دەورەی خێمەی شا لە ترسان هەڵهاتن.

زۆراب بە شێوەیەک گۆڕاندی و بە دەنگێکی وا بەرز و ترسناک هاوری کرد کە هەرچی ئازایانی شەڕ لەوێ بوون زاڵەترەک بوون و لە جێی خۆ وشک بوون.

زۆراب گوتی: کەیکاوس ئەگەر تۆ پادشای، ئەگەر تۆ سەرلەشکەر و سەرداری سپای ئێرانی وەرە بۆ مەیدان، شەڕی شێران و شەڕی ئازایان بە چاوی خۆت ببینە؟ من سوێندم بە یەزدان خواردووە کە ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕ هەتا لە خێمەکەت نەتکێشمە دەرێ و بە عەرزدا ڕات نەکێشم و لە بن پێی بەیداغدا نەتدەم لە دار، من ئیمشەو ناگەڕێمەوە و ئارام و ئۆقرە ناگرم.

کەیکاوس بە پەلە و دەستبەجێ گیوی بە شوێن ڕۆستەمدا نارد و گوتی: پاڵەوانێکی گەنجی دەست و پەنجە قەوی هاتووە، کەس توانای بەربەرەکانیی لەگەڵدا نییە، مەگەر تەنیا هەر ئەو بیکوژێ.

ڕۆستەم قەڵخانی لە شان کرد و سواری ڕەخش بوو. هەڵاوبەزم و واوەیلا لە نێو لەشکەردا بەرپا بوو.

لەو لاوە کەیکاوس شا بە جارێک ئوقرەی لێ بڕا. وتی ئەوە ڕۆستەم بۆ نەهات،

درەنگە، ئەوەتانێ لەشکەرمان کەوتووەتە ژێر چەپۆڵی شێرەوە.

ڕۆستـەم هات و گـوتی: ئەمە چییە، ئەمە دێوە کـە ئاوا، لەشکەرێکی نیگەران و پەشێو کردووە؟ بەبێ ڕاوەستان چووە مەیدانی شەڕ و ڕوو لە زۆراب گوتی: زۆراب ئەی منداڵی ساوا، ئەوەتانێ لە گێژاوی دەریای بێ ساماندا وەگیر کەوتی. ئەی هەژاری سەرکێش، خەیاڵ پرش و بڵاو، ئێستا بزانم چۆن لە بن زەبری گورزمدا نەخشی عەردت دەکەم.

زۆراب گوتی: ئەی پیری دنیا دیتوو، ئەی چەماوەی دەستی خەفەت و زۆرداریی دەور و ڕۆژگار، لە لای تێگەیشتووان، قسەی سووک و ناپەسەند هەر شایستەی تۆیە. ئەگەر تۆ دەریا بی من بام، لە نێو هونەرمەندانیشدا، هونەرزادەم. بەڵێ پیرەپیاو، شێتی کەم ئاوەز، ئیمڕۆ بە کەمەندی چەرمی خاو لە بەرکۆبەی زینەوە دەتهێنمە خوار و سینگت بە ئەڵماسی هیندیکار دوو کەرت دەکەم.

ڕۆستەم: وەک دەڵێن وتەی چەور و نەرم باشترە لە دەنگ و ئاوازی بێشەرم. بەڵێ تۆ منداڵ و کەمئەزموونی، هێشتا شەڕ و زەبری گورز و گۆپاڵت نەچێشتووە. هێشتا گەرمی و ساردیی دنیای پڕ لە زوڵمت نە بە چاوی خۆت دیوە و نە گوێبیستی بووی. من پیری بە ئەزموون و بێ وێنەی سەردەمم، من شێری جەسووری پڵینگ کوژم. کامە ئەستێرەی چەرخ و فەلەک هەیە، دەزانێ کە ئازایەتی و جەسووریی شێران لە لای منە.

دیارە مردن و ژیان هەر بە دەستی یەزدانە، هەموو پەلەوەر و گیانلەبەرێکی وەحشی گشت بە ئاوەز و تێگەیشتنی خۆیان ڕۆڵەی خۆیان دەناسنەوە بەڵام کەسێکی وەک ڕۆستەمی گەوهەرناس، ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕدا بەو شێوەیە لە ڕۆڵەی خۆی هەراسان بووە. ئەمەیە سووڕی گەردوونی هەر وەک ڕەنگ.

ڕۆستـەم و زۆراب هەر چەندە لە یەکتریان ڕوانی کەس کەسیان نەناسی، ئاخرەکەی ملیان لە شەڕنا، قەڵغانەکان دادرانەوە، دەست لە داری نێزەی مووقلێش هەڵ پێ کرا، نێزە، گورز و شمشێر دران بە یەکدا و هیچکامەیان لە برینی جەستە درێغیان نەکرد. لە مەودای ئەڵماسی نێزەدا، حەڵقەڕێزەکان دەبچڕان و دەکەوتنە سەر عەرز.

داری ســەرەنێـزە شکا، نێـزە تەواو بوو و نەمــا، دڵۆپەی خـوێن لە نێـو برینـاندا توێخـەرەی بەست. تاوێک بە شـمشـێر و تـاوێک بە تیرکەوان شـەڕ کرا، هـەر دوو ئەو پەڕی زۆری خـۆیان لە زەبروەشـاندان بـەکار هێنا. دوو کـێوی بێ سـامـان ملیـان لە شەڕ نابوو، نە ئەمیان دەبەزی و نە ئەوی دیکەشیان کۆڵی دەدا.

ڕۆسـتــەم زۆر تـرســا و لە بـەر خــۆیەوە دەیگوت: ئەی یەزدانی پـاک، من هـەر لە منداڵییەوە فێری ئەزموونی شەڕ بووم، دێوانی شـووم و سەرلێشێواوم کوشت. ئای کە چەندە شـەڕی دێوانم لا ئاسـان بـوو، ئای کە قـەد وەک ئێـسـتـا یـاس و هـەراسـان نەبووم.

ڕۆسـتەم لە دەرد و ژانـدا ڕەش هەڵگەڕابوو، تاوی بە ڕەخشی چابوک و توندڕەو دا و بەو پەنجە پڕ زۆرانەی کە کێوی لە بن هەڵدەکەند، پشتێنی زۆرابی گرت، بە هـەموو هێزی باسکەکانی هێنا و بردی، بەڵام ئەو لە جێگەی خۆی نەجولا.

کە نۆرە گەیشـتە زۆراب، گورزی کردە نیشانە، خـۆی خسـتە بن ئەسـپەکەی و لەو لاوە بە هـەمـوو هێـز و قـوەتی خـۆی گورزی لـە ڕۆسـتـەم وەشـاند. قـەڵخـانەکەی ورد و خـاش بوو، بەڵام ڕۆسـتـەمـیش لە جـێگەی خـۆی نـەبزووت و تەنانـەت هـاواریشـی لێ هەڵنەستا.

زۆراب گوتی: مادام لە ژێر زەبری گورزم نانالّی، بێگومان تۆ ڕۆستەمی زاڵی.

ڕۆسـتـەم گـوتی: ئـەگـەر تۆ بکـەویتـە دەسـتی ڕۆسـتـەم، ئیـتـر دنیـا بە چـاوی خـۆت نابینی. ڕۆسـتـەم پـاڵەوانێکی پڕ زۆر و سـامـدارە، لە لای ئەو فـیلەتەنە من هـیچ نیم، تەنانەت شایانی ئەوە نیم شمشێری مەیدانی شەڕیش هەڵبگرم.

کە گورز و شـمشێر کەڵکیان نەما، هـەر دوو خـەمبـار و دڵ بە خـەم لە ئەسـپـەکانیان دابەزین. حەڵقـەی پشتێنیان لە زین کـردەوە، کەمەند و کەمـانیان خسـتـە سـەر عەرز و ئەسپەکانیان بە بەردەوە بەستەوە.

ئەوجـار دەسـتـیـان کرد بە زۆرانـبـازی و جـەسـتـە و ڕۆحـیـان بـە یەزدان سـپـارد، پشتێنی یەکترینیان گرت و دەستیان لە یەکتری هەڵپێکا. زۆراب دەستی لە پشتێنی ڕۆسـتـەم گـیر کرد و ڕای کیشـا، چەند جـار ڕۆسـتـەمی مـاندوو و خـەمبـاری هێنا و بردی و سـەرئەنجـام دای بە عـەرزی ڕەشـدا. هـەر وەک شـێـرێکی تینووی نێـچـیر، لە

سـەر سینگی ڕۆسـتـەم دانیـشت. دەسـتی برد کە بە ئەڵمـاسی هیندیکار سینگی ڕۆستەم دووکەرت بکا، ڕۆستەم کەوتە قسەکردن:

زۆراب ئەی پڵـینگی بێ سـامـان، ئامـان گـوێی بگرە و یاسـای سـەربەرزان لە مـەیدانی زۆرانبـازیدا پێشـێل مـەکە. کاتێک لە مـەیدانی زۆرانبـازی کەسێکت یەکەم جـار لە عـەرز دا دەبێ ببـەخـشـرێ بەڵام بۆ دووەمین جـار کـە لە عـەرزت دا، ئەودەم سینگی بە ئەڵماس دووشەق بکە.

ڕۆسـتەم بە سـەد فێڵ و تـەڵەکەبازی خـۆی لە دەستی زۆراب پڵـینگی نەترس ڕزگـار کرد. شەو هات و هەر دووکیان پەشێو و خەمبار بەرەو لای خێمەکانیان گەڕانەوە.

هومـان لە زۆرابی پرسـی: ئەی زۆراب ئیمـڕۆ چت کرد، وا دیارە لە مەیدانی شـەڕ، چارەسەرییەکت نەکرد.

زۆراب: شکم نییە کە ئەو کەسە ڕۆسـتەم بوو، سەد گورزم لێ دا دیسان وەک ئەوە وابوو هیـچـی لێ نەدراوە. قـەڵـخـان و زرێ ورد و خـاش بوون بەڵام ئەو نـەترسـا و لە جـێگەی خـۆی نەجـولا. بە گـورز و شـمـشـێـر و کـلافـەی کـەمـەند، هیچ نـەکـرا و هیچکامەیان لێی کاریگەر نەبوون، ئاخرەکەی ملمان لە زۆرانبازی نا. سەرئەنجام بە هەزار حـاڵ دام بە عـەرزدا بەڵام نـەمکوشت و بەخـشـیم بە یـەزدان. بەو شـێـوەیە لە دەستم ڕزگاری بوو.

هومـان: بۆ بەخـتی خـۆت زۆر هـەڵەت کـردووە، کارێکی زۆر خـەرابت کـردووە. تۆ ئەوت نەکـوشت، ئەو تۆ دەکـوژێ و لەشکـەرەکەت ئاوارە و سـەرگـەردان بەرەو توران دەگەڕێتەوە. شـێرێکی وا بکەوێتە داوت، تۆش لـە بەر ناتێگەیشـتوویی بە خـۆڕایی لە کـیـسی خـۆتی بدەی. ئەگـەر هـاتوو ئەمـجـارە پاڵەوانت وە چنگ کـەوت، ئەمـان و دەرفەتی مەدەرێ و بە خەنجەری هیندیکار جەرگی هەڵبدڕە.

لەو لای دیکەوە ڕۆسـتـەمی ماندوو لە کاتی گـەڕانەوە بۆ نێـو خێـمـەکەی کـەیکاوس پرسـیاری کرد، ئەرێ فیلەتەن چۆنی، تاقـە گـەنجێک بوو دەسـتەکانیت نەبەست؟ یان بە زەبری گورزت نەتکوشت؟

ڕۆسـتـەم: ئەی شـا حـاڵم زۆر پەشـێوە، گورز و گـۆپاڵێشـم وەفریام نەکـەوتن. بە دەسـتی کەسـێکەوە گیـرۆدەم مەگـەر هەر یەزدان بۆ خـۆی یارمەتیم بدا. چەند سـاڵ و

چەند وەختە من پاڵەوانم، بکوژی دێوانی مازەندەرانم، لە شەڕی دێوی جادووگەر نەترساوم، هەموو جیهان بە تەنیا سوار گەڕاوم بەڵام ئێستا بە دەستی تازە پێگەیشتووێکەوە گیرم کردووە، پشتم لە بنی ئەم بارەدا چەماوە و لە گیانی خۆم بێزارم.

***

هەتا نیوەشەو ڕۆستەمی داماو و زەلیل، فرمێسکی هەڵڕشت و لە یەزدان پاڕایەوە:

بۆ خۆم دەزانم کە تاوانبارم، هەڵە و خەتاکارم، یەزدان بە هانامەوە بێ، من تەنیا باڵم، ئەگەر یارمەتیم نەدەی پەشێوە حاڵم. هەی پادشای پادشاکان، ئەی وەفریادڕەسی هەموو ڕێ لێ ونبووان، یارمەتیم بدە کە بە تێغی زۆراب جەرگم پارە نەبێت. وە فریام کەوە هانام بۆ تۆ هێناوە، ئەگەر هێزم وەبەر نەدەی تاقەت و توانام نەماوە.

ڕۆستەم هەتا بەرەبەیان نزا و پاڕانەوەی زۆری کرد و ئاخرەکەی یەزدانی خاوەن جیهانیش دۆعاکەی پەسەند کرد.

***

بەیانی کە خۆر لە لوتکەی ڕۆژهەڵات سەری وەدەرهێنا و لە بورجی کەیوانی ئەخزەری دا، لەشکەری تورکی چینی لە تەپڵی شەڕی دا و بانگی ڕۆژی حەشر لە سەر زەوین هەستا.

لە لایەک ڕیزی لەشکری ئێران بوو کە ئاڵای بێ خەوشی کاویانی هەڵدرابوو. ڕۆستەم بۆ نەبەرد لە خەو هەستا، کەرەستەی شەڕی تازە ساو و دەمەزەردی لە خۆیدا، پێی لە ڕەخشی تەیار و ئامادە دا و هاتە مەیدانی شەڕ.

لە لایەکەی دیکە زۆراب کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست و بە بێ وەستان هاتە مەیدانی شەڕ. ڕۆستەم و زۆراب بەرانبەر بە یەک وەستان.

ڕۆستەم: ئەی زۆراب، منداڵی ساوا، دیسان کەوتیتە گێژاوی دەریای بێ سامان. تۆ ڕێگەیەکی هەڵەت هەڵبژاردووە، ئەمجارە لە بەر زەبری گورزم ڕزگارت نابێت.

زۆراب: ئەی پیری ماندوو و پەشێو حاڵ، ئیمڕۆ پرسیار و باس و خواسێکی زۆرم

لەگەڵ تۆدا هەیە. ئەگەر تۆ ڕۆستەمی ناوی خۆت بڵێ، دەنا لە مەیدانی شەڕدا بە بێ سەر دەمێنییەوە.

ڕۆستەم کە لە دەروونەوە دەکوڵا و دەخرۆشا قسەکانی بە هێند نەگرت، گوێبستی قسە و پرسیاری ڕۆڵەکەی خۆی نەبوو.

ڕۆستەم: ئەی هەرزەکاری گێل و ناتەواو، نەزان و دوور لە ئاوەز و نەفام، ئێستا کاتی مەیدان و زۆرانبازییە، چ وەختی درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازییە؟

دوو سواری شەڕکەر بە پەلە لە کۆڵ ئەسپەکانیان هاتنە خوارەوە. دیسان ملیان لە زۆرانبازی نا و دەستیان لە پشتی یەکتری هەڵپێکا. دوو کێوی بێ سامان بە دەوری یەکدا پێچران، هەروەک مارانی ئەرقەم بە دەوری یەکتریدا لوول بوون. ڕۆستەم هەر وەک شێر لە وەختی ڕاودا، لە کاتێکدا لە ڕقان ڕەش هەڵگەڕابوو زۆرابی ڕاکیشا و دای بە عەرزدا، دەستی دایە شمشێری تێغی پڕ قین و هەر چەندە زۆراب هاواری کرد ئەمانی نەدا، پڵینگی بێ سامان خەنجەری هەڵکیشا و بە درێژای ئەڵماسی سەرەنێزە، جەرگی هەڵدڕی و نێزە دیواندیو بوو.

باڵای نەونمام، ساوای وەک شمشادی زێڕی زۆراب، بە شمشێر لەت کرا و لە خوێندا گەوزا.

زۆراب هاتە زمان و گوتی ئەی پیری دڵ ڕەق وەک بەرد، خۆ منت بە شمشێری ژاراوی کوشت. بەڵام تۆ ئاگات لە خۆت نییە، تۆ لە دەستی بابم دەرچوونت بۆ نییە. باوکی من ڕۆستەمە، شای پشتێن یاقووت، ئەو پاڵەوانەی شێران لە تاوی گورزی دەناڵێنن. ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندە و بە ئاسمانانادا دەفڕی ئەوە بە کەڵافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار.

ڕۆستەم یەکجێ لە شادی بەتاڵ بوو و دڵی داتەپی. بە سەر سوڕمانەوە پرسی: نیشانەیەکی ڕۆستەمت لە لا هەیە؟ زووکە ڕاستم پێ بڵێ.

زۆراب: یاقووتێکە لە باسکم بەستراوە، نیشانەی ڕۆستەمی زاڵە. دایکم لە توران لە باسکی بەستووم، ئێستا چاوم بەرایی نادا بیبینم.

ڕۆستەم چاوی لێ کرد و یاقووتەکەی خۆی لە باسکی ڕۆڵەی دڵ بریندارییدا ناسییەوە. دەستی دایە خەنجەر هەموو جلەکانی خۆی لە سەرەوە هەتا خوار دادڕی

و بە کوڵ دەستی بە گریان کرد. بە دەنگی بەرز هاواری لێ هەستا و بە هەردوو دەستان بە سەری خۆیدا دا.

لەو دەمەدا گیو، بارام و گۆدەرز گەیشتنە جێ. وتیان ڕۆستەم ئەمە چییە و چی قەوماوە، بۆ وا هاوار و ڕۆڕۆتە؟

ڕۆستەم: گۆدەرز هەر مەپرسە، کوڕی خۆم بوو، کوشتم و بووم بە کۆی زووخاڵ. بە سەر پیری و لە کۆتایی ژیانمدا، جەرگی ڕۆڵەی خۆم بە دەستی خۆم پارە کرد.

گیو وێرای ڕۆستەم شین و زاریی دەکرد.

ڕۆستەم خەنجەری هەڵکێشا کە خۆی بکوژێ، گۆدەرز دەستی گرت. گەورەکان خەنجەرەکەیان لە دەست دەرهێنا. ئەویش بۆ کوڕی بە ئاوات نەگەیشتووی هەر شین و زاریی بوو.

گۆدەرز: ڕۆستەم ئەوە هاتوو خۆتیش کوشت، چ کەڵکێکی هەیە، زۆراب تازە لە دەستت چوو. ئەم دنیای فانییە بۆ کەس وەفای نییە، ئەگەر ئەو مردووە خۆ تۆ زیندووی. ئەم چەرخە پیسە هەروای کردووە، هەزاران وەک ڕۆستەم، زۆرابیان مردووە. چارەنووس هەر لە هەوەڵەوە وای نووسیووە کە باوک ئاگای لە ڕۆڵەکەی خۆی نەبێت. چەرخی چەپگەرد لە نێو پادشاکاندا، هۆشەنگ، جەمشید و دارا، کامەیانی نەبردە ژێر بەردی خارا. ئەژدەهاکی تازی فەریدوون دەکوژێ. ئەم گەردوونە گەمەی بە کێ نەکردووە؟

ڕۆستەم: گۆدەرز تۆ بۆ خۆت دەزانی لەم دنیادا کەس وەکو منی بەسەر نەهاتووە. هەتا شمشێری ئەڵماسم کاری کردووە و هەتا هێزم تێدا هەبوو جەرگی ڕۆڵەکەی خۆم پارەپارە کردووە. تەنیا مەگەر بە دەرمانی مێژوویی، نۆش دەرمان ئەم برینە ساڕێژ ببێت. ئەم دەرمانەش لە خەزێنەی کەیکاوس شادا هەیە و لە سووچی سندووقێکی زێڕدا شاردراوەتەوە. هیوام ئەوەیە تۆی زانا، وەفریام کەوی و بگەیە هانام، هەستە پێ و ڕامەوەستە، بچۆ بۆ لای کاوس شا، عەرز و حاڵم چۆنە بۆی بگێڕەوە و پێی بڵێ؛ ئەگەر لەم دنیایەدا ڕۆستەم هەڵەی کردووە و تاوانی نەبەخشراوی ئەنجام داوە، بیبەخشە و تۆزێک نۆش دەرمانم بۆ بنێرێ. لە باتی ئەو چاکەیە هەردوو چاوانمی بۆ دەردێنم. ئەگەر نۆش دەرمانی هەیە، درێغی نەکا، ئەو

ڕەنجەی ئێستا من دەیکێشم ئەویش ڕەنگە ڕۆژێک بە کۆڵەوەی بگرێ. ئەگەر بێتوو یەزدان بەو دەرمانە تیماری زامی زۆراب بکا ئەوە هەموو سات و کاتێک و هەتاکە زیندووم گیانم بە قوربانی ئەو دەکەم، هەمیشە لە شەڕەکاندا پشتێن بەستە و وەک خزمەتکار لە تەنیشتیدا ئامادە دەبم. با کاوس شا تۆزقاڵێک نۆشدەرمان بنێرێ، زۆراب هیلاک و لێوبەبار و تینووە.

گۆدەرز بە پەلە و بێ ڕاوەستان چوو بۆ لای کەیکاوس شا و گوتی پادشا، ڕۆستەم منی ناردووە، ئەگەر ئاغا و نۆکەرییەک هەیە و ڕاستە، تۆزقاڵێک نۆشدەرمانم بدەیە بۆ زۆراب، ئەو بەستەزمانە لە سەرەمەرگدایە.

کاوس شا: گۆدەرز لە خۆت پرسیار بکە، تۆ بۆ خۆت لەوێ بووی کە فەرمانم بە تووس دا کە ڕۆستەم لە دار بدا. تۆ بۆ خۆت ئاگادار بووی کە چۆن بە قین و تورەییەوە وەڵامی دایەوە، لە توسیشی دا و نەخشی سەر عەرزی کرد. ئێستا کاتێک کە حاڵی ئاوا شپرێوە، بەڵام دیسان هەر لە داخی منی لە دڵدایە و لە سەر کوشتنی من سوورە. جاران کە ڕۆستەم تاقە سوار بوو و جوابە جەنگێ و بە گوێی شاهانی نەدەکرد سبەی کە برینی کوڕەکەی سارێژ بوو، ئیتر نە گوێی بە پادشاهان دەبزوێ و نە ئەوانیش بە هیچ دەزانێ. ئەو ڕۆژە ڕۆستەم و زۆراب یەک بگرن، پادشایەتی من چ مانای نامێنێ و تەخت و بەختی شایەتیم سەرەوژێر دەبێ.

گۆدەرز بە پەلە و بێ ڕاوەستان گەڕایەوە بۆ لای ڕۆستەم و گوتی: کەیکاوس هەروەک جاران شێتی سەرسام و کەم ئاوەز بێ عەقڵ و فامە. تووشی خەیاڵی هیچ و پووچ بووە و نۆش دەرمانی نەدامێ. باشترە بۆ خۆت بچی بۆ لایی.

ڕۆستەم دەستی بە گریان و شین و زاری کردەوە و فەرمانی دا بە غوڵامەکانی لەو دیارییە تایبەتییانەی، لێفەیەکی ئاوریشمنی بۆنگوڵاویی بە پەلە بۆ بێنن. دەستی خستە سەر لاشەی ڕۆڵە شیرینەکەی و لێفەی ئاوریشیمنی چینی خستە بنی. زۆرابیان لە مەیدانی تۆز و خۆڵاویی شەڕ هەڵگرت و گوێستیانەوە و بردیانە نێو خێمەی زەڕەنگار. لە ڕێگادا هەرکەس زۆرابی بەو برینە سەختەوە دەدی دەستی بە شین و زاری دەکرد. دەنگی ئاهو ناڵە و ماتەمی پاڵەوانان بەرز بووەوە. هەم لە لای لەشکەری تورکان و هەمیش لە لای پاڵەوان و سەرکردەکانی لەشکری ئێران شین و

زاری بوو. گەورەکانی وەک گیو، گۆدەرز و کەشواد، زەوارە و بارامی شیدوش و فەرهاد، بە کۆمەڵ جلی ڕەشیان پۆشی و بە ناڵە و هاوار و گریان خرۆشان.

هاوار و ئاە و ناڵەی دەگەیشتە دوا تەبەقی ئاسمان لای یەزدان.

زۆراب لە دوا هەناسەکانیدا هاتە زمان و گوتی:

ئەی پیر، نەوە و توخمی زاڵ، ئیتر گریان و زاری بەس کە. یەزدان ئاوای ویست کە باوک لە ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینێ. ئێستا لەشکەرەکەی من لەو دەشت و سارایە، خەمبار و دڵ پەشێو، وێڵ و واوەیلا دانیشتوون. هیوا بڕاو بوون، گەورە و سەرکەردەیان نەماوە، هەموو زەحمەت و ڕەنجیان بە فیڕۆ چووە. ئێستا کە من بە ئەڵماس جەرگم بڕاوە، ئامانت بێ و داوات لێ دەکەم کە لە دوای مەرگم نەهێڵی کەیکاوس توخنیان بکەوێ و قەڵتوبڕیان بکا. هەر ئیمشەو کەسێک بنێرە لایان کە هەتا زووە ئێرە بەجێ بێلن و بڕۆنەوە وڵاتی خۆیان. با بە پەشێوی و دڵنیگەرانی نەگەڕێنەوە توران بەڵکو لەوێ لە ماڵ و وڵاتی خۆیان دڵیان سوکنایی بگرێت. ئەوجار گورز و شمشێر و هەموو کەرەستەکانی شەڕکردنم، کڵاوئاسنین و جلووبەرگەکانم و ئەو قەڵخانەی شوێنەواری برینی تۆی پێوەیە، بینێرەوە بۆ دایکم، هەتا بۆ بەختی زەبوون و بۆ برینە سەختەکان و بۆ جەرگی سووتاوم بگری و بناڵێ. کە شەو هات زۆراب لە بەر نوکی ژاراوی نێزە گیانی سپارد و لە خۆشی و ناخۆشیی دنیا ماڵئاوایی کرد.

بەیانی لەگەڵ بانگ و دەنگی یا حەی، شا فەرمانی دا کە قەتارەی کاروان وەڕێ بکەوێ. بار و جبەخانە کێشرایە دواوە، شا لەشکری هەڵگرت و بەرەو دوا گەڕایەوە و لە موڵکی وڵاتی کابول کۆچیان کرد.

ژمارەیەک لە سوارانی کابوڵی وێرای خزمەکانی زابوڵی کە وەک لافاو بارانی فرمێسکیان دەڕشت، نەڕۆیشتن و لە لای ڕۆستەم و تەرمی زۆراب مانەوە.

ڕۆستەم هەستا خێمە، پارچەی عەنبەرین، هەسوونی سەیوان، زنجیری کەمەند، فەرش، جلوبەرگی شەڕ و کورسی جەواهێر بەند و ئەوەی کە هەیبوو لە سەر یەک داناو لەو دەشتە ئاگری تێ بەردا و هەمووی بە جارێک سووتان. دواتر تەرمی ساف و بێگەردی ڕۆڵەی خۆشەویستی زۆراب بە کافوور و بۆنی موشکی عەنبەرین شوشت

و له تابووتی ئالآی جوان و دڵپەسەند نا و شوێنی برینەکانی پڕ کرد له عەتر و بۆن. تابووتی زۆرابی هەڵگرت و بردییەوه بۆ وڵاتی زابول.

هەواڵ گەیشته زاڵی کۆنه ساڵ، سەرسام و حەپەساو لەگەڵ خزمان له ماڵ دەرکەوتن و به دەنگی شین و زاری که دەگەیشته کێوان وه پێشوازیی تەرمی زۆرابەوه چوون. له دوورەوه ڕۆستەم پەیدا بوو، بارانەی فرمێسک وەک لافاو له چاوانی دەهاتنه خوارێ. یەخەی کراس و داوێنێ دادڕابوو، ڕۆمەتی شین هەڵگەڕابوو.

زاڵی دەروون پڕ له ژان هات، تابووتەکەیان بۆ هێنا، وه سەوهانی مسمار ئاسنی تابووتەکەی بڕی هەتا برینی جگەرگۆشەکەی به چاوی خۆی ببینێ. دیتی زۆراب شای پشتێن یاقووتان، به باسک وەک شێری دڕندەی ساڵان و به تەمەن هێشتا له ده ساڵ تێ نەپەڕیوه، بەڵام جەرگی به شمشێری هیندیکار پاره پاره بووه. زاڵی بەخت ڕەش، ڕووی له ڕۆستەم کرد و به دەنگی بەرز گۆڕاندی: هەی ڕۆڵەی نەپۆڕ و ناپەسەند، هەی شەرمەندەی ڕووڕەشی زەمانه و یەزدان، له خۆفی ڕۆژی قیامەت نەترسای که جگەرگۆشەی خۆت ئاوا به شمشێری ژاراوی بێ بەزەییانه کوشت؟ جەرگت بڕی و سەرتاپای بەرگت له خوێندا ڕەنگین کرد؟ هەی دەستت به تێغی شمشێر به بڕین بچێ و شوێن و ماوات زمهەریر بێت.

چەند ڕۆژێک له زابۆل شین و زاری و پرسه کراو سەرئەنجام تەرمی زۆرابیان به خاک سپارد.

***

خەبەر گەیشته توران، هەواڵی کوژرانی زۆراب له مەیدانی شەڕی ڕۆستەمدا درا به تەهمینه که زۆرابی کوڕی به زەبری شمشێری ژاراوی ڕۆستەم جەستەی شەڵاڵی خوێن بووه و کوژراوه.

هاواری تەهمینه هەستا، گریا، له خۆی دا و قژی ڕنی و به نینۆک خاڵه فیروزەکانی سەر ڕۆمەتی هەڵکەند. چل ڕۆژ جلی ئازیەتیباریی له بەر کرد و چل شەو له باتی خواردن زووخاوی خوارد.

تەهمینه دوای چل ڕۆژ ئازیەتباری سوێندی خوارد که دەبێ ئەو وەک

ڕووهەڵماڵاوان، لەشکەرێکی گەورە بکێشێتە سەر خاکی ئێران، سەرای سیستان و ماڵی زاڵی سام نەفتی بەسەردا بکا و بیسووتێنێ.

تەهمینە گوتی: دەبێ لە جێگەی تۆڵەی خوێنی زۆراب، ڕۆستەم بکوژم. شەرت بێت بە شمشێر جەرگی پارەپارە بکەم و لەشی بە خوێن سوور بکەم.

تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان فەرمانی دا بە وەزیر و لەشکەرێکی گەورەی وەڕێ خست، دەنگی هات و هاوار و خرۆشی شەڕ بەرز کرایەوە. تەهمینە کەرەستەی ڕۆژی شەڕی لە خۆی دا، ئەڵماسی لە لاقەدی خۆ دا و سەرتاپا جل و قەڵخانی شەڕی پۆشی. لە داخ و کەسەری کۆستی زۆراب دەخرۆشا، هاواری دەکرد و داوای تۆڵە ئەستاندنەوەی دەکرد.

تەهمینە بە بێ ماتڵ بوون لەگەڵ سی هەزار سواری ئامادەی شەڕ بەرەو سیستان وەڕێ کەوت. لەشکەر گەیشتە زابول و لەو دەشتە حازر و ئامادە بۆ شەڕ ڕیزیان بەست، تەهمینە هەروا وەک لافاو فرمێسک لە چاوگەلی دەباری.

خەبەر بە زاڵی دەروون پڕ لە ژان گەیشت کە تەهمینە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوەی جگەرگۆشەکەی هاتووە و لەشکەرێکی گەورە و گرانی بۆ شەڕ لەگەڵ خۆی هێناوە و سوێندی بە یەزدانی تاک خواردووە کە سەری ڕۆستەمی فیلەتەن بە زەبری شمشێر دوو کەرت بکا.

ڕۆستە و زاڵ پێکەوە هەستان و بە پەشێو حاڵی لە ماڵ وەدەرکەوتن و چوون بۆ پێشوازیی تەهیمنە. دایک لە دوورەوە کە ڕۆستەمی دیت ئەسپی تاو دا، هەروەک ماری ڕەشوسپی خرۆشا. لەودەمەدا کە دەیەوسیت ئەڵماسی ژاراوی فەرەنگی هەڵکێشێ و دای وەشێنێتە سەری ڕۆستەم. زاڵی زەڕ دەستی گرت و لە لایەن ڕۆستەمەوە لێبوردنێکی زۆری خواست.

ڕۆستەم گوتی ئەی پیری دەور و ڕۆژگاران ئەگەر بۆ خاتری یەزدانی پاکیش بووە، لێی گەڕێ با شمشێرێکم لێ بدا، مافی خۆیەتی با بمکوژێ. هەر لە کەونارانەوە، لە گاور و لە تەرسا کێ هەتا ئێستا کوڕی خۆی بە دەستی خۆی کوشتووە؟

زاڵ: ڕۆڵە تۆ چ دەزانی، ئەمە ویست یەزدانی سوبحان بوو، هەتا ئێستا نە حەکاکانی ڕۆژگار و نە پیاوانی زانا کەس نەیتوانیووە چارەنووسی نووسراو بەتاڵ

بکاتەوە. باشتر هەر ئەوەیە هەردووکتان ئاشتی بکەن و پێکەوە بە شادی بژین.

زاڵ گەلێک قسە و باسی بۆ کردن هەتا هەر دووکیان لە ژان و دەرد هێور بوونەوە. سەرئەنجام تەهمینەی خاوەن زولف و خاڵ، گوێی لە پەند و ئامۆژگارییەکانی پیرە زاڵ گرت. بە زۆر بەڵگە و سەلماندن، تەهمینەی هێور و هێمن کرد.

بەڵێ یەزدانی پاک سەرلەنوێ، جێگەی زامانی سارێژ کردەوە. قەت خەم و خەفەت هەتا سەر بۆ کەس نەبووە و نابێت.

حەفتەیەک لە کۆشکی ئالای دڵکراوەدا بە خۆشی ژیان و خەم و خەفەتیان لە خۆ دوور کرد. هەر وەک گولخونچەکانی نێو مێرگ و چەمەن بە خۆشی ڕایان بوارد. تەهمینە سەرلەنوێ، زگی پڕ بوو هەروەک یەکەم جار. کە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تەواو بوو، جارێکی دیکە چرای نەوەی زاڵی سام داگیرسا. ماڵی بنەماڵەی زاڵ پڕ بوو لە کێوێک خۆشی. کوڕێک لە دایک بوو وەک شێر هونەرمەند و بە بەژن و باڵا وەک سام. ناوی نرا فەرامەرزی جەنگی. وەک شوکرانە بێژی چەند قوماشی نایاب و چەندە گەوهەری خەزێنەی زاڵ لە نێو مسکێن و هەژاراندا دابەش کرا. هەموو تێکڕا لە خەم و خەفەت ڕزگار بوون و شوکرانە بێژی یەزدانی پاکیان کرد.

تەواو

## وێنەی ئورجیناڵی دەستنوونی
## داستانی ڕۆستەم و زۆراب

هذا کتاب رستم و سهراب

بسم الله الرحمن الرحیم

بنام دانای حق ذو الجلال / جهان آفرین روز و ماه و سال
ازبد و توفیق خداوند بسر / بواجبی دستان نوهٔ زال زر
تمام رستان خاطرشاد کریم / جنگنامهٔ رستم سهراب یاد کریم
روزی نشتر بی رستم بی غمناک / بهو زیر او با بو سینه چاک
کمند و کمان تیغ هندی کار / ساختهٔ استادان روزگار
زره پولادین جنی پوست بور / پوشا باندام پهلوان گور
بهبود رخش تیز تنده طیار / برشی چه ایوان بعزم شکار
سمند بست نه زیت جنه خدا لکان / شر کرد بجا و ار شار سمنگان

مهمیز داد رخشش بود بر تهمتن | سوارگران لشکر نامور
رو کرد نه صحرا انگرد ماده را | بعضی کیلیا نوشت سارا
بعضی چه گوران وحشی و رم | جولان داد رخشش گوران کردن رم
تیری چه ترکش دانرو کمان | و پنجه پر زور نادره زمان
رها داده شصت بیکان چو جسم | دادش نه سینه گور گذر کرد دم
و پنجه پر زور رهوا داد کمند | او گور را مدار آوردش نه بند
سر بر او گور چنی باو دست | چرمش بود ستور رهوا داد کنده
درختی پر زور کنده چه بیخ و | لاشه گور آورد کرد و سیخ و
آتش نوشت صحرا افروزا | چند هیزم آورد و یکی سوزا
سیخ گور آورد ساخته کبابی | دادش پر زور آتش چون مرغ ...
خیلی چه خیانش نگردش درنگ | آوردش ... کنده‌اش ...
تمام گوشت مغز چنی استخوان | بوار دادش با مر بادشاه ...
شراره کباب مغزش جا کرد | اما هر خاو ... بنا کرد
زینش رخشش آورد نمایش نه بالین | با مر معبود بادشاه ...
هر چند اگه کرد کس نیمی دنیا | رخشش رها کرد ...

صلاح روی جنگ چه تن کردوه / سر نیاو گرز خاوش بردوه

چه ریج راهان چه مستی کباب / سر نیاو گرز شی نجا مُر خواب

نهار مرغزار بیلتن جا کرد / رخش آماندو رستم چرا کرد

هیچ نبی بیدار تا بنماز شام / چه تقدیر چرخ بنای لا ینام

ناگاه چه ترکان ده نفر سوار / آمان بو مکان بعزم شکار

جو دشت نخجیر آمان ویردن / چه ناگاه دیشان نشون رخش بردن

شین و شون رخش ترکان و بید تنگ / رخش هم چه ترکان دیس رو نیا جنگ

کیشا رستم نعرهٔ سهمناک / هیچ نبی بیدار بو رستم چالاک

سواران پی رخش هوستی کمند / تاو وا ترکان رخش هنرمند

هیچ خوفش نکرد او چه دلیران / سر چه یکی کند چون نرهٔ شیران

سه نفر کرد آخر سرانجام / بحلقهٔ کمند وستشان ندام

دردم در ساعت کردشان نیاو / بردن و توران شو نکردن خاو

رستم چه خاو واتش کیشت و خیزا / هور یزاو با چونه بو رستم یزا

بیدار بی چه خاو هور یزاو با / دیا که رخش نمندن وجا

رستم نکرد که وخت نمندن بی / رو سه آدم چه تن کنده بی

و چند جا گرد جوش نیی دیار هور کیلاو ژه رنگ رشی گرد هردا
دست دانه غنغمان رخش نه تولو بوش باندام پهلوان ور
تیغش بیت پشت که منده وگیان ژه نو نیا جملک شا رسمدان
زینش نهی کرد گرد گرت بکولوه ژه وکرد بجاواش هرده هوراوه
خوریک منده ده بیابان جول کهی پشت نه زین کهی زین نه کول
وات شاکرم تو بی باری الهی چی شر منده کی ورجم رو سیاهی
جابی گه مسران با هم شرمسار وام بسر رخش و اته روزه
فر دوس ماوان به رستم مردان چه سر بخش امان رخشان مردن
بنی و بد رخش پشیو نه عالم که کیش و جنگ گرز و گوپالم
بدرا که هفت خوان کیانم باو رفیق را چل همراز نوم بی
تا امنت او دمار شوان رخش دور کمر بسته چاک پهلوان بیش
منزل بمنزل تا توران زمانی زو سیر و ملال فاطر بی عمانی
به زور بازو ضرب گران گرز و هر گو منشی زمانی مدا لرز

## مناجات کردن رستم

ات شکرم بتو ن یا بار الهی چر شرمنده کی جرد سیاهی

یارب بحق حضرت قرآنت   بعرش عظیم ملایکهٔ تست

بر رفرف سوار عرصهٔ لامکان   بشوقتا پابوس آغز خور رسولان

بدلدل سوار صلبوا لا فتی   بر ریشی نازل بچه سوره بلاغا

بیاهیم بتون فریاد رس کی ما   ارنده توفیق یاهی توانا

به اصلحه سینلکی گریزو کو بالم   نمندان تاقت نشیون حاکم

جود بدا او اتش فریاد رس ما تا   ناتوانش بجه بهم بجه تو انا

منزل بمنزل طی کرد وش ایقتان   هر تا که یاد او تو دران زبان

صبح سحر نوبت شوله شوق نور   شهر بهمنکان دیار داجباد

بتک دا بو حصار خاطر خرم کیل   عرق جه بالا شی هر زاغوی سیل

چند کس جه ترکان اکا باجی جهگا   خبر برد شان ولات شهریار

وا اندر جه صحرا شخصی دیارن   البت پهلوان خنجر گذاران

سرتا پا بو برگ آهن نو شوه   زینش چنین گرز ها بدو شوه

بادشا و اتش یاران رستمی   بیاده کفتی در دوی بیر جمن

جو دشت نخجیر شکار ش کردن   سر بنیان و خاور خفتان برند

ساتا شا ایدشقت ابهور زیر اتخت   لو او بیشو از بیلقی و جنت

چند رای اعیانان نامه شهریار
لوان و چنی و از نوه نامدار

سرتا پاش پوشان زره روی غلاش
کفتش نماجای کرد و خاک پاش

پادشاه وارث رستم نوه زالنی
بی چیش پیاده پیشیو حالنی

بوام بیم ایینه که کردن
صد وشت نخچیر رخش توش بردن

که پرچنی تو پنجه سبب زو
سرو چنیدار و وکه شمنازو

رستم وارث کوریم بریان کرده‌بی
سر نیام و گرز خاوم برده‌بی

بیدار بیم چه خاو و هور زرام و با
دیام که رخشم هنین نه جا

شونم آوردن چمن وشت رتو
بعضی نشارت قتل و دام بو

[illegible] عظیم رخشم بید اگر
یا شونم رخشم چه دشت رجها گر

هرچه کهتران تا به مهتران
هفت طبق زمای رخشی بید بگیران

ورنه به نیروان چنانی بی همتا
کار کرو مه هوی نشو براه

تو هم بود ستور جگر بیژه خوان
به زخم تیغم مهی سرکوان

ار قصر و ایوان و دروازه [illegible]
بضرب گرزم مهو [illegible]

شاکه اید شنفت ترسا فراوان
لرزا و بنه بید سروش شادوان

وارث رستم اشنو فاطر شاد کرم
سجده و تا جیل رخشی بید اگرم

همنوا بود بزم تا وصب سحر — کورنش بیریم دونک رازان دلبر
سحر جشن و بیت ملکل تیار — بریت ماوروزن سرانجام کار
بشند و تیزی کار رضبنو میسر — بلفظ نشر بنی مار میوه‌ور
مهمان عزیز نور دیده می — قدم آورده بیر کند بیده می
هر چند کنج و مال تحفهٔ مهمانی — هر چند کنیزلا حینی جلامی
بیر یکسر یا بیداز تنی — هر ره هوا جی بدلوان تنی
همنو مهمان بیر تا صبح بدور نلک — هی بیر رخش دل ماوربه نلک
رستم ... شنفت سکرنی چدرو — رو کرده نه ایوان الاس لاجورد
... دیبای اطلس پوش — کمر بستگان دانه در نکوش
صف صف جم پای بیر تماشا — رستم شنی و بان تخت پادشا
بوالجی تاریک شو آغا نبوار ر — چراغان کرنا فانوسان هزار
ایوان لاجورد جواهر صفت — خشت بو کلاه و کنج بی زحمت
مطلا یالشت دیبای حینی باف — عنبر گل آویزه بو مشک ناف
بو هر جا فانوس مشعل نهاده — دیده تر خمار لب مست باده
ساقی بیر یکر دبیاله شراب — سرگیتان تربت جینی بو کرتبا

نالهٔ مطربان صدای ساز طرز | منشت نیا عرش کهکشان بُرز
رستم عجب مند حیران په چکار | چه بزم ایوان کرسی زرنگار
گوشش دا په سازان کیفش په جیر | وخت نیمهٔ شو میل فراموش کرد
رستم چه ایوان هورنیزا و پا | لوا و جا مرز فلو تخانهٔ شا
مست باده و لاقانوسان کوهر | شوق دانه جامر وینهٔ نور خور
مست باده په بی خوف و اندیش | سر نیا تخی و پهلوان بیش

رفتن طهمینه دختر پادشاه نزد رستم و بیدار شدن رستم

کنا چه پادشاه هوشش گفت نیر | و جمعین و وینهٔ ماه منور
دو ابروش قطار قلم کشیده | مژگان چون نوک الماس ندو دیده
خالان لاجورد زلف کوکای عنبر | لبان و وینهٔ لال و دندان چون گوهر
بالا بوینهٔ بیر بیزاس سری | یکی چه حوران زهرهٔ مشتری
وخت نیمهٔ شو بیدار په چه خاو | پوشا و بالا دیبای لوکلاو
وخت نیمهٔ شو روشن کرد شم | براقش پوشا شمعی ولای رستم
و پنجه شمعش والای بو عنبر | شمعش گرت پدست چون شمع قمر
نگاه او رستم وه روی نازده | بستریا و برگ آلات نازوده

آنا ده ایمن ننت نه سر بیتش — دست شرم مالا نرو رحمینش

سیدا ایچه چه صفا و باده نوشیده — دیشکه نشئه ده بیلیک نور دیده

ریتم و اتا شخص سول سرافراز — چه جیش آمانی جیشتین نیاز

واتش بینایم ایدمن نیاز — تماشا ستم کرون بد لوراز

شفقتم گوریت ریان کرده بی — چه هنر منندیت تنها ورده بی

تو راکه هفتخوان کردی تخت ار — نه جهان کیلاب تنها سوار

نه الکوس ترک نه افراسیاب — هیچکس چه میدان تو نکرتش تاب

ایران و توران آوردت بدست — هفتاد و ار دیو بزور دستت است

جو ساده سودا تووم گفتی جهان — بخم مویر و جام ماه و سال

چه دور قدیم شاهان کیدا — جفت من و تو نمبو پیدا

کس تد بیغی و چم بنزن بالا رنگ — جمیں هیچوش فال الامن

اگر چه بابوم من طلب کرس — کامروا منی و جا باورس

فرزندرجه منی چه نصل تو بو — ایران و توران مطیعش مبو

کندم بابت سسمنکی نمان — سرکذیده چشم گشته جهان نمان

شاهان حسرتمند بابوس پانه — سراسر طفیل زلف سیاه نه

ایدش وات پنهانی بادارویش　　چو که تنها مند پهلوان پیش
رستم اید شنفت پهر اندام　　طلب کرد وزیر صاحب عقل و فام
کیناش و لا شاه شهریار　　بیو وجا مریز ضرور من کار
بادشاه شنفت بیدار بیه جه خاو　　آما و جامریز بیا جبل و تاو
وات پهلوانان کرد بیان وبر　　نوا که رستم قصتم کرد سر •
تمام لبکلان مرصع کمر　　آمان پا لیوان الای بو عنبر
رستم جنی شاه حکایت مکرد　　وات حرفی ما چون و نت نمکرد
بو تا ایمو تو بیوندی کریم　　کا مر وا سنجا باوریم
گلی جه باغچه به بخشی بما　　دارای بزرگیت معلوم پی ما
بادش وات رستم از تو منیتن　　تخت و کلنا چم کرد طفیلتن
قاننی طلب کرد بادشای دانا　　بر رسم قانون عقد شان وانا
آخر پهلوان کارساز کرم　　رستم طلبیش آورد و حرم
پیلتن حیران و آن لالش بی　　آشفته چنین زلف و خالش بی
کاو سته لبان چون لال بیکرد　　کا دست نمایین شیمان زرد
اونکه چم سایه لبشاد کامی　　کام وا آرام زه ننک نامی

تا بوخت صبح رازان مکروان
چه گوشش لبان شربت موردان

سحر نه با هوس رستم بی لالی
لال قیمتی وانش ز لالی

به صافه چه تیر زوانش وریابی
لال خزینه کیکی وش شابی

برادر وه چه بال فرما بدلبر
ار بیدو فرزند گردار وبر

ارما بینه بونه گیسوش به بند
نگاهش بدارو تا بوخت چند

ار نیر بینه بو نبا هوش به بست
نت انه با بوش زور بده بست

بنام ونتانی سهراب بوناموش
پرورش بو چه عقل و قامش

وختی که سالش هفت و هشت باوا
بنیش و مکتب تا نو ساوا

عقل و طبیعتش نمانو نه سر
کلام یزدان کرده بوش نور

ار سه چو و ما به گرز و کمند
فنده پهلویش باور و نه وند

مکتش نبو بینه سام نریمان
چه هنرمندیش نبو نه جهان

بنا برزه و بوشت کلکانه
آنا و اتم سیت بنی و یت زانه

ظاهر بینه شقفت چه رستم هوال
هر کس لوانش شاد کرد و بال

دا ایتش ارستم نوه‌ی زال سام
ت الله ار چند رونه بشناس ولا

[illegible]
شه رتو بریت شین و زاین

نه دنیای بی فند لوان دا باد / نمز فا ظلم یکی بکیم شاد

زندکیم کم بو ایسه و بی تو / نور بینایم و بی تو نبو

بویم مزانو روح روانم / واسر بینی منتو سرمه چاوانم

طهمینه امیدوارت رستم کرد خند / واتش ای نقم عقل نمند

من مطیع کردن کرد و لکه توران / تو دست و برد کران چه ایران

معبو بکیلو نخینی زخش به قصت / تاکه دشمنان ها ورون به دست

مسخر کردن کشت و لکه توران / تا دشمن نمان چنی شاد ایران

هر کسی دعوای پهلوانیش بو / نشانه هرکش بکیان نو لی تو

بتوفیق حق دانا بی افسوس / کشت مطیع کردن بت کیکاوس

تو فرزند حم به بویت مدر غم / میلت چلان نزره نیمن کم

بشاد بنشن چنی بابیر و بت / عقلت کم نبو نشیت مبه شیدا

همیشه خوشحال شکوفه چون گل / تو زره چه غم ما وره ندا

اگر که یزدان چنیت کرم بو / نصیبت آخر چلای من نی بو

اگر نمام سنر بنو صلات / تو چنی و تمام سپردم بخدات

رستم که امیدوارت نام خدا برد / دردم در ساعت رخش نش طلب کرد

...سانه به زخم ... مرگان    رخشان آورد بیدو یکدینه
پهلوان بور بهور بیزا و با    تمام اسبابش آوردن برا
حب الفرموده پهلوان کین    رخشان آورد پیشش کرد زین
ادسا بهور بیزا و خفت صبح سحر    بیهوش خفتان به بستش کمر
رخشان آورد رستم بی سوار    همت خواهی کرد چلاک شهریار
رستم نشی و تخت پادشای ایران    آمان و بخشش واز تمام دلیران
کیکاوس بر سا نشینی و بار    و بی تو تخت بیو تخته سار
به بی تو عمرم نبو نه جهان    حاکم شاهی مکر تیغ بتو روان
رستم وات ارش نداری خبر    چه ماجرایم ویردن وسر
چه دشت نخجیر شای افراسیاب    بکردم خیال آرزوی کباب
